بیرەوەری

حسەین عارف

# ساڵێک لە تەمەن

١٩٧٤/٣/٢٨

بۆ

١٩٧٥/٣/٢٧

چاپی یەکەم ١٩٩٩ سلێمانی

## بیرەوەری

حسەین عارف

حسين عارف
٢٠٠٧/٨/١٤

# ساڵێك لەتەمەن

١٩٧٤/٣/٢٨

بۆ

١٩٧٥/٣/٢٧


| | | |
|---|---|---|
| چاپی یەکەم | ١٩٩٩ | سلەیمانی |

- کۆمپیوتەر : مەزدە حسەین عارف
- ئۆفسێت : دەزگا ی چاپ و پەخشی سەردەم.
- تیراژ : ٦٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن : ٣٧٤/ ١٩٩٩.
- نرخ : (٢٥) بیست و پێنج دینار.

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم یاریدەی چاپکردنی داوە

چەند سەرنجێکی پێویست :

١- واچارەکە سەدەیەك بەسەر نووسینی ئەم بیرەوەرییانەدا رابورد. واتێدەگەم رابوردنی ماوەیەکی وەهاش، بەسە بۆ ئازادکردنیان لە بەندیی دەسنووسیو پێش چاوخستنیان.

٢- من لەکاتی خۆیدا رۆژانە وەك سەرەقەڵەم، لەدەفتەری پچووکی بەرباخەڵدا دەمنووسین. بەڵام راستەوخۆ دوای هەرەس، لە ماوەی پێنج شەش مانگدا، بەم درێژییەی ئێستا نووسیمنەوە.

٣- بیرەوەرییەکان بریتین لە تۆمارێکی ژیانی رۆژانەی خۆم، بە پەیوەندی لەگەڵ رووداوو کارەساتەکانداو تێکەڵبوونو تێکچرژان، لەگەڵ بیرو هۆشو هەستو نەستمداو هیوادارم لە خوێندنەوەیاندا، ئەم لایەنەیان تێدا لەبەرچاو بگیرێ.

٤- بیرەوەرییەکانی رۆژانی ٣/٢٨ بۆ ١٩٧٤/٦/٣، بەزەین پیایاندا چوومەتەوە، نەك بەپشت بەستن بە سەرەقەڵەم وەك ئەوانی تر. لەکاتی خۆیدا خرابوونە سەرکاغەزو کە بڕیاری چوونە دەرەوەمدا، بە شەهید دڵشاد مەریوانیم سپارد کە بۆ هەڵگرتن لەگەڵ نووسینەکانی ترمدا، بیدا بە د.مارف خەزندار. بەڵام کە دوای گەڕانەوەم بۆ بەغدا وەرم گرتنەوە، ئەوەیان لەگەڵدا نەبوو.

٥- بیرەوەرییەکان ناوی کەسانێکی زۆریان تێدا دەبرێ. دیاریشە کەهەریەکەیان کەم تا زۆر، وەك من بیرەوەرییان لەلا هەیە. بۆیە تکاکارم کە یەکەم: سەبارەت بەهەر هەڵەو غەفلەتێك لە بارەیانەوە لێم ببوورن. دووەمیش: درێغی نەکەن لە ڕاستکردنەوەو لێدوانو دەرخستنی هەر زانیارییەك لە بارەیانەوە کە لەلایان هەیە.

لەگەڵ ڕێزمدا.

ع.ح

١٩٩٩/٧/٥

*

١٩٧٤/٣/٢٨

١–زۆربەی برادەرو دۆستو ئاسیاوان، بەتایبەتی لەنووسەرانو هونەرمەندانو ڕۆشنبیران، لە دوای یازدەی ئازارەوە لەگەڵ دەیەها هەزار خەڵکی تردا چوونەتە دەرەوە (شاخ). ئێمەومانانیان خستۆتە دۆخێکی ناهەموارەوە. من بەش بەحاڵی خۆم، متمانەم چ بەملاو چ بەولا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا کەلێم دەپرسرێ: هەڵوێستت چی دەبی؟! دەڵێم: دەمێنمەوە. ئەگەرچی گومانم هەیە، کە مانەوەکەش کارێکی ئاسان بێ.

٢– سەدام حسەین بە بۆنەی دەرکردنی یاسای ئۆتۆنۆمییەوە، ماوەی پازدە ڕۆژی داناوە، کە سەرکردایەتیی شۆڕش بە هەڵوێستی خۆیدا بچێتەوەو بەیاساکە قایل ببێ. وەکی تر دەبینم کە سوپا، هێزەکانی لەو شوێنانە دەکشێنێتەوە، کە لە ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدان. دیارە بەو مەبەستەیە، کە لە پەلاماری لەناکاوی هێزەکانی (پ.م) دوور بخرێنەوە.

٣– ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنو ڕادیۆکانی بەغدا، هەموو هەر باسیان لە یاسای ئۆتۆنۆمیو پێداهەڵدانو بڵاوکردنەوەی بروسکەی لایەنگیرییە.

٣/٣٠

١– لەڕۆژانی پێشوودا ، گلەییمان لەوە هەبوو، کە میهرەجانی (میربەد) سازدەکرێو ئێمە، کە فەرمانگەیەکی وەزارەتەکەین داوەت ناکرێین. کەچی کاتێ (د.ئیحسان) لە مەسەلەکەی پرسییەوە، دەرکەوت دوو بلیتمان بۆ نێردراوەو نەگەیشتوونەتە دەستمان. ئیتر منو دڵشاد مەریوانیی دانا کە بچین.

٢- باس هەرباسی چوونە دەرەوەو نەچوونە. چ عەجەب فلان نەڕۆیشتوە؟!. یا چ عەجەب فلان ڕۆیشتوە؟!. هەن ڕۆیشتوون و چاوەڕوان نەدەکرا بڕۆن؟!. هەن نەڕۆیشتوون و دەبوو بەر لەهەر کەسێکی تر بڕۆیشتنایە!. ئەم حاڵەتە جێگەی سەرسوڕمانە!.

٣- ئەوانەی لەسلێمانییەوە بەتایبەتی و لە شارەکانی ترەوە دێن، وای باس دەکەن کە چۆڵبوونیان بەتەواوی پێوە دیارە. سەیرە!.. گەلێك ناو شارەکانی چۆڵ دەکاو ڕووەو دێهات و شاخ و کێوەکانی مل دەنێ!.

٤- من بەدرێژایی چوار ساڵی پێشوو، بەردەوام دەمووت: ئەم ترەکەڵەکێیە سەرناگرێ!. ئەم دۆستایەتی و هاوپەیمانییەی نێوان پارتی و بەعس، هەر دادەتەپێ!. دێتەوە بیرم کەتەنیا چەند ڕۆژێك دوای ڕێکەوتنەکەیان لە(١١)ی ئازاری (٧٠)دا، کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نووسەرانمان هەبوو لە ماڵی خالد دلێر. باس هاتە سەر ڕێکەوتنەکەو ناردنی بروسکەیەك بۆ لایەنگرتنی. من وتم: لەگەڵدانیم، چونکە باوەڕم پێی نییەو ناچێتە سەر.

## ٢/٤- بەسرە

١- من و دڵشاد فریای ئەو شەمەندەفەرە نەکەوتین، کە بەشدارانی میهرەجانی لە بەغداوە هێنا. ناچار دوایی خۆمان دوو قۆڵی هاتین و کە گەیشتین، دەست بەمیهرەجان کرابوو.

٢- لەگەڵ دڵشاددا چووینە کەبابخانەیەك و دەرکەوت، ناسیاویی لەگەڵیاندا هەیە!. خۆی وتی: تۆ باوەڕ دەکەیت من ماوەیەك، لەم کەبابخانەیەدا شاگرد بووبم؟!. ئینجا باسی کرد کە هاوینی ساڵی پار، هاتۆتە بەسرەو ماوەیەك تێیدا ژیاوەو هەروا بۆ تاقیکردنەوەی ژیان، تێکەڵاوی هەمەجۆر خەڵك بووەو هەمەجۆر ئیشی کردوە!. سەیرە!.. ئەوەتا لەنزیکەوە دڵشاد دەناسم. وای دەبینم لەو مرۆڤانەیە، کە ژیانیان پڕ لە نهێنییە. یا دەیانەوێ پڕی لە نهێنی بکەن!.

٣- هەندێ لە ئەندامانی کۆنگرەی نووسەرانی ئاسیاو ئەفەریقام بینینەوە.(عالیم عالیمۆف و ئیگۆری سۆڤیێتی و سوهێل ئیدریسی لوبنانی). عالیم و ئیگۆر ناسیمیانەوە. کەچی سوهێل نەء. بەڵام کەپێموت: تۆ لە (ئەڵمانەتا) بەڵێنت دا فایلێك بۆ ئەدەبی کوردی، لە(الاداب)دا بڵاوبکەیتەوەو نەتکرد. ئەوسا بەبیری کەوتەوەو وتی: جاکوا؟!.. ئێوە هیچتان نارد من بڵاوی نەکەمەوە؟!. منیش وتم: راست دەکەیت.

٤- لە کۆڕی سەر لە ئێوارەی ئەمڕۆدا، یەکێ لەو شاعیرانەی شیعری خوێندەوە، شاعیری لاوی تونسی (ئەل تەییب ئەل ریاحی) بوو. شیعرەکەی ئاگری لێدەباری. بەمانا دەیووت کە هەزار شیعر، کاری گوللەی تفەنگی دەستی شۆڕشگێڕێك ناکا.. تفەنگێکی دروستکراوی کارگەیەکی (شانگەهای) لە چین!.

کە لە خوێندنەوەی شیعرەکەی بۆوە، چەپڵەیەکی زۆری لە ڕیزەکانی پشتەوەی هۆڵەکەوە بۆ لێدرا. کاتێ هاتە خوارەوە، هات گرگرپ لە سەر کورسییەکەی بەردەمی ئێمەدا دانیشت. کە سەرنجمان دایە، دیمان سەری بەسەر سنگیدا خەواندوەو بەکپی دەگری!. دڵشاد دەستی پێش خست. چووە تەنیشتییەوەو دواندی. ئینجا هەڵیساندو بردییە دەرەوەو منیش بەدوایدا. کاتێ پێڕاگەیشتم، دڵشاد بردبوویە سەر دەسشۆرێك و دەموچاوی پێدەشۆرد. کە هێور بۆوە خۆمان پێناساند. کەوتینە دواندنی و خۆشحاڵ بوو. وتی: ئاگادارتانم و زانیاریم لە بارەی گەلی کوردەوە هەیە، وتیشی: لۆمەم مەکەن کە گریام، لەو ساتانەی خوێندنەوەی شیعرەکەمدا، هەستم دەکرد کە چەنەی خۆڕایی دەدەم.. کە بەڵێ هەزار شیعری ئاگرینی وەك ئەوەکەی خۆم، کاری گوللەی تفەنگی دەستی شۆڕشگێڕێك ناکەن و ئەو هەستەبوو هەژاندمی و گریاندمی!.

٤/٤

ئەم بەسرەیە بۆ من بە یادگارە. ئەمە جاری یەکەمم نییە دەیبینم. هەژدەساڵ لەمەوبەر، بە کەلەپچەکراوی ڕێم تێیکەوت. هەقایەتەکەی دووروودرێژە. بەڵام هەرە کورتییەکەی ئەوەیە، کە لەبەرەبەیانێکدا بە کەلەبچەکراوی گەیشتم. دوو شەو لە گرتووخانەیەکدا مامەوەو ئینجا، بۆ

لەشکرگای (شوعەیبە) بەڕێ کرام. لەوێش سالێك بە بەندیو دوو سال بە سەربازی( سەربازییەکی دەسبەسەرانە) مامەوە. تا دوای شۆڕشی تەمووزی(٩٥٨)و دوای تەواوکردنی ماوەی سەربازییەکەم، شوعەیبەکەو ئەم بەسرەیەشم جێهێشتو گەڕامەوە سلێمانی.

لەگەڵ دڵشاددا ماوەیەك بەناو شاردا سووڕاینەوە. من یەك بەیەکی شوێنەکانم بیردەکەوتنەوە. ئا.. من و فەرەجی مەلا ئەمین ئالێرەدا گیراینەوە!. شازدە کەس بووین کە بڕیادرا هەڵبێینو هەڵاتین. سەروسەکوتمان بە ئاشکرا دیاربوو، کە سەربازە شیوعییە هەڵاتووەکانی شوعەیبەین. یەکەیەکە چنراینەوە. منو فەرەج خراپ دراینە بەر شەقی پۆستاڵ. من لەرقو کینەدا هیچم بۆ نەمایەوە، هاتوهاواری دژی ڕژێم نەبێ. چاك بوو دوایی ئەوەم لەسەر نەکرا بەمال. وەك برادەرەکانم تەنیا بە تۆمەتی راکردن لە سەربازی، بە دوو مانگ بەندی ڕزگارم بوو.

## ٤/٦ – ناو شەمەندەفەر

١– بەرەو بەغدا کەوتینەوە ڕێ. کابینەیەکی دوو کەسییە. لەوەبەر ئەمەم بەخۆمەوە نەدیبوو. سالانی زوو وەختێ بە شەمەندەفەر سەفەرم دەکرد،(کەرکووك–بەغدا) یا (بەغدا–بەسرە)، سواری دەرەجە سێ دەبوومو دەردی دەدامێ. بەلام ئێستا لە کابینەیەکی دوو کەسیدام . بێگومان دڵشادیش وەك منە.

٢– (ئەل تەبیب ئەل ریاحی) کەپێشتر ژمارەی کابینەکەمان دابوویە، پەیدا بوو. کەوتینە قسەو هەردوولا، دەردی دڵی خۆمان بۆ یەکتر باس کرد. دەرکەوت ئەو لە پاریسەوە هاتوە نەك توونس. پێشتر هەلاتوە بۆ پاریسو لەوێوە بانگ کراوە. ئەو زۆری لەبارەی توونسەوە بۆ ئێمە باس کردو ئێمەش، زۆر لەبارەی کوردەوە بۆ ئەو. باش لەیەکتر تێدەگەیشتین. ئامۆژگاریمان کرد کە نەکا لەم وڵاتەدا، بمێنێتەوەو جێگیر ببێ. چونکە لەم پلەیەیدا، مرۆڤی تێدا

لەمرۆڤایەتی دەخرێ. بگرە زۆر جار مرۆڤی تێدا حول دەدرێ، بێئەوەی ئەم چاو بەو چاوی بزانێ!. لە قسەکانمان سەرسام بوو. پێوەی دیاربوو کەئەو لەودوورەوە شتێکی بیستوەو ئێستا، لەنزیکەوە شتێکی تر!.

٤/٨ – بەغدا

١– د. عیزەدینم بینی و باسی میریەدم بۆ کرد. پێشنیازی کرد داوەتێ بۆ (عالیم و ئیگۆر) بکەین ولام پەسەندبوو. بڕیارماندا لەلایەن یەکێتی نووسەرانەوەبێ، ئەگەرچی دەستەی بەڕێوەبەریش وجوودی نەماوە. واشمان دانا کە دەپازدەیەك، لەنووسەرانی خۆمان بەشدار بکەین.

چووین بۆ بارەگای یەکێتیی نووسەرانی عێراق و عالیم و ئیگۆر لەوێ بوون. کەپێشنیازەکەمان بە کاربەدەستانی یەکێتی ڕاگەیاند، وتیان: ئێمە بۆ سبەینێ داوەتی هەموو میوانەکانمان کردوەو بۆ لەوەلاش، کاتیان بەدەستەوە نامێنێ و دەڕۆنەوە. سا چاکتر وایە ئێوە هەردووکتان، بەناوی نووسەرانی کوردەوە، لە داوەتەکەدا بەشداربن. ئیتر ئێمەش ئەوەمان بەباش زانی.

٢– لە رادیۆو تەلەفزیۆنەوە، ڕاگەیاندنێکی وەزارەتی بەرگری بڵاوکرایەوە کە (ئەفسەرانی– ئیحتیات– خولی ٢٠/٢–کە منیش یەکێکم لەوان)، دەبێ بچنە ڕیزی سوپاوە. مۆڵەتیش تا (١٤)ی مانگە!

ئەم هەواڵە لەو ساتەوەی بەرگوێم کەوتوە، مێشکم دەکرۆژێ و هەراسانم دەکا. منێك کەهەر لەبنەڕەتەوە، ڕقێکی پیرۆزم بەرامبەر سوپاو سوپاکاریو چەك و جباخانەو ئەم بابەتە شتانە لەدڵدابووە، ئێستا کەبزوتنەوەیەکی چەکداری لە کایەدایە پێیدەووترێ: شۆڕشی کوردو منیش کوردێکم و ئەوەتا داوام لێدەکرێ، لە سوپایەکدا کە لە گەڵیدا بەشەڕدێ ببمە ئەفسەرێك، دەبێ چی بکەم و هەڵوێستم چی بێ؟!.. ستەمە!.. زۆر ستەمە!.

٣– بیستمان سوپا لە کەرکووکەوە، بەرەو سلێمانی جووڵاوە.

١- لەگەڵ دڵشاددا سەرێکمان لە (تەییب)دا، لە ئوتێلی (ئەمباسادۆر).
کورێکە بەهەموو مانای وشە شاعیر. ئاسکو سادەو ساکارو دڵپاک. درێژتر باسی خۆی بۆکردین، کە چۆن لەتوونس هەڵاتوەو گەیشتۆتە پاریس و لەوێ، چۆن ژیاوەو چۆن لەگەڵ یەکێ لەڕێکخراوە چەپڕەوەکاندا ئیشی کردوە!. کە لێمان پرسی : بۆ لەمەودوا نیازی چیت هەیە. وتی: شتێکی وا لە ئارادایە، کە بمێنمەوەو لە زانکۆی بەغدا خوێندن تەواو بکەم. ئەگەر مەسەلە تەنیا هێندەبێ خراپ نییە.

٢- ئەوانەی ئەمڕۆ لە سلێمانییەوە هاتن، وتیان کە سوپا گەیشتۆتە چەمچەماڵ، بێ ئەوەی بەرەنکاری بکرێ.

٣- سەعات حەوت لەگەڵ د.عیزەدیندا، چووین بۆ ریستۆرانی(ستراند).
کە گەیشتین کۆڕ سازبووبوو. من چوومە لای (تەییب)ەوە دانیشتم. دوکتۆریش چووە تەنیشتی (جەواهیری)یەوە. زۆری نەبرد کۆڕ گەرم بوو. دەستکرا بەنۆش و نۆشکاری. ریزیان پێوەگرت و هەریەکەش، چەند قسەیەکی کەرسەکیان لەگەڵیدا دەکرد.

من وادانیشتم نقە لەخۆم بڕم و ورتەنەکەم. ئەم نیازەم لای(تەییب) درکاندو وتی: چاک دەکەیت. عیزەدینیش هات چرپاندی بەگوێمدا، کە ئاگاداری خۆم بم و دڵنیام کرد. کات ئاسایی بەسەر دەچوو. من و (تەییب) بەدەنگی نزم لەگەڵ یەکتردا دەدواین و بەڵام، پتر بەتیروتوانج بووین. لەناکاو محەمەد مەحجووب و عامر عەبدوڵلا پێکەوە پەیدابوون. بەهاتنی ئەوان نۆش و نۆشکاری هێجگار گەرم بوو. تا ئەوکاتە گوێی خۆم، لەقسە کەرسەکییەکان خەفە کردبوو. بەڵام کە جەنابی دوو وەزیرەکە هاتن و برەویان پێدان، کاریان لە ناخم کردو ورووژاندمیان. نۆشی ئاشتی.. نۆشی ڕایەتی..دۆستایەتی..دادپەروەری..هەق..یەکسانی..قەڵەمی شەرافەتمەند!!.
ئەمانە دەبوونە کوتەک و دەدران لە گزگلاگەی گوێم. دەڕژانە ناخمەوەو بەڵیاندەقرچاند. ئۆقرەو ئارامم لەبەر هەڵگیرا. بە(تەییب)م وت: دەتەقمەوە. لەبهێشت و ڕاگیری کردم.

ئەوان هیستریای نۆش‌ونۆشکاریی لەوبابەتە گرتبوونی. منیش تادەهات دەهەژام. تا ئیتر لەوە زیاتر خۆم پێڕانەگیراو تەقیمەوە. هەڵسامە سەرپێو پەرداخم بەتوندی کێشا بە مێزداو بەدەنگی بەرز وتم: (سماعی-گوێم لێبگرن). هەموو کشوماتو گوێقولاغ بوون. کە کەوتمە قسە وتم: (من ناوم حسەین عارفەو نووسەرێکی کوردم. من پێشتان دەکەوم‌و دەڵێم، کە من خۆم ئەم بە کورد بوونەم بۆ خۆم هەڵنەبژاردوە. پێشتان رادەگەیەنم کە کابرایەکی نەتەوەپەرست نیم. بەڵکوو بە ئایدۆلۆجییەت سەر بە ئومەمییەتم. بەڵام لە هەمان کاتدا دەزانم کە هەر کوردم‌و بەتایبەتی کە نووسەرم‌و بە زمانی کوردی دەنووسم‌و خوێنەرەکانم کوردن، دەبێ لەوە چاك بەئاگابم کە کوردم.

جا دەمەوێ پێتان رابگەیەنم، کە منی نووسەری کورد، دوێنێ بانگ کرام ببمە ئەفسەرێك لە سوپای عێراقدا. ئێوە هەموو بیستووتانەو دەزانن، کە جەنگێك بەرێوەیە هەڵبگیرسێ. لایەنی ئەولای جەنگەکە، گەلە کوردەکەی منە.لایەنی ئەملاش، سوپای دەوڵەتەکەیە کە من تێیدا دەبم بە ئەفسەر .. منی کوردو بگرە منی نووسەری کورد. من دەزانم ئەگەر بوونە ئەفسەرییەکەم، لە سوپای دەوڵەتەکەدا رەت بکەمەوە و نەجەنگم، ئەوا وەك هەر ناپاکێك..وەك قارەمانی شانۆگەرییەکەی (مەمدووح عدوان)، کە ئەوەتا لەم کۆڕەدا دانیشتوە، (محاکەمەکردنی ئەو پیاوەی نەجەنگا)، محاکەمە دەکرێم‌و بە ناپاك لەقەڵەم دەدرێم. خۆ ئەگەر بوومە ئەفسەرەکەو جەنگام، ئەوا وەك وتم: کوردەکەم و بگرە نووسەرەکەیشم!.

من تکاتان لێدەکەم، ئێوە وەرامێکم بدەنەوە. ببمە ئەفسەر لەسوپای عێراقدا یا نەبم؟!. بچم دژ بەگەلەکەم بجەنگم یا نەچم؟!. گەلێك پێکتان بە گەلێك بۆنەی پیرۆزەوە نۆش کردو عافێتتان بێ. بەڵام وامنیش داوای نۆشکردنی، پێکی وەرامدانەوەی راست‌و دروستی ئەو پرسیارەم دەکەم).

ئینجا هەر بەدوای مندا، د.عیزەدین هەڵساو وتی: (ئەو برادەرە هەرچەندە وەك نووسەرێکی کورد قسەی تایبەتیی خۆی کرد، بەڵام من بەناوی یەکێتیی نووسەرانی کوردەوە دەدوێم، کەحەزم دەکرد سەرۆکەکەی ئێستا لێرە بووایەو لەباتی من بدوایە. من بە ناوی یەکێتییەوە دەڵێم: ئەوەی ئەم برادەرە

دەری‌بڕی، سەبارەت بەوەزعێکی تایبەتیی خۆیەتی‌و هەقی خۆی بەکار هێنا کەلێی بدوێ. بەڵام لە بارەی مەسەلە گەورەکەوە، من هیوا دەخوازم هەموو خێرخوازان لە ناو وڵاتمان‌و لە دەرەوەیدا، کۆششیان بخەنە کار تا نەیەڵن خوێن سێلاو ببەستێتەوەئەم وڵاتە). لێرەدا من لە جێی‌خۆمەوە دەنگم هەڵبڕی ووتم: (دەنگوباس وادەگەیەنێ کە سێلاوی خوێن، ئەمڕۆ گەیشتۆتە چەمچەماڵ).

دکتۆر هەندێ قسەی تری کرد. ئیتر شیرازەی دانیشتنەکە پچڕا. قسە کەرسەکییەکان بڕانەوە. ئەوەی هەڵات‌و ئەوەشی مایەوە، کاتی نانخواردنیان بۆ هێنرایە پێش‌و بەدوایدا بڵاوەی لێکرا. منیش دوکتۆر بەئوتومبێلەکەی خۆی، گەیاندمی‌و بەدەم ڕێوە، سەرزەنشتێکی زۆری کردم کە کارێکی خراپم کردوە.

٤/١٠

١- د.عیزەدین هات بۆماڵەوە بۆ لام. جارێکی‌تر سەرزەنشتی کردم. ئاگاداریشی کردم کەوریای خۆم بم.

٢- لەگەڵ دڵشاددا، سەرێکمان لە (تەبیب)دایەوە. بە پەرۆشەوە ئەملاو ئەولامی ماچ کردو وتی: خۆشحاڵم کە بەسەلامەتی دەتبینمەوە.

٣- ئەوی ڕاستی بێ خۆشم ترسم هەیە، کە بەسەرمەوە نەڕواو تۆڵەم لێبستێنن. گرتن‌و بەندییەکەی ئاسانە. خوا بکەم بەوڵاترەوە نەبێ، کە لەم وڵاتەدا وەک ئاوخواردنەوەیە.

٤/١١

هەواڵی بەزمەکەی (ستراند)، لەناو برادەرو ئاسیاواندا بڵاوەو هەریەکە قسەیەکی لێدەکا. بەڵام هەموو لە دڵسوزییەوە، لە مەترسیی تۆڵە لێکردنەوەم وریام دەکەنەوە.

٤/١٢

ئەوانەی چوون بۆ وەزارەتی بەرگری بۆ مەسەلەی سەربازییەکە، پێیان ڕاگەیەنراوە کە هەریەکەیان دەبێ لە ڕۆژی ٦/٧ دا، بچێ پەیوەندی بە یەکە سەربازییەکەیەوە بکا. لەم ڕووەوە کەمێ دڵم حەواوەتەوە. لە ئێستاوە تا ئەو ڕۆژە، ماوەیەکی باشەو بابزانین چی ڕوو دەدا.

وەکی‌تر ترسی کارەساتەکەی ستراندم هەر لەدڵدایە. هەر لە چاوەڕواندام‌و هیچ دیارنییە. ئەشکەنجەی چاوەڕوانکرنەکە، لە سزاکە سەختترە. کە باشتر وردی دەکەمەوە، چوونەدەرەوەم بە خەیاڵدا دێ. لەدڵدا دەڵێم: بەوە گرفتەکە بەلایەکدا دەخەم. گۆزەش هەموو جار، بەساغی لەکانی نایەتەوە. تا ئەم بایە لەو کونەوە بێت، دەگونجێ ستراندم لێدووبارەو سێبارە ببێتەوە.

٤/١٥

١- سوپا گەیشتۆتە سلێمانی. باسی شەڕی دۆڵە سوور دەبیسین‌و بەیەکدادان، ڕوو لە گەرمبوونە. سوپا دوای کێشانەوەی هێزە تەریکە بندەستەکانی شۆڕش، وا دیسان لەهەموو کەرتەکانەوە، بەرەوژوور مل دەنێ. جارێ لە قۆناغی سەرلەنوێ بەستنەوەی شارەگەورەکاندایە، بەدەسەڵاتی ناوەندییەوە. یەکەمجار سێ مەڵبەندەکەی سێ پارێزگاکەو بەدوایاندا، قەزاو ناحییەکان کە ئیتر لێرەوە، زۆرانبازییەکە دەست پێدەکاتەوە. حکوومەت لەناو شارو دەشتاییەکانداو شۆڕشیش، لە ناوچە شاخاوییەکانداو ئیتر بەم شێوەیە دەق دەگرێتەوە.

لێرەدا وتەکەی (عەبدولڕەحمان بەزاز)م دێتەوە یاد ، کە کاتی خۆی وتی: (مانەوەی تەنیا پێنج سەد چەکدار بە چیاکانەوە ، بۆ ساڵەها وڵات لە حاڵەتی ئاژاوەدا دەهێڵێتەوەو حکوومەت تووشی سەریەشە دەکا) . بەڵێ.. منیش لەو

باوەڕەدا نیم حکوومەت قەت بتوانێ ، بە جەنگ مەسەلە یەکالا بکاتەوەو سەرکەوتنی بڕاییبڕ بەدەست بێنێ .

٢- من لێرە ئەوەتا لەم عەزابەدام . کەچی شێرکۆو کاکە مەم‌و برادەرانی‌تر (گوایە بۆ گاڵتەو گەپ)، ئاگاداریم بۆ دەنێرن کە ئەگەر نەچمە لایان ، لەئێزگەکەیانەوە تانەم لێدەدەن . دیارە ئەوان نازانن کە من لەلای خۆمەوە بەغیلییان پێدەبەم ، چونکە هیچ نەبێ لەوێ گیرساونەتەوەو سەری خۆیان سووك کردوە . لە کاتێکدا من لە نێواندا هەڵواسراوم‌و ئەمە ، دەمخاتە بەر ئازارێکی دەروونیی سەختەوە .

٤/١٨

تەلەفزیۆن‌و رادیۆو رۆژنامەکانی بەغدا، کردوویانەتە شایی‌و زەماوەندێك، ئەوسەری دیارنەبێ!. ئەو ئۆتۆنۆمییەی لە عێراقدا بۆ کورد بەدیی هێنراوە، نموونەی لە سەرانسەری جیهاندا نەبووەو ناشبێتەوە!. ئەو وڵاتە فرە نەتەوانەی لەم بابەتە گرفتەیان هەیە، دەبێ بێن لە عێراقەوە فێر ببن چۆنی چارەسەر دەکەن. خۆ بروسکەی لایەنگریی لە چەشنی (ئەناو عەشیرەتی)، کارێك دەکا کەدەڵێیت رۆژی حەشرە!. ئەمە لەکاتێکدا کە بەش بەحاڵی خۆم، هەر لە رۆژانی سەرەتای رێکەوتننامەکەوە، لە ناوبرادەرانی نزیکدا ناویم برد بە (ئیستیفراقییەت ئازار). ئینجا ئێستا بەم یاسای ئۆتۆنۆمییەیان، دەبێ بڵێم چی؟!.

٤/٢٥

هەواڵی بۆردومانکردنی قەڵادزێم بیست. وەك بەسەرهاتێکی سامناك دەیگێڕنەوە. شارێکی پچووك‌و عەشاماتێکی زۆرو بەتایبەتی، مامۆستایان‌و قوتابییان‌و فەرمانبەرانی زانکۆی سلێمانی تێیرژابن‌و لە ناکاوێکدا، فڕۆکە بنیشێتە گیانی‌و بە بۆمبا داییبێژن:.

٤/٢٨

بەدوای قەڵادزێدا هەڵەبجەش!. وای دەبیسم کە بە دەردی ئەوێ براوەو خەڵکێکی زۆری تێدا فەوتاون.

٤/٣٠

ڕۆژنامەکان بەیاننامەیەکی دەزگای ئاسایشیان بڵاوکردەوە کە گوایە: (دەستەیەك گێرەشێوێنی سەر بەبارزانیی بەکرێگیراو، ڕۆژی ٤/٢٨ لە فرۆکەخانەی-دوەلی-وسینەمای-ئەتڵەس-بۆمبایان تەقاندۆتەوە. بەڵام لەماوەی بیست‌وچوار سەعاتدا، گیراون‌و سزای خۆیان وەردەگرن)... بیستم نەریمان فوئاد مەستییان لە گەڵدایە. خەرامانی خوشکیشی، دوێنێ‌و ئەمڕۆ نەهاتبوو بۆ دایەرە. دوور نییە ئەویشی لەگەڵدا گیرابێ.

شەو بەدەم خەفەتی نەریمان‌و برادەرەکانییەوە، کە دەزانم ئیعدام دەکرێن، لەگەڵ چەند برادەرێکدا دانیشتین. کە گەڕامەوە ماڵەوە، خانم باسی کرد کە هێنراونەتە سەر تەلەفزیۆن‌و قسەیان کردوەو کچێکیشیان لەگەڵدا بووە. خەفەتەکەم لەلا خەستر بۆوەو گومانم نەما، کە ئیعدام دەکرێن. چوار کوڕو کچێکی لاو.. چوار قوتابیی زانکۆو کرێکارێك، ئیعدام دەکرێن!.

٥/١

ڕۆژنامەکان بڵاویان کردەوە، کە دادگای شۆڕش حوکمی خنکاندنی بەسەردا داون!. چۆنی بۆ چووبووم وەها دەرچوو. بەڵام ئاخر چ زوو؟!. لەماوەی بیست‌و چوار سەعاتدا گرتن‌و لە چل‌و هەشت سەعاتدا حوکمدان!!.

لەوەزعێکی دەروونیی دژواردام. لە ناخدا ئاراموو ئۆقرەم لەبەر بڕاوە. نەئەوەیە لەگەڵ ئەملادابم ئەوەی دەیبینم‌و دەیبستم لام ئاسایی بێ، نەئەوەیە لەگەڵ ئەولادابم ساغ ببمەوەو بتوانم بچمە ڕیزیان. حاڵەتێکی دژوارەو تێیکەوتووم. ئەوەشی لێمی دژوارتر دەکا، ئەوەیە کە بمەوێ‌و نەمەوێ نووسەرێکی کوردم.

٥/٥

کامەران مووکری میوانمانەو شەوانیش لای ئێمە دەخەوێ. ئەویش باسی دەردی دڵی خۆی بۆ کردم، کە چۆن وەکوو خەڵکەکەی‌تر چۆتە دەرەوە. بەڵام دوای دە پازدە ڕۆژ، کە بۆی دەرکەوتوە هەمان تاس‌و حەمامەو ئەنجام هەر پووچ دەبێ، گەڕاوەتەوە ناو شار. ئێستا وا هاتوە بۆ بەغدا، تا لێرە ئیشێکی دەست بکەوێ و دوایی، ماڵ‌و منداڵەکەشی بێنێتە ئێرە.

د. ئیحسان بەڵێنی دایە، بەناوی (نەخشەساز-منفذ)ەوە، بەمانگانەیەکی (٦٠-٧٠) دیناری دایبمەزرێنێ، بەمەرجێ ئەوئیشە نەکاو تەنیا بەنووسین، لە دەرکردنی (ڕۆشنبیری نوێ)دا بەشداربێ. بەڵام بەم ئیشە ڕازی نییە.

٥/١٢

ئیعدامکردنی (لەیلا)و هاوەڵەکانی، داخ‌و خەفەتێکی زۆری لە دڵ‌ودەروونمدا بزواند. من گومانم نەبوو کە کوڕەکان ئیعدام دەکرێن. بەڵام بۆ لەیلا، دەمووت بۆی دەگۆڕن بەبەندی. کەچی ئەوەتا کۆیان لێنەکردەوەو بۆ یەکەمجار لە مێژووی نوێی عیراقدا، کچێك کە کوردەو بەدەستی ئەم ڕژێمە ئیعدام دەکرێ. لەناو خەڵکیدا دەنگ وا بڵاوە گوایە سەدام وتویێتی: (ئێمە بە ئیعدامکردنی ئەم کچە، سەدان ئافرەتی کوردی ترمان، لە ئیعدامکردن ڕزگارکردوە!).

٥/١٧

دەبیسم ئەو خێزانانەی کەسێکیان لەدەرەوەیە، بەشێوەیەکی دڕندانە لە نیوەشەوێکدا، لە ئوتومبێل باردەکرێن‌و دەبرێنە نزیك ناوچەکانی (پ.م)ەوەو لەوێ، بەڕەڵا دەکرێن تابچن بۆ لای کەسوکاریان. نازانم ئەم کردەوەیە بەچی ناو ببەم؟!. ئایا ژن‌و منداڵ‌و پیر. دایك‌و باوك‌و خوشك‌و برا، چ دەخلێکیان بەسەر چوونەدەرەوەی کەسەکەیانەوە هەیە؟!. گوایە دەبوو بەگوریس بیبەستنەوە؟!. یا بچوونایە حکوومەتیان لێئاگادار بکردایە؟!.

٥/٢٤

چوونمان بۆ سەربازییەکە، لە (٦/٧)ەوە گۆڕدرا بۆ(٦/٣). دەبێ لەو ڕۆژەدا بچین بۆ وەزارەتی بەرگری. بە درێژی دەردی دڵم بۆ خانم دەربڕی. لەوەدا بەختەوەرم کە تێمدەگاو لەم مەسەلانەدا، نابێتە کۆسپ لەڕێگامدا. بۆم وردکردەوە کە بۆمن ستەمە، بچم ببمە ئەفسەر لە سوپایەکدا، شەڕ لەگەڵ لایەنێکدا دەکا کە پێیدەووترێ: شۆڕشی کوردو زۆربەی برادەرەکانیشم لە ریزیدان. نابێ بیەڵم ڕۆژێك لەڕۆژان، بووترێ (حسەین عارف)ی نووسەری کورد، بووە ئەفسەر لە سوپایەکدا، کە نەتەوەکەی قەڵاچۆ دەکردو وڵاتەکەی خاپوور. کە لێمی پرسی: نیازی چیت هەیە؟. وتم: دوا بڕیارم نەداوە. بەڵام زیاتر بەلای ئەوەدا دەشکێمەوە، کە نەچم بۆ سەربازیو بڕۆمە دەرەوە.

٥/٢٧

دوا بڕیارمدا.. دەچمە دەرەوە. بڕیارەکەم بە خانم ڕاگەیاندو ئاگادارم کرد، کە خۆی ئامادە بکاو کەلوپەل بپێچێتەوە، تا بیسپێرین بەماڵە ناسیاوێك. ئینجا ئەوو منداڵەکان بچنەوە سلێمانیو منیش، دوای وەرگرتنی مووچەکەم دەچم بۆ لایانو لەوێوە دەڕۆم.

هەست دەکەم بەم بڕیارە، کێوێکم لەسەر شانم داگرتووەو ئەو گرێیە لە ناخمدا نەماوەو دڵم خۆشەو دەروونم ئارامە. هەست دەکەم تەلیسمێکم شکاندووە، کەبیرو هۆشمی جەڕاندبوو. دواجار هەست دەکەم پێم کەوتۆتە سەرزەوییو لایەك لەدووانەکەم هەڵبژادووەو دەچمە ڕیزییەوەو یەکچاو دەبمەوە.

٥/٢٩

١-دۆزینەوەی ماڵە ناسیاوێکم بۆ کەلوپەلەکان، لێبووبووە گرفتێکی گەورەو ئەمڕۆ محەمەد ئەمین هەورامانی لەکۆڵی کردمەوە. خۆی کەپێیزانی وتی: ئێمە ژوورێکی چۆڵمان هەیەو بیانهێنە ئەوێ.

دۆزینەوەی یەکێکیش کە نووسینەکانمی لەلادابنێم، گرفتی گەورەترم بوو. بۆ ئەمیشیان د. مارفم لە هەرکەسێکی تر پێپەسەندتر بوو. پێری بە(جەمال)ی برایم وت کە ئاگاداری بکا. ئەمڕۆ وەرامی بۆ هێنامەوە کە رازییەو دەڵێ: وا بزانێ لای خۆیەتی.

٢-خانم کەوتۆتە پێچانەوەی کەلوپەلەکان. منیش نووسینەکانم هێناوەتە بەردەستو پیایاندا دەچمەوە، تا ئەوانەی زۆر جێی مەترسین بیان فەوتێنم، بۆ ئەوەی د.مارف تووش نەبێ. هەرچەندە ئەو وتبووی: (پێویست ناکا یەك پارچە کاغەز بفەوتێنی). بەهەر حاڵ، ئەوەی فەتاندم نووسینێك بوو سەبارەت بە (قەسر ئەلنیهایە)، کە زانیاریی وردی تێدابوو لە بارەی (نازم گزار)و جەللادەکانییەوەو چۆنێتیی ئەشکەنجەدانی برادەرەکانی (قیادەی مەرکەزی-ق.م-)، کە لە ئەنجامیدا بەکوشت چوون.

٥/٣٠

شەو لە ماڵی د. مارف بووین. هەم بۆ سپاردنی نووسینەکانم، هەم بووە داوەتێکی ماڵاوایی و دووعاخوازی. بەدەم قسەوە لێمی پرسی: ئەم بڕیارەت چۆندا؟. کەبۆم روون کردەوە وتی: تۆ لەسەر هەقیتو بڕیارەکەت لە جێی خۆیدایە.

٥/٣١

١- بەیانییەکەی خانمم بەرەو سلێمانی بەڕێ کرد. پێم راگەیاند کەمنیش رۆژی (٣ یا ٤)ی مانگ لەوێ دەبم.

٢- هێشتا د.ئیحسانم لە بڕیارەکەم ئاگادار نەکردوە. بەڵام ئەو لەلای خۆیەوە، کەوتۆتە هەوڵدانی قایلکردنی وەزیری راگەیاندن، کە گوایە ئەرمانگەکەی زۆر پێویستی بەمن هەیەو دەبێ داوا لەوەزارەتی بەرگری بکرێ، کەلەو سەربازییە ببەخشرێم. بەڵام تائێستا هیچی بۆ نەکراوە.

## ٦/١ - ئوتێل سەرچنار

١-کەلوپەلەکانم گواستنەوە ماڵی هەورامانیو خۆم، هاتوومەتە ئوتێل سەرچنار. ئێستا هەموو شتێکم کۆکە. کەلوپەل. نووسینەکانم.. خانمو منداڵەکان.. خۆیشم ئەوەتا لەسەرپێم، کە لە هەرساتێکدا دەست بدەمە جانتاکەمو بکەومەڕێ.

٢- مەحموود زامدارم ئاگادارکرد کە دەڕۆم. داوای کرد بچین لە شوێنێك دابنیشین، ئاگفتوگۆیەکم لەگەڵدا بکاو بۆ دوارۆژی هەڵبگرێ. چووینە ریستۆرانی (ئەلسواح). سێ سەعاتی خایاند. ئەو پرسیاری دەکردو منیش، هەرچیم وەرام دەدایەوە دەینووسی.

## ٦/٢

١-بڕیارەکەم بە د.ئیحسان راگەیاند. وتی: هەقتەو لە جێی خۆیدایە. بەلام لەوە تەنگەتاو بوو کەباڵێکی تری لێدەبێتەوە. رۆیشتنی ئەنوەر مەحموودو دوایی زادەو سەلاح (٥/١٣)، کارێکی زۆری کردە سەر دەرکردنی (رۆشنبیری نوێ). سا ئێستا وامنیش دەڕۆم! داوای کرد ماوەیەك چاوەڕێ بکەم، بەڵکوو بتوانێ لە سەربازییەکە رزگارم بکا. وتم: دوابڕیارم داوەو براوەتەوە.

٢- لەگەڵ محێدین زەنگەنەدا، لە (ئەلسواح) دانیشتین. بڕیارەکەم لای ئەویش ئاشکرا کرد. وتی: کەوتویتە وەزعێکی ئالۆزەوەو من نازانم بڵێم چی!.

## ٦/٣

١- بەیانی ئاسایی چووم بۆ فەرمانگە. ماوەیەك لای د.ئیحسان دانیشتم. ئەو دووپاتی کردەوە کە ئەگەر چاوەڕێ بکەم، سەربازییەکەم لە کۆڵ دەکاتەوە. من وتم: هیچ ماوەیەکم بەدەستەوە نەماوە. ئێستا کەلێرە رۆیشتم، دەچم بۆ وەزارەتی بەرگری. ئەگەر بۆ بردن بوو، دیمە دواوەو بەرەو ژوور رێ دەگرمە بەر.

خواحافیزیم لێکرد. یەك بەیەك بەسەر هاوەڵکانی فەرمانگەشمدا گەڕام‌و بەو حسابە خواحافیزیم لێکردن، کە دەچم بۆ سەربازی.

٢- لەگەڵ (فەرەج ئەحمەد)دا، چووین بۆ وەزارەتی بەرگری. زانیمان کەهەریەکە نووسراوێکمان دەدەنێ، تا بچین بۆ (کۆلیجی ئیحتیات)و لەوێ، بەسەر(وحدە) کانی سوپادا دابەش دەکرێین. تەقەلامدا فەرەج قایل بکەم، کە ئەویش نەچێ‌و پێکەوە بەرەو ژوور بڕۆین. ئەو وتی: ئەگەر بەر ناوەڕاست‌و خوارووی عێراق کەوتم دەچم. بەڵام ئەگەر بۆ کوردستان بوو، ئەوا ناچم‌و شەڕ لەگەڵ میللەتەکەمدا ناکەم.

من گەڕامەوە ئوتێل. بەڵێنێکی لەوە بەرم لەگەڵ (جەلال دەباغ‌و محێددین‌و دلشادو جەمال خەزاندار)دا هەبوو، کە لە (ئەلسواح) دانیشین. .دانیشتنی ماڵاوایی.لە سەعات دوودا هەموو لەوێ بووین. باسی سەرەکی لەمەسەلەی چوونە دەرەوەکەی من بوو. محێددین هاتبوە سەر ئەو رایەی، کەچاکتر وایە نەڕۆم‌و بچم بۆ سەربازییەکە. لەکاتێکدا جەلال وتی: من دوو ڕێگات بۆ دادەنێم. یەکەم: یا ئەوەتا مەچۆو واز لە وەزیفەکەشت بێنەو وەرە من‌و تۆ، بە خاوو خێزانەوە بە مانگانەکەی خۆم پێکەوە بژین، تا وەزعەکە بەلایەکدا دەکەوێ. دووەم: یا ئەوەتا من هەوڵ دەدەم، ئەو حاڵەتی خۆشاردنەوەیەت لەلای حیزب (ح.ش)، بکەم بەکارێکی رەسمی‌و ئەوسا حیزب، تەقەلا بدا لە سەربازییەکە رزگارت بکا. من پێشنیازەکەیم بە چارەسەرێکی رۆمانسییانە داناو زۆر سوپاسیم کرد. ئیتر خواحافیزیم لێکردن‌و لێیان جودا بوومەوە.

٣- لەوێوە گەڕامەوە ئوتێل. لە ژوورەکەدا(کەمال رەئووف)م لەگەڵدایە، کە هێشتا نەهاتۆتەوە. ئێستا ئەوەتا پێدا دەچمەوەو چەندە وردی دەکەمەوە، پتر هەست بە بەختیاری‌و شادمانی دەکەم. پتر دڵنیادەبم کە بڕیارێکی دروستم داوەو دەبێ بیبەمە سەر.

درەنگوەختێك کەمال هاتەوە. هەواڵی دوا بڕیاری لێپرسیم. من بە مێشك تەواو ماندووبووم‌و درێژەم لەگەڵیدا نەدایە. وتم: سبەینێ دەردەکەوێ. ئەو درێژەی دایەو وەهای لەسەر رۆیشت، کە نابێ چوون بۆ ئەو سەربازییە، لە حسەین عارف بوەشێتەوە. لە ئەنجامدا وتم: بابزانم.. سبەینێ دەردەکەوێ.

### ٦/٤ – سلێمانی / سەرچنار

١– هەرهێندەی لە بەغدا دەرچووم، هەستم بە حەوانەوەو ئاسوودەییەکی ئەوتۆ کرد، کە دەتووت دوای تاساندنێکی خنکێنەر، پڕ بە سییەکانم هەوا هەڵدەمژم و دەبووژێمەوە.

٢– کاتێ گەیشتمەجێ، خانم پێیڕاگەیاندم کە باوکی، لەم کردەوەیەم نارازییەو بەلایەوە سەیربووە، من بڕیاری وەها بدەم!.

٣– بیستم سوپا لەبەرەبەیانی ئەمڕۆدا، بەرەو هەڵەبجە کەوتۆتەڕێ.

### ٦/٥–سلێمانی

چووم بۆ لای هاوڕێی دێرینم (ئەنوەر عوسمان). ئاگادارم کرد کەبڕیاری چوونە دەرەوەم داوەو دەشمەوێ، بکەومە لای برادەرانی (قیادەی مەرکەزی–ق.م).داوام لێکرد بچێ پێیان رابگەیەنێ، کە بەرێگای تایبەتی خۆیان، بمگەیەننە بارەگاکەیان لە کاژاو. بۆ ئێوارە وەرامی بۆ هێنامەوە کە ئامادەن، بەڵام دەبێ دوو سێ رۆژێ چاوەڕێ بکەم.

### ٦/٦

١– بەیانییەکەی بەدەم گرمەو ناڵەی، بۆمبابارانی تۆپ و فڕۆکەوە خەبەرم بۆوە. چوومە سەربان و هەڵمڕوانی. سلێمانی و دەوروبەری، بووبووە کۆڕی جەنگێکی راستەقینە. دەتووت فلیمێك لەسەر پەردەی سینەما دەبینم. سوپا لەنزیك عەربەتەوە، زنجیرە شاخی گڵەزەردەی تۆپباران دەکرد. بەیناویەینیش دوو فڕۆکە، دەهاتن و بە ئاسمانی ناوچەکەدا دەخولانەوە. لە سەعات یەکی دوای نیوەڕۆدا، لە بندەستمانەوە بووە گرمەو ناڵە. شەڕە تۆپێکی نیو سەعاتی، لە نێوان(حامیە)و (پ.م)ەکانی سەر ئەزمڕو گۆیژەدا رووی‌دا. گوللەکانی هەدوولا، بەسەر سەرماندا گیڤەیان دەکرد.

سا هەرچەندە ئێستا وا لەنزیکەوە، هەست بە ئەنجامی سەخت و ستەمی بڕیارەکەم دەکەم، بەڵام هەر لێی پەشیمان نیم و لەناخدا، گەلێك ئاسوودەو خۆشحاڵم. تەنانەت ئەمڕۆ، هەدوو پێویستییەکانی رۆیشتنم ئامادەکردن.

خانمو نیشتمان چوون لە بازاڕ، دەستێ جلی جەلەبیی کوردیو جووتێ کڵاشو کڵاووجامانەیەکیان بۆ کڕیم. ماوەتەوە سەر ئەوەی تەتەرێکی برادەرانی (ق.م)، پەیدا ببیٚو وەك چاوساغێك لە شار دەرم بكا.

٢- بیستم لە دوێنێوە لە چەند قۆڵێکەوە، هێرشێکی توندوتیژ کراوەتە سەر ناوچەی قەرەداغ.

٦/٧-سەعات حەوتی ئێوارە - ماڵی تەتەر.

١- دوێنێ عەسرەکەی، گواستمەوە بۆ ماڵی ئەنوەرو شەو لەوێ بوومو خانمیش لەگەڵمدا. ئەم بەیانییە داوام لێکرد، بچێتەوە سەرچنار بۆ لای منداڵەکانو ئێوارە بێتەوە بۆلام.

٢- دایکم هات بۆلامو جارێکیتر، تەقەلای زۆری لەگەڵدادام، کە نەڕۆمو بچم بۆ سەربازییەکە.

٣- دوای نیوەڕۆ ، ئەنوەر هاتەوە ڕایگەیاند ، کە لە عەسردا دێن بەدوامداو دەمبەنە ماڵێکی تر ، تا بۆ شەوەکەی لە وێوە لە شار دەرچین .

٤- لە سەعات پێنجدا ، ئەنوەر گەڕایەوە ماڵەوەو شێخ حامدی لە گەڵدا بوو ، شێخ هێنامیو بێرەی سپاردم . (لە دڵدا زۆرم لا ناخۆش بوو ، کە خانمم نەبینییەوە . ئەو بەدرێژایی سێ ڕۆژی پێشوو ، ئەو داوایەی لێدووپات دەکردمەوە ، کە دەبێ هەر هێندەی لە شوێنێك گیرسامەوە ، بەزووترین کات بنێرم بەدوایدا . دەشیووت : ئەگەر نا، ئەوا خۆی ملی پێوە دەنێو دێت).

٥- ئێستا وا لێرە (ماڵی تەتەر)، بەرگە کوردییەکەم لە بەردایەو جانتاکەم، ئامادەیە لە کۆڵمی بنێمو بکەوینە ڕێ . ماڵێکی نزیکی بناری گۆیژەیە . نازانم ماڵی کێیەو کێ نییە. کوڕێکی منالکارو پیاوێکی دەموچاو ناولاویو ژنێكو چوار منداڵن . هەژارن .. تەواو هەژار . دانیشتوون نانی ئێوارە دەخۆن. تەماتەی سوورەوە کراوو سێ چوار هێلکە بەڕۆنیش ، کە دەزانم بەتایبەتی بۆ منی میوان کراوە. من هەست بەبرسێتی ناکەم. لە بەر دڵی ئەوان، یەك دوو پاروو دەخۆم. ئێستا ئەوان هەر خەریکی نانخواردننو منیش، بەنارگیر دانیشتوومو دەنووسم. دەبێ چاوەڕوان بین، تا دنیا تەواو تاریك

دادێ. ئەوسا ملی پێوە دەنێین و لەلاپێوە، دەکەوینە هەڵزنان بەگۆیژەدا. پیاوەکەو کوڕەکە، وایان بۆ باس کردووم .

### ٦/٨ – کاژاو/ ئێوارە:

١- گەیشتوومەتە جێمەقسەد. (کاژاو)ەو مەڵبەندەکەی برادەرانی (ق.م). دەبێ کارەساتەکانی دوێنێ شەو، لە دەرچوونمەوە لە شار تا گەیشتنم بگێڕمەوە. کارەساتەکان بەڕێکەوت، ئاسایی نەهاتنە پێش!.

شەو لە تەواوی سەعات (٨)دا، من و پیاوەکەو کوڕەکە کە ئێستا وازانیم، ئەویان ناوی (حەمە)و ئەمیان (جەمال)ەو هەردووکیان برا هەرە گەورەو هەرە بچووکی هەردوو شەهید (عەبدوڵا ساڵح میرزا)ن، کە لەوەبەر (ساڵانی ٩٦٦- ٩٦٧) لەنزیکەوە دەمناسین و لەنزیکیشەوە ئاگاداری بەسەرهاتی شەهیدبوونیان بووم. کە لەماڵ هاتینە دەر، لە ماوەی چارەکە سەعاتێکدا، دوا خانووی قەراغ شار کەوتە پشتمانەوە. لەوە بەدوا خۆمان کوتایە ئاودڕێکەوە کە رووەو بناری گۆیژە هەڵدەکشا. ئاودڕەکە لەچاوی ون دەکردین. زۆر بەخێرایی هەڵدەکشاین. ئەو ماوەیەمان پێدەبڕی، کە مەترسیی بۆسەی چەکدارەکانی سەر بە میری، یا رەبیەی سەروو خانووە قوڕەکانی لێدەکرا.

ئاودڕ کۆتایی هات و نزیك بنار بووینەوە. پانایییەکی لێژمان لەبەردەمدا بوو، کە دەشیا تارماییمان پێوەی بەدی بکرێ. وچانێکمان دا. من تەواو ماندوو بووبووم. هەناسەبڕکێم پێکەوتبوو. تەپەتەپی دڵم دەهاتە بەرگوێم. هەستم بە کسپەی گەلێ جێدڕك، بە قاچوقولمەوە دەکرد. سەرنجێکم دایە شار. کاتێ کەوتینە رێ، تاقوتۆق دەستی پێکردبوو. هێشتاش هەر بەردەوام بوو. بە بەری گلەزەردەوە، لە سێ لاوە گڕی ئاگرێکی بەرفراوان بەرز دەبۆوە.

کەوتینەوە رێ. خێراتر لەماوەی ئاودڕەکە، پاناییەکەمان بڕی. هەر بەو خێراییەش دەستمان کردە سەرکەوتن و گەیشتینە، سەر رێگاکەی (غابات). لەوێشدا وچانێکمان دا. ترسی بۆسەو دەسرێژمان نەبوو. بەڵام کسپەی جێدڕکەکان، هەراسانی دەکردم. دەستم برد بۆ قاچوقولم بزانم چ باسە!. تا

نزیکی ئەژنۆم بەدرك تەنرابوو. حەمەی چاوساغ وتی: چاکتر وایە لەلاڕێوە شانەوشان سەربکەوین، تا نزیك چاخانە کۆنەکەی سەر گۆیژە دەبینەوەو ئینجا لەوێوە، ملی رێگا کۆنەکە دەگرین‌و دەچین بەودیودا!. وامان کردو هەڵکشاین. مانگ هێشتا هەڵنەهاتبوو. زوو زوو لام دەکردەوە بەلای شاردا. چراخانێکی دیمەن شیرین بوو. تاقوتۆقی ریزی گوللەش، بەردەوام دەهاتە بەرگوێم. لەگەڵ بەیناوبەین هەڵدانی فیشەکی رووناکیدا، لە رەبیەکەی لەمەڕ خانووە قوڕەکانەوە.

لە شوێنێکی هێجگار کووڕەوە سەرکەوتین. دەتووت بەدیوارێکدا هەڵدەزنێین. من هەستم بە ماندووبوونێکی ئازاربەخش دەکرد. هەناسەم لەبەر دەبڕا. هەردوو ئەژنۆم دەیانزریکاند. ماسولکەکانی پسوزو رانم، دەتووت لەوەدان لەیەکتر داپچڕێن. ئەمە سەرباری دڕکەکان. نزیك لوتکەی دیوارەکە بووبووینەوە، کە لەناکاوێکدا وڕەوڕێکمان بیست. زۆری نەبرد ئەستێرەیەکی گەشمان بینی، لە نزیك لای شانی راستمانەوە هەڵواسرا. خێرا خۆمان بە زەویداداو مت بووین. دەرکەوت کۆپتەرێکەو بەناوچەکەدا دەسووڕێتەوەو ئەو جۆرە ئەستێرەیە بەردەداتەوە. ئیتر کە سێ چوارجار ئەو کارەی دووپات کردەوە، ترسی ئەوەمان لێنیشت کە سوپا بەرێگە کۆنەکەی گۆیژەدا، هێرش بێنێ‌و بیەوێ لەوێوە سەربکەوێ. بۆیە رێمان گۆڕی بەلای چەپداو کەوتینە سەرکەوتن.

ئەو وەختە مانگیشمان لێهەڵهات‌و بۆمان بووە مەترسییەکی تر. بە پەلەپرووزێ تێمان تەقاندو خۆمان، لەو مەترسییەو مەترسیی مانگەشەوەکەش دوورخستەوە. کەوتینە ناو تاریکستانی دۆڵەکەی سەروو داربەڕووەکانەوە. ئەوەمان بەهەل زانی‌و دانیشتین کەمێ بحەوێینەوە. کەچی هەر لەوکاتەدا، دەنگە دەنگێکمان هاتە بەرگوێ. خۆمان تەواو مت‌و خامۆش کرد. دەنگە دەنگ تا دەهات لێمان نزیك دەبووەوە. من وام هەست کرد کە دەنگی ئافرەتی تێدا دەبیسم. حەمەو جەمالیش سەلماندیان. ئەوسا راست بووینەوەو بەرەو روویان چووین. دەنگی پیاوێك گورج بانگی لێکردین: زەلام کێن؟!.. کە وەرامەمان دایەوەو گەیشتینە ئاستی یەکتر، دیم پێشمەرگەیەکی برنەو لەشان‌و دوو ژن

بوون. یەکێکیان پیرو ئەویتریان سەرە. کە تەواو لە یەکتری ئاشکرابووین و ئێمە نیازی خۆمان دەربڕی (پ.م)ەکە وتی: دەك هەر ئەئاوا لەقەزاو بەڵا بەدوور بن. کاکە ئێوە رێکەوت بەفریاتان کەوتوە، دەنا لەوانە بوو بەفەوت بچن!. کە پرسیمان بۆچی؟ وتی: فەرموون بکەونە دوام و ئێستا تێدەگەن!. کەوتینە دوای و بەدەم هەنگاونانەوە تێیگەیاندین، کە هەر دوای پازدە بیست هەنگاوێك گەیشتینە ئاستی تەختانییەك و تەختانییەکە توولەڕێیەکی ئاشکرای پێوە دیار بوو. لە ئاستیدا راوەستاو وتی: لێرە بەدواوە من لە توولەڕێیەکە لادەدەم و ئێوەش بەدوامدا لادەن. راست بە شوێنپێی مندا وەرن و ئەملاو ئەولا مەکەن. چونکە لێرە بەدواوە رێگاکە بەمین چێنراوە. هەرکاتێ چوومەوە سەر رێگاکە ئێوەش بەدوامدا. چۆنی وت وامان کردو لە مردنێك رزگار بووین، کە لە ئانوساتدا بوو دابخزێینە ناو گەروویەوە.

ئێمەو (پ.م)ە فریشتەکەمان وەها. ئەی ئەو دوو ژنەی کە پیرەکەیان بەتایبەتی، لەگەڵ هەر هەنگاوێکیدا ناڵەو ئاخ و ئۆف لێیهەڵدەستێ، کێن و چین؟!. پیرەژن ئەوەتا بەردەوام دەلاوێنێتەوە: ((ئاخ حەسەن گیان!.. ئاخ کوڕە شیرینەکەم!.. داخ رۆڵەکەم!.. دەتوخوا راستم پێ بڵێن: ماوە؟!.. توخوا ماوە؟!.. توخوا نەمردوە؟!. ئاخ کەی دەگەین؟!.. دە راستم پێ بڵێن دڵم تەقی. ماوە؟!.. حەسەنەکەم ماویت؟!.. توخوا ماویت؟!..)). بۆیە کاتێ (پ.م)ەکە لای دایەوە سەر رێگاکەو وتی: تەواو.. ئیتر ترستان نەبێ، من خۆم گەیاندە تەنیشتییەوە. ئەوساتە بەدوا هەورازدا، بەرەو لوتکەی گوێژە هەڵدەکشاین. کە سەبارەت لاواندنەوەی پیرەژن پرسیارم لێکرد، بەدەنگی نزم وتی:

((ئەو بەسزمانە دوو کوڕی هەن، ناویان حەسەن و حسەینە، حسەینیان پێرێ شەو لەگەڵ برادەرێکیدا، بە کەروبارێکەوەلە سلێمانییەوە هەر بەم رێگە لەعنەتییەدا هاتوون و مینێك، لەژێر پێیاندا تەقیوەتەوە. کوڕەکەی ئەمی تێدا زایە بووەو برادەرەکەیشی بریندارە. منیش ئەوا بەدوای دایکەکەیدا هاتووم وئەوی تریش براژنێتی. بەڵام من راستییەکەیم پێنەوتون. وام بۆ باس کردوون کە حەسەن نەك حسەین، لە تراکتۆر کەوتۆتە خوارەوەو قاچی شکاوە. لەکاتێکدا حەسەن لەدێی (نۆدێ) لە پرسەی براکەیدا دانیشتوە)).

بەسەرهاتێکی بەجەخاربوو. سفتاحێکی دڵپڕوێنی سەرەتای سەفەرەکەم بوو. ئەمە سەرەڕای سفتاحی مانو نەمانەکەی لەمەڕ خۆمان!

گەیشتینە سەرەوەو لە سەنگەرێکی (پ.م)ەوە، دەنگمان لێکرا. زووش ڕێگەمان پێدراو داکشاینە خوارەوە. کات خۆی دابوو لە سەعات یازدە. سەرکەوتنمان سێ سەعاتی پێچوو. بەڵام دابەزین تەنیا نیو سەعاتی خایاند. لە بنار بەدواوە، ڕێگایەکی تەختانیی خۆش بوو. مانگ بە تەختی ئاسمانەوە، تریفەی زیوینی بەسەر زەویدا دەپرژاندو ڕێگاکەی لێڕووناک دەکردینەوە. ئەو ساتانە، ماندوێتیی هەستو بیروهۆشم ڕەویبۆوە. بەڵام جەستەم، بەتایبەتی ماسولکەکانی پووزو ڕانمو بنی پێمو ئەژنۆم، لەناو ئازار دەیانزریکاند. هەستیشم دەکرد کە گرێیەکی هێندەی هەڵماتێک لە قوڕگمدا، لەگەڵ هەر تفقووتدانێکدا هەڵدەبلووقێتەوەو ئازارم دەدا. جگە لەوەی لەگەڵ هەر هەناسەدانێکیشدا، دەتووت ڕستێک گوێزانی تێدا گیربووەو شەقاری دەکا. ئینجا زمانیشم لەناو دەممدا، بوو بووە پارچە چەرمێکی وشکەوەبووی زبرو وەك بڕبەندێك بەناو دەممدا دەسووڕا. سەرباری هەموو ئەمانەش، کسپەکسپی جێدڕکەکان.

لەسەر کانیو ئاوەکەی بناویلە، پشوویەکمان داو تێر ئاوم خواردەوە. ئاو دەمم تەڕاییی تێکەوتەوەو زمانم ئاسایی بۆوە. بەڵام هەڵماتەکەم لێچوو بە قیرداو ئاوەکە ڕای نەماڵی. ڕستە گوێزانەکەش مەلاشوومیان هەر دەجنی. کە ڕێگەمان گرتەوە بەر، کات بوو بووە دووازدە. (پ.م)و دوو ژنەکە، لایان نەدایە سەرکانییەکەو ڕۆیشتن. دەرکەوت حەمەی چاوساغ، ئەو چاوساغە نەبوو کە دەبوو هەبێ. لەوەبەر بەڕێگاکەدا نەهاتبوو. وەك یەك بە نەشارەزایی ملمان پێوە نابوو. گەیشتینە (گورگە دەر)و ئاوەدانیی پێوە دیار نەبوو. لە دوو سێ دەرگامان داو وەرام نەبوو. ناچار هەڕەمەیی ملی ڕێگایەکمان گرتەبەر. لە سەعات دوونیودا، گەیشتینە (بزەینیان). بە سەگوەڕدا زانیمان خەڵکی تێدایە. لەدەرگای ماڵێکمان دا وەرام نەبوو. وازمان هێناو لە ئاوایی دەرچووین. ئەوسا دوو کەسمان تووش هاتنو گوایە ڕێگەیان نیشان داین. کەچی ڕێگا دیسان لقو پۆپی لێبۆوەو سەرمان لێدەرنەکردن. ناچار لە ئاستی دووڕیانێکدا لامان

دا، تا دنیا رووناك دەبێتەوەو ڕێبوارێك یاریدەمان بدا. ئەو ڕێبوارە شوانێك بوو، کە بە روونی نیشانی داین و ئیتر، لە سەعات حەوتدا گەیشتینە جێ.

٢- پێش هاتنم، دەمزانی شێخ عەلی لێرەیەو لێپرسراوی بارەگاکەیە. هاتنەکەمی پێخۆش بوو. هەروەها (غەریب) یش، کە لەوەبەر دەمناسی و لەحیزبدا پێکەوە بووین. برادەرەکانی ترم نەدەناسی. بەڵام هەموو بەگەرمەوە پێشوازییان لێکردم.

بارەگا بریتییە لە دوو ژوورو هەیوانێکی سەرخان. ژێرخان وەك لەلادێدا باوە، دوو ژوورە بۆتەویلەی ئاژەڵ. سەرخانەکەی ئێمە لەوەبەر، قوتابخانەی ئاوایی بووە. خانووەکە موڵکی شێخ سالحی خاڵی شێخ عەلییە، کە ماڵەکەیشی بەتەنیشتمانەوەیە. (کاژاو) وەك باسی دەکەن دێیەکی کۆنە، کۆنتر لە بەرزنجە. پەنجا ماڵێك دەبێ و بەروو بوومیان، دەغڵودان و ڕەزو سەزەواتە. جگە لەم بارەگایەی (ق.م)، بارەگای بەتالیۆنێکی هێزی خەباتیشی لێیە، کە دەروێش ئاغای ئامۆزای فەرماندەی هێزەکە (فەتاح ئاغا) فەرماندەیەتی.

٣- هەواڵ لە ئاواییدا وا بڵاوە، کە قەرەداغ گیراوەو هێزی (پ.م) ناوچەکەیان چۆڵ کردوە.

٦/٩

داگیرکردنی قەرەداغ و چۆڵکردنی بوو بە راست. لەنیوەڕۆژدا چەندانێك لە (پ.م)ە هەڵاتووەکان، گەیشتنە ئاوایی. بەدوایاندا دەستە دەستە بەدیاردەکەوتن و دەهاتن. لە وەزعێکی گەلێ ناهەمواردا دەمدین. ماندوو.. لە پەلوپۆ کەوتوو.. برسی و تینوو.. پەست و خەفەتبارو دڵشکاو. لەشکرێکەو لەشەڕێکدا شکاوەو بەپەرەوازەیی هەڵاتووە!

دەبیسم خەڵکی ئاوایی لەناو خۆیاندا، تیروتوانجیان تێدەگرن کە گوایە، ترسنۆکن و بەبێ هیچ بەرگریکردن و خۆڕاگرتنێك، هەڵاتوون و ناوچەکەیان چۆڵ کردوە.

٦/١٠

١- (پ.م)ێکی هێزی خەباتم دی، کە برادەرێکی ڕۆژگاری قوتابخانەمەو یەکترمان ناسییەوە. یەکێکە لەوانەی لە شەڕەکەی نێوان عەربەت - سلێمانیدا (٦/٤) بەشدار بووە. لە قسەکانی ئەودا، ئەم شتانەم بۆ ڕوون بوونەوە:

أ/ لە ئەنجامی هەڵەی سەرکردەکەیاندا، کەسەرکێشانەو بەبێ نەخشەو پلان بەرەنگاری هێزی سوپا بۆتەوە، لە شەڕەکەدا پازدە شەهیدیان داوە.

ب/ لە کشانەوەدا دەستەیەک (پ.م) دوو بریندارییان پێبووە. لەناو ماندوێتیو تینوێتیو برسێتی خۆیانو نەبوونی هیچ یاریدەیەک، بەناچاری لەنیوەی ڕێگا لەپەنایەکدا جێیان هێشتوون، تا بچن وڵاخیان بۆپەیدابکەن. بەڵام تا گەڕاونەتەوە لایان گیانیان سپاردوە.

ج/ (پ.م)ەکان بە درێژایی ڕێگای چوونیان بۆ شوێنی شەڕەکەو شەڕکردنو گەڕانەوەیان، کە چەند سەعاتێکی خایاندوە، هیچیان قومە ئاوێکیان پێنەبووەو ئاوچەکەش بەبێئاو ناسراوە.

د/ (پ.م)ەکان تەنانەت برینپێچێکیان لەگەڵدا نەبووە، کە لەکاتی بریندارەبووندا بەفریا بکەوێ. بگرە خۆیشیان، هیچ پێویستییەکی تیمارکردنی سەرەتاییان پێنەبووە، کە لەکاتی خۆیدا بەکاری بێنن.

ئەمانەو هەندێ شتیتری لەم بابەتەی بۆ گێڕامەوە، کە بە ڕاستی من لێیان سەرسام بووم. بەڵام بەهەرحاڵ، بەڵگەی بەسەبریو خۆڕاگریو ئازایەتیی ئەو (پ.م)انەن، کە ئەم کەموکووڕیو بێسەروبەرییە ناوخۆیەشیان لێدەبێتە دوژمنێکی ترو کەچی خۆ لەبەریدا هەر ڕادەگرن!.

٢- بەدرێژایی ئەمڕۆش، (پ.م)ەکانی هێزی قەرەداغ، هەر دەستە دەستە دەهاتنو شێوەی هاتنو دەمودوویانو دیمەنی سەروسیمایان، وای دەردەخست کە کشانەوەکەیان بە ئاژاوەو لەشێوەی هەڵاتندا بووە. وەکی تر لەبەیانییەوە لەناو ئاواییدا بۆتە تەحا تەحا. ناڕەزایی ئەوە دەردەبڕن کە گوایە لەلایەکەوە، ئەرکی بارەگای بەتالیۆنێکیان بەسەرەیەوەو لەلایەکی تریشەوە،

سێ ڕۆژە لە لقەکانی بەتالیۆنەکەوە دەکەنە سەریان، کە ڕۆژی دوو بار نانیان بۆ بنێرن. ئینجا ئێستاش وا سێ سەد (پ.م)ی قەرەداغیان ناردۆتە سەریان!.

٣- دیمەنی ناهەمواری دامەزراندنی ئەم ئێوارەیەی (پ.م)ە میوانەکان، تەواو هەژاندمی. دەمبینی لێپرسراوی ئاوایی، هەرجارەی دە پازدەیەکیانی دوای خۆی دەخست. دەگەڕا بەسەر ماڵەکانداو ئەوانیش بەدوایەوە. دوو لەم ماڵو سێ لەو ماڵ، تا تەواوی دەکردن. ئەوسا ون دەبوو. بەڵام لەپڕ دەردەکەوتەوەو دە پازدەیەکی تر بەدوایەوەو هەروەها!. زۆرجار قرەقرییم لەگەڵ خاوەن ماڵەکاندا دەکەوتە بەرگوێ. بەتایبەتی ئەو ماڵانەی کە کەمێ لەوەبەر، دوو سێیەکی دابوو بەسەریاندا. من لەلای خۆمەوە بیرم لێدەکردەوەو دەمووت: (پ.م)ێکو شەوی رابوردوو، لەوەزعێکی مەترسیداردا خۆی لە ئابلۆوقەکە دەربازکردوەو ڕەنگە دە دووازدە سەعات بەڕێوە بووبێ.. واتە ماندووە، برسییە، تینووەو لەناخیشدا، پەستو بێزارو خەفەتبارو دڵ پڕ لەئازاری شکستیو هەڵاتنەو کەچی، کە دەگاتە جێگای نەجات بەم دەردە دەچێو وەك سواڵکەر یا میوانێکی ڕەزا قورس دادەمەزرێنرێ!!.

ئێمە ئەم ئێوارەیە، خاوەنی چوار هێلکەو هەشت نانی تیریو جامێکی گەورە دۆ بووین. خۆمان چوار کەسین. زۆربەی برادەرانمان بەملاو بەولادا ڕۆیشتوون. یەك بەیەکترمان دەووت: خۆزیا هەمان بووایەو میوانداریی چەندانێکمان بکردایە.

٦/١١

ڕۆژی چوارەمە لێرەم. باری تەندروستیم هاتۆتەوە سەرخۆ. هەڵماتەکە لە گەرووما نەماوە. ئازاری ماسولکەکانی پووزو رانم ڕەویوەتەوە. کسپەی جێدڕکەکان کپ بۆتەوە. بەڵام لە خواردندا تەواو هەژارین. بەیانیان یان نانو چاو ماستە کە زۆر باشەو ماستەکە، لەچاوی ماڵی شێخ ساڵح دەناسرێ، کە هەم بە خزمایەتیو هەم بە پیاوەتی دەماندەنێ. نیوەڕۆیان شۆربایەکەو ئێوارانیش، ئەگەر هێلکەیەك یا دوو بۆ هەریەکەمان هەبێ ئەوپەڕێتی، دەنا

تەنیا نان و چایەکەیە. خۆ گۆشت، ئەوە هەر نەء. مەگەر (وەك باسی دەکەن)، دوو یا سێ هەفتە جارێك!

خواردن وەها. بەڵام بەسەربردنی کات بەبێ هیچ کارو فرمانێك، بە زەحمەت دێتە بەر زەینم. بەتایبەتی کە لە رووی خوێندنەوەشەوە، جگە لە چەند کتێبێکی سیاسیی وشك کەلەوەبەر هەموویانم خەتم کردوون، هیچی ترمان لەلا نییە کاتی بە خوێندنەوەوە پێبەرمە سەر. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە دڵ و دەروونمدا، رۆژ لەدوای رۆژ ئاسوودە تر دەبم. بەرلەهاتنم، هەندێ جار گومانم لەخۆم دەکرد، کە رەنگە ئەو تین و توانایەی جارانم تێدا نەمابێ، بتوانم بەرگەی ئەم بابەتە بارودۆخە بگرم. بەڵام نەء .. ئەوەتا بۆم دەسەلمێ کە ئەو گومانەم لەجێی خۆیدا نەبوو.

٦/١٢

١- لە سەعات چ[illegible]و [illegible]ی بەیانیدا، دەنگی فڕۆکەو گرمەی بۆمبابارانم هاتە بەرگوێ. دوو فڕۆکە شوێنێکی [illegible] ([illegible]وکلانیان)یان دادەبێژا. بەدوایدا هەر ئەو شوێنە، درایە بەرتۆپباران. [illegible]بیستەمی سوپا دەیەوێ بەرەو (سەی سایەق) بکشێ.

٢- (پ.م)ەکانی هێزی قەرەداغ هێشتا [illegible] دێن. کەمێ لەمەوبەر دەستەیەکی پازدەکەسی، لەبەردەرگای ماڵی شێخ سالحدا کۆمەڵیان بەست و داوای داڵدەدانیان کرد. شێخ دەستی نەنا بە روویانەوە. بەڵام وتی: ئەوەتا پێنجی ترم لە ژوورەوە میوانن. با پێنجی ئێوەش بفەرموون و ئەوانی تر، بچنە لای لێپرسراو چارێکیان بکا. ئەوان رازی نەبوون. ئیتر قسەیەك لەم و یەکێ لەولا، بووە دەمەقاڵە. شێخ عەلیش دایە پاڵ خاڵی و هەندێ قسەی رەقی لە رووداکردن. ئەوان بەقسەکانی پەست بوون و دەتووت سووژن بەجەرگیاندا کراوە. دەمەقاڵە ماوەیەك دەوامی کرد. لەئەنجامدا ئەوان بەدڵشکاوی و خەفەتباری و بەدەم بۆڵەو خوتەوە رۆیشتن. منیش لەدڵدا دەکولام. دەمووت: کوان فەرماندەکانی ئەم (پ.م)انەو کوان کاربەدەستانی شۆڕش؟!. وەك شکتسییەکە رووی داوە، بۆچی نایەن بەدەنگەوەو چارەسەرێکی گرفتەکە بە رێکوپێکی ناکەن؟.

هەر لەم ساتەدا کە دەنووسم، گوێم لێیە یەکێك هاتۆتە بەردەرگای بارەگا داوای دوو نان دەکا. دەبیسم غەریب دەڵێ: کاکە ئێرە ماڵ نییەو بارەگایە. هەر لەم ساتەشدا لە پەنجەرەکەوە دەبینم، دەستەیەکی تر بەرەو ناودێ دێن. ئەوەی دەیبینم بەسەرهاتێکی گەلێ پڕ لە ئاسۆرە. وەکی‌تر بیستم کە هێزەکانی ناوچەی گەرمیانیش، ئەمڕۆ بەرەولای ئێمە کەوتوونەتە کشانەوە.

## ٦/١٣

١- دوێنێ خێزانێك لەترسی بۆردومان، ئاواییان جێهێشت‌و چوونە ناو کەپرێکەوە. کەچی ئەمڕۆ لە چێشتەنگاودا، کەپرەکە گڕی گرت‌و تا خەڵکەکە بەفریا کەوتن، نوێن‌و کەلوپەلیان بوو بە خۆڵەمێش. رێکەوتێکی سەیرە!.

٢- لەکاتی رۆژئاوابووندا (٦:٣٠)، دوو فڕۆکە بەئاسمانی ناوچەکەدا کەوتنە خولانەوە. گرموهووڕی بۆمبابارانیان، بەسەر گۆیژەو ئەزمڕو دێیەکانی ئەم دیویاندا دەهاتە بەرگوێ. دواتر سێ گرمە لەو دیو شاخەکەی بەرامبەرمانەوە هەڵساو چڕە دووکەڵ بەری ئاسمانی گرت. ئەوێ راست دێی (پووشێن)ە.

٣- دوو برادەرمان لە خانەقینەوە هاتنەوە، کە بەگەشتێکی حیزبی چووبوون. وتیان: لەوێش باس هەر باسی بەسەرهاتەکەی قەرەداغ‌و گەرمیان بوو. وتیشیان: ناوچەی مەیدان‌و قۆرەتووش، چۆڵ کراون‌و تەنانەت ئەمان لە هاتنەوەدا، ناچار بوون ماوەیەك بەخاکی ئێراندا تێپەڕن.

## ٦/١٥

لەساتێکی پێداچوونەوەو بیرکردنەوەدام‌و لەخۆم دەپرسم: ئاخۆ بانگکردنم بۆ سەربازییەکە، تاقە هۆی هاتنە دەرەوەم بوو؟!. هەرگیز نەء. خۆم لەناخدا هەر لە سەرەتاوە، دەمزانی تاقە هۆ نییە. بەڵکوو بۆم بۆتە فتیلێك‌و هۆیەکانی ترم لێدەتەقێنێتەوە. جارێ لەرووی سیاسییەوە، قەت مەیلی لادانم بەلای رژێمی بەعسدا، لەلا پەیدا نەدەبوو. رەنگە هۆیەکەشی پتر سایکۆلۆجی بووبێ. چونکە من چ پێش شوباتی (٩٦٣)و چ لە ساڵانی دواییشدا، گەلێکم

دەردو سزا لەسەر دەستیاندا چەشتووە. ئەمە سەبارەت بەخودی خۆم. بەڵام بەردەوامبوونیان لەسەر کوشتن و برین و ئازاردان بەوپەڕی دڕەندەیەتی و دڵڕەقییەوەو بەتایبەتی، کە ژمارەیەکی زۆر لەبرادەرو دۆست و ناسیاوەمی گرتەوە، هەردەم هۆیە سایکۆلۆجییەکەی لەدڵدا دەهێشتمەوە.

وەکی تر هەڵوێستی مەکیاڤیللییانەی پڕ لە فرتوفێڵ و تەڵەکەبازییان و لە پاڵیدا، کرداروو رەفتاری ناڕەسەن و نەگریس و سادییانەی ئەندامانی حیزبەکەیان، هەر بەو ئەنجامەی دەگەیاندم کە قەت ناکرێ و ناشێ، ئەوەی بەدروشم دەهۆڵ و زوڕنای بۆ لێدەدەن، راستی بێت و بەکردەوە بەدیی بێنن. هەروەها هاوپەیمانییەکەشیان لەگەڵ حیزبی شیوعی (ل.م)دا، وای لێنەکردم رام بەرامبەری بگۆڕم. بەتایبەتی کە دەمدی بەسەرێك حیزبەکە بەلایانەوە، بریتییە لە تەنیا بارەگایەك و رۆژنامەیەك و دوو وەزیرو بەسەرێکیش، کادرو ئەندامەکانیان هێشتا هەر راودەنرێن و دەکوژرێن و لە سێدارە دەدرێن!. سەرباری هەمووش سەبارەت بە مەسەلەی کورد، قەت جێگەی باوەڕم نەبوون و هەر بەگومان بووم کە لە دڵەوە بیانەوێ چارەسەری بکەن. بەڵکوو بەردەوام لەسەر ئەو باوەڕە بووم، کە بەعس حیزبێکی شۆڤێنییەو ئەو چارەسەرەی دەیکا، لەتەکتیکێکی کاتی بەولاوە نییە.

بەبارێکی تریشدا، تەمەن ئەوا گەیشتوە بە سی و هەشت و قەت ئارامی و ئاسوودەگیم بەخۆمەوە نەدیوە. نە لە منداڵی و نە لە لاوی و نە لەم گەنجێتییەمداو ئەمە چاك پێدەزانم. بەڵام ئەوەش چاك پێدەزانم، کە لە ژیانی خۆم و رابوردووی خۆم پەشیمان نیم و بگرە شانازیشی پێوەدەکەم. سا من کە هەتا ئێستا بریتی بووبم لە ژیانێکی پڕ لە جموجووڵ و بزووتن و بەسەربردنی، رۆژانێکی پڕ لە کارەسات و هەر ساتەو چاوکردنەوەو پێزانین و ناسینی بارێکی‌ترو نهێنییەکی‌تری ژیان و گەردوون و بوون و نەبوون، نەك ژیانێکی مەندو خامۆش و گەندەڵ و مردووی بێزارکەر، کە هەروا بێ سەرسەختی و بەگژداچوون و پەلەقاژەکردن لە رووی زنجیرەیەکی لەبننەهاتووی نهێنیدا، سووك و ئاسان لە نەبوونەوە بێتە بوون و بەرەو نەبوون بچێتەوە، سا من با هەر ئیدامە بەو ژیانە بدەم و هەر زیندوو بیبەمە سەرو هەر جێگەی شانازیم بێ.

ئا.. ئەنجامم بەم بارەدا خستەوەو بڕیاری خۆمم بەم لایەنەدا شکاندەوە. ئیتر ئێستاکە ڕۆژی هەشتەمە بەملادا هاتووم‌و سەرەڕای هەموو شتێك، لەوپەڕی ئاسوودەگی‌و دڵنیاییدام. ئا بەڵێ.. لەناخدا لەخۆم ڕازیم‌و شانازی بەم هەڵوێستەمەوە دەکەم.

## ٦/١٨

١- لە چوار پێنج ڕۆژی ڕابوردوودا، ڕۆژی سێ جار فڕۆکە دەهاتنە سەر ئەزمڕو گۆیژەو لەزۆربەی جاردا بۆمبابێژیان دەکردن. جاروبار دێیەکانی ئەمدیویشی بەردەکەوتن. هەروەکوو بەدرێژایی ئەو ڕۆژانە، شەڕە تۆپ بەیناو بەین لەنێوان هەردوولادا ڕوویدەدا. وەکیتر لەناو خەڵکەکەو (پ.م)دا، باس هەرباسی هێرشی چاوەڕوانکراوی سوپایە، بۆ سەر ئەزمڕو گۆیژەو بەدوایدا بەرەو چوارتا. دەشبیسم کە هێزی خەبات، باش خۆیان بۆ هێرشەکە ئامادە کردوەو دەووترێ، لە ئەزمڕەوە هەتا عەربەت، سەر شاخەکانیان تەنیوە.

هەروەها ئەم بەیانییە، برادەرێکمان لە سلێمانییەوە هات‌و باری هێسترێك کەلوپەلی بۆ هێنابووین. ئەویش لەو بارەیەوە وتی: ئێمە شەو کە لە شار دەرچووین، پێمان ڕاگەیەنرا کە هێزێکی سوپا بە ژمارەیەك تانکەوە، لەسەروو خانووە قوڕەکانەوە مۆڵیان خواردوە. کاتێ گەیشتینە سەر گۆیژە، ئەوەمان بە (پ.م)ەکان ڕاگەیاندو وتیان: ئاگادارین. ئیتر کە هاتین بەمدیوداو دوورکەوتینەوە، لە نیوەشەودا تاقوتۆقمان هاتە بەرگوێ.

٢- لەدەمەدەمی عەسردا هەواڵ گەیشت، کە بەڵێ سوپا هێرشەکەی بۆ ئەزمڕو گۆیژە دەست پێکردوە. ئێمە بەدووربین کەوتینە سەیرکردن‌و بەتایبەتی بەرەو قوتکەی (مەحموود خان)، کە بەرزترین لوتکەی گۆیژەیە. دەمێ بە تۆپ‌و دەمێ بە فڕۆکە بۆردومان دەکرا. من لەسەیرکردنێکدا دیم وا (پ.م)، سەنگەر چۆڵ دەکەن‌و بە ڕاکردن، بەمدیودا دادەبەزنە خوارەوە!. بەدرێژایی عەسرو ئێوارە لەناو خەڵکی ئاواییدا، هەر قیل‌و قال بوو. بیستمان دوو (پ.م) لەوانەی قوتکەی (مەحموود خان)، گەیشتوونەتە ئاوایی‌و وتوویانە: دوای ئەوەی حەمە سەعی بەگی فەرماندەیان شەهید بووە،

(پ.م)کانیش سەنگەریان چۆڵکردووەو کشاونەتەوە. بیستیشمان کە نەخێر وانییەو ئەو دووانە، لە کۆڕی شەڕ هەڵاتوون!.

لەدەمەدەمی ئێوارەدا دوو فڕۆکە هاتن و بۆمبای خۆیان، بەملاو بەولای سەر گۆیژەدا بەردایەوە. دوای ئەوە تاریك داهات و ئیتر تۆپباران دەستی پێکرد. بەڵام ئاپاستەی ئەزمڕ دەکرا نەك گۆیژە.

٣- لە سەعات یازدەی شەودا، دوا هەواڵی ڕاست و دروستمان پێگەیشت. گۆیژە گیراوەو (پ.م) لێی کشاونەتەوە. بەڵام ئەزمڕ هێشتا بەدەست (پ.م)ەوەیە. هێشتا سوپا هەوڵی سەرکەوتنی لەوێوە نەداوەو تەنیا، بە تۆپ و فڕۆکە بۆمبابارانی دەکا. بەم پێیە ئێستا ئێمەش کەوتووینەتە بەر مەترسییەوە. بۆیە بڕیار وایە سبەینێ، خۆمان بۆ گۆڕینی شوێنی بارەگا ئامادە بکەین و بیگوێزینەوە، بۆ شوێنێکی پشتی کاژاو.

٤- ئەمانەی نووسیمن هەواڵ بوون.. هەواڵی کارەسات و ڕووداوەکانی ئەمڕۆو سێ و چوار ڕۆژی پێشوو. بەڵام با هەقایەتی دوێنێ شەوی خۆشم بگێڕمەوە.. هەقایەتی لەمەدار دەرچوونم بۆ ئەودیوی بوونی جەستەییم. هەقایەتەکە وەها دەست پێدەکا: ((شەوی ڕابوردوو نۆرەی ئێشکگرتنم، لە سەعات دووی دوای نیوەشەوەوە بۆ سێ و نیو بوو. ئا.. ئەوەتا نۆرەم وەرگرتوەو هاتوومەتە، سەربانێژەکەی بەردەم بارەگاو ڕاوەستاوم. دەستێك شڕواڵ و ستارخانیی شینی جەڵەبیم لەبەردایە. پشتێنێکی ڕەشم بەسەردا بەستوە. جووتێ کڵاشی ژێرلاستیکم لەپێدایە. سەرم ڕووتەو قژێکی درێژو لاجانگێکی شۆڕم پێوەیە. جگەرەیەکم داگیرساندووەو لەناو پەنجەکانی دەستی ڕاستمدایە. لەپ و پەنجەی دەستی چەپیشم، بەناو قەدی کلاشینکۆفێکی چینیدا نووقاندوەو بە بنهەنگڵمەوە نووساندوە. نەفەسێك لە جگەرەکە دەدەم. تاریکەشەوەو دووکەڵەکەی نابینم. لە بابەتی جگەرەکێشانی بەر ڕەشەبایەو چێژی لێوەرناگرم. دەڕوانمە لای ڕاست. دەزانم گۆیژەو ئەزمڕە. هێڵێکی مەیلەو سپیی بەپێچوپەنا، تارمایی لوتکەی ڕیزە چیاکانی لەیەکتر جودادەکاتەوە. ئیتر لەوە بەولاوە، ئەوەی ئەستێرەی پێوە دیار بێ، دەزانم

ئاسمانەو ئەوەیشی نا، شاخ و کێوو دۆڵ و دەشت و وەردەکانە. دەڕوانمە لای چەپ. دەڕوانمە پێش دەمم. لە هەردوو حاڵدا سەرباری چنارەکان، نەرمە خوڕەیەکی ئاوی چەمەکەم دێتە بەرگوێ. دوو باڵندەی تاقتاقکەرە، لەناو پیرەداربەڕووەکانی گۆڕستانەکەی ئاواییەوە، بەبێ وچان بەدەنگە ناسازە بێزارکەرەکەیان، یەک بۆ یەکتریی دەسەندنەوە. تاقەت چوونیان بۆنییە. بەینی ئاخەن و ناحەوێنەوە. من دڵم دەگوشرێ. هەستکردنێک بە پەژارەو خەفەت دامدەگرێ، خۆم دەخۆمەوەو هەستەکە ناخم قانگ دەدا. ئەوەتا دەروونم پڤ دەدرێ و هەڵدەئاوسێ.. هەر هەڵدەئاوسێ، تا وەک باڵۆنێکم لێدێ و بەرز دەبمەوە. دەچم بەئاسماندا. تیژ بەرەو ملیارەها ئەستێرەی پڕ بەپڕی ئاسمان هەڵدەفڕم. پێم لەسەرزەوییە.. دەزانم.. بەڵام وا هەست دەکەم سەرم.. کاسەی سەرم دەبێتە مووشەکێک و بەخێرایی تیشک بەرەو قووڵایی ئاسمان.. بەرەو بنی بێبنی گەردوون تێدەتەقێنێ. هەردوو چاویشم بەملاو بەولایەوە، دەبنە دوو تلسکۆپ و ئەوانیش، بیناییان بەخێرایی تیشک دەبینێ.

گوێچکەم لەدووری دوورەوە، وەڕینی سەگێک و بەدوایدا دووان و سیانی تر دەبیستێ. ئەوسا مووشەکەکە دەکشێتەوەو دەنیشێتەوە سەر فرۆکەخانەکەی.. سەر لەشم و بەئاگادێمەوە. دەبزوێم و یەک دوو هەنگاو دەچم بەولاترەوە. دەڕوانمە ئاستی سەگوەڕەکە. ئەموستەچاوە. بیناییم دەکێشمەوەو دەڕوانمە لای گوێژەو ئەزمڕ. باسی مێرش هێنان بۆ سەریان گەرمە. دەبێ زووزوو بۆیان بڕوانم. لەم جارەیاندا تیشکێکی مەیلەو سوور سەرنجم رادەکێشێ، کە لە دیوی سلێمانییەوە کەوانەیی بەسەر گوێژەدا، بۆ ئەم دیو دەکشێ و دەکوژێتەوە. تیشکێکی ترو چەندانێکی ترو تاقوتۆقم دێتە بەرگوێ. ئینجا لەمدیویشەوە بۆ ئەودیو بەهەمان شێوە.

ئێستا ئەوەتا دەنکە شقارتەیەک ئاگردەدەمو دەڕوانمە سەعاتەکەم: سێ چارەک کەمە. دەپرسم: ئایا پێویست دەکا برادەران بەخەبەر بێنم و ئاگاداریان بکەم؟!.. نەء.. پێویست ناکا. تەنیا ئێشکگری دوای خۆمی لێئاگادار دەکەم.

**٦/١٩ – سەعات یازدەی شەو**

١- باس هەر باسی شەڕەکەی گۆیژەیە. هیچ کام لەوانەی لەکۆڕی شەڕەوە هاتن، ئاگاداری هەموو کارەساتەکانی نەبوو. هەریەکە قسەیەکی دەکرد. بەدەمودووییاندا دەردەکەوت، کە هەریەکە بەپێی خەیاڵ و رەمڵێدان و وەزعی تایبەتیی خۆی، باسی لێدەکات. بەهەرحاڵ لەسەرجەم قسەو باسی خەڵکەکەو ئەو(پ.م)انە، ئەوەم بۆ روون دەبێتەوە، کە لەملای ئەزمڕەوە تا دەگاتە قوتکەی (مەحموود خان) و ئەوەکەی ئەولای کە نزمترە، گیراوەو ئێستا هەمان سەنگەرەکانی (پ.م)، سەربازیان تێدان و لەوە بەملاوە تا دەگاتە نزیکی دێی (پووشێن)، (پ.م) خۆیان چۆڵیان کردوە. بەڵام لە ئەزمڕ بەولاوە، هێشتا هەر بەدەست (پ.م)ەوەیە. ئەمە لەکاتێکدا ئەمشەو ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق وتی: ((لە وێڵەدەرو گۆیژەو ئەزمڕو قەیوانەوە هێرش هێنراوەو دوژمن لەهیچ لایەکیانەوە نەیتوانیوە هەنگاوێك بێتە پێشەوە!)).

٢- ماوەیەك لەمەوبەر لەئاستی دوو قوتکەکەدا، گرموهوور دەستی پێکردو چارەکە سەعاتێکی خایاند. سەر لەئێوارە بیستم کە ئەمشەو، (پ.م) دەیانەوێ هەڵمەت بەرنە سەر قوتکەی مەحموود خان.

٣- خەڵکی ئاوایی و ئێمەش لەگەڵیاندا، ئێستا زیاتر لەهەر وەختێکی تر، ترسی بۆردوومانمان لێنیشتوە، چ بەفڕۆکەو چ بەتۆپ. لەرۆژانی پێشوودا چەند دێیەکی ئەمدیو گۆیژە بەرکەوتن. لەوانە (سیتەك). ئەمە جگە لەترسی بەسەرداداني لەناکاوی، دەستەو تاقمە چەکدارەکانی حکوومەت، کە گرتنی گۆیژە رێگای ئەوەی بۆ خۆش کردوون.

٤- گواستنەوەی بارەگامان جارێ واز لێهێنا.

**٦/٢١**

١. ئەم بەیانییە دوو (پ.م) لەبەشدارانی شەڕی گۆیژەو بەتایبەتی، لەوانەی ناو سەنگەرەکانی قوتکەی (مەحموود خان)، بەسەردان هاتنە لامان. یەکێکیان سەر لقەو ئەو باسی کارەساتەکەی کردو وتی: ((شەوی ١٨/١٧-٦

لە سەعات دوودا، لەناکاو دایان بەسەرمانداو وەختێك بەخۆمان زانی، کە تەواو نزیك بووبوونەوە. ئێمە خۆمان بۆ رانەگیراو کشاینەوە. بەڵام لەبەرەبەیاندا، هەڵمانکوتایە سەریان و دەرمان پەڕاندن. حەوت کلاشینکۆف و تۆپێکی هاوەن و هەندێ خواردەمەنییان لێبەجێ ما. دوای ئەوە شەڕ تا سەعات یازدەو نیو بەردەوام بوو. ئەوسا ئەوان دوای بۆمبابارانێکی خەست بەتۆپ و فڕۆکە، پەلاماریان داینەوەو هەمدیس سەنگەرەکانیان پێچۆڵ کردین. ئێمە لەسەعات شەش و نیوی ئێوارەدا، هێرشمان بردەوەو هەوڵمان دا دەریانپەڕێنینەوە. بەڵام بەتۆپ و فڕۆکە دایان بێژاین و رێگەیان نەداین و ئیتر، دەستمان لە داگیرکردنەوەیان شت)).

دواتر لەنێوانی قسەوباسدا، یەکێکیان وتی: ((کە سەنگەرەکانمان داگیرکردوەوە، من دەستم دایە یەکێ لە کلاشینکۆفەکان. بەڵام فەرماندەکەمان بانگی لێکردم، کە وازی لێبێنم و جارێ وەختی ئەوە نییە. منیش بەقسەم کرد و بەتەقەکردنەوە خەریك مام. کەچی دواتر لەپشوویەکدا ئاوڕم دایەوە نەمابوو. (پ.م)ێکی تر بردبووی!)). من کە لەوەبەر ئاگام لەم باسوخوازە نەبوو، ئاسایی وتم: ((جا فەرقی چییە؟!.. تۆ نا ئەو!.)) کەچی وتی: ((چۆن فەرقی چییە؟!.. من هەڵمەت بەرم و لەپێش هەر کەسێکدا، سنگ بەگوللەوە بنێم و یەکێکی تر بەدوای مندا، بەترسەوە بێتە پێش و بیبا بۆ خۆی؟!.)). من وتم: (بۆ خۆی بۆچی؟!.. بۆ شۆڕشە!). ئەو وتی: (نا کاکی خۆم.. تەنها چەکی قورس بۆ شۆڕشەو چەکی سووك، بۆ ئەو کەسەیە کەداگیری دەکا). تێگەیشتم و سەرم سوڕما!. وتم:تۆ بڵێیت وا بێ؟!. بەڵام برادەرانی (ق.م) باسیان کرد، کە ئەمە بڕیاری سەرکردایەتیی شۆڕشەو لەوەبەریش هەروەها بووە. لەدڵدا وتم: چاك تێگەیشتم کە بەڵێ.. بڕیار بڕیاری سەرکردایەتیی شۆڕشەو نەئەمان هیچ گوناەو دەستێکیان لەم سەمەرەیەدا هەیەو نەپێویستیش دەکا من سەری خۆم و ئەوانیشی پێوە بیەشێنم!. ئیتر قسەو باسی‌تر هێنرانە کایەوە، کەزیاتر سەرسوڕهێنەر بوون و هەر لەزمانی خۆیانەوە دەیانگێڕمەوە:

—دوو رۆژی تەواو، لەوردە نانەڕەقی پاشماوەی لەوەبەر زیاتر، هیچ خواردنێکمان لەلا نەبوو بیخۆین و هیچیشمان پێنەگەیشت. من

کەسەنگەرەکانمان داگیرکردەوە، ئەم هەگبە سەربازییەم دەست کەوت، کە دوو سەموون و قوتویەك پەنیری تێدابوو، لەپشوودانێکدا خواردم.

-زۆرمـان فیشـەکمان لێـبڕاو دەستەوسـتان مانـەوەو فیشـەکیان بەفریانەخرا.

-دوێنێ لەسەر فیشەك لێمان بوو بەهەرا. برادەرێکمان وتی: هەشتا فیشەکم تەقاندوە. وتیان: درۆ دەکەیت و شاردووتنەوە. فەرماندەکەمان لەسەری نەکردەوەو لەئەنجامدا، من و ئەو برادەرە پەلەکەی خۆمان جێهێشت و چووینە پاڵ پەلەکەی کاك عومەر. (ئەم کاك عومەرە ئامۆزایانەو پەلەکەی، هەموو خەڵکی دێی حاجی مامەندن). ئینجا کە برادەرێکمان وتی: ئەمە بوو بەخزمایەتی و عەشیرەتگەری نەك پێشمەرگایەتی!. ئەوان وتیان: ئەی بێگومان. ئێمە بۆ لەگەڵ ئامۆزاکەی خۆماندا نەبین.. بەتەنگییەوە بێین و بەتەنگمانەوە بێت. بۆ لەگەڵ بێگانەدا بین؟!.

-بەرگرییەکان ورە بەئێمەش بەردەدەن. هەر هێندەی تەقە دەست پێدەکا، زراویان دەچێ و خۆیان دەدزنەوە.

-وەختێك بڕیارماندا واز لەداگیرکردنەوەی سەنگەرەکەمان بێنین، مابووینەوە تەنیا شەش کەس. ئەوانی تر هەریەکە بەبیانوویەکەوە خۆی دزی بۆوە!.

دواجار لەبارەی مانگانەکەیانەوە پرسیارم کرد. دەرکەوت یەکێکیان شازدە دینارو ئەوی تریان بیست وەردەگرن. پارەکە بە تمەن وەردەگیرێ و لەکڕین و فرۆشتندا، دەگۆڕدرێتەوە بەدینار. ئەم ئاڵوگۆڕی تمەن و دینارەش، پڕە لەمەخسەرەو هەراو بەزم.

٢- دیارە لەرووی پاکوتەمیزی و جلوبەرگ و خۆشتنەوە، ئەو رەحەتوسەحەتییەی رۆژانی ناو شارم نەماوە. ئەمڕۆ دوای نیوەڕۆ لەگەڵ شێخ عەلیدا، چووینە سەر کانییە تەریکەکەی خواروو ئاوایی. لەناو پەڵە چنارەکەی دامێندا، ئاومان گەرم کردو چەندە جلی چڵکنمان هەبوون، ئەوانەو خۆشمان پاك شوشتن. لە کاتی خۆشوشتندا بووین، کە دوو فڕۆکە پەیدا بوون و بەسەرماندا رابوردن و ئاودیوی شاخەکەی پشتی ئاوایی بوون. بۆ ئێوارە

بیستمان کە بە ڕێکەوت، پۆلێك (پ.م)یان دیوە بەرێگاوە بوون و گوللە بارانیان کردوون و لە ئەنجامیدا، دووانیان شەهید کراون و یەکێکیش بریندار.

٦/٢٣

١- شەوی ڕابوردوو خەفارەتم لەسەعات دووازدەوە، بۆ یەکی دوای نیوەشەو بوو. بەڵام من تاسەعات دوو مامەوە. مێشکم ئاڵابووە بەزمەکەی ماڵی شێخ ساڵح. شێخ نموونەی مرۆڤێکی سەیرو سەمەرەیە. بەسەرێك جوتیارێکی ئاساییەو بەشان و باهووی خۆی و ماڵومنداڵی، فەلاحەت دەکاو ڕەنج دەدا. بەسەرێك نیمچە دەوڵەمەندێکی ناو ئاواییەو موڵك و ماڵاتێکی باشی هەیەو زەوییەکانی بەپیتن. بەسەرێك شێخەو بەحوماساتەوە شێخایەتی دەکاو خۆی بەخاوەن دیواخان دەزانێ و وەهایشە. ئینجا بەسەرێك بۆ کوردایەتییەکە زۆر سەرگەرمەو جنێویش دەداو زۆر ڕقی لەشیوعییەتەو یاریدەی چاکی شیوعییەکانی دراوسێشی دەدا. ئینجا شێخ کە تووڕە دەبێ، دۆو دۆشاو تێکەڵاو دەکاو کە ئاسایی دەبێ، قسەی خۆشەو نوکتەبازە. بەڵام کە گاڵتە بەملاو بەولا دەکاو بەتایبەتی ئێمە، دەدا لەمۆخ و شێوەی تیروتوانج وەردەگرێ، کە لەمەدا شێخ عەلی زۆر لێی پەست دەبێ.

لەسەعات یازدەی شەودا (شێخ محەمەدی سەید عەلی . حەمەی سەی عەلی)، فەرماندەی هێزی پۆلیس گەیشتە ئاوایی. پێشتر سەر لەئێوارە . بەشێك لەهێزەکەیمان دی، بەرەو کۆڕی شەڕی ئەزمڕو گۆیژە دەچوون. شێخ ساڵح کە بەردەوام شیکایەتی حاڵی خۆی دەکرد بەدەست (پ.م)وەو ئەمدی چەند جار لەگەڵیاندا دەیکردە هەرا (ئەگەرچی دەبێ هەق بڵێم، کەدرێغیشی لەناندان نەدەکرد، با بەدەم بۆڵەو خوتەشەوە بووبێ)، هەر هێندەی بیستی حەمە گەیشتۆتە ئاوایی، گاڵی‌دا تەدارەکی میوانداری ڕێك بخرێ. ئیتر ماڵی خۆیان و لەتیفی ئامۆزاشی کە بەتەنیشتیانەوەن، بوونە پووڕەی هەنگ. هەر خێرا گیسکێك درا بەزەویداو مەنجەڵ خرایە سەر ئاگرو دیوەخان ئامادەکرا. ژن و پیاوو منداڵ کەوتنە هاتوچۆو فرکان فرکان!.

حەمە گەیشت و کۆڕ لەدیوەخان گەرم بوو. برادەران نووستن و من خەوم نەدەهات. سەعات دووازدە خەفارەتم وەرگرت و لە یەکدا تەواو بوو. هەر خەوم نەدەهات و هەست و بیرو هۆشم، بوو بوون بەسێ بەشەوەو لەیەک وەختدا، بەسێ لادا بڵاوبوونەوەو وردیان دەکردەوە. یەکەمیان بەرەو سووچێکی دیوەخانەکەی شێخ لەتیف، کە هەر بە دیوەخانی شێخ سالْح حلیبە...حەمەی سەی عەلی.. فەرماندەی هێزی پۆلیس.. رێکەوتێکی سەیرە!.. ساڵی ١٩٥٢ کە پێکەوە لەپۆلی دووەمی قوتابخانەی ناوەندی بووین لە سانەویی سلێمانی، لە حیزبدا (حیزبی شیوعی) لێپرسراوم بوو. ئەو ئەندام بوو، من لایەنگرو ئەو ئیشی حیزبیی دەکردو من لە یەکێتی قوتابیاندا. من لە پۆلی چوارەمی ئامادەییدا، لەئەنجامی مانگرتنێکی قوتابییاندا، گیرام و هەڵاتم و گیرامەوەو ساڵێك حوکم درام. کراشم بە سەربازونێردرام بۆ (شوعەییە)و سێ ساڵم تێدا بەسەربرد (تا دوای تەمووزی ٩٥٨). بەڵام ئەو بەرنەکەوت و ئامادەیی تەواوکردو چووە کۆلیجی پۆلیسی لە بەغداو بووە ئەفسەر.. ئینجا دواتر هاتبووە ریزی شۆڕشەوەو ئیتر، ساڵ هات و ساڵ تێپەڕی و بەدرێژایی ئەو ساڵانە، تەنها جارێك دوای رێکەوتنەکەی ئازاری (٩٧٠)، یەکترمان لەسەر مێزێك لە یانەیەك دیبیەوە. ئێستاش ئەوەتا ئەو فەرماندەی هێزێکی (پ.م)ی شۆڕشەو میوانی شێخ سالحەو منیش خەفەری بارەگای حیزبی شیوعی (ق.م)م!.. دیارە حەسوودیبردن لای من هیچ حسابێکی نییەو ئێستا کەبیری لێدەکەمەوەو دەنووسم، بەهیچ جۆرێ ئەوەم مەبەست نییە، بەڵکوو لایەنی رێکەوتەکە زیاتر سەرنجی راکێشام.

دووەمیان خۆی دەدایە دەم شەپۆلی ناسکی ئاوازو گۆرانی و مۆسیقای رادیۆیەکی ترانسیستەری بچووك، کە بەرەو دەریای بێبنی ناخ شۆڕ دەبۆوە. دەیهەژاندو پچرپچڕ زنجیرەیەك بیرەوەری و هەمەرەنگە، پاسوخوازی ناو قووڵایی دەروونی، دەهێنایەوە پێش و گیانی دەکردنەوە بەبەردا. سێیەمیشیان، بەسەر دۆڵ و نشێوو دەشتودەرو لوتکەی شاخ و کێوەکاندا، هەڵدەفڕی و رووی دەکردە قووڵایی ئاسمان، بەرەو رۆژو مانگ و ئەستێرە

نزیكو دوورەكانی ناو ئەم كەونە بەرینەو دەئالایە، نهێنی و تەلیسمە ئاڵۆزەكانیان.

لەسەعات یەكو نیودا وردە وردە، یەكەمجار دیوەخانو ئینجا ناو حەوشەو سەربانیژەكانو دوایی ژوورەكانی هەردوو ماڵی هەردوو شێخ، كپو خامۆش بوون. چرا كوژێنرایەوە. چراكانی تری ئاوایی، گەلێ لەزووترەوە كوژابوونەوە. بووەوە بەتاریكە شەوێكی ئەموستەچاوی كشومات. ماینەوە منو دەنگی هێجگار كزی، گۆرانیو مۆسیقای رۆژئاوایی رادیۆ ترانسیستەرەكەو بەیناو بەین، تەقەورەقەی یەكێ لەئاژەڵەكانی ناو دوو تەیمانی نزیك. ئەوسا دەنگە ناسازەكەی دوو تاقتاقكەرە نەگریسەكەی، ناو پیرە دار بەڕووەكانی گۆڕستانەكە دەستی پێكرد. كە لەسەعات دوودا بێتاقەت بوومو خەفارەتم تەسلیم كرد، ئەوان هەر بۆ یەكتریان دەسەندەوە. تەنانەت كە چوومە ژوورەوەو پاڵیش كەوتم، دەنگی ناسازیان هەر دەهاتە بەرگوێم. بەڵام زۆری نەبرد، فریشتەی خەو گرتمییە باوەشو رزگاری كردم.

٢- شێخ محەمەدی شێخ عومەر كە لەشەڕەكانی گۆیژەدا، فەرماندەی هێزەكانی نێوان چاخانەكەی گۆیژەو وێڵەدەر بوو (دووازدە لق =پ.م- بەقسەی خۆی)، ئەم نیوەڕۆیە بەسەردان هاتە لامان. باسی چۆنێتیی داگیركردنی گۆیژەو شەڕەكانی بۆ كردین. گێڕانەوەكەی زۆر لەهی دوو (پ.م)ەكە نزیك بوو. من لێم پرسی: بیستمان سوپا ئەو شەوە، لەناكاو داوێنتی بەسەرتانداو تا نەگەیشتوونەتە بندەستتانەوە، بەخۆتان نەزانیوە!.. ئایا راستە؟ وتی: بەڵێ راستە.. ئێمە ئەگەرچی ئەو رۆژە هەواڵمان پێگەیشت، كە سوپا بۆ رۆژی دوایی هێرش دێنێ، بەڵام كەمتەرخەمییەكی گەورە لەلایەن (پ.م)ەكانی ئەو سەنگەرانەمانەوە كرابوو، كە یەكەمجار پەلامار درابوون. رێكەوتیش وای هێنا كە من خۆم ئەو شەوە، یەك بەیەك بەسەر هەموو سەنگەرەكاندا گەڕامو هەموو لقەكانم ئاگادار كرد، تەنیا دوو لق نەبێ كە لە سەنگەرەكانی سەر گۆیژەو قوتكەی مەحموود خانو تەنیشتیدا بوونو فریا نەكەوتم بیانگەمێ و بەدەمی ئاگاداریان بكەمو نامەم بۆ نووسین. كەچی ئەوەبوو هێرش لەوێوە كرا كە ئێمە بەدوورترمان دەزانی و ئەوانیش-(پ.م)ەكان-ئەو كەمتەرخەمییەیان نواند

کەبیستووتانە. ئیتر دوای ئەوە، ئەگەرچی یەکێ لەسەنگەرەکانمان داگیرکردەوەو دەستێکی باشمان لێوەشاندن، بەڵام بێسوود بوو.. لەدەست دەرچوو بوو.

٣- ئەم عەسرە لەگەڵ شێخ عەلیدا، سەرێکمان لە حەمەی سەی عەلیدا کە هێشتا لەدیوەخانەکەی شێخ سالح بوو. کە بینیم وتی: لێرە بیستم هاتوویتە ریزی شۆڕشەوەو زۆرم پێخۆش بوو. ماوەیەکی زۆر لەگەڵیدا دانیشتین. لەو وەختەدا برووسکەیەکی لە بەتالیۆنێکی هێزەکەیەوە پێگەیشت، کە ئەرکی پاراستنی کەرتی (خەمزە - ئەزمڕ)ی پێسپێردراوە. برووسکەکە رایدەگەیاند شەڕێکی قورس لەنێوان ئەوان و هێزێکی سوپادا کەهێرشی هێناوە، دەستی پێکردوە. داواشیان کردبوو کە خێرا لقێك (پ.م) بگەیەنرێتە سەر رێگای چوارتا، نەوەکوو هێرشەکە بەرەو ئەوێ تەکان بدا.

٤- سەر لەبەیانی نامەیەکی خانمم پێگەیشت، کە تەتەرێکی بارەگا لەسلێمانییەوە هات و هێنای. دڵم پێی گەشایەوەو بەپەرۆشەوە خوێندمەوە. لەنامەکەیدا بەئیلحاحەوە داوام لێدەکا، بنێرم بەدوایداو بێتە دەرەوەو لەگەڵمدا بێت. دیارە من لەدڵدا زۆری حەز پێدەکەم و پێخۆشحاڵ دەبم. بەڵام لەکوێدا نیشتەجێ ببن و بژین و بەچی؟!. چەندە لێکی دەدەمەوە، سەری لێدەرناکەم و لەئێستەدا ناتوانم، داخوازییەکەی بەجێبێنم. بەئاواتەوەم بتوانم.

٥- ئێستا ژمارەمان لەبارەگادا گەیشتۆتە یازدە کەس. واتە تارادەیەك قەڵەبالغ بووین، ئەگەرچی چەند برادەرێکمان سبەی دوو سبەیەك، هەریەکە دەچێتەوە بەلای کاری خۆیەوەو دێنەوە سەر پێنج شەشەکە.

٦/٢٥

١- کۆڕی شەڕی گۆیژە خامۆش بووە. زرموهووڕی بۆردومانی تۆپ و تەیارە، هاتۆتە کزی. بەڵام بەشەو لێرەوە تاقوتۆق دەبیستین، کە (پ.م) لەناکاو پەلامارێکی چارەکە سەعاتیی سەنگەرەکانی قوتکەی مەحموود خان یا ئەوەکەی تەنیشتی دەدەن و ئیتر، خامۆشی باڵ دەکێشێتەوە. لەپاڵیدا تا بەرەبەیان بەیناوبەین، شریخەی گوللەیەك یا ریزێك گوللە تۆپ دەبیسین، کە لە سەنگەرەکانی سەر گۆیژەی سوپاوە، دەگیرێنە شوێنێکی ناوچەکە.

٢- ئەم نیوەڕۆیە دەروێش ئاغای فەرماندەی بەتالیۆنەکەی کاژاو، کە یەکێکە لە بەتالیۆنەکانی هێزی خەبات، بەسەردان هاتە لامان. ئامۆزای فەتاح ئاغای فەرماندەی هێزەکەیەو خوشکەزای ئەفسەری پۆلیس (کامل)ە، کە پار لەناوشاردا بەخۆی و مەفرەزەکەیەوە، پەلاماری شێخ عەلییان دا لە ماڵی خۆیاندا بەمەستی گرتنی. بەڵام شێخ و هاوڕێیەکیان کە لەگەڵیدا بوو، بەرگرییان کردو بەدەم تەقەکردنەوە دەربازبوون و لە ئەنجامیدا، کامل بریندار بوو.

دەروێش ئاغاش لە وەختی خۆیدا، هەڕەشەی لە شێخ عەلی کردبوو کە تۆڵەی کاملی لێدەسێنێ. تەنانەت هەر لێرە (کاژاو) پێش دەست پێکردنەوەی شەڕ بەماوەیەك، مەفرەزەیەکی ناردە سەری بیگرن و بۆیان نەگیراو گرفتەکە هەروا مایەوە. تا شۆڕش دوای کۆڵینەوە لە کێشەکە (وەك شێخ خۆی بۆی باس کردم)، کاملیان خەتابار کردوەو بەوە کۆتایی بە گرفتەکە هێنراوە. بەو مانایە ئەم سەردانە دۆستانەیەی ئاغا بۆ بارەگاکە، کە لە ناوچەی بەتالیۆنەکەی ئەودایە، سوودبەخشەو بەتایبەتیش کە بەئاشکرا وتی: هەرچی پێویستییەکتان دەبێ قسە بکەن.. ئامادەم بۆتان جێبەجێ بکەم. لەبارەی شەڕیشەوە وتی: لە قوڵی خەمزەوە شەڕ هێشتا بەردەوامەو (پ.م)، چەند سەنگەرێکیان داگیرکردۆتەوە.

٣- لەرۆژانی پێشوودا، کەمەکێ دەرمان و شرینقەمان پێگەیشت. غەریب کەلەوەبەر کارمەندی تەندروستی بووە، بەو کەمە دەرمانە یەکەم نەخۆشی لەخەڵکی ئاوایی چارەسەر کرد. لەو رۆژەوە خەڵکەکە سەریان کردۆتە بارەگا. بەڵام نەخۆش زۆرو دەرمان کەم. لەکاتێکدا ئاگادارین کە دەرمانێکی زۆر لەوانەی (پ.م) ماوەیەك لەمەوەبەر لە خەستەخانەکانی شارەوە فڕاندوویانە، وا لەژوورێکی ماڵێکی ئاواییداو دەرگای لەسەر داخراوە. ئێستا تەقەلا دەدرێ، هەندێ لەو دەرمانانە وەربگیرێ و بخرێتە بەر دەستی غەریب. وەکی تر ئەم بەبێ هیچ پارەو هەقدەستێك، خەڵکەکە تیمار دەکا. ئەمە لەناویاندا دەنگی داوەتەوەو جێگەی خۆشحاڵی و ستایشیانە. لەکاتێکدا دەبیستین کە کارمەندەکانی تەندروستیی تر هەن، پارەی دەرمان و هەقدەست وەردەگرن و دەووترێ، زۆریش داوا دەکەن.

٤- سەر لەنوێ لەبارەی وەزعی خۆمەوە.. هەژدە ڕۆژە لێرەم و هێندەی پەیوەندیی بە بڕیاری هاتنە دەرەوەمەوە هەبێ، هیچ جۆرە گۆڕینێکم لەناخدا نییە. دڵنیام.. ئاسوودەم.. شادمانم. بگرە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەلام دەچەسپێ، کە چاکم کردو هەرگیز بەهەڵە نەچووبووم. بەڵام دیارە ژیان.. یا هیچ نەبێ ژیانی من، قەت لەپەستی و بێزاری بەدەر نابێ!. ڕۆژگارم لەناو برادەرانێکدا بەسەر دەبەم، کە هەموو ئەندامی حیزبێکن و منیش ئەوەم کە هەم. ئەمە تووشی دۆخێکی ئاڵۆزم دەکا. نە ئەوەیە بتوانم سەرانسەر لەگەڵیاندا بم و لەقسەوباس و هەڵوێست و کرداروگفتاردا، کتومت وەك ئەوان بم. نە ئەوەشە بەو بارەی خۆمدا کە هەم، بتوانم پێ دابگرم و بەپێی جۆری بیرکردنەوەو هەڵوێست و کردارو ڕەفتاری تایبەتیی خۆم هەڵبسووڕێم. چونکە من میوانم و ئەوان خانەخوێ. من پەناهێنەرم و ئەوان دالدەدەر. واتە من ئێستا گیرۆدەی (ئیلتیزامێکی ئەخلاقی)م، کە کۆتوپێوەندم دەکا.

## ٦/٢٧

١- کۆڕی شەڕ لەگۆیژە بەملاوە (بەلای ئێمەداو بەرەو عەرەبەت) خامۆشە. گرمەو ناڵەی بۆمبابارانی تۆپ و تەیارەی ڕۆژانی پێشوو نابیسم، تاقوتۆقی چەکی سووك نەبێ، کە شەوانە ماوەیەکی کەم دەخایەنێ و کپ دەبێ. بەڵام لە قوڵی ئەزمڕو خەمزەوە، ئەگەرچی لەلایەن سوپاوە داگیر کراون، بەیەکدادان هێشتا گەرمە.

٢- پێرێ برادەرێکی خەڵکی دەوروبەری خانەقین، گەیشتە لامان. لە چل ڕۆژ لەمەوبەرەوە، بەتۆمەتی لایەنگیریی حیزبی (ل.م)، لەلایەن کاربەدەستانی شۆڕشەوە گیرابوو. دوای بێنەوبەرەیەکی زۆری برادەرانی (ق.م) ئینجا بەردرا.

٣- ئەم بەیانییە جەماڵی حەمە ڕەش، کە یەکێکە لەو لاوانەی گۆڤاری دەنگی دەروونی دەسخەتیان دەردەکرد، گەیشتە بارەگا. سێ مانگێ لەمەوبەر لەگەڵ هەمزەو ڕێبواردا، هاتن بۆ بەغدا بۆ لام و لەوێ ناسیم.

٤- بەردەوام ئەوەم لەبیروهۆشدایە، کە لەچیرۆکنووسین دانەبڕێم. بەڵام هەرچەند دەکەم بۆم ناکرێ!.

٧/١

١- لە بەرەبەیاندا کە دوا خەفەر بووم، فاروق بەسواری هێسترێك لەپێنجوێنەوە پەیدا بوو. بە بینینی یەکتر گەلێ خۆشحاڵ بووین. دوایی بە دووروودرێژی، بەسەرهاتی ڕۆژانی پێشووی خۆی بۆ گێڕاینەوە، کە چۆن لەکاتی هێرشەکەی سوپادا بۆسەر قەرەداغ، لەوێ بووەو چۆن خۆی دەرباز کردوەو تووشی دەردی سەری بووە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەڕۆیشتندا قاچی ترازاوەو لەجێ چووە. ئەمیش بەفراوانی باسسی چۆنێتی چۆڵکردنی ناوچەی قەرەداغی کردو دەری خست، هێرشەکەی سوپا زۆر توندوتیژو لەچەند قۆڵێکەوە بووە. بەڵام لەبەرامبەریدا، ناوچەکە نزیکەی سێ هەزار (پ.م)و هەزار بەرگریی چەکداری تێدا بوون‌و زۆربەیان، تەقە لە تفەنگیانەوە نەهاتووە، چەند لق‌و پەلێك نەبێ کە ئازایانە جەنگاون.

٢- بەچەشنی جاری جاران، قاوێك کە وەك ئاگرو پووشوو بڵاودەبێتەوە داکەوتوە، کە گوایە (مفاوضات) لەبەینذا هەیە!.

٧/٣

هەندێ قسەو باس‌و گرفتی ڕۆژانەی ئاوایی تۆمار دەکەم:

١- خەڵکەکەو مەلای دێ لێیان بۆتە ناکۆکی. دەڵێن گوایە ماوەیەك لەمەوبەر، حاجییەکی خەڵکی ئاوایی مردوەو وەجاخی کوێر بووە. کە هاتوونەتە سەر دابەشکردنی میراتییەکەی، مەلا رایگەیاندوە کە ئەویش وەك مەلای دێ، بەشی تێیدەکەوێ. بەڵام کەسوکاری حاجی ملیان بۆ نەداوەو خەڵکەکەش داویانەتە پاڵیان‌و لە مەلا پڕن‌و قسەی پێدەڵێن. ئیتر ناکۆکییەکە قووڵ بۆتەوەو وای لێهاتوە مەلا قاو بدەن‌و داوای لێبکەن، لە ئاوایی بار بکا. ئەویش لە وەرامدا وتوێتی: ئەوەی منی ناوێ خۆی بڕوا.. با ئاوایی جێبێڵێ‌و ملی بشکێنێ!.

٢- ولاخی یەکێ چووبووە ناو، پەلەنۆکی یەکێکی تڕەوەو زیانی پێگەیاندبوو. لەسەر ئەوە لێیان بوو بووە هەرا. کاربەدەستانی شۆڕش کەوتنە بەینەوەو زیانەکەیان خەملاند بەسێ دینار.

٣- کوڕی ماڵێکی دراوسێمان، پێرێ دوو گوللەی نا بەسەگی ماڵێکی ئەوپەڕی ئاواییەوەو کوشتی. بۆ ئێوارە خاوەن سەگ هاتە سەریان و بەدەم بۆڵەو خۆتەو گلەییەکی تووڕەوە وتی: کاشکی خۆم و دوو کوڕەکەمت بکوشتایە، نەك ئەو سەگەم!.

٧/٤ - سەر لەئێوارە:

دەمەدەمی عەسر لەگەڵ فاروق و غەریبدا، سەرێکمان لەبارەگای بەتالیۆن دا، بەتایبەتی بۆ لای نەجمەدینی وەکیلی فەرماندە کە خزمی فاروقە. بارەگا لەدۆڵێکی پشتی ئاواییدایە، نزیك کانی و ئاوێك. شوێنێکی خۆش و دڵگیرە. بەسەرو زمانێکی خۆش و بەگەرمەوە، میواندارییان کردین. شێخ نەجمەدین بەپێی ئەو زانیارییەی پێڕاگەیەنراوە، باسی کرد کە بەتالیۆنێکی هێزی قەرەداغ، هێرشیان بردۆتە سەر ناوچەکەو هەواڵ وا دەگەیەنێ، کە توانیویانە جێپێ بۆ خۆیان بکەنەوەو خۆڕاگرن. پێشتریش فاروق کە هاتەوە وتی: کاتێ من لەتەوێڵە بووم لێم دەبیستن، کە بەدەستیانەوەیە تەقەلای گرتنەوەی قەرەداغ بدەن.

هەروەها شێخ باسی کرد، کە لە دوێنێوە شەڕێکی قورس لە زمناکۆ، دەستی پێکردوەو هێرشی سوپایان داوەتە دواوەو دەستێکی باشیان لێوەشاندوە. ئینجا ئێمە هێشتا لەوێ بووین کە بەبێسیم پێڕاگەیەنرا، گوایە کوشتارێکی زۆر لەسوپا کراوەو بەر لە هێرشەکەی گیراوەو چەك و جباخانەیەکی زۆریش دەسکەوت بووە.

٧/٤ - شەو

ئارەزووی نووسین زۆری بۆ هێناوم، بەڵام لەبارەی چییەوە بنووسم؟ چ بابەتێك و چ جۆرە باسوخوازێك؟. دەروونم سیخناخە. ناخم کلپەی سەندوە. بیروهۆشم هەژاون. بەپەرۆشەوە حەزم کرد بنووسم. چووم دەفتەرو قەڵەمم

هێنا. زۆر رانەمام. بۆچی رابمێنم؟. کەرەسە لەمە زیندووتـر کامەیە؟. مـانگ چواردەیـە. رووناکییـەکی لێـڵ دەدا بەلاپـەڕەی دەفتەرەکـەی بەردەسـتم. خەتەکانیم بەباشی لێدیاری ناکا. لایتە دەستییەکەم داگیرساندوەو ئاراستەییم کـردوە. دەزانم خەفـەرێك کـە پاراسـتنی نـۆ بـرادەری خـۆی پێسـپێردرابێ و بەپشتی ئەو، ئاسوودە خەوتبێ، نابێ وەها کردار بکا، بەتایبەتی کە دوو تەپە سەنگەری سوپا بەسەر دوو قوتکەی گۆیژەوە بێ و تروسکەی لایتەکـە ببێتـە مایـەی مەترسی. بـەڵام خـۆم بـەوە دڵنیـا دەکـەم کـە یەکـەم: لـێرەوە دوورن و دووەمیش: رووی لایتەکەم سەر بەرەوخوار کردوەو نابینرێ. ئەمە جگە لەوەی کە ئارەزووەکە زۆری بۆ هێناوم.

مـانگی چواردە، رووناکییەکی لێڵ بەدەورو پشتیشـم دەدا. سـەگوەڕێك دەست پێدەکا. لەئاستی رێگای لای دەستە راستی ئاواییەوەیە. نیو سەعاتێك دەبێ دانیشتووم هـاتوچۆ پاسـەوانییەکەم نـەکردوە. دەفتـەرو قەڵـەم دادەنێـم. دەسـت دەدەمـە سمینۆفەکـە کـە بـەپاڵ دارتووەکـەدا هەڵمپەسـاردوە. رادیـۆ ترانسیستۆرە بچووکەکەشم، بەلوولەکەیدا هەڵواسیوە. (ئوم کەلسووم) درێژە بەیـەکێ لەگۆرانییـە خەمناکـەکانی دەدا. رادیۆکـە دەخەمـە سـەر کورسـیەکە. تفەنگەکە دەکەمە شانمو دەکەومە هاتوچۆ. دەچمە سەر بەرزاییەکانی تەنیشت بارەگا. تاچاو بڕکا، دەڕوانمـە رێگاکـەی لای راستی ئـاوایی. سـەرێك لەپشـت بارەگا دەدەم. بەگردە رووتەکەدا هەڵدەڕوانم. دێمەوە بەردەمی بارەگا. دەڕوانمە ئەوبەر. پیرەداربەڕووەکانی گۆڕستانی (حاجی خاڵ). رێگایەکی ئەودیوی لـە دوور. بـەراوو چنـارو چەمەکـەی بـەردەم دێ. لادەکەمـەوە بـەلای چەپدا. نـاو ئاوایی کشوماتە. سەگوەڕەکە بێدەنگ بووە. بەڵام جووتە تاقتاقکەرەکە هـەر سرەوت نـادەن. بێووچـان بـۆ یـەکتریی دەسـەندنەوە. ماوەیـەك بەسـەربانی خانووەکانی بەردەم بارەگادا دێمو دەچم. دڵنیـادەبم کە وەك هـەر پاسەوانێك، ئـەرکی سـەرشـانی خـۆمـم بـەجێ هێنـاوە. دەگـەڕێمـەوە شـوێنەکەم. تفەنگەکـە بەتووەکـەدا هەڵدەسـپێرمەوە. رادیۆکـە بەلوولەکـەیدا هەڵدەواسمـەوە. (ئـوم کەلسووم) گۆرانییە خەماوییەکەی تـەواوکردوە. دەگـەڕێم بـۆ گۆرانییەکی تری لەو بابەتە. نییە!. رادیۆکان هەموو دەزگاو دووکانیان پێچاوەتەوە. دەڕوانمە سەعاتەکەم. سـێ چارەك کەمـە. هێشـتا ئـارەزووی بیرکردنـەوەو وردبوونـەوەو

نووسینم لەپۆپەیدایە. چەند ساتێکی گەلێ پڕ لە شادمانیی و بەسەریان دەبەم. پڕبەپڕ لەگەڵ خۆم و رووبەڕووی دەرەوەی خۆم وەستام. لەناخی گەردوونداموو گەوردوون لە ناخمدایە. سەرلەنوێ وێڵی دوای جەمسەری تهێنیی بوون و نەبوونم. سەرلەنوێ پرسیار مێشکم دەرزیناژن دەکا: ئازار یەکەو نابێ بەدوو/ هەبوو نەبوو بۆ کامیانە/ بوون یانەبوون/ پرسیار دەبێتە زووخاوو تک تک دەرژێتە ناخمەوە/ ناخم یەکەو نابێ بەدوو/ هەبوو نەبوو بۆ کامیانە/ بوون یا نەبوون؟!.

دەست لە قەڵەم بەردەدەم. دەڕوانمە ئاسمان. مانگ چواردەیە. بەسەر سنگی ئاسماندا داکشاوەتە خوارەوە. کات روو لە بەرەبەیانە. دەڕوانمە دەورووپشتم. ورد دەبمەوەو بیردەکەمەوە. حەزدەکەم بە بازنەیەکی تیرە بیست مەتری، لە دەورووپشتم بدوێم. لەلای راستەوە بۆ چەپ... سێگاو هەندێ شەو دەبن بەچوار. هەموو نەخۆشیی (تەبەق)یانە. سەرە نوێلکێکیان کردۆتە مەڵبەندی شەوانیان. بەردەوام دەنگی تڕوتس و تەپەتەپی شیاکە بەردانەوەیان دێتە بەرگوێم.خوارتر تەیمانێکەو چەند سەرێك، بزن و مەڕو کەرێکی زەڕین ئاسازی تێدان. بەتەنیشتییەوە سەربانی ماڵی خاوەنەکەیانە، کە بەردەوام بەدەم خەوەوە، یا دەناڵێنێ یا دەکۆکێ یا دەبزرکێنێ. ماڵی حاجی ژنەکەی لەمەڕ مەلای دێ، ئێستا لە بازنەکەدا دەکەوێتە کەرتی لای پشتمەوە. حاجی ژن بەرچاو فەرەح و سەغی تەبیعەتە. رۆژێکیان داوای جامێ دۆمان لێکردو ئیتر لەوساوە، رۆژانە سەتڵێکی بچووك دۆی بۆ بڕیوینەتەوە. سەرووتر ماڵی شێخ ساڵحە.. شێخی یاریدەدەرمان و قسەخۆش و بەگاڵتەو گەپ و تیروتوانج وەشێن و دەنگوباس راگەیەنەر. شێخ نموونەیەکی تایبەتییە لە مرۆڤ و دەهێنێ ببێتە قارەمانی رۆمانێك. زۆرجار هەروا بەسوعبەتەوە، گاڵتە بەزۆر رەفتارو گفتاری شیوعییانەمان دەکا. بەڵام دوو کردارمانی زۆر بەدڵەو خۆی هەموو جار دەڵێ: لەوەدا زۆرم خۆش دەوێن کە دزی و گزی و فزی لەناوتاندا نییەو لەگەڵ خەڵکەکەشی ناکەن. پێکیشەوە وەك یەك دەخۆن و دەپۆشن و یەك مەسرەفن و هیچ جیاوازییەکتان لەبەیندا نییە.

بارەگاکەی خۆمان دوا شوێنی بایەخدارە لەناو بازنەکەداو ئیتر دوای چەند هەنگاوێك، دیسان سەرەنوێلکەکەیە. برادەران لەشیرینخەودان.. (فاروق،

شێخ عەلی، غەریب، کەریم، عومەر، عەلی، سەلاح، عەتا، جەمال).. هەموو بەپشتبەستن بەوریایی منی پاسەوانیان لەشیرینخەودان.

سەرلەنوێ سەگوەڕو سەرلەنوێ وریا دەبمەوە کە نۆبەتچیم. دەڕوانمەوە سەعاتەکەم. سێ و نیوە. نزیکی بەرەبەیانە. هەست دەکەم ماندووم. باوێشك دەدەم. بڕیاردەدەم بەسبێ. خەفەری دوای خۆم بەخەبەر دێنم و سیمینۆفەکەی دەدەمێ و ئەوەتا دەچم بخەوم.

## ٧/٦

لەگەڵ (عومەر)دا چووین بۆ دێی (شووکێ) کە دەکەوێتە پشتی کاڵاوەوە. ئەمە یەکەمجارە لە (کاڵاو) دوور دەکەومەوە. لەوەبەر چەند هەلێکیترم بۆ رەخساو یاخۆم لەدەست خۆمم دان، یا کۆسپم دەخرایە رێ!. شووکێ سەعاتە وەختێك لێمانەوە دوورە. کوێرە دێیەکی پۆخڵترە لەکاڵاو. لەبیست ماڵێك زیاتر نییە. دەکەوێتە خوارووی دامێنی شاخی بەناوبانگی (کوڕە کاڵاو)ەوە. سەیرە!... بەم حسابە دەبوو شووکێ ناوی کاڵاو بووایەو کاڵاو شووکێ!.

چووینە ماڵێکی خزمی عومەر. لەوێ کووپەیەکی گەورەی کۆن، کە لە سووچێکی هەیوانەکەدا چەسپێنرابووە زەوییەکەوە، سەرنجی راکێشام. خانەخوێکەمان لەدوای پرسیارلێکردنی، گێڕایەوەو وتی: (پێنج شەش ساڵ لەمەوبەر پوورێکم لەخەودا بینیبووی، کە لەژێر کەڵەکێکی یاڵەکەی ئەوبەرماندا، سێ کووپە هەن. یەکێکیان کەڵەشێرێکی لەئاڵتوون دروستکراوی تێدایە. دووەمیان پڕە لە لیرەی سوورو سێیەمیان، لەگەوهەرو یاقووت. ئیتر ئێمە هەر هێندەی خەوەکەی بۆ گێڕاینەوە، چووینە وێزەی کەڵەکە بەردەکەو کەوتینە بنکۆڵکردنی. هەندێ لەخەڵکی ئاواییش، بەبیستنی هەواڵەکە تێمان ورووکان. یەکەمجار ئەم کووپەی حازرییەمان دەرهێناو لە خۆڵێکی نەرمی ورد بەولاوە، هیچی تری تێدا نەبوو. بەدوایدا دووەمیشمان دۆزییەوە. بەڵام لەدەرهێناندا شکاو هیچیشی تێدا نەبوو. لەکاتێکدا سێیەممان ئێستاو ئەوسا نەدۆزییەوە).

ئینجا سەمەرە لەوەدایە، کە یەکێك لەخەڵکی ئاوایی لەوانەی لەگەڵ خانەخوێکەماندا ناکۆکیی هەبووە، چووە لای کاربەدەستانی شۆڕش خەبەری لێداوە، کە گوایە خەزنەیەکی دۆزیوەتەوە. ئەوانیش لێیان بووە بەراستو دوای بێنەو بەرەو لێکۆڵینەوەیەکی زۆر، ئەوسا دەستیان لەیەخەی بەرداوە!.

٧/٧

من هەر هێندەی گەیشتمە کاژاو، شێخ عەلیو غەریبم ئاگادارکرد، کە من بەنیازم لە عێراق بچمە دەرەوە. ئەوان وتیان: با فاروق بێتو لەگەڵ ئەودا قسەی لێبکە. کاتێ هاتو نیازەکەم بۆ دەربڕی، بەڵێنی دامێ پێکەوە بچین بۆ بارەگای سەرکردایەتییان لە ناوچەی (گەڵاڵە)و لەوێ وردتر باسی لێبکرێ. ئەو سەر لەئێوارە بەرەو ناو شار کەوتە ڕێو (سەلاح)ی لەگەڵ خۆیدا برد. ڕێکەوتین ڕۆژی (١٧)ی مانگ، لەدێی (کارێزە) چاوەڕوانم بکاو منیش بچمە ئەوێ، بەڵام دوای ئەوەی (سەلاح) دێتەوەو هەواڵی مسۆگەرم پێڕادەگەیەنێ.

٧/٩

دەبیسم شەڕ لەناوچەی قەرەداغ، ڕوو لەگەرمبوونەو ئەو هێزەی چۆتەوە ناوی، گەلێ سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە.

٧/١٢

بێتاقەتی لێرە خەریکە زۆرم بۆ دێنێ. لە بێئیشی زۆر پەستو بێزاردەبمو بەدرێژایی ژیانیشم هەروەها بووم. حەزدەکەم سەفەرەکەی سەرەوەم زوو جێبەجێ ببێ. عەسران خۆم بەڕاوە ماسییەوە خەریك دەکەم. گچکە گۆمێك لەخوارووی ئاواییدا هەیەو وردە ماسییەکی زۆری تێدایە. بەدەرزیی سنجاق قولاپێکم دروست کردوەو ئێواران، بەڕاوکردنیانەوە بەسەردەبەم.

٧/١٣

١- دەبیسم هێرشی (پ.م) بۆ ناوچەی قەرەداغ، سوپای تەنگەتاو کردوە.

٢- دوو شەوە لەودیو شاخەکانی پێشدەمی ئاواییەوە (ئاستی عەربەت)، تا بەرەبەیان زرموهووڕی تۆپبارانمان دێتە بەرگوێ. وا تێدەگەم ئاراستەی بەری لای گڵەزەردە دەکرێ.

٧/١٤

١- شێخ عەلی و کەریم لە سەفەرێکی تەوێڵەو پێنجوین هاتنەوە. نامەیەکی (تاهیر ساڵح سەعید)یان دامێ. پێخۆشحاڵیی خۆی و برادەرانی تری، سەبارەت بەهاتنە دەرەوەکەم دەربڕیوە. هەروەکوو نووسیویە کە شێرکۆوکاکە مەم و جەلال و برادەرانی‌تر، لەسەرەوە چاوەڕوانن بچم لە یەکێتیدا ئیش بکەم.

٢- هێشتا چاوەڕێی هاتنەوەی (سەلاح)م لە شارەوە، کە وەرامی فاروقم بۆ بێنێ.

٧/١٥

١- سەرلەبەیانی بیستم کە(پ.م)، لەناو شاخەکانی بەرامبەری ئاواییدا، دوو تۆپی قورسیان دابەستوەو دەیانەوێ، لە لەشکرگای (عەربەت) بدەن. شەوی پێشوو لە خەفارەتەکەمدا، تۆپەکانم بینین لە هێستر بارکرابوون و بە بەردەمی بارەگادا ڕەتبوون. لە سەعات نۆدا زرمەیان لێهەڵساندو بۆ ماوەی نیو سەعات، لەشکرگاکەیان کوتا. شوێنی دابەستنی تۆپەکان، هەروا چوار پێنج کیلۆمەترێک لە ئاواییەوە دووربوو. دوای بێدەنگبوونیان، زۆری نەخایاند دوو فڕۆکە نیشتنە سەر ناوچەکەو کەوتنە خولخواردن. ئێمە ترسمان لێنیشت کە رق و کینەیان لە تۆڵەیدا، بەسەر ئاواییدا برێژن. کەچی دیوی لای (پووشێن) یان دابێژا. بەوەدا دیاربوو کە شوێنی تۆپەکانیان بۆ دیاری نەکراوە.

٢- تۆپەکان لە نیوەڕۆو لە عەسریشدا، دوو ژەمی‌تر لەشکرگاکەیان کوتا. هەروەها فڕۆکەکانیش سێ‌جاری تر، هاتنەوەو خولانەوەو بەڵام بەبێ بۆردومانکردن گەڕانەوە.

٣- لە دەمەدەمی عەسردا قاوێك لەناو خەڵکی ئاواییدا داکەوت، کە (پ.م) شەو هێرش دەبەنە سەر گۆیژەو ئەزمڕ. لە ئێوارەدا چەند دەستەیەك لە (پ.م)ەکانی بەتالیۆنەکەی لای خۆمان (دەروێش ئاغا)م بینی بەرەو

خواربوونەوە. لەسەعات دوونیوی دوای نیوەشەودا برادەری خەفەر لەسەر داوای خۆمان خەبەری کردینەوە. بەتاقوتۆق و گڕی گوللەی (گرینۆف)و زرمەی هاوەن و ئار. بی جی دا، زانیمان کە پەلاماری قوتکەی مەحموود خان دراوەتەوە. نیو سەعاتێك دەوامی کردو کپ بۆوە.

٤- رۆژێکی پڕوچڕبوو لە هەواڵ و رووداوی شەڕ. شریخەو زرم و هووڕی تۆپ. گرمەو ناڵەی بۆمبارانی فڕۆکە. جموجووڵی (پ.م)و باسوخوازی جەنگ لەناو خەڵکیدا. ئینجا شەبەیخوون و بریسکەی شەڕەتەقەی شەو.

## ٧/١٦

١- لەسەعات حەوتی بەیانیدا، دوو فڕۆکە نیشتنەسەر ناوچەکە. هەستمان کرد ئەمجارەیان، دەورو خولی ئاوایی ئێمە دەدەن و نزمیش دەبنەوە. دۆشکایەکی بەتالیۆنەکەی لەمەڕ خۆمان، بەهەڵ زانی و ریزێکی لێکردن. ترسی بۆردومانکردنمان لێنیشت و نەیکردو کشانەوە.

٢- لەسەعات دووازدەدا دوویتر پەیدابوون. بەڵام بەدیوی بەرزنجەدا کەوتنە خولخواردن. شریخەی تەقینەوەی دوو بۆمبامان بیست. بەدوایدا خولخواردنیان هێنایەوە سەر ئێمە. دۆشکاکەمان کەوتەوە تەقەلێکردنیان. وتمان: ئەمجارە دوو بۆمباش بەنسیبی ئێمە دەکا. کەچی دیسان بەختمان هێنای و نەیکرد.

## ٧/١٨

١- شەوی پێشوو (سەلاح) هاتەوەو وتی: دوێنێ لەگەڵ هاوڕێ فاروقدا، لە (کارێزە) چاوەڕوانمان کردیت. کە هەر دیار نەبوویت، ئەو بەرەو ژوور کەوتەڕێ و منیش بۆ ئێرە هاتمەوە. من سەرم سوڕما!. وتم: ئێمە وا رێکەوتبووین کە تۆ بێیتەوەو هەواڵی مسۆگەرم پێڕابگەیەنیت و ئەوسا بکەومەڕێ!. پێم ناخۆش بوو. کە مەسەلەکەم لەگەڵ شێخ عەلیدا باس کرد، وتی: کەریم بەم زووانە سەفەرێکی بۆ سەرەوە دەکەوێتە بەرو لەگەڵ ئەودا برۆ.

٢- گیان شیرینەو ترسی لەدەستچوونی یەخەگیربووە. مەرگ لە رۆژانی پێشوودا، دەستی کردە خولانەوە بەسەر سەرمانەوە. ئەمە وای لەخەڵکەکە

کرد، بەرۆژ ئاوایی چۆڵ بکەن‌و بەشەو بگەڕێنەوە ناوی. ئێمەش وامان کرد. شێخ ترسی ئەوەی نەما، خەڵکەکە گاڵتەمان پێبکەن‌و بڵێن: ئەها شیوعییەکان ترسان‌و هەڵاتنە دەرەوەی ئاوایی. خواردن‌و قاپوقاچاغی پێویستمان بردو چووینە، ناو پەڵە چنارەکەی لای کانییەکەی خواروی ئاوایی‌و شێوەی چوونە سەیرانێکی وەرگرت. کەچی نەدوێنێ‌و نەئەمڕۆ، فرۆکە توخنی ئەم ناوە نەکەوتنەوە!.

٣- (شێخ محێدین و ئەحمەد) کە دوو کرێکاری کارگەی چیمەنتۆی سەرچنارن‌و لەوە بەرەوە دەیانناسم، ئەم بەیانییە گەیشتنە لامان. گێڕایانەوە کە چەند رۆژێك لەمەوبەر، (ئار.بی.جی)یەك نراوە بەماڵی (حەسیب قەرەداغی)ی شاعیرەوە لە سەرچنارو خراوەتە ئەستۆی (ق.م). ئەوانیش لەبەرئەوەی ناسراون کەسەر بە(ق.م)ن، ناچاری هەڵاتن بوون نەوەکوو بگیرێن.

٤- (سەلاح) لە هاتنەوەکەیدا، نامەیەکی (هەمزە)و چەند کتێبێکی بۆهێنا بووم کە بۆمی ناردبوون، لەگەڵ گلۆزێك جگەرەدا. فاروق دووان سیانێکی بۆ خۆی لێگلدابوونەوە!. شێخ محێدینیش نامەیەکی (خانم)ی لەگەڵ خۆیدا بۆ هێنابووم. نامەکەی ئەویش دڵتەنگی کردم. لەدوێنێ شەوەوە دڵتەنگی لەدوای دڵتەنگی، یەخەگیرم دەبێ‌و هەراسانم دەکات. (سەلاح) دێتەوەو وا دەڵێ. نامەیەکی (هەمزە)م بۆ دێنێ‌و وای تێدەگەم. شێخ محێدین‌و ئەحمەد دێن‌و وا رادەگەیەنن. نامایەکی خانمیان پێیەو پەستم دەکا.

ئێستا رۆژ لە ئاوابووندایە. ئەوان خۆیان کۆدەکەنەوە بچنەوە ناو دێ‌و بارەگا. منیش تەریك دانیشتووم‌و جەخار هەڵدەڕێژم.

٧/١٩

ئەحمەد حەسەن بەکر لە وتەیەکیدا بە بۆنەی (١٧)ی تەمووزیانەوە، سەبارەت بە بارودۆخ لە کوردستاندا وتی: (بەکرێگیراوان بەفیتی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم‌و کۆنەپەرستان، شەریان هەڵگیرساندەوە. بەڵام ئێمە تەنیا چەند (فصیل)ێکی سوپامان بەیاریدەی چەند (فصیل)ێکی تری هێزە نیشتمانییەکان لێخستنە کارو ئێستا، راومانناونەتە سەر لوتکەی شاخەکان).

چاكە.. بەڵام من ئەوەتا چەند كیلۆمەترێك لەشاری سلێمانییەوە دوورم‌و سوور دەزانم، لەناوچەیەكدام كە سەراپای لەژێر دەسەڵاتی شۆڕشدایە. ئیتر ئەو سەركۆمارە، چۆن ئەو درۆ شاخدارە دەكاو هەموو ئاژانسەكانی جیهانیش، دەیڵێنەوەو دەیئاخننە گوێی ملیۆنەها خەڵكی سەر زەمینەوە؟!. سەیرە!.. دنیای سیاسەت چەندە پڕ لە سەیرو سەمەرەیە!. تۆ بڵێیت (لینین) لەدەمی دەرچووبێ كەوتوێتی: (سیاسەت قەحبەیەكە..)؟ نەء... چونكە هەر ئەویشە كە وتوێتی: (السیاسه فن الممكنات من الامور).

٧/٢٠

ئەمرۆ بۆ جاری دووەم، تووشی دەمەتەقێیەكی توندوتیژی سیاسی بووم لەگەڵ برادەراندا، بەتایبەتی لەگەڵ غەریبدا كە هەندێ قسەی رەق‌و ناڕەوایشی لەروومدا كرد. من هەر لە رۆژی یەكەمەوە بڕیارم دابوو، خۆم لەم حاڵەتە بپارێزم‌و بەڵام تووش هاتم. رەنگە رۆیشتنم بۆ سەرەوە، بەو نیازەی بەزووترین كات خۆم بگەیەنمە دەرەوەی عێراق، باشترین چارەسەر بێ. بەڵام چۆن بڕۆم؟!. ئەوان چاوەڕوانن ئیشێكیان هەبێ‌و برادەرێكی خۆیان بنێرن‌و منیش لەگەڵیدا بچم. ئەمەیان وا هەر درێژە دەكێشێ. خۆشم بە پەسندی نازانم ملی پێوە بنێم‌و گوێ نەدەمە ئەوان.

٧/٢١

ئەمرۆ سێ نامەم پێكەوە لەناو شارەوە پێگەیشت. نامەكەی خانم دەڵێ گوایە هەوڵەكەی دوكتۆر ئیحسان، بۆ رزگاركردنم لەسەربازییەكە سەری گرتوە. هەواڵەكە هیچ جۆرە پەشیمانییەكی لەدڵمدا نەبزواند. هەروەها لەنامەكەدا، بەپەرۆشەوە دووپاتی كردۆتەوە، كە لە هەر كوێیەك گیرسامەوە بنێرم بەدوایدا. دوو نامەكەی‌تر لە(دڵشادو هەمزە)وەن‌و گەلێك دەنگوباسیان تێدایە. وایان لێتێدەگەم كە بە دەستەوەن، رێكخراوێك یا شتێك لەو بابەتە پێكبێنن. هەمزە لەبەغدا بووەو چەند رۆژێك پێكەوە بوون. پێم خۆش نییە ئەو كارە بكەن. دەترسم لە خۆڕایی خۆیان بەگوڕگان خواردوو بدەن. مەسەلەكە هەروا ئاسان نییە.

## ٧/٢٢

چیم لە خۆم دەوێ‌و چیش لە خەڵکەکە؟ پرسیارەکە ساکارەو لە دەمێکەوە کردوومە. بگرە ڕەنگە وەرامەکەشی بەقسەو بەنووسین زۆر زەحمەت نەبێ. بەدرێژایی ساڵانی پێشوو، لە کۆڕو کۆمەڵدا بەقسەو لەئەدەبدا بەنووسین، دەرم بڕیوەو باسم کردوە. بەڵام ئەی بەکردار؟!.. زەحمەتییەکە هەردەم لێرەدابووە.

لە هەردوو دەمەتەقێ توندوتیژەکە لەگەڵ برادەراندا، ئەوان ئەم پرسیارەیان دەدا بەتەنگەمدا. پرسیاری ئەوەی کە ئایا من بەکردار، گرێ کوێرەکە چۆن دەکەمەوە. من لەناخدا دەمزانی ئەوان لەم ڕووەوە لەسەر هەقن. بەڵام لەبەرئەوەی لەڕووەکانی ترەوە هێندە ناهەق بوون، ئەو هەقەشیانم لەلا پووچ دەبۆوە.

## ٧/٢٣

لەبریی نۆرەی بۆردومانی فڕۆکە، شەوی ڕابوردوو لەناکاو، نۆرەی تۆپبارانمان هێنرایە سەر. زۆربەی دێیەکانی دەوروبەرمان، بەریەکێ لەو دووانە، یا هەردووکیان کەوتبوون. دوا نۆرە لەسەر (بەرزنجەو وەڵانەو گێڵەرەو پووشێن‌و مۆریاس) بوو کە ئەوە بوو بەدوایدا، زۆربەی خەڵکەکەی لای ئێمە، چوونە دەرەوەی ئاوایی.

سەعات یازدەو نیو بوو کە زرمەی لێیهەڵسانین. ئەوکاتە من لەشیرینخەودابووم‌و ڕاچەنیم. لەگەڵ لوورەی دووەمدا، سەرم بەرزکردەوەو دیم دای بەناو گۆڕستانی (حاجی خاڵ)دا. هەر لەو ساتەدا برادەرێکمان کە ئەویش لە شیرینخەو ڕاچەنی بوو، بەسەرمدا قەڵەمبازیدا ڕابکاو قاچی کێشا بەلووتمداو خوێن فیچقەی کرد. وەختێ منیش ڕاپەڕیمە سەرپێ، سێ بۆمبایتر بەسەرماندا، بەرەو شاخەکەی پشتمانەوە گیڤەیان کرد. دوای ئەوە ئیتر دەنگ نەماو کپ بۆوە. بەڵام زۆری پێنەچوو، لایدا بەلای دیوی بەرزنجەدا.

لە ناو ئاواییدا بووە هەراو دەنگە دەنگ‌و ماوەیەك درێژەی کێشا. هەر بەو شەوە چەند خێزانێك لەوانەی لەناو دێدا مابوونەوە، سووکە پێخەف‌و

راخەرێکیان گرت بەکۆڵەوەو چوونە دەرەوەی ئاوایی. ئێمەش لەجێی خۆمان لێی خەوتینەوە.

### ٧/٢٤

کات حەوت‌و نیوە. لەژێر سێبەری تاقەدارگوێزەکەی ئاواییدا دانیشتووم، کە دەکەوێتە سەر رێگای لای راستی. چەند هەنگاوێك لەولایەوە، کانی‌و ئاوێکی ساردی روون‌و بێگەردە. (دێیەکە چوار کانی تێدایە). شوێنێکی خۆش‌و فێنکەو دیمەنێکی جوانی هەیە.

لەسێ‌چوار رۆژ لەمەوبەرەوە، لەگەڵ دوو برادەری تردا بێرە فێربووین‌و بەیانیان دەهاتین، تا نیوەڕۆمان تێدا بەسەردەبرد. بەلام ئەم بەیانییە دوو برادەرەکە وتیان کە لێپرسراوی بارەگا (شێخ عەلی)، دانیشتنەکەی ئێرەمانی قەدەغەکردوە. لەبەرئەوەی دوو سێ خێزان لە نزیك کانییەکە، هەڵیان داوەو ئێمە وەزعیان لێتێك دەدەین، بەتایبەتی ئافرەتەکانیان. من پەست بووم. راستە... دوو خێزان سەروو کانییەکە بەپەنجا هەنگاو، لەژێر درەختێکدا چادریان هەڵداوەو کەپریان دروست کردوەو یەکێکیش لەخوارییەوە بەو چەشنە. بەلام بەهیچ شێوەیەك لەئێمەوە دیارنین‌و کانییەکەش راست لەسەر رێگاکەدایە، کە بەردەوام خەڵکی پێدا دێن‌و دەچن. ئیتر ئێمە دەبێ چ وەزعێك لەوان تێك بدەین؟!. دوو برادەرەکە ملیان بۆ فەرمانەکەداو من نەء.

### ٧/٢٧

بڕیاردرا سەعات چواری بەرەبەیانی سبەینێ، بەرەو سەرەوە بکەوینەڕێ. من‌و کەریم‌و شێخ عەلی‌و سەلاح دەبین. شێخ‌و سەلاح لەکارێزە لێمان جیادەبنەوەو دەچنە ناو شارو ئێمەش بەرەو سەرەوە. خۆم ئامادەکردوە. چەند نامەیەکم نووسیوە. شەو درەنگەو مالاوایيم لە برادەران کردوە. پێخۆشحالم. سبەی لەم بێتاقەتییەی ئێرە رزگارم دەبێ.

## ٧/٢٨ - مزگەوتی گەڕەدێ - سەعات (١٥و٨)

سەعات (٤٥و٣)ی بەرەبەیان کە هێشتا شەبەقی نەدابوو، برادەری خەفەر خەبەری کردینەوە. خۆمان ئامادەکردو خواحافیزیمان لە خەفەرو غەریب کرد، کە بەتایبەتی بۆ بەرێکردنمان لەخەو هەڵسابوو. کاتێ کەوتینەڕێ شەبەقی دابوو. چاوێکم بەکاژاوو دەوروبەریدا گێڕا. لە دڵدا مالأوایيم لەيەكەيەكەی ئەو دیمەنانەکرد، کە پەنجا رۆژ بوو لەبەر چاوم بوون و لەگەڵیاندا دەژیام. دەمزانی کە رەنگە بڕاییبڕ نەیان بینمەوە. بەڵام دەشمزانی کە هەمیشە لەیادمدا دەژین.

بەرەو خوار بووینەوە. گەیشتینە سەرکانی و ئاوو دارگوێزە تاقانەکە. بۆ دواجار تێر ئاوم لێخواردەوە. بەرەو خوارتر قەراغ چەمو گۆمی وردە ماسییەکان و قولاپی دەرزیی ستجاقەکە بوو. لەنزیکییەوە شوێنی خەرمانەکەی مارف و عەبدوڵلای کوڕی و ئیتر چوار قۆڵی رێگامان گرتەبەر.

### سەعات یەك - دێی شەمساوا - چاخانەیەکی سەرڕێ

گەڕەدێ چۆڵ کرابوو. چارەکە سەعاتێك لە مزگەوتەکەیدا حەوایەنەوەو کەوتینەوەڕێ. لە گەڕەدێ بەدواوە تا ئێرە، بە تایبەتی تا ئاستی دێی (تەگەرانی خواروو)، تەپە سەنگەرەکانی سەرگۆیژە زەق بەرامبەرمان بوون و بەردەوام ترسمان هەبوو، بەتۆپ لێمان بدەن. لەوەبەر ئەمە زۆرجار رووی داوە.

تا ئێرە حەوت سەعاتی تەواو بەرێوە بووین. ماسولکەکانی پووزو رانم، گرژ بووبوون و ئازاریان دەدام. ماندوێتیش زۆری بۆ هێنابووم. بەڵام دوای ئەوەی لە چەمەکەی قەڵاچوالاندا، کەمێ مەلەمان کردو هاتین لێرەش تێر نان و ماست و چامان خوارد، هەست دەکەم گورج بوومەتەوەو ئازاریش سووك بووە.

### سەعات سێ - مارەڕەش - چاخانەیەکی سەر ڕێ.

هەرچەندە دوای مەلەکردن و تێر خواردن و حەوانەوەکەی شەمساوا، وام هەست کرد کە گورج بوومەتەوە، بەڵام کاتێ کەوتینەوەڕێ، سەیرم کرد قاچم لەدووم نایەت. کە هەر زۆریشم لەخۆم کرد، یەدەم زریکەی ئازاری پووزو

رانمەوە هەنگاوم دەنا. لە شەمساواوە بەسەعاتە وەختێك گەیشتینە ئێرە. بەڵام بۆ من لە ڕۆیشتنی حەوت سەعاتەکەی پێشوو زەحمەتتر بوو.

بەهەر حاڵ ئێرە بەقۆناغی یەکەمی سەفەرەکەمان دادەنرێ. چونکە دەبێ چاوەڕوانی داهاتنی شەو بکەین، کە ئۆتومبێل دەکەونە هاتوچۆو تا دووڕییانەکەی قامیش - ماوەت بەسواری دەچین.

کەمێك لەمەوبەر شێخ و سەلاح، بەقەیواندا بەرەو ناوشار ڕۆیشتن. کە گۆیژەو ئەزمڕگیران، قەیوان بوو بەڕێگای هاتوچۆ بۆ ناوشار. چونکە هێشتا بەدەست (پ.م)ەوەیە.

## ٧/٢٩ - سەعات نۆ - مزگەوتەکەی قامیش

ڕووداوەکانی دوێنێ ئێوارەو شەوێ و ئەم بەیانییە دەگێڕمەوە:

١- چاخانەکەی مارەڕەش لە ئێوارەدا جمەی دەهات. زۆربەی هەرە زۆر لەسەر سەفەربوون. چونکە چاخانەکە بۆتە شوێنی بەیەکگەیشتنی سێ جۆر هاتوچۆکەران. بەقەیواندا بەرەو ناوشارو گەڕانەوە. هاتن لەناوچەی پێنجوێنەوە بەرەو قەڵادزێ و لەوێوە بۆ چۆمان. هاتن لە چۆمانەوەو چوون بەرەو پێنجوێن و تەوێڵە.

٢- دوای ڕۆیشتنی شێخ و سەلاح، دووکەس خۆیان بەچاخانەکەدا کرد. یەکێکیان کۆڕی هێرشێکی پڕ لەڕق و کینەی دژ بە شیوعییەت گەرم کرد. بەوە دەستی پێکرد کە یەکێکی خەڵکی دێیەکە وتی: (ئەمڕۆ سەرکردەیەکی شیوعییە جاشەکانیان لەناو شاردا تۆپاندوە). ئیتر ئەویش گڕی گرت و کەوتە جنێودان بەشیوعییەت و شیوعییەکان.. سەیرم کرد کەریم لێو دەکرۆژێ و خۆی دەخواتەوە. کابرا زۆر کەرتڕبوو. بەدەنگی نزم کەریمم ئاگادارکرد کە هی ئەوە نییە هەڵبدەینێ. تەنانەت کاتێ هاوەڵەکەی لێی هاتە قسەو وتی: (شیوعییەکان هەموو جاش نین. هەن سەر بەچینن و لەگەڵ شۆڕشدان!). ئەو جنێوێکی پیسیداو وتی: (هەموو وەك یەکن. هەرچی شیوعی بوو...). ئەوسا کەریم خۆی پێڕانەگیراو لەگەڵ کابرادا تێکگیران. لێیان بووە دەمەتەقێیەکی تێکەڵ

لەدەقاڵەیەکی توندوتیژ. منیش ئیتر بەناچاری بۆ پشتگیری لە کەریم هەڵم دایە. خەڵکەکە بەگشتی بێدەنگ بوون‌و قسەیان تێدا نەکرد. هاوەڵەکەی کابرا بە مەبەستی هێمنکردنەوەی کەریم کەوتە بەینەوە. بەڵام ئەم تەواو کەللەیی بووبوو. ئاشکرای کرد کە ئەوەتا ئەم شیوعییەو پێشمەرگەیەو بەئاگاداریی پارتی‌و سەرکردایەتی شۆڕش‌و بارزانی، لەریزی شۆڕشدایەو خۆی‌و حیزبەکەی (ق.م)، بواری ئیشکردنیان پێدراوەو چەندین بنکەو بارەگایان هەیە. تا وتی: (تۆ کێیت‌و چیت‌و بەچ هەقێك جنێومان پێدەدەیت؟!). لەئەنجامدا ئەوان هەڵسان رۆیشتن‌و مەسەلەکە کۆتایی هات.

سەیر ئەوەیە کە بەدرێژایی ئەو ماوەیەی ئێمە لەچاخانەکەدا بووین، دوو سێ جاریتر لەنێوان قسەو باسی خەڵکەکەوە، دەست دەکرایەوە بەهێرش بردن بۆ سەر حیزبی شیوعی (ل.م)و شیوعییەت‌و بەڵام ئێمە بەناچاری، خۆمان بێدەنگ دەکردو ئازاری ئەو بێدەنگییەمان دەنۆشی.

٣- شەو داهات. ئوتومبێل کەوتنە هاتوچۆ. سەعاتێك‌و دووان‌و سیان چاوەڕێکردن‌و ئوتومبێل دەست نەکەوت. من لە ناو کەپری چاخانەکەدا راکشام‌و خەوم لێکەوت. تا کەریم لە سەعات یەك‌و نیوی دوای نیوەشەودا، بەئاگای هێنام‌و وتی: (خێراکە... پیکابێکەو تا کارێزەمان دەگەیەنێ).

جێگا بریتی بوو لە خۆهەڵواسین‌و بەرێگایەکی ناخۆشیشدا. تاریکە شەوێکی ئەموستەچاو بوو. تەقەلام دەدا ببینم‌و بێسوودبوو. تەپوتۆزیش چاومی دەهێنانە گل. ناچار جامانەکەمم پێچا لەسەرو رووخسارمەوەو هاتمە سەر ئەوەی کە چاکتر وایە، واز لەملەقوتێی بینین بێنم‌و ئاگاداری ئەوەبم، کە باش خۆم هەڵبواسم‌و توند خۆم بگرم.

٤- سەعات (٢،١٥) گەیشتینە کارێزە. چاخانەیەکی سەر رێگا، کرابووە میوانخانەیەکی شۆڕش. ئێمە بەتەمای نوستن نەبووین، دەگەڕاین بۆ ئوتومبێلێکیترو بمانگەیەنێتە دووریبانەکەی قامیش - ماوەت. جێبێکمان دی

راوەستابوو. شوفێرەکەیمان دۆزییەوەو وتی: نەفەرم هەبێ دەڕۆم. گەڕاین بۆ نەفەرو دووانی‌تر هەبوون. دەبوو چواربن. وتمان ڕەنگە لەناو نوستووەکاندا هەبن. سەرمان کێشایە ژوورەوە. دیمەنەکەم زۆر سەیرهاتە بەرچاو. کتومت لە یەکێ لەو دیمەنانە دەچوو، کە لەفیلمێکی سەبارەت بەجەنگدا دیبوومن. پازدە بیست کەسێك، لاڵوپاڵ لێی کەوتبوون‌و پرخەیان دەهات. هەروا لەخۆمانەوە دەستمان کردە بانگکردن.. کێ نەفەری ماوەتە.. کێ بۆ ماوەت دەچێ؟. وەرام نەبوو. یەکێ لە دووانەکە دەموچاوێکی لەنوستووەکاندا ناسییەوە. بەئاگای هێناو دواندی. قۆڵێکی لەبندا قرتابوو. دوایی زانیمان کە (پ.م) بووەو تەڵەزمی گوللە تۆپێك قرتاندوێتی. لە دەرەوە کابرایەکمان دی چووبووە گیانی چایچییەکە کەنوستبوو. دەیویست خەبەری بکاتەوە تا خواردنی بداتێ. چایچی بەردەوام دەیووت باشەو راستیش نەدەبۆوە. دوو جێب هاتن‌و لەبەردەم میوانخانەکەدا کەمێ راوەستان. ئێمە چووین بە لایانەوە کە بەڵکوو بمانگەیەنن. کەچی بریندارپان تێدابوون. زۆر نەوەستان‌و رۆیشتن‌و نەمانزانی بۆ کوێ. تەقەی دوو گوللەمان لەئاواییەوە هاتە بەرگوێ‌و بەدوایدا دەنگی سەگوەڕ. کابرای برسی هەر بانگەبانگی بوو. چایچی هەر دەیووت باشەو هیچیش. سەگوەڕەکە کپ بۆوە. دوو زەلام هاتن. لە ئێمەیان پرسی ئاخۆ بۆ کوێ دەچین؟. وتمان‌و وتیان سادەی لەگەڵتاندایں. لەگەڵ شوفێردا ڕێکەوتین‌و هاتین. ئەو وەختە بووبووە سێ‌و چارەکی دوای نیوەشەو. هێشتا هەر ئەموستەچاو بوو. داخی ئەوەم دەخوارد کە یەکەمجارە بەو ڕێگایەدا رەت دەبم‌و ناوچەکە نابینم. سەعات چوارو چارەك گەیشتینە دووڕییان. ئوتومبێل بەرەو ماوەت رۆیشت‌و ئێمەش بۆ ئێرە بەپێ.

٥- پێش ئەوەی هەوراز سەربکەوین، لەسەر کانی‌و ئاوێك دانیشتین کەمێك بحەوێینەوە. ئەوکاتە دنیا رووناك بووبۆوە. منداڵێك لە ئاواییەوە (قامیش) داگەڕایە خوارەوەو دوو مریشکی بەباوەشەوە بوو. پیرەژنێکیش

بەدوایەوە بوو. تەماعمان کردە یەکێ لە مریشکەکان پێمانی بفرۆشن و بیخۆین. پیرەژن وتی: دەیانبەین بەدیاری، دەنا بەبان چاوان بەخۆڕایی دەمدانێ.

٦- قامیش بەو شێوەیەی لەبەرچاومە، دێیەکی گەلێ دڵگیرە. پشت و پێشی بە شاخ تەنراوە. لە تەنیشتی لای چەپییەوە، لەگەروویەکەوە شاربازێر دیارە. لە تەنیشتی لای راستیشەوە، شۆڕبوونەوەیە بەرەو دۆڵە ناودارەکەی (سەفرەو زەروون). ئێستا لە هەیوانی مزگەوتەکەیدا دانیشتووم و دەنووسم. کەریم لە تەنیشتمەوە نوستوەو پرخەی دێ. من لە مارەڕەش ماوەیەك خەوتم و ئەو هەر بەدیار پەیدابوونی ئوتومبێلەوە ئێشکی گرت. ئێستا وا سەعات لە نۆ تێپەڕی کردوە. لەسەر بڕیاری لەوەبەرمان، وەختی بەرێکەوتنەوەیە و دەبێ بەئاگای بێنم.

### ٧/٢٩ - سەعات نۆی شەو - میوانخانەی (گەناو)

گەلێکم لە بارەی دۆڵی سەفرەوزەروونەوە بیستبوو. ئەمڕۆ کە رێم تێیکەوت، لەوە زیاتربوو کە بیستبووم. دۆڵێکی بەردەڵانی سەختی پێچاوپێچ و بە ناوچەیەکی شاخاویدا، هەر درێژ دەبێتەوەو نابڕێتەوە. دوو ریزە کێو بەرامبەر یەکتر دابنێ و مارپێچ، تێهەڵکێشیان بکەو دۆڵێکی قووڵ لەنێوانیاندا هەڵکەنەو تا پێت دەکرێ، زیخ و چەووتات و خڕکەبەردو گاشەبەردی تێبرێژە، ئەوە سەفرەو زەروون دەردەچێ و ئەوەی رێی تێیدەکەوێ، دەبێ بۆ ماوەی چەند سەعاتێك بەبازدبازدێن پێیدا رەت ببێ. ئەمە بێگومان لە هاویندا وەك ئێستای ئێمەو ئیتر لەزستاندا دەبێ چۆن بێ؟!

سەعات دە لە قامیش دەرچووین. لەدەونیودا گەیشتینە سەرەتای سەفرەوزەروون. سەرەتا دەتووت لە لوتکەی شاخێکەوە، دادەگەڕێینە قووڵایی دۆڵێکەوەو ئیتر پێچاوپێچ دەستی پێکرد. بەدرێژایی دۆڵەکە بەلای سێ ئاواییدا رابوردین. (گەلاڵە) لە سەرەتایداو دووەمیان (سەفرە)و ئەویتریان

(زەروون)ە. لەسەفرە کە راست لەناو دۆڵەکەدایە، لە چاخانەکەی لامان دا. قاووغی دوو بۆمبای گەورەیان نیشاندابن کە نەتەقیبوونەوەو لەسەریان نوسرابوو کە دەسکردی هیندستانن. بەدرێژایی دۆڵەکە، هەر سەعاتەرێیەك و چاخانەیەکمان لەسەر کانی و ئاوێك تووش دەهات و بۆ من، کە بازدبازدێنەکە شلکوتی دەکردم، بۆ حەوانەوەم خێریان دەدایەوە.

لە سەعات پێنج و نیودا کۆتاییمان پێهێنا و وەك چۆن سەرەتامان شۆڕیوونەوە بوو، کۆتاییشمان سەرکەوتن بوو بەکێوێکدا. لە سەرەوە دیمەنێکی گەلێ دڵگیرم کەوتە بەرچاو. زێ لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا، بەناو چیابەندێکدا بەقووڵاییدا دەکشا. رۆژ رووەو دەمکەل داخزابوو، رەوەزەکان لە بەرامبەریدا دەبریقانەوە. لە پشتمەوە دوا کەرتی بەپێچ وخولی زەفرەو زەروون بوو. لە خواریشەوە بەرەو رووم، قەیاغەکەی سەر زێم دەدی. ماوەی چارەکە سەعاتێك دانیشتین. چەند وێنەیەکمان گرت. ئەوسا بەلاپاڵی شاخدا بەرەو سەر قەیاغ داکشاینە خوارەوە. لەسەعات شەش و نیودا پەڕینەوە بەهەورازێکی کووڕدا کەوتینەوە سەرکەوتن. من سەفرەو زەروون لە پەلوپۆی خستبووم. هەموو ئەندامانی لەشم دەیانزریکاند. بەرێکەوت دوو هێسترسوار بەدوامانا هاتن. پیاوانە کۆڵەکانیان لێوەرگرتین و باریان سووك کردین. لەرێگارۆیشتنی دووردا و بەتایبەتی دوای ماندووبوون، هەر کیلۆیەك کەلوپەلت بەکۆڵەوە، لێدەبێتە چەند کیلۆیەك. کۆڵەکەم لە حەوت هەشت کیلۆ زیاتر نەبوو. کەچی لێم بووبووە بارێکی زۆر قورس.

لە حەوت و چارەکدا گەیشتینە جێ. میوانخانەیەکی تری شۆڕشە. کەپرێکی فراوانەو سەر جۆگەلەئاوێك و راخەرو پێخەفێکی زۆری تێدایە. بەسەرکاتی نانخواردندا هاتین. برنج و شلەیەك و بەدوایدا دیژلەمە. من پاڵکەوتن و حەوانەوەو نوستنم لامەبەست ترە. ئێستا سەعات نۆیە. لەولاوە کۆڕی قسەو باس گەرمە. بەڵام من تەقەلا دەدەم بنووم.



شێخ عەلی / کاژاو





کەریم کۆتایی سەفەرەو زەروون حسەین

## ٧/٣٠ - سەعات دەی شەو - قەڵادزێ

کەریم لە سەعات پێنجی بەرەبەیاندا بەئاگای هێنام. لە پێنج و نیودا بەرێکەوتین و لە شەش و نیودا، گەیشتینە دێی (چەکوان) و لە چاخانەیەکی سەر ڕێگا لامان دا بۆ نانخواردن. خاوەنی چاخانەکە جوتیارێکی خەڵکی ئاواییەکە بوو کە لە قەراغ بێستانەکەی، کەپرێکی کردبووە چاخانەو لەگەڵ ژنەکەیدا دەیانگێڕا. ژنەکە لەدەرەوە خواردنەکەی ئامادە دەکردو ئەویش دەیخستە بەردەم خەڵکەکە. کابرا لەحسابدا زۆر کوڵ بوو، بەتایبەتی کە نرخێکی دیاریکراوی بۆ شتەکان دانەنابوو. کەنانمان خواردو هاتینە سەر پارەدان، هەرچەندی هێناو برد سەری لێدەرنەکرد. ناچار خۆمان بۆمان قەپڵاند بەچارەکە دینارێك.

لە سەعات (٩،٤٥)دا، گەیشتینە دۆڵی (دەشتێوێ). بۆ حەوانەوە لامان دایە چاخانەیەك. خاوەنەکەی پیرەژنێك بوو کە دوو کوڕی پێشمەرگەن. کیژێکی گەلێ شۆخ یاریدەی دەدا کە خوشکەزایەتی. تفەنگێکم دی هەڵواسرابوو. کەریم کە لەسەفەرەکانی لەوەبەریدا، زۆرجار لایدابووە لایان وتی: ئەوە تفەنگی پیرەژن خۆیەتی. کاتێ لێم پرسی کە ئایا بۆ جوانی هەڵیواسیوە یا لەکاتی پێویستدا بەکاری‌دێنێ؟. وتی: دڵنیابە بەکاری دێنم.

سەعات یازدە لە ئاستی (کەیوان)دا ، لەگەڵ (زێ)دا یەکدگیر بووینەوە. لە تەنکاوێکیدا خۆمان و جلەکانی بەریشمان شوشتن. لەدووازدەدا کە کزربوونەوە، لەبەرمان کردنەوەو کەوتینەوەڕێ. لە دووازدەو نیودا گەیشتینە گوندی (نوورەدین). کەریم وتی: لێرەوە بەسەعات و نیوێك دەگەینە قەڵادزێ. ئەگەر ئێستا بڕۆین وەختێك دەگەین، کە نە ئوتێل هەیەو نە دووکان و بازاڕ. چاکتر وایە تا نزیك ئێوارە لێرە بحەوێینەوەو وامان کرد. لە چاخانەکەیدا نان و ماست و چایەکمان خواردو چووینە مزگەوت. تا لەسەعات (٣،٤٥)دا هاتین و لە پێنج و چارەکدا گەیشتینە جێ. کەلوپەلمان لە ئوتێل داناو لەسەر داوای من، چووین بۆ بینینی ئەو شوێنانەی بەر بۆردومان کەوتبوون. ئەوەی بەچاو دەمبینی تەنیا دارو پەردووی قوتابخانەو دووکان و بازاڕو خانوو بوو. بەلام

بەبیرو هۆش و هەست و نەست، دەمزانی لەوەختی خۆیدا چ کارەساتێکی درندانەی خوێناویی لێوەشاوەتەوە. قەڵاچۆکردنی (١٣٤) کەس و بریندارکردنی سەدانی‌تر، لە ماوەی جگەرەکێشانێکدا بۆ شارێکی بچووکی وەها، بەسەرهاتێکی گەلێ سامناکەو پشتاوپشت دەگێڕدرێتەوە.

که بەراسته شەقامەکەدا گەڕاینەوە، رۆژ لە ئاوابووندا بوو. زۆر قەڵەباڵغ بوو بوو. کەریم چۆنی وت وەهایە. دووکان و بازاڕو قەڵەباڵغی بەرۆژ قەدەغەیەو جموجووڵ لە رۆژئاوابوونەوە دەست پێدەکا.

## ٧/٣١ – سەعات دووی پاش نیوەڕۆ

بەیانی سەعات حەوت، خاوەنی ئوتێلەکە خەبەری کردینەوە. شەو ئاگاداری کردبووین کە دەبێ بەیانی زوو، ئوتێل جێبێڵین و ئەمە فەرمانی کاربەدەستانە. ئوتێلمان جێهێشت و چووینە مزگەوت، تا کات لەوێ بەسەربەرین. خەڵکێکی زۆری تریشی لێبوون.

لە چێشتەنگاودا تەرمێکیان هێنا بۆ شتن و کفنکردن. دەرکەوت تەرمی (پ.م)ێکەو لەگەڵ هاوەڵێکیدا بەرێگایەکدا رۆیشتوون. ئاگادار نەبوون کە لەلایەن هێزی (پ.م)ەوە بە مین چێنراوەو دانەیەك لەژێر پێیاندا تەقیوەتەوە. ئەمی کوشتوەو ئەویشی بەسووکی بریندار کردوە. زۆری پێنەچوو هاوەڵە بریندارەکەی پەیدابوو. بەبێدەنگ دەگریاو فرمێسکی دەڕشت. لەو کاتەوەی تەرمەکەیان هێناو کفنیان کردو بردیان، من بیروهۆشم هەر لەلای بوو. کێ‌بێ؟.. ناوی چی بێ؟.. خەڵکی کوێ بێ؟. چۆن مرۆڤێك بووبێ؟!. هەروەها هاوەڵەکەشی. خۆدەمتوانی بچم بپرسم و ساغی بکەمەوە. بەڵام: نەء. وازی لێبێنم بۆ خەیاڵی خۆم چاکترە.

کە تەرمەکەیان خستە سەرشان و بردیان، دیم (پ.م)ێك پێنج دیناربیەکی دەخستە دەستی مجەورەکەوە، کە تەرمەکەی شت و کفنی کرد. بەڵام ئەو وەری نەدەگرت و وەریشی نەگرت.

## ٨/١ – سەعات شەش‌و نیوی بەیانی – میوانخانەی (وەرتێ)

با بەسەرهاتی شەوی رابوردوومان بگێڕمەوە:

١– دەبوو لە قەلادزێ تا نزیکی خۆرئاوا چاوەڕوان بین، کە ئەوسا ئیتر ئۆتومبێل دەکەوێتە هاتوچۆ بۆ (رانیە). لە سەعات شەش‌و نیودا یەکەم ئۆتومبێل دەرچوو، ئێمەش لەگەڵیدا. وەك چۆن بۆ یەکەمجار بوو قەلادزێم دەدی، بۆ یەکەمجاریش بوو بەدەربەندی قەلادزێ – رانیەدا تێپەڕببم.

لەسەعات حەوت‌ونیودا گەیشتینە رانیە. ئێرەم لەوەبەر بۆ یەکەمجار لە بەهاری ١٩٦٥دا بینیبوو. کاتێ حوکمڕانیی هەر ئەم بەعسییانەی ئێستا، لەتشرینی ٩٦٤ دا لەسەر دەستی عبدالسلام عارفدا هەرەسی هێنا، من هەڵاتبوومە شاخ‌و لە ئەشکەوتی (ئاوەگرد) بووم لە چیای ئاوەگردی پشتی کۆیە، کە بارەگای هەرێمی کوردستانی حیزبی شیوعیی لێبوو. ئیتر کە گفتوگۆ کەوتە نێوان حکوومەت‌و شۆڕشەوەو بڕیاری گەڕانەوەم دا بۆ بەغداو بەردەوامبوون لەسەر خوێندن، بێرەدا بەرەو سلێمانی تێپەڕیم.

لە رانیە رێکەوت یاریدەی داین. هەرکە گەیشتین، جێبێك ئامادەی دەرچوون بوو بۆ پلنگان. بەڵام لەناوەوە جێگا نەمابوو. بەتەقەلایەکی زۆر، شوفێرەکەمان رازی کرد کە لەسەرەوە (سەربانی جێبەکە کەچەنجەی پێوەبوو) سواربین. رێگایەکی پڕ لەتاسەو کۆسپ‌و کەندەلان بوو. دۆڵی ئاکۆیان بێ‌و بەشەو پێیدا بڕۆیت. بەسەر پشتی جێبەکەوە بووبوومە پەڕی دەم رەشەباو بەکەلوپەلە دابەستراوەکانەوە، خۆم دەگیرساندەوە. سەعات نۆو نیو گەیشتینە (پلنگان).

٢– کەریم پێشنیاری کرد شەو لە میوانخانەکەی بمێنینەوە. بەڵام من وتم: دوێنێ شەوو ئەمڕۆ باش حەساوینەتەوەو ماندوونین. رۆیشتنی شەوانەش بەپێ لەهاویندا، خۆشترە وەك لەرۆژ. ئەو وتی: تاریکە شەوەو ئەم رێگایەش، هەم سەختەو هەم باش شارەزای نیم. ئیتر قسەکەیم پەسەندکردو لەگەڵ دوو (پ.م)دا کە لە جێبەکەدا لەگەڵماندا بوون، چووینە میوانخانە.

میوانخانەکە لەپەنای دووسێ تاشەبەردی زەبەللاحدا بوو. زۆر قەڵەباڵغ بوو. بەڕێوەبەرانیشی نەهاتن بەدەنگمانەوە. نەجێگایان بۆ سازکردین و نەپێخەفیان داینێ. دوو (پ.م)ەکەو کەریم لەگەڵیاندا کردیانە دەنگەدەنگ و دادی نەدا. (پ.م)ەکان بڕیاریاندا نەمێننەوەو بەرەو وەرتێ ڕێگا بگرنەبەر. ئەوسا منیش پێشنیارەکەم لە کەریم دووبارە کردەوە. ئەویش پەسەندی کردو لەگەڵیاندا ملمان پێوەنا.

سەرەتا بەدۆڵێکی بەردەڵانی نیمچە سەفرەو زەروونێك، دەستمان پێکردو کە تاریکە شەوەکەی دەچووە پاڵ، هەنگاونانی پیادا زۆر لێزەحمەت دەکردین. بەڵام بەوەی باش بوو، کە وەك سەفرەو زەروون درێژەی نەکێشا. لە سەعات دووازدەدا دۆڵمان کۆتایی پێهێناو گەیشتینە بناری (زینێ)، کە ناوبانگی سەختیی ئەمیشم زۆر بیستبوو. دوای هەروا چارەکە سەعاتێك سەرکەوتن، گەیشتینە چاخانەیەکی تەریکی سەر ڕێگاکە کەجێگەی سەرسوڕمانم بوو. هەستم نەکرد هیچ ئاوەدانییەك لەو نزیکانە هەبێ و کەچی کەسێك،ماڵومنداڵی گەیاندۆتە ئەو شوێنەو ئەو چاخانەیەی تێدا کردۆتەوە.

کاتێ گەیشتین، خاوەن چاخانەو ماڵومنداڵی، لە کەپرێکی تەنیشت چاخانەکەدا لەشیرینخەودابوون. هەندێك بانگەبانگمان کردو بەئاگا نەهاتن. ڕوانیمان لە کەپری چاخانەکەدا پێخەفێکی زۆری لێیە. ئیتر وازمان لەخەبەرکردنەوەی خاوەن هێناو هەریەکە لەلایەکەوە لێیی نوستین.

٣- لە سەعات سێدا (پ.م)ەکان خەبەریان کردینەوە. دەبوو لە هەقی نوستنەکەماندا، شتێ پارە بۆ خاوەن چاخانەکە دابنێین. دوو (پ.م)ەکە گوێیان نەدایەو ڕۆیشتن. من و کەریمیش سەیرمان کرد، تەنیا چوار پێنج پەنجاییمان پێماوە. کە لە کاژاو بەرێکەوتین، بە هەردووکمان هەروا پێنج دینارێکمان پێبوو. زۆربەیمان بۆ دوو شت سەرف کردبوو. دوو ژەم خواردنی چاك، لەهەردوو ئێوارەکەی گەیشتن و دەرچوونمان لە قەڵادزێ (برنج و شلەو مریشك و

کەباب). ئینجا کرێی ئۆتومبێل لە نێوان (مارە رەش - کارێزە)و (کارێزە - دووپیبانی ماوەت - قامیش) و دوایی (قەلادزێ - رانیە)و (رانیە - پڵنگان) داو لەگەڵیدا، کرێی شەوێکی ئوتێل لەقەلادزێ. لەبەرئەوە ئێمەش بەناچاری، وەك (پ.م)ەکانمان کردو چوار پێنج پەنجاییەکەمان لە گیرفاندا، بۆ تەنگانە هێشتەوە.

ئەو وەختەی کەوتینە سەرکەوتن بەزینۆدا، هێشتا ئەموستەچاو بوو. ئێمە هەوڵمان دەدا پێبەپێی (پ.م)ەکان سەرکەوین، تا لێیان دانەبڕێین و ڕێگا ون نەکەین، کە ئەوە لەرادەبەدەر ماندووی دەکردین. لەگەڵ ئەوەشدا وەك ئەوان، یەکژەمی دامانەبەری و بۆی نەوەستاین. تا لەسەعات چوارو چارەکدا کە تازە خەریکبوو شەبەقی دەدا، گەیشتینە سەرەوەو ئیتر ڕێگا، یەکسەر دادەکشایە خوارەوە بۆ ناو دۆڵی وەرتێ. لەوێدا هەستم کرد کە زینۆ، بریتییە لە شێوە بەستێك.. دیوارێکی هەڵچنراو، لەنێوان هەردوو دۆڵی پڵنگان و وەرتێدا، نەك ئەو هەورازە سەختەی ناوبانگیم بیستبوو.

٤- بە بێحەوانەوە داکشاینە خوارەوە بۆ ناو دۆڵی وەرتێ. هەرچەندە سەرکەوتن بەو دیوی دیوارەکەدا، لە سەعاتێك زیاتری خایاند. بەڵام دابەزین بەمدیویدا، لەچارەکە سەعاتێك زیاتری پێنەچوو. بۆ ماوەی نیو سەعاتێکیش، ڕێگامان بەناو دۆڵدا بەوشکەلاندا بڕی. کەچی لەوەبەدوا بووە جۆگەلە ناوێك و ئینجا وردە وردە، چەمێکی بەخوڕەم و هاژەو بەناو دارستانێکدا بەرەو خوار دەبۆوە.

سەعات شەش کەم چارەك گەیشتینە جێ. میوانخانەیەکی گەلێ ڕێکوپێك و بەخزمەتە. وێنە تەڵخەکەی ئەوەکەی پڵنگانم لەبەرچاو دەسڕێتەوە. بەسەر بەرچاییکردندا هاتین. میوانەکان بەریز لە هەیوانێکی بەریندا دانیشتبوون. دوو کوڕی لاوو هەریەکە سینییەك بەسەر دەستەوە. بۆ هەر میوانەو قاپێك ماست و نانێکیان لەبەردەمدا دادەنا. بەدوایاندا دوو لاوی‌تر، سینییە چایان دەهێناو هەر میوانەو پیاڵەیەکیان بۆ دادەنا. ئێمەش

بەگەیشتنمان یەکسەر چووینە ریزەوەو نان و ماستو چامان هێنرانە بەردەم. دوای تێرخواردن، خۆمان بۆ حەوانەوە کەلا خست.

ئێستا ئەوەتا کەریم پاڵیداوەتەوەو بێدەنگە. نازانم ئەو چ خەیاڵێکی لە مێشکدایەو بیر لەچی دەکاتەوە، بەلام من دانیشتووم و دەنووسم.

### ٨/١ – سەعات یازدە – هۆمەراوا (پردی سوور)

١- لە سەعات (٦،٤٥)دا، دوا قۆناغی سەفەرەکەمان دەست پێکرد. ماوەیەکیتر بەدۆڵی چڕی وەرتێدا، داکشاینە خوارەوەو دۆڵ کۆتایی هات. بەملادا بۆ قەسرێیەو بەولادا بۆ دیلمان. ئەوە کۆتایی چیای کارووخەو ئەوەش، هەندرینی بەناوبانگەو لێمانەوە دیارە. بەرەو ژوورتر ئیتر ناوچەی ناوپردانو گەلاڵەو چۆمانو حاجی هۆمەرانە. هەر کامیان بگریتو هەمووش پێکەوە، پایتەختی شۆڕش پێکدێنن.. ئا.. بڕبڕەی پشتی شۆڕش.

٢- سەعات دەو نیو گەیشتینە ئێرە. بەو بەرەوە گوندی هۆمەراوایەو لە بەیندا پردی سوورە. ئەمبەر چاخانەیەکەو لێی دانیشتووینو کەریم دەڵێ خاوەنەکەی دۆستی حیزبە. پێشنیاریشی کرد کە هێشتا چێشتەنگاوەو ئێمە تەنیا، سەعاتە وەختێك رێگامان ماوە بۆ بارەگا. چاکتر وایە لێرەدا سەرخەوێك بشکێنینو باش بحەوێینەوەو ئەوسا بچینو وامان کرد.

ئێستا هەریەکەمان لەسەر قەنەفەیەك راکشاوین. وا هەست دەکەم ئەو خەوی لێکەوتبێ. سووکە پرخەیەکی لێدەبیسم. منیش ئەوەتا شل دەبم. حسابێکی دەکەم. لە بیستو هەشت سەعاتی پێشوو، من تەنیا سێ سەعاتی نوستووم.. سێ سەعاتی چاخانەکەی زینۆو ئەوەکەی تری بەرێوەیووم. دیارە کەریمیش وەك من بووە. لەسەر هەقە. بڕیارەکەی بەجێیە. باشە دەنووم.. وا منیش دەنووم.


بەرزنجە
وەندەرێنە
مۆریاس
کانی پانکە
شووکن
گێلەرە
حاجی مامەند
عەربەت
نۆدێ
وەڵلانە
کۆڵەبی
قەیماسە
پووشێن
کاژاو
وێڵەدەر
بزەیتیان
وێڵە
١٩٧٤/٧/٢٨
بناویلە
قرگە
گورگەدەر
گەرەدێ
سیتەک
سلەیمانی
تەگەران


تەگەران
قەڵاچوالان
چوارتا
شەمساوا
خەمزە
٧٤/٧/٢٨
عەباس چەقەڵ
ماوەت
مارەڕەش
كاریزە
قەیوان
قامیش
گەلاڵە
٧٤/٧/٢٩
سەفرە
زەروون
گەناو
چەكوان
٧٤/٧/٣٠
دەشتێوێ
نورەدین
دۆڵی نازەدین
قەڵادزێ
ڕانیە
٧٤/٧/٣١
دۆڵی ئاكۆیان
پلنگان
دۆڵی پلنگان
دۆڵی شەمیدان
شاخی زیتو
دۆڵی وەرتێ
٨/١
وەرتێ
پردی سوور
ڕزان
بارەگا

ئەو بارودۆخە تازەیەی تێیکەوتم، لەرۆژانی پێشوودا خەریکی کردمو لەنووسینی دابڕاندم. وائێستا تەقەلا دەدەم، رووداوو کارەساتە سەرکییەکانی ئەو ماوەیە بنووسم:

١-کە گەیشتینەجێ، بەهۆی فاروقەوە زانرابوو کەلەسەرهاتنم. بەگەرمەوە پێشوازیم لێکرا. فاروق لەوێ نەبوو. ئەوانەی لەوێبوون کەسیانم نەدەناسی. بەڵام بەخۆشحاڵییەوە بەخێرهاتنیان لێکردم.

ئەمە بارەگای سەرکردایەتیی (ق.م)ەو بریتییە، لەچەند ژوورێکی پەرت وبڵاوو بەقەدپاڵێکەوە. خوارەوە دۆڵێکەو گوندی (دار السلام) لەبنیدا. بۆچی (دار السلام) بەعەرەبی؟!.. نازانم! بەرامبەری (واتە بارەگا)، کێوێکی سێ سووچەو بە تەنیا چووە بەئاسماندا. ژوورەکان زۆر نییە دروست کراون. ئەرزەکەیان بەساڵانە لەخاوەنەکەی بەکرێ گرتووە. کانییەکی کەم ئاوی بەسەرەوەیەو بەشی تەنیا ئەوەندەی کردوە، هەندێ تەماتەو بامێ و باینجان و سەوزەی لەبەردا زەرعات بکەن. سەروو بارەگا، تاقە خانوویەکی جوتیارێکەو بەماڵو منداڵەوە، هێشتا تیایدا دەژین و هەڵنەهاتوون.

لەرێوە چووینە ژێر کەپرێك، کەبرادەران بەرۆژ لەترسی بۆردومان، کاتیان تێدا بەسەردەبرد. کاتێ دوای ماوەیەك فاروق هاتەوە، گواستمییەوە بۆلای خۆی. لای خۆی ناوچادرێك بوو، کەمێ سەرووی کەپرەکەو ئاستی سەرچاوەی کانییەکە. لەچادرەکەدا (ئەبو حەقی)ی لەگەڵدا بوو،، کەزوو زانیم دوای فاروق، لێپرسراوی دووەمی بارەگایە. ئەو رۆژەو شەوەکەیشی لەجێی خۆم نەبزوام. نەمدەتوانی بیزوێم. رۆژم بەپاڵدانەوەو شەوم تاکاتی نوستن هەر لەسەر ئەوبارە، بەدەم قسەو باسەوە لەگەڵ فاروق و ئەبو حەقیدا بەسەربرد.

٢- بەیانییەکەی ئاهێکم پێدا هاتبۆوە. لەگەڵ فاروقدا سوورێکمان بەناو بارەگادا خوارد. یەکە یەکە ژوورەکانی پێنیشان دام.. (ئەمە ژووری من و ئەبولەیلا)یە. ئەمە هۆڵی نوستنی برادەرانە. ئێرە چاپخانەیەو ئەمەو ئێرەو ئەمەو.. ئەمەشیان ژووری بەندیخانەیە. لێرەدا ئەو جاسووسانەمان بەند دەکردن، کەدوژمن دەیانناردنە ناومانەوەو پێمان دەزانین. ئینجا چەند کارەساتێکیشیانی بۆ گێڕامەوە، کە چۆن پێزانراون و دوای دادگاییکردن و

دانپێدانان ئیعدام کراون. ژوورەکە لەبنچینەدا بۆ بەندیخانە دروست نەکرابوو. ژوورێکی ئاسایی و دوایی کرابووە بەندیخانە. بەلامەوە سەیر نەبوو. دەمزانی پانوبەرینترین کۆشکو تەلار، بەئاسانی دەکرێتە سامناکترین بەندیخانە!.

من ئەو رۆژەش باش حەوابوومەوەو چەند جارێکیش سەرخەوم شکاندبوو. کاتێ شەو ئەوان خەوتن، من پاڵم دابۆوەو بیرم لەفاروق دەکردەوە. دەگەڕامەوە بۆ سالآنێکی دوور لەوەبەرو دەمهێنایەوە پێش چاوم. لاوێکی منداڵکار. بگرە منداڵێکو زۆر زوو، چاوو بیرو هۆشی بەسەر جیهانی سیاسەتدا کرابێتەوە. تەمەنی دە دووازدە ساڵانەو لەهەموو سەیرانە سیاسییەکانی (چەقلاوا)و شوێنانیتردا لەگەڵماندایە. من دەگیرێمو سەفەرێکی سێ ساڵەی بەندیو سەربازیی نیمچەبەندیی بەسراو شوعەیبەم پێدەکرێ. دوای شۆڕشی تەمووزی (٩٥٨) بەردەبمو دێمەوە. دیسان ئەوە فاروقەو نیازوایە، بپاڵێوری بۆ ئەندامەتیی لیژنەی یەکێتیی قوتابیان لەقوتابخانەکەیدا. من بەلامەوە هێشتا هەر منداڵەکەیەو بڕیاری بۆ نادەم. ئەو دەبیسێتەوەو دوای ساڵانێك دەیداتەوە بەرووومدا. کەچی ئێستا ئەوەتا خاوەنی بەندیخانەشە!.

٣- بۆ رۆژی دوایی، یەکێ لەرێکەوتە سەیرەکانی ژیانم، بەلووتمدا تەقییەوە. (مام ئەوڕەحمان) ناوێك پەیدابوو، کەلەناوچەی (رانیە)وە هاتبوو. هەر کە دانیشت، هەستم کرد تێم وردەبێتەوە. سەروسیمای وای دەنواند کەلەوەبەر دیومی و دەمناسێ. لەئەنجامدا ئەو دەستی پێش خستو وتی: نامناسیتەوە؟. سەرنجم دایەو بێسوودبوو. ئەو وتی: بەلآم من قەت تۆم لەبیرناچێتەوە. کەپرسیم: چۆن؟. زیرەکانە، یا با بڵێم: ئەدیبانە وتی: کە (خازەش مرد!..). سەرسام بووم. یەکێکە لەچیرۆکەکانم. خۆم لەوەدابووم شتێکی لێهەڵکرێنمو یەکێ لە برادەران وتی: ئەمە ئەو کەسەیە کەچیرۆکی (خازەش مرد...)ت لەسەر نووسیوە!. ئا بەڵێ. ساڵی ١٩٦٧ پارێزەربووم لەسلێمانی. لەچیرۆکەکەدا چۆنم باس کردوە، ئاوەها ئەم مام ئەوڕەحمانە هات بۆلامو لەهاتنەکەی، ئەو چیرۆکە پێك هات. بەلآم تاقە جیاوازی لەنێوان رووداوەکەو چیرۆکەکەدا ئەوەیە، کەخازە بەنەخۆشی مردو من بەبۆمبا کوشتم.

سەیرو سەمەرەتر ئەوەیە، کاتێ بەگەرمەوە دەستیم گوشی وتی: ئەی چیرۆکێکی ترم لەسەر نانووسیت؟!. کەپرسیم: چیتر رووی داوە؟!. برادەرەکە

هەڵیدایەوەو وتی: دوو هەفتە لەمەوبەر، بۆمبایەك داویتی بەسەر ماڵەکەیداو ژنەکەی و کچی خوشکێکی شەهیدکردوون. تا ئەو کاتە بەردەوام نەرمە پێکەنینێکی بەسەر لێوەوە بوو. بەڵام لەوساتەدا سەیرم کرد نەپێدەکەنیّ و نەدەگری. ڕاست وەك ئەو ساتەی لەوەبەر، هات سەبارەت بەخازە وتی: مرد!. کابرا نموونەیەکی سەیری مرۆڤە. تۆ بڵێی ئەو کەمتەرخەمییەی بەرامبەر بەمردن، لەجۆرە تێگەیشتنێکی فەلسەفییانەوە بێ یا چی؟. بەهەرحاڵ، ئەو ساڵی (٦٧) وەك برادەرێکی حیزبی نێردرابوو بۆ لام یاریدەی بدەم. لەفاروقیشم بیست کە لە زووەوە شیوعی بووەو لەگەڵ (ل-م)یشدا چالاك بووە.

٤- ڕۆژی چوارەم تەواو هاتبوومەوە سەرخۆم. لەگەڵ فاروقدا لەبارەگا تەریکەکەیانەوە، هاتینە ناو ئاوەدانییەوە. واتە بۆلای برادەرو دۆست و ئاسیاوان و بەتایبەتی نووسەران و رۆشنبیران. باوەسفێکی دیمەنی ئەو رۆژەشم بکەم، کەلەناکاوێکدا پێیەوە دەکەومە بەرچاویان. هێشتا ئەو شەرواڵ و ستارخانییە جەڵەبییەم لەبەردابوو، کەدوای دووجار شتن وەها کورتوکوێر بووبۆوە، دەرەلنگی شەرواڵەکە قولانجێ سەروو رەقەڵەی قاچم کەوتبوو. سەرقۆڵی ستارخانییەکەش، هەڵکشابوونە سەرو مەچەکە باریکەکانم. کڵاوو جامانییەکەم فاروق بۆی بەستبووم و لەو بابەتە دەچوو، کە تۆ سەرت بخورێت و یەکێکی تر بێت بیخورێنێ!. سەرباری ئەوە، فاروق وتی: باشتر وایە کلاشینکۆفێکیشت لەشاندابێ. هەستم کرد زمانحاڵی دەڵێ:: پیاوەکە هاتۆتە ریزی شۆڕشەوەو یەکسەر رووی کردۆتە لای ئێمەو جوان نییە کەلەناو خەڵکیدا بیبنرا، چەکێکی ئێمەی لەشاندا نەبێ. کلاشینکۆفێکی چینی بوو. قۆناغە تەختەکەی درزاوی و ئاسنەکەی خۆرە لێدابوو. دوو مەخزەنیش لەگەڵ رەختێکدا،کە چەرمەکەی شەقارشەقار بووبوو. من لەناخدا دەمزانی کە بەدیمەنێکی کاریکاتێریی سەیرەوە، لەبەردەمی برادەراندا قوت دەبمەوە. بەڵام دڵنیابووم کەلەگەڵیدا هەست دەکەن، ئەوەش مەغزاو جەوهەرێکی تری خودی منە. یەکێ لەوانەی بەو دیمەنەوە بینیمی (هەژاری موکریانی) بوو. بەدەم سەرنج و زەردەخەنەیەکەوە وتی: ئێمە چەکمان قەڵەمە.

ئەو رۆژە زۆربەی برادەرانم بینینەوە. (شێرکۆ - جەلال - کاکەمەم - سەلاح - عەبدوڵڵا- زادە - رەئووف - سەلام.. هتد). هەردوولا گەڵ خۆشحاڵ

بووین. زۆریان حەز دەکرد شەولە لایان بمێنمەوەو منیش. بەڵام دەبوو لەگەڵ فاووقدا بگەڕێمەوە بارەگا . بەهەرحاڵ هەموو پێشنیاریان بۆم ئەوە بوو، کە لە یەکێتیی نووسەراندا ئێش بکەم. من هێشتا بیری چوونە دەرەوەم لە کەللەدا بوو. بەڵام گومانی بەدیهێنانیم لەلا بەهێز بوو. بۆیە بەڵێنم دانێ بیری لێبکەمەوە.

٥- لە ژوورەکەی فاروق، هەندێ گۆزەو دیزەو بازنو ئەموستیلەی کۆنینەم دی. بۆی باس کردم کە وەختێ خەریکی هەڵکەندنی کونە تەیارەیەك بوون، ئەو شتانەیان لەژێر تاشە بەردێکدا دۆزیوەتەوەو ئێسکوپرووسکێکی زۆریشیان لەگەڵدا بووە. لێم بوو بەخولیا. لە گەڵ سامی (شۆڕش)دا چووم شوێنەکەم بینی. بە ئاشکرا پێوەی دیاربوو کە ڕۆژێك لە ڕۆژان، هەرەسێك لەوێدا قەوماوەو ئەو خەڵکەیبەژێرەوە کردوە. بەڵام ئەوە ئاخۆ کەی بووبی؟؟!

ڕۆژی دوایی برادەرێکم لەگەڵ خۆمدا بردو کەوتینەوە هەڵکەندن. هەندێ گۆزەو دیزەی ترمان لێدەرهێناو بەردەوامیش، ئێسکو پرووسك لە گەڵیاندا. تا زیاترمان هەڵکەندایە، زیاترمان دەدۆزییەوە. بەڵام کەسەیرم کرد مەترسیی ئەوەی لێدەکرێ، تاشەبەردە زەبەلاحەکە بەسەرماندا دارمێ‌و ئێمەش بەدەردی ئەوان بچین، ئیتر وازم هێناو نەچوومەوە بە لایدا.

گۆزەو دیزەکان زۆر ڕێکوپێك‌و جوان درووست کرابوون. لە قەبارەی هێندەی سێوێکیانەوە تێدابوو، تاگەورەی ئاسایی. ئەموستیلەو بازنەکان، لەزیوو زەرد بوونو ژەنگێکی سەوزیان، لەسەر کەڵەکە بووبوو. زۆرم مەراق بوو مەسەلەی ئەوشوێنەوارە ساغ بکەمەوە. ڕۆژێکیان دابەزیمە خوارەوە بەتایبەتی بۆگوندی دارالسلام. هەوڵێکی زۆرم لەگەڵ پیرو ئیختیارەکانیدادا کە ئاخۆچیی لێدەزانن‌و کەڵکی نەبوو. تەنانەت تەمەن حەفتا ساڵەیەکیان وتی: هیچم لەباوو باپیرم لەبارەیەوە نەبیستوە!

٦- ڕۆژانیبارەگای (ق.م)م زیاتر لەگەڵ (سامیو ئەبو حەقی)دا بەسەردەبرد. ئەبو حەقی مرۆڤێکی نموونەییە. جێگەی ئەوپەڕی ڕێزو خۆشەویستییە. تا بڵێی ناسكو تا بڵێی دڵسۆزە. جگە لەو (ئەبو نەهرۆ) سەرنج ڕادەکێشێ. هێجگار مەندو هێمنو لەسەرخۆو تەمێکی پەژارەواری،

بەردەوام بەسەر ڕووخسارییەوەیە. بەپێچەوانەیەوە ، (مەحموود) بەردەوام پێدەکەنێ.. بەقاقا پێدەکەنێ . لەوەبەر لەگەڵ بەرگریی فەلەستینیدا بووەو لە کاروباری عەسکەریدا زۆر شارەزایە. هەروەها (سەبری) کە ئەویش وەك مەحموود، لاوێکی عەرەبەو سەرلقی هێزەکەی (ق . م)ە لە ناوچەی (شوان)و لەو ڕۆژانەدا، بەئیش هاتبوو بۆ بارەگا.

٧- دوای چوار پینج ڕۆژ، جارێکیتر سەرم لەبرادەران دایەوە لە(ڕاگەیاندن). شەو لایان مامەوەو کۆڕگەرم بوو. پێشنیاری ئیشکردنیان هێنایەکایەوەو منیش بڕیارم لەسەردا. بەتایبەتی کە لەولاوە هیوای چوونە دەرەوەکەم نەمابوو. چونکە فاروق ئاگاداری کردبووم کە ئەوان دەتوانن تاسووریام بگەیەنن . جگە لەوە وەزعەکەشم پێخۆش بوو کە لەناو هاوڕێکانی خۆمدا دەبمو سەراسیمە نابم. کاتێکیش فاروق و برادەرانیم ئاگادارکرد، پەسەندیان کردو لایەنگری بڕیارەکەم بوون.

ڕۆژی دوایی چووم بۆ دیدەنیی سەیدا (ساڵح یوسفی). ئەویش زۆری پێخۆش بوو. دەستوبرد فەرمانی پێویستی بۆ دەرکردمو کرام، بەئەندامی کارگێڕی یەکێتیی نووسەران. مانگانەشم بە (٤٠) چل دینار دیاریکرا کە ئەوە نیوەی مانگانەکەم بوو لەبەغدا لەوەزیفەدا. (ئەوە بڕیارێکی سەرکردایەتیی شۆڕش بوو کەئەوەی مووچەخۆری میری بووەو هاتۆتە ڕیزی شۆڕشەوە، نیوەی مووچەکەی ئەوێی دەدرێتێ).

بارەگای سەرکردایەتیی (ق.م)م جێهێشتو گواستمەوە، بۆ بارەگای یەکێتیی نووسەران لەم (بابەکراوا)یە، کەئەمینداریێتیی (عەدل و ئەوقافی) لێیەو سەیدا یوسفی، ئەمینداری گشتییێتی. ئەم بابەکراوایە دەکەوێتە سەروو چۆمانەوە بەدە کیلۆمەترێك. شوێنێکی خۆش و دڵگیرە. دەکەوێتە قەراغ چەمو ناو داروبدرەختێکی چڕەوە. ژێر دارگوێزێك تەخت کراوەو کەپرێکی لێسازدراوە. تەنیشت کەپرەکەو بەقەدپاڵی جادەوە کەبەرەو ژوور، ڕووەو

حاجی هۆمەران و ئەودیو بۆ ئێران هەڵدەکشێ، دووچادری بچووک بەتەنیشت یەکەوە هەڵدراون. هەریەکە دوو قەرەوێڵەیان تێدان. لەولاش لەژێر کەپرەکەدا، مێزێکی ئاسن و پێنج کورسی هەن. ئەم کەپرو مێزو کورسییانەو دوو چادرەکەو قەرەوێڵەکانیان، بارەگای یەکێتیی نووسەرانن، کە من و ئەحمەد هەردی و سەعید ناکام، بەرەسمی و بەبڕیار بۆ یەکەمجار لە مێژووی هاوچەرخی ئەدەبیماندا، بووینەتە ئەندامی کارگێڕی یەکێتییەکی تایبەتی بۆ نووسەران!.

ئێستا پێخۆشحاڵ و ئاسوودەم. زوو زوو هاوڕێیانم دەبینم و جارجار لەگەڵ، شێرکۆو جەلال و سەلاح و سامی و عەبدوڵڵاو زۆر لەبرادەرانی تر دادەنیشین و شەوانمان، تاڕادەیەك بەچەشنی شەوانی بەغدا (بەڵام بەپەنهانی) بەسەردەبەین.

٨– بڕیارمدا خانم و منداڵەکان بێنمە دەرەوە. نامەیەکم لەچەند رۆژێك لەمەوبەرەوە بۆ ناردوە، کە رۆژی (٨/٣٠) لەتەوێڵە بێت و منیش لەو رۆژەدا، لەوێ چاوەڕوانی دەکەم. دڵنیانیم کە ئایا نامەکەی پێگەیشتوە یان نا. بەڵام من هەردەبێ بچم. مۆڵەتی بیست رۆژم وەرگرتوەو سبەی بەیانی، بەدیوی ئێراندا دەکەومەڕێ.

٨/٢٩ – مەهاباد – گەڕاج

لەگەڵ شێرکۆدا کەئەویش بەسەردان دەچێتەوە بۆلای ماڵومنداڵی لە(مەریوان)، بەیانی سەعات یازدە بەپەلە خۆمان گەیاندە سەر سنوور. لەسەعات یەکی دوای نیوەڕۆوە، ئەمدیوو ئەودیوکردن ئیتر بۆ هاتوچۆکەرانی وەك ئێمە قەدەغەیە. یەکەمجارم بوو رێم دەکەوتە سەر سنوورو دەپەڕیمەوە بۆ دیوی (ئێرانی دۆست!). کاتێ لە کاژاوەوە رێگایەکی پێنج رۆژیم گرتەبەر، مەبەستم بوو بەپێ رێ بکەم و ببینم، دەنا دەمتوانی بەدیوی ئێراندا بەماوەی بیست و چوار سەعات بکەم. بەڵام ئەمجارە مەبەستمە سەفەرەکە بەودیودا بکەم، چونکە جگە لەفریاکەوتنی کاتەکەم لەگەڵ خانمدا، دەزانم کە بۆ یەکەمجاریش

له ڕاسته‌وه: ئه‌نوه‌ر، جه‌لال، سامی، کاکه‌مه‌م، ئه‌بو حه‌قی، فاروق، شێرکۆ، سه‌لاح



+ حسه‌ین، - سه‌لاح





- حسه‌ین، - ئابو حه‌قی



- سه‌لاح، - ئابو حه‌قی





فاروق، ئەبو حەقی          **بارەگای (ق. م)**          حسەین





شێرکۆ          **بارەگای یەکێتی- بابەکراوا**          کاکەمەم، سمکۆ

لەژیانمدا، بیبینی لایەکی تری وڵاتێکی تر. یا چاکتروایە بڵێم پارچە کوردستانێکی ترم بۆ دەرەخسێ. ئێستا هەوڵ دەدەم بەشی تائێرە (مەهاباد)ی لێبگێڕمەوە.

پەساپۆرت بریتییە لەپارچە کاغەزێکی مەکتەبی سیاسی (م.س)، کە دوای ئەوەی نووسراوێکی یەکێتیم بەئیمزای سەیدا یوسفی بۆ بردن دایانمێ. ئەوە سەر سنوور (دۆڵە رەش)ەو دیمەنێکی دڵپرونێ دەبینم. سەدان خێزانی رەشورووت، ژن و منداڵ و پیرو هەریەکە، تۆزە شرەو پڕەیەکیان پێیە. لەمبەرو ئەوبەری جادەکەدا هەڵیانداوەو لەچاوەڕوانی، رێگەپێدانی پەنابردندان بۆلای (دۆست!). دیمەنێکی پڕ لەناسۆری چاوەڕێ نەکراو بوو، بەتوندی هەژاندمی.

بەهەرحاڵ، ئەوەتا ئەوان بەو حاڵەوە جێدێڵین و ئێمە لەسنوور دەپەڕینەوە. لەناو جێبێکداین و ئێستا وا لەناو خاکی وڵاتێکی تردایین. بەڵام ئاخر کامەیە جیاوازیی وڵاتەکەی ئەولا لەگەڵ ئەملادا؟!. ئاخر خۆ لەشاخێکەوە بەرنەبوومەتەوە ناو بیابانێك؟!. یا لەبیابانێکەوە هەڵکشابمە سەر کەشکەلانێك؟! ئازادی.. حاجی هۆمەران.. دۆڵەڕەش.. دوو پاسگەو دووداری رایەڵکراو. ئەم دەڵێ من عێراقم و ئەو دەڵێ من ئێران. دواتر سەرکەوتن بەپێچاوپێچ بەشاخێکداو شۆڕبوونەوە (خانە)یەو دابەزن.. ئێرە لەم کەرتەدا، یەکەم شارۆچکەی ئێرانە. بەڵام کامەیە جیاوازیی نێوان خەڵکی ئەم یەکەم شارۆچکەیەی وڵاتەکەی‌تر کە خۆیان ناوی بە (خانە) دەبەن و حکوومەتەکەیان بە(پیرانشهر)، لەگەڵ خەڵکی (حاجی هۆمەران)ە شارۆچکەکەی لەمەڕ ئەو وڵاتەی، کە ئێمە لێوەی هاتووین و لەسنوورەکەیەوە بۆ ئەم سنوور پەڕیوینەتەوە؟.

لە (خانە) نەوەستاین. بەدەم ئەو واقوڕماوییەوە، راستەوخۆ سواربووینەوەو هاتین. بە (نەغەدە)دا رابووردین. شیعرەکەی کامەران موکری (کچە نەغەدەیی)م بیرکەوتەوە، کە ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ سێ‌چوار شیعری تریدا، بەعەرەبییەکی لاواز وەرمگێڕان و بەنامیلکەیەك بەناوی (فتاه نغده)وە بڵاوم کردنەوە. سەعات سێی دوای نیوەڕۆ گەیشتینەجێ. دەبێ تا سەعات هەشت و نیوی شەو چاوەڕێ بین و ئەوسا، دەتوانین بەرەو (سنە) بکەوینەڕێ. ئێستا لە

گەراجەکەیدا دانیشتووم‌و دەنووسم‌و سەعات هەشتە. سێ چوار سەعاتی پێشوومان، بەگەڕانەوە بەناو شاردا بەسەربرد. گەڕانەکە بۆ من بەتایبەتی کە یەکەمجارم بوو شارەکەم دەبینی، مایەی هەست‌و هۆش وروووژاندنم بوو.. کەوابێ ئەمە ئەو مەهابادەیە کەئەوەتەی فامم کردۆتەوە، ناوی وەك ئەفسانەیەك دەبیسم‌و داستانێکی لەدڵمدا هۆنیوەتەوە!.

دیارە دەبوو بەتایبەتی سەر لەمەیدانی (چوارچرا) بدەین. شێرکۆ لەوەبەر دیبووی. بەرامبەری ئەو بینایە راوەستاین، کە رۆژێك لە رۆژان ئاڵای کۆماری بەسەرەوە هەڵکرابوو. دوو قوڵی بەمەندێ تیرو توانج، داخی دڵی خۆمان بەدەنگی نزم هەڵڕشت. منیش ئەوەتا ئێستا ئەگەرچی ناتوانم بەدەنگی بەرز دەری ببڕم، بەڵام بەنووسین دەنووسم: ئایا ئەقڵ دەیگرێ، ئەو دەستەی بیست‌و هەشت ساڵ لەمەوبەر، ئەو ئاڵایەی ونجڕکردو چوار لەپێشەوایانی کۆمارەکەی لەم مەیدانەدا هەڵواسی، ئێستا ئاڵاکە بۆ کوردەکانی عێراق هەڵبکا؟!..ها!.. ئەقڵ دەیگرێ؟!.

## ٨/٣٠- تەوێڵە –ماڵی مامۆستا (ئیسماعیل)

دوێنێ شەو سەعات (٨) لەمەهاباد دەرچووین. لە(بۆکان) سایەقەکەمان بەئیشێکی خۆیەوە خەریك‌ماو نیو سەعاتی پێچوو. ئێمە لەسەر شەقامەکە لەچاوەڕواندا بووین، کەلەگەڵ لاوە قوتابییەکدا ناسیاوییەکی سەرپێیمان پەیداکرد. بەدەم قسەو باسەوە، پرسیارێکی سەیری‌کرد کەوتی: ئێوە بۆچی نازانن بەفارسی بخوێننەوەو بنووسن؟!. من لەوەرامیدا وتم: باشە تۆ دەزانیت بەعەرەبی بخوێنیتەوەو بنووسیت؟. ئاسایی وتی: نەء. وتم: بۆچی‌و ئیتر وەرامی هەردوو بۆچییەکەم دایەوەو بۆم شی‌کردەوە. نازانم تاچەند بەقووڵی لەمەغزای قسەکانم حاڵیی بوو. بەڵام هەستم کرد بەو دواندنەمان خۆشحاڵ بوو.

سـەعات (١٠) لـەبۆكان دەرچوويـن. دواتـر (سـەقز)و ئينجـا سـنەو لەخەودايـە. شـەقام چۆڵـەو شـار خامۆشـە. شـێركۆ دابـەزی كەبـەيانی بـەرەو مەريوان بچێ‌و من بەرەو (كرماشان) بـەردەوام بـووم. رێگايـەكی دووروودرێـژ (مەهاباد - مياندواو - بۆكان - سەقز - سنە - كرماشان)و ديسان شـەوەو بەو چەشنەيان نابينم كەحەزم لێيە. بەڵام دڵم بەوە دەدەمـەوە كەگەڕانەوەم لەبەرەو هەڵیترم لەبەردەمدايە.

سەعات چوارونيو لەگەڵ سپيدەدا، گەيشتمە كرماشان‌و حـەزم دەكـرد سووڕێكی پێدابخـۆم‌و ببينـم. بـەڵام نەوەختەكـەی لـەباربوو، نـەماندوويێتيش بـواری دەدام‌و تـەواو بێتاقـەت بووبـووم. لەسـەعات شەشـدا بـەرەو (پـاوە) كەوتمەڕێ. هەستم كرد سەرەوژوور هەڵدەكشێينەوەو سەرسام بووم!. بگرە وام دەهاتە بەرزەين، كە بەرێگاكەی سنەدا دەگەڕێينەوە. من وام دانابوو كەهێشتا دەبێ بـەرەوخوار بڕۆم، يـاخواری رووەو رۆژئاوا، كـە دەبێ خـۆر بكەوێتـە لای شانی چەپم. كـەچی ئـەوەتا لای شـانی راستمەو ئەمـەش وادەگەيـەنێ، كـە بەرووژوور دەڕوێنەوە. تۆ بڵێيت بەمەڵە نـەچووبم‌و سواری ئۆتومبێلـی سـنە نەبووبمەوە؟!. دەبوو بپرسم و نەمكرد. هەر لەمێشكی خۆمدا دەمهێناو دەمبرد. نەخشەی عێراق‌و ئێرانم دەهێنايەوە پێش چاوم‌و بۆم ساغ نەدەكرايـەوە. بەدەمييەوە خـەويش زۆری بۆ هێنابووم، وەنـەوزم دەداو مـلەلارەم پێكـەوتبوو. خـەو بردمييەوەو گومانەكەشم لەگـەڵيدا. كاتـێ خـەبـەرم بـۆوە، جـادەی قـير نەمابوو. ئۆتومبێل بەرێگايەكی خۆڵينی چەوڕێژدا، بەكێوێكی بڵنددا پێچاوپێچ سەردەكەوت. خـوارەوە دۆڵێكی قووڵ‌و رووبارێكی بـەهاژە پێدا رەت دەبـوو. بەبينينی ئەو ديمەنە، گومانەكەم لەدڵدا لێڕەوبييەوە.

كـورە لاوێـك بەتەنيشـتمەوە، كـەدياربوو وەزعـی نائاسـاييم سـەرنجی راكێشـابوو، كەوتـە دوانـدنم. بەهـەورامی قسـەی دەكـردو بـاش لێـی حـاڵی نەدەبووم. منيش وەخت بوو وەكوو لاوە بۆكانييەكەم بەسەر بێت‌و بپرسم: تۆ بۆچی وەكوو هەوراميیەكانی لای خۆمان، شێوەی قسەكردنی من (سلێمانی) نازانيت؟!. بەڵام زوو بەخۆم زانی‌و قرتقەپم لێكرد. تـەنيا لـەدڵدا، هـەندی تف‌و لەعنەت‌و جنێوی مزرم، بەسەبەبكاران دا. لەگـەڵ ئەوەشدا ئـەوەندە لـە يـەكتری

حالّی بووین، کە لێمی پرسی: لەوەبەر ئیشت چی بووە؟. وتم: دەرچووی کۆلێجی قانوونم. کارمەندی حکوومەت بووم. هەستم کرد قسەکەم سەرسامی‌کرد. لای کردەوە بەلای لاوێکی برادەریداو پێیڕاگەیاند. بینیم ئەویش بەسەرسوڕمانەوە تێمدەڕوانێ. کەدیسان پرسیاری‌کرد: ئایا ئێستا چ کارێك دەکەم‌و کەوتم: (پ.م)ێکی قەڵەم بەدەستم‌و لەبواری ئەدەب‌و نووسیندا، کار بۆ شۆڕش دەکەم، زیاتر سەرسام بوون‌و کەموزۆر، سەریان لێدەرنەدەکرد. بائەوەش بڵێم کەهەردووکیان، قوتابیی قۆناغی ئامادەیی بوون.

ئێستا ئەوە پاوەیەو لێیدادەبەزم. بەجەستەو بیرو هۆشێکی ماندووانەو دووچاوی خەواڵووەوە، پیایدا هەڵدەڕوانم‌و تەوێڵەو بیارەکەی لەمەڕ خۆمانم دێتە بەرچاوو بەلام کەمێ کراوەتر. وەك ئەوان بەقەد پاڵی شاخەوەیەو گۆران وتەنی: خانووەکانی لەچەشنی پێپیلکەی دیودان!. ئەوەندەی تێدا نەمامەوە، لەوە زیاتری لێببینم. زوو ئوتومبێلم دەسکەوت‌و بۆ (نەوسوو) بەڕێکەوتمەوە.

نەوسوو لەئێستەدا بۆ تەوێڵە، وەك خانە وایە بۆ (حاجی هۆمەران). سنوورو سنوورکاری‌و ئەمبەرو ئەوبەر کاری‌و پەڕینەوە!. ڕێکەوتیش لێرە وای هێنایەپێش، کەهەر هێندەی دابەزیم، کوڕێکی لاو بەرەو رووم هات‌و بەگەرمی بەخێرهاتنی لێکردم. خێراش وتی: نامەکەت بۆ ماڵەوەتان گەیشتوە. بەپوورمدا ناردمان کەلەو ڕۆژانەدا لێرەبوو. دوایی ئاگاداریشی کردین کەنامەکەی گەیاندوە. شێوەیم دەکردو نەمدەناسییەوە. کەهەستی کرد خۆی وتی: من ئازادم. ئازادی شمقار.. برای فوئاد. ئەوسا ناسیمەوەو سوپاسێکی زۆریم کرد. ئیتر من ویستم یەکسەر بەرەو ئێرە بێم‌و ئەو نەیهێشت. لەگەڵ برادەرێکیدا ژوورێکیان بەکرێ گرتبوو. ژوورێکی پاکوتەمیزو فێنك بوو. لامدایە لایان‌و راکشام‌و یەکسەر خەوم لێکەوت. کاتێ دەمەدەمی عەسر خەبەرم بۆوە، زیندوو بووبوومەوە. ماوەیەك چاوەڕێم کردو ئوتومبێلی کرێ دەست نەکەوت. بەلام لەئەنجامدا، ڕێکەوت باشی هێنایە پێش‌و ناسیاوێکی ئازادو برادەرەکەی، بەئوتومبێلێکی تایبەتی بەرەو ئێرە دەهات‌و لەسەر داوای ئەوان هێنامی. گەلێکم سوپاس‌و ستایش کردن.

ڕێگاکە هەروا نیو سەعاتێك بوو. سەلەنوێ پەڕینەوە لەسنوورو ئەمجارە لەئێرانەوە بۆ عێراق و هەمان مەخسەرەکەی ئەولا!. سەعات سێ گەیشتمەجێ. هەرکە دابەزیم، چەند هەنگاوێك و یەکێ بانگی لێکردم. کەمال عارفی پارێزەر بوو وتی: مژدە.. خێزانەکەت گەیشتوە. بێگومان گەلێ بەمژدەکەی خۆشحاڵ بووم. سوپاسم کردو بەرەو ژوور هەڵکشام. بیرم لەوە دەکردەوە، کەهەواڵی ماڵی (ئەحمەدی حاجی عەلی) بپرسم، چونکە لەنامەکەدا بۆم نووسیبوو کەبچێتە ئەوێ. کەچی پێویستی نەکردو سەرلەنوێ، ڕێکەوتێکی خۆشی‌تر بەلووتمدا تەقییەوە. زۆر لە کەمال دوورنەکەوتبوومەوە، کەخانم خۆیم لەدووریی چەند هەنگاوێکەوە بینی، لەگەڵ ژنێکدا بەرەو رووم دەهات. من لە یەکەم ساتەوە ناسیمەوەو گەشکەیەك دای لەناخم. هیچ دەنگم نەکردو لەسەرخۆ بەرەو ڕووی چووم. کە نزیکی بوومەوەو کەوتمە بەر سەرنجی، هەستم کرد بۆ ماوەی ساتەوەختێك راماو ئینجا وەك برووسکەیەك بدا لەهەناوی، رووخساری گەشایەوەو زەردەخەنەیەکی ورشەدار، کەوتە سەر لێوی. کە گەیشتینە ئاستی یەکتر، هێندە بەتوندی دەستی یەکترمان گوشی، کە هەموو ئەو سۆزو هەست و نەستە هەژاوەمان، بۆ یەکتر پێدەربڕی.

وەك لەنامەکەدا بۆم نووسیبوو، تەنیا مەزدەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. لەسەرەتادا نەیناسیمەوە. کاتێ گرتمە باوەش و ماچ کردو دوای ئەوەی کەمێ لێم وردبۆوە، ئەوسا ناسیمییەوەو بۆم خنایەوە. ئەویش و خانمیش ناهەقیان نەبوو. یەکەمجار بوو بەبەرگی کوردییەوەو بەتایبەتی بەکڵاوو جامانەشەوە دەیانبینیم.

ژنەکەی تەك خانم، بەدەم بزەیەکی پڕ لەسۆزەوە، لێمان ورد دەبۆوە. خانم لێی بەئاگاهاتەوەو وتی: ئەم خوشکە ژنی مامۆستا (ئیسماعیل)ە. شەو کە گەیشتمە ئێرە، ئەو ناوەم لەبیر نەمابوو کەلەنامەکەتدا نووسیبووت. تەنیا هێندەم لەبیرمابوو کە بەڕێوبەری قوتابخانەیەو ئیتر بردیانمە ماڵی ئەمان. ئەگەرچی بۆم دەرکەوت کە بەشەخسی ناتناسێ، بەڵام زۆر مەردانە جێگەیان

کردمەوەو میوانداریمیان کردم. بەشادمانییەوە بەرەو ماڵ بووینەوە. مامۆستا ئیسماعیل هاتەوەو لەناخی دڵەوە بەگەرمەوە سوپاسیم کرد. داوام لێکرد مۆڵەتمان بدا بگوێزینەوە بۆ ماڵی مامۆستا (ئەحمەد)و رازی نەبوو. وتی: کات درەنگە. ئەمشەو لێرەبن و لەسبەینێوە بچنە لای ئەوان.

دواتر خانم بەسەرهاتی هاتنەکەی خۆی بۆ گێرامەوەو وتی: من نامەکەتم بەنوسراوی پێنەگەیشت. ناوەرۆکەکەیان بەدەمی پێراگەیاندم. ماڵی (شمقار) بەمەلیحی پوورتو مەلیح بەدایکتو دایکت بەنیشتمانی خوشکتو ئەویش بەمن. هەندێ لەکەسوکاری تۆش و منیش، لەهاتنم ناڕازی بوون. بەڵام من گوێم نەدانێ و بڕیاری خۆمدا. بەزەحمەتو بەهەڵپەی خۆم، ئۆتومبێلم تا (بێستان سوور) دەست کەوت. لەناو ئۆتومبێلەکەدا دوو ژنی تر کە بۆ ئێرە دەهاتن، بوونە هاوەڵم. سایەقەکە ئامۆژگاریی کردین کەلەپرسینەوەدا لەسەیتەرەکان بڵێین: بۆ تەعزێ دەچین. چونکە چەند رۆژێ لەوەبەر، سوپا هێرشێکی لەناکاوی کردبووە سەر بێستان سوورو دە دووازدە کەسی، لەخەڵکی ئاوایییەکە کوشتبوو. وامان کردو هەرچەندە دەیانووت: دەزانین دەچن بۆلای مێردەکانتان، بەڵام رێگەیان داین. ئیتر هەر هێندەی لەڕادەی بینینیان دەرچووین، دابەزین و لەجادە لامان داو بەپێ کەوتینە رێ. ماوەی چوار پێنج سەعات بەلاڕێدا، بەناو وەردو قەدپاڵ و ئاودڕو کەندەڵاندا هاتین، تا لەئاستی کانی پانکەدا هاتینەوە سەرجادە.

لەکانیپانکە رێکەوتێکی خۆشم هاتەڕێ. لەوێ کێ ببینم باشە؟!.. (شنە)ی خوشکی کەمال (کەمال مەرکەز) کەکاتێ لەماڵی دایکتدا بووین لەخانووەکەی پشت یانەی فەرمانبەراندا، دراوسێ بووین. کچێکی قۆشمەو قسە خۆش بوو. لەوێش کەدیمەوە، هێشتا ئەو قۆشمەو قسە خۆشەی جاران بوو. ئەویش بۆلای مێردەکەی دەهات، ئەو ئەمە دووەمجاری بوو. هەوڵماندا ئۆتومبێل یاتراکتۆرێکمان دەست بکەوێ بۆ سەیسایەق و نەبوو. وتیشیان: بەتەمابن.. لەوەتەی کارەساتەکەی بێستان سوور قەوماوە، لەسەیسایەق نایەن بەملاوە. ناچار چوارقۆڵی بەپێ هاتین. من سەرباری ماندووبوونی لەوەبەرم، لەکۆڵگرتنی بەردەوامی مەزدەشی هاتەسەر، کە پێشتر بەیناوبەینێک بەپێ

دەڕۆیشت و ئیتر ئەو توانایەی نەمابوو. کاتێ کەوتینەوەڕێ، ڕۆژ لەئاوابووندا بوو. (پ.م) لە کانی پانکە ئاگاداریان کردین، کە چاکتر وایە تادەتوانین لەجادە لابدەین و لەنزیکییەوە، بەلاڕێدا بڕۆین. چونکە سوپا بەیناوبەین کوێرانە، دووسێ گوللە تۆپ بەجادەکەوە دەنێ.

شەو داهات. چوار ئافرەت و دوومندال بەکۆڵەوەو ڕێگایەکی چۆڵوهۆڵ دەبڕین. ماندوێتی تا دەهات زۆری بۆ دەهێناین و لەپەلوپۆی دەخستین. بەلام (شنە) لەقۆشمەیەتیی خۆی نەدەکەوت و بەقسە خۆشەکانی، تین و توانای دەداینەبەر. بەهەر حاڵێك بوو، لەسەعات یەکی دوای نیوەشەودا، خۆمان گەیاندە سەی‌سایەق. لەوێوە ئیتر کارمان ئاسان بوو. زۆری نەخایاند جیبێك پەیدابوو. سواربووین و سەعات سێ گەیشتینەجێ. کاتێ دابەزین، ئەوسا مێشکی خۆمم بۆ ناوەکە هەڵووشی و هەرچەندم کرد، بەبیرم نەهاتەوەو تەنیا وتم: بەڕێوەبەری قوتابخانەیە. ئیتر سایەقەکە بەپیاوەتیی خۆی، هێنامییە ئێرە (ماڵی مامۆستا ئیسماعیل).

٨/٣١ - ماڵی مامۆستا (ئەحمەد)

١- تەوێڵە جمەی دێ. وەزعێکی سەیری هەیە. ئێرەش وەك چۆمان و حاجی هۆمەران، بۆتە پایتەختی ناوچەی سلێمانی و کەرکوك و خانەقی، هەروەکوو ئەولا، دەیەها برادەرو ناسیاوم تێدا بیتینەوە. بەیانییەکەی (ئەحمەدی حاجی عەلی)م بینی. حیکایەتەکەی خانمم بۆ گێڕایەوەو گواستمانەوە لایان.

٢- عەسرەکەی لەگەڵ ماڵی (ئەحمەد)دا، بەخاوو خێزانەوە چووین بۆ (ئاوێسەر). سەیرانگایەکی گەلێ خۆش و دڵگیرە.

٩/٢

١- دوێنێ لەگەڵ (ئەحمەد)دا، چووین بۆ (بیارە). شەو لای دوو برادەری ئەو ماینەوە کەلەوێ مامۆستان. پتر لە(٣٠) ساڵ لەمەوبەر کاتێ تەمەنم (٧-٨) سالان بوو، جارێکی‌تر ئەو بیارەیەم دەیبوو. ئەو وەختە کاکم (محەمەد) لەوێ مامۆستابوو. لەسەفەرێکیدا کەبەسەردان هاتبۆوە سلێمانی،

لەگەڵ خۆیدا هێنابوومی. ژوورێکی لەماڵێکدا بەکرێ گرتبوو. هەوڵمدا بیهێنمەوە بەرچاوم کە لەکوێدا بووەو بۆم نەکرا. بەهەرحاڵ چوار قۆڵی شەوێکی خۆشمان بەسەربرد. زیاتریش باسمان لەئەدەب بوو، چونکە دوو برادەرەکە ئەدەبدۆست بوون.

٢- ئەحمەد سەر بە(ق.م)ەو لەوەبەر دەمناسی. ئەو رۆژانەی لەکاژاو بووم، دووسێ جار بەبرادەراندا، ئاگاداریی بۆ ناردبووم کەحەزدەکا، سەرێك لەتەوێڵە بدەمو میوانداریم بکا. بەڵام ئەوەتا ئێستا وەها کەوتەوە، کەیەماڵو منداڵەوە میوانی بم.

٣- نیازمان وایە سبەینێ بەرەو (پێنجوێن) برۆین. من بڕیارم وابوو هەر بەو رێیەدا کە لێوەی هاتبووم بگەڕێینەوە. بەڵام (حەمەی میرزا سەعی)، کەیەکێکە لەو برادەرانەی لێرە دیمەوە، زۆری لێکردین لەگەڵیدا بچین بۆ پێنجوێنو چەند رۆژێك میوانی بینو ئەوسا لەویوە، بەئێراندا بگەڕێینەوە.

### ٩/٣ - پێنجوێن - ماڵی حەمەی میرزا سەعی

١- سەعات (٥)ی سەر لەئێوارە، لەتەوێڵە دەرچووین. دەبوو نوسراوێکی‌تری سەفەرم پێبێ. چووم بۆ پاراستن بۆ ئەو مەبەستەو (شەوکەتی مەلا)ی لێبوو، کە هاوەڵی قوتابخانەی ناوەندیم بوو. نەمدەزانی ئەوی لێیەو زۆر دەمێکیش بوو نەمدیبوو. لەسەرەتادا من ئەوم نەناسییەوەو کاتێکیش ناسیمەوە، بەتەقە کەوتبووم. بەڵام ئەو هیچ نەبێ بەناوەکەمدا، زوو منی ناسیبۆوەو یاریدەی دامو خێرا بەڕێی کردم.

٢- لەدۆڵە سوور راگیراین بۆ پشکنین. (رەئووفی ماستاو)ی هاوەڵێکی‌تری قوتابخانەم و هاوڕێی تێکۆشانم، لەیەکێتیی قوتابییاندا لەساڵانی سەرەتای پەنجاکاندا، سەری کێشایە ناو ئوتومبێلەوەو داوای وەرەقەی سەفەری کرد. حەزم کرد گاڵتەیەکی لەگەڵدا بکەم. وتم: پێم نییە. سەرەتا مۆرەیەکی کردو ئینجا کردییە سەرنجی وردبوونەوەو ئیتر، ناسینەوەو دەست لەملکردنو ماچومووچ. وتیشی: کەبیستم هاتوویتە دەرەوە، زۆر زۆرم پێخۆش بوو.

٣- پێنجوێنم چەند جارێك لەوەبەر دیوە. بەمنداڵی ساڵانێك کەکاکم لێرە ماموّستا بوو. بەگەورەییش بەنیازی سەیران و گەشتوگوزار. بەرێگاکەی ئاشنابووم. سەیسایەق - شانەدەری - ناڵپارێز - کانی مانگا - ملەکەوە - راوگان - پێنجوێن.

٩/٤

١- پێنجوێنیش جمەی دێ و ئەگەرچی کەمترە لەتەوێڵە، بەڵام ئەوی راستیبێ ئێرە پایتەختی یەکەمی ناوچەکەیەو تەوێڵە دووەم، چونکە داموەزگا دەسەڵاتبەدەستەکان وا دەسەلمێنن و بارەگا سەرەکییەکانیان لێرەن.

٢- لێرەش ئەمرۆ گەلێ لەبرادەرو ناسیاوانم بینینەوە.

٩/٧

ئەم ماڵەی کاکە حەمە ماڵێکی ئاسایی نییە. جارێ هێندەی پەیوەندیی بەخودی خۆیەوە هەبێ، ئەو مرۆڤێکی کۆمەڵایەتیی سەیرە!. لەدەمێکەوە دەیناسم و بەردەوامیش وەهام ناسیوە، کەعەسرەکەی دەچێ دە دینار قەرز دەکاو شەوەکەی، دەیدا بەحسابی ئەو مێزەی لەسەری دانیشتوەو دانیشتوان هەر کێبن!. ئینجا وەکی‌تر ئەم ماڵە، لەیانەیەك دەچێ هەمەجۆرو هەمەرەنگ خەڵکی رووی تێدەکەن و میوانداری دەکرێن. پارتی.. شیوعی.. کاژێك. دەستەی مام جەلال.. بێلایەن و کۆڕی وتووێژو دەمەتەقێی سیاسی و رۆشنبیریی تێدا گەرم دەبێ!. بۆ نموونە شەوی پێشوو، کۆڕ لەم کەسانە پێکهات: (شەهاب، سیروان، تۆفیق، فەرەیدوون، دارا، ئاوات، عەبدوڵڵا، سەلام، مارف، فوئاد، من و حەمە خۆی).

٩/٩

- شێخ عەلی و عومەر لێرەن. بەبینینەوەیان خۆشحاڵ بووم. حەمە دەعوەتی کردن بۆ ماڵەوە. لەسەر پیشەی خۆی، کردییە بەستنی کۆڕێك و (غەریب و ساڵح و فوئادو عەبدوڵڵاو تۆفیق و سالار)یشی بۆ بانگ کرد.

بەدەمەتـەقێوە کـەزیاتر بـاس هـەر لەسیاسـەت بـوو، تـا نیوەشـەو کاتمـان بەسەربرد.

– بـەدرێژایی رۆژانـی پێشـوو، خـانم بـووە کـەیبانووی مـاڵ. مـاڵیش لەهیچی کەم نییە. ئازووقەو نانی تیری و پێویستییەکانی مووبەق و خانوویەکی پاکوتەمیز. رۆژانێکی خۆشمان بەسەربردن و سوپاس بۆ کاکە حەمە.

–بڕیارمان وایە سبەی، بەدیوی ئێراندا بەرەو (خانە) بڕۆین، تا(خانم و مەزدە)ی لێنیشتەجێ بکەم و خۆم بگەڕێمەوە بابەکراوا.

١٠/٩ – سنە – ئوتێلی (ئابیدەر)

بەیانی زوو چووم بۆ بارەگای لق. دەبوو ئەمجارە نوسراوێك لەوانەوە بۆ مەکتـەبی سـەفەر وەربگرم. کەچوومـە ژوورەوە (عـەبدوولی سـووران و سمکـۆ فەتحوڵڵاو مەحموود مەلا عـیزت) لـەوێبوون. هەرسـێکیان ناسیاوی رۆژانـی قوتابخانەم بوون لەسەرەتای پەنجاکاندا. هەرچەنـدە لـەدوای ئازاری (٩٧٠)وە، دووسێ جار بەرێکـەوت عەبدوولم دیبۆوە، بەڵام سەروسەکوتی لەگـەڵمدا وەك ئـەوەبوو کەهـەر نەیناسـیبم. لەگـەڵ سمکـۆو مەحموودیشـدا، کەرێکـەوتی یـەکترمان دەکـرد، بەوشـکە سـەلامێك تێمـان دەپـەڕاند. لـەکاتێکدا ئێسـتا، بەگەرمەوە پێشوازییان لێکردم و مەسەلەش لەبنچینەدا بۆ حاڵەتەکەی لەوەبەر، پارتایـەتی و شـیوعییایەتییەکەبوو!. ماوەیـەك لایـان دانیشـتم. یاریدەیـان دام و کاریان ئاسان کردم.

لە(بناوەسووتە) نوسراوەکەم دا بەمەکتـەبی سەفەرو ئـەوانیش، وەرەقـەی پەڕینەوەیان لەسنوور بۆ کردم. ئینجا دیسان ئەوە سەر سنوورەو پەڕینـەوە لەولاتێکەوە بۆ ولاتێك!. ئـەمیان جۆگەلـە ئاوێکـەو ئەمبەری عێراق و ئەوبـەری ئێران. پێمان پـەتیکردو چووینە ناوی. خـانم ئەوە یەکـەمجاری بـوو سنوورو سنوورکاری ببینێ. لـەناو ئاوەکـەدا پێـم وت: تـۆ ئێستا پێیـەکت لەعێراقـەو ئـەویترت لـەئێران. هـەر هێنـدەی هـەنگاوت هەڵهێنایـەوە، ئیـتر تـۆ لـەخاکی ئێراندایت!. ئـەویش و منیش، بـەدەم هـەنگاو هەڵهێنانەکـەوە دامانـە قاقـای پێکەنین!.

دوای پەڕینەوە لەجۆگەکە، بەرەو (بایاوا) هەڵکشاین. هەروا چارەکە سەعاتێکو گەیشتین. زۆرمان چاوەڕێ نەکردو ئوتومبێل پەیدابوو. لەسەعات دووازدەدا بەڕێکەوتینو لەیەکدا، گەیشتینە (مەریوان)ی دووازدە سوارەی مەریوان، دوای ئەوەی بەلای (زرێبار)و جوولەکەکەیدا رابوردین. تا ئەوکاتە نەمدەزانی ئەم (جوولەکەی زرێبار)ە لەچییەوە هاتوە. بەفرسەتم زانیو پرسیارم کردو وتیان: چونکە ئاوەکەی بەزستان دەیبەستێو لەکۆندا، قافڵەیەك جوولەکەیەکیان لەگەڵدا بووە. چەندە لەگەڵیدا خەریك بوون، نەیوێراوە لەگەڵیاندا بەسەریدا بڕوا!. بۆ یەکەمجاریش بیستم کەگوایە، ئاوی ئەم زرێبارەیە لەژێرەوە دزە دەکاو بەدیوی لای (خورماڵ)دا، لە(ئەحمەدئاوا)وە سەردەردێنێو دەبێتە ئەو تاڤگەیەی کە هەیە!.

لە(مەریوان) دوو سەعاتو نیو ماینەوە. دەمزانی دۆستو ناسیاوی زۆری لێهەن، بەڵام وامان پێباش بوو گل نەخۆینەوە. دەبوو پێش دەرچوونمان لەمەریوان، سەردانی نوێنەرایەتیی مەکتەبی سەفەر بکەم بۆ ناونووسکردنمان. چووومو (حاجی مەکی)ی لێبوو. خێرا کاری مەیسەر کردمو سەعات سێونیو بەڕێکەوتین.

باخان - سەید عەتار - جانەوەرە - تیژتیژو سەعات شەشو نیو گەیشتینەجێ. بەپێی ئامۆژگاریی حاجی مەکی، چاکتر وابوو بێینە ئەم ئوتێلی (ئابیدەر)ەو وامان کرد. دوای دامەزراندن، چووین کەمێ بەشەقامە سەرەکییەکانی شاردا سووڕاینەوە. من ئەم شارەم وەك پیشانگایەکی جلوبەرگ هاتە پێش چاو. لەجۆربەجۆریو هەمەچەشنەیی جلوبەرگی خەڵکەکەی سەرسام بووم. تێکەڵەیەکی سەیرم دەبینی!.

ئێستا گەڕاوینەتەوە ئوتێل. مەزدە نوستوە. من دانیشتووم هەم سەرگەرم دەکەمو هەم دەنووسم. خانمیش بەدیارمەوە دانیشتوە.

١١/٩- مەهاباد - ئوتێلی شەلماشی

کوڵە - دیواندەرە - زەڕین - ئێرانشا - سەقز - بۆکان - قادراوا - سەرا - میاندواوو سەر لەنوێ مەهاباد. سەعات دووازدە چارەك کەم، لەسنە

دەرچووین و شەش و نیوی ئێوارە گەیشتینەجێ، کەرێگا کە (٣١٠) کیلۆمەترە. لە ئوتێل خۆمان دامەزراندو سەرەڕای ماندوێتی، چووینە دەرەوە بۆ گەڕانێك بەناو شاردا. سەرلەنوێ مەیدانی چوارچراو داستانەکەیم بۆ خانم باس کرد. خۆیشی وەك هەر کوردێك، شتێکی لێبیستبوو.

مەزدە هەرچەندە لەم سەفەرو شارەو شارکردنە حەپەسا بوو، بەلام لە پرسیارکردنی خۆی نەدەکەوت. منیش هێندەی بۆم دەکرا وەرامیم دەدایەوە.

## ٩/١٢ - خانە - ئوتێلی پارس

پێش نیوەڕۆ گەیشتینەجێ. ئێرە بەپێی ئەو نەخشەیەی کێشاومانە، دەبێتە مەلبەندی کاتیمان. خانم جارێ لێرە جێگیردەبێ و منیش، دەگەڕێمەوە بارەگای یەکێتی لە بابەکراواو بەسەردان، هاتوچۆ دەکەم. لەوەبەر لەگەڵ (رەئووف)دا رێکەوتبووم، کە لەرێوە دەچینە ماڵی ئەوان، تاوەزعمان بەلایەکدا دەخەین. کە چووین خۆی لەوێ نەبوو، بەلام ئاگاداری کردبوون. خانمم لەوێ داناو زانیم، جێی خۆم نابێتەوە. پێنج منداڵ و دایکیان و خوشکێکی لە یەك ژووردا. بۆیە هاتمە ئوتێل.

ئوتێلێکی پۆخڵ و پەرپووتە. بەلام لەژوورەکەدا دوو لاوم لەگەڵدان، (هیلال و کەمال) کە هاورێی یەکترن و شەوەکەیان گەلێ لێخۆش کردم، بەتایبەتی هیلال. لەوەبەر لەسوپادا سەربازی بێتەل بووە. بۆم دەرکەوت لەپیشکەیدا گەلێ شارەزایەو گەلێکیش زیرەکە. ئێستاش (پ.م)ی بێتەلەو بەمۆڵەت هاتوە بۆ ئەمدیو. وەکی‌تر ئەدەبدۆستەو هەوڵی شیعر نووسینیشی داوە. هەندێکی بۆ خوێندمەوە. ڤیزی لێنەدەداو لەخۆبایی نەبوو. بەلام شەیتان بوو. من تا ئەو ساتە وام دەزانی نامناسێ و وەهایشی نیشان دەدا. کەچی لەناکاوێکدا وتی: مامۆستا حسەین راستم پێبڵێ: ئایا لە شیعر دەچن؟!. ئیتر دامانە پێکەنین و کۆڕی قسەوباسمان گەرمتربوو.

## ٩/١٣ - ماڵی (ڕەئووف بێگەرد)

کەوتمە گەڕان بەدوای ژوورێکداو دەستم نەکەوت. (شوکریە)ی هاوسەری (ڕەئووف)، پێشنیاریکرد کەپێویست ناکا لەئوتێل بم. دەرکەوت ژوورە گەورەکە، نیمچە ژوورێکی تەنگەبەری بەدەمەوەیەو وا دانرا، کەدەکرێ منو خانمو مەزدەی تێدا بنووین. لەدڵدا وتم: بۆ نەء؟!.. شەڕەو هەرایەو دەربەدەرییەو بێلانەیی.. لەنەبوو باشترە!.

خاوەن ماڵەکە ناوی (عەلی مەشتەلی)یە. ژنێکی پیرو کچێکی گەنجی هەن. کچەکەی (نێرگیلە) تەلاق دراوە. پیرەمێرد حەشیشەکێشە. ژوورەکەی خۆی کردۆتە حەشارگەیەکی حەشیشەکێشان. ئەمڕۆ دەمدی بەیناوبەین، یەکێ بادووان خۆیان بەماڵدا دەکرد. دەچوونە ژوورەکەیەوەو بۆ ماوەیەك، کشومات و بێدەنگ ون دەبوون. ئینجا کە دەهاتنەوە دەرەوە، گێژوحوڵ بەحەوشەکەدا هەنگاویان دەناو لەدەرگاوە دەچوونەدەر. وەکیتر مێردەکەی (نێرگیلە)، زووزوو سەر لەژنە تەلاقدراوەکەی دەدا. دەچنە ژوورەوەو قەدەرێکیان پێدەچێ و دەڕوا. خەڵکانێکی سەیرو لەجیهانێکی تایبەتیی سەیری خۆیاندا دەژین. بەهەرحاڵ (نێرگیلە) لەسەر (تایپ)یش دەکا لە فەرمانگەیەکدا. ئەگەر نەڵێم جوانە، دەڵێم ناشیرین نییە.

(شوکریە)و منداڵەکانیو فاتێی خوشکی، لەژوورەکەدا نوستوون. منو خانمو مەزدە لەنیمچە ژوورەکەداین، کە کرابووە مووبەقو قاپوقاچاغو نەباخەکەی لێفڕێدراونەتە دەرەوە. چاکە کە ڕەئووف لێرە نییە. دەنا (معادلە) کە حەلبوونی بۆ نەدەبوو، بەوە نەبێ کە هەر لەئوتێلە پۆخڵەکەدا بمامایەتەوە.

## ٩/١٥

ژوورێکم لێچۆتە قاتی. سەیریش نییە. کوردەهای عێراق، (ئوتاغ)یان بەبەتاڵی تێدا نەهێشتۆتەوە. ئەوە چوار ڕۆژە لێرەم. بەرۆژ شەقامەکان تەی دەکەم. لەم چاخانە بۆ ئەو چاخانەو لەهەریەکەیان، دووسێ دیژلەمە دەخۆمەوە. بەدەمییەوە سۆراغی (ئوتاغ)ەکە دەکەمو هەر نییە. شەویش

دەگەڕێمەوە ناو نیمچە ژوورەکەو تەك خانمەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا هەست دەکەم، کەبەختیارو ئاسوودەم.

### ٩/١٦- ژووری خۆمان

دۆزیمەوە!. ژوورێکی پاکوتەمیزو گەورەو لەخانوویەکی قەراغ شاردا کەتازە دروست کراوە. بەڵام بۆ خانم کەمێ تەریکەو دوورە لەماڵی رەئووفەوە. ئەگەرچی دەبێ بووترێ! خانە خۆی چییەو دووری‌و تەریکیی خانووەکانی دەبێ چیبێ!. بەهەرحاڵ، من مۆڵەتەکەم وا تەواو دەبێ. هەرباشە.. خانم دەتوانێ بەشێنەیی، شوێنێکی باشتر بدۆزێتەوەو وەهاش رێکەوتین. کەلوپەلی پێویستیشمان، لەدووسێ رۆژی پێشوودا کرین، پێخەف‌و راخەرو قاپوقاچاخ. ئەم عەسرە چووم هەندێ ئازووقەشم کڕی. هەموومان گواستنەوە بۆ ژوورەکەو خوا حافیزیمان لەماڵی رەئووف کرد.

من دەبێ سبەی بگەڕێمەوە بۆ دیوی لای خۆمان. خانم لە وەزعی خۆی، بێئارام‌و دوودڵە. دەرۆم بەئاوارەیی لەتەنیاییدا جێیدێڵم. دەمزانی ناهەقی نییە. دڵیم بەوە دایەوە، کە دەتوانم هەر دەپازدە رۆژ جارێك، سەردانی بکەم بێسوودبوو، وتی: دێم لەگەڵتدا بۆ ئەودیو. وتم: لەدویو بەیناوبەینێك، مەرگ دادەبارێ‌و یانسیبەو دەترسم بۆت دەربچێ. وتی: منیش وەك تۆ. ئەگەر دەرچوو باپێکەوەبین!. لە ئەنجامدا لەسەر ئەوە رێکەوتین کەباجارێ وەهابێ‌و ئەگەر زانیم وەزع لەبارە، دەیهێنمە دیوی لای خۆمان.

### ٩/١٧ - ئازادی (راگەیاندن)

لە گەڕانەوەدا لامدایە لای برادەرانم‌و شەو، لەگەڵ (شێرکۆو جەلال‌و سەلاح‌و رەئووف‌و کەمال موختارو کامەران قەرەداخی)دا، کۆڕمان گەرم کرد. باس هەر لە شۆڕش‌و دواڕۆژی بوو. هەمووشمان زیاتر رەخنەمان دەگرت، وەك لەوەی مەدح‌و ستایش بکەین. دەستەیەك رۆشنبیرو بەچاوی خۆمان، هەست بەچەوتی‌و چەوێڵییەکان دەکەین‌و کەموکوورییەکان دەبینین. ترس لەپاراستنی لەهەموو ساتێکدا، لەدڵی هەر یەکێکماندایە. بەڵام خۆشمان پێڕاناگیرێ‌و

قسەی خۆمان هەر دەکەین، بەتایبەتی کەئاوەها دەکەوینە یەك و پەیوەندیی برادەریێتییە کە، لەیەکترمان دڵنیا دەکا.

٢- لە ماوەی پێشوودا، واتە دوای سەفەرەکەم لەگەڵ (کەریم)دا (٧/٢٨-٨/١) بەماوەیەکی کەم، شەڕ لەبەرەی قەڵادزێ و رانیەدا داگیرسا. سوپا هەردوو شارەکەی داگیرکرد. بەدیوی قەڵادزێدا بەرەو دۆڵی شەهیدان و بەدیوی رانیەدا، بەرەو دۆڵی ئاکۆیان و پڵنگان خۆی کوتا. ئێستا لەمیانەوە، تا نزیکی (زینۆ) هاتووەو باس لەم رۆژانەدا، پتر لەشەڕی پڵنگانە، کە هێشتا گەرمە.

ئەوەبوو من بەو رێگایەدا هاتم و شتێکی لێشارەزابووم. سا من پێم وایە کە ئەگەر لە (زینۆ) بێن بەمدیوداو دۆڵی (وەرتێ) ببڕن و بگەنە سەر جادەو ئاستی (پردی سوور)، کە ئەمە کارێکی گەلێ ستەمە، ئەوا بەرەی باڵەك و دۆڵی باڵەکیان، تەواو دەکەوێتە بەر مەترسییەوە. هەرچەندە ئەمە لەڕاستیدا، دەبێتە شەڕی دەستەویەخەو مان و نەمان. هەروەها ئەگەر شانبەشانی ئەم هەنگاوە ئەوەکەی بادینانیشیان بەئەنجام بگا، واتە دابڕانی بادینان لەباڵەکایەتی و رێگای تەموین لێبڕینی، ئەوا وەزعی شۆڕش لەڕووی سەربازییەوە، لەبنەڕەتەوە دەگۆڕدرێ و شلۆق دەبێ.

قسەی زۆر لەبارەی پەراگەندەیی هەردوو هێزی (حەسۆمیرخان و عەلی شەعبان)ەوە دەکرێن، کە ناوچەی قەڵادزێ و رانیەیان لەئەستۆیە. بەرپرسیارییش لەپەراگەندەییەکە، دەدرێتە پاڵ هەردوو فەرماندەکە. لەپاڵیدا دەمی هەرچی دەکەیتەوە، باسی ئازایەتیی هێزەکەی دوکتۆر (خالید) دەکا کەهێزێکی تایبەتیی بەژمارە، کەمترە لەهێز و زۆرترە لەبەتالیۆن. ئەم هێزە وەك بەسەر زاری خەڵکەوەیە، ئێستا لەدۆڵی (پڵنگان)دا، دەوری سەرەکی لەبەرگرتندا لەهێرشی سوپا دەگێڕێ. جگە لەقسەی خەڵکەکە، ئێزگەی دەنگی کوردستانیش، بەردەوام هەواڵی چالاکییان لەشەڕدا بڵاودەکاتەوە.

٣- بەرهەحاڵ وەزعی عەسکەری، ئێستا بەکورتی بەمجۆرەیە:

- قورسایی هەرە گەورەی هێزی سوپا، لەسەر جەبهەی باڵەکە. رۆژانە شەڕ تیایدا گەرمە. سوپا تەقەلای خۆکوتان بۆ پێشەوە دەداو (پ.م)، بەسەرسەختییەوە بەری لێدەگرێ.

– لەجەبهەی قەڵادزێدا، بەیەکدادان کزەو (پ.م) تەنیا لەسەر شاخەکانە. سوپا تۆپباران دەکا. بەڵام بەدیوی رانیەدا، باس هەر باسی دۆڵی پڵنگان و هێزە تایبەتییەکەی دوکتۆر خالیدە. سەیریش ئەوەیە کەبۆ یەکەمجارە دەبیسم، سەربازەکانی سوپا وەك مرۆڤە– سەرباز، سەرسەختانە دەجەنگن و پەلامار دەدەن.

– لەجەبهەی هێزی رزگارییەوە کەلەوبەر ناوچەی کەرکووکی لەئەستۆبوو، لەدەمێکەوە دەشتایی جێهێشتوەو لەناوچە شاخاوییەکاندا دەجەنگێ. بەم پێیە ئێستا کەلێنی نێوان هێزی خەبات و دووەکەی (حەسۆو عەلی) پڕدەکاتەوە. بەڵام لەناوچە ئەسڵیەکەی خۆیدا، هێشتا بەشەڕی (مەفرەزە)، دەروی خۆی دەبینێ.

– لەجەبهەی سلێمانییەوە، سوپا هێشتا لە (عەربەت) تێنەپەڕیوە. سەی سایەق و هەڵەبجەو تەوێڵەو پێنجوێنیشی پشتگوێ خستوە. لەبەرامبەریدا (پ.م) بەپێچەوانەی جەبهەکانی ترەوە، ناو شاری سلێمانییان هێناوەتە زەلالەت و بەتایبەتی شەوان، کەهەتا بەیانی دەکرێتە کۆڕی شەڕێکی گەرم.

– لەجەبهەی خانەقی و هۆرێن و شێخانەوە، سنووراو سنوور شەڕدەکرێ. سوپا تەواو خۆی لکاندوە بەسنووری ئێرانەوەو (پ.م)یش، لەئاستی هێڵی سنوورەوە، دەستی خۆیان دەوەشێنن.

– لەناوچەی گەرمیاندا، (پ.م) بەشێوەی (مەفرەزە) دەجەنگێ و جەزرەبە، لەسوپاو دامودەزگاکانی حکوومەت دەدەن. لەدەشتی دزەیی و دەورووبەری هەولێریشدا هەروەهایە. بەڵام (پ.م) بەدەگمەن دەستی جەزرەبەی دەگاتە ناو هەولێر.

–جەبهەی بادینان تارادەیەك خامۆشە. ئاشکرایە سوپا وازی لێهێناوە، بۆ کاتی دابڕینی لەجەبهەی باڵەکیانی بڕبڕەی پشتی لەتەموینیدا. دەبیسم کە کاربەدەستانی جەبهەکە خۆیشیان، چارەنووسی جەبهەکەیان داوەتە دەست ئەو قەدەرە!. لەکاتێکدا منێکی ناشی لەم مەسەلانەدا، هێندەی لێحاڵی دەبم کەدەبێ، هەردوو جەبهەی وازلێهێنراوی بادینان و سلێمانی لەلایەن سوپاوە، داگیرسێنرێن و سوپایان پێهەراسان بکرێ، تاپلانەکەی سەبارەت بەجەبهەی باڵەکیان و دواجار ئامانجە ستراتیجییە سەرەکییەکەی، پووچ بکرێتەوە.

- بەهەرحاڵ گرفتە گەورەکە ئێستا لەوەدایە، کەشۆڕش ئەمجارە خۆی لەشەڕی جەبهەکارییەوە گلاندوە. بەتایبەتی لەم قۆڵەوە کەکردوشێتیە پایتەختو بەمنجڕییەوە بەرگریی لێدەکا. ئینجا وەك خۆیشی تێوەگلاندوە، نەیتوانیوە بیکاتە شەڕی جەبهەکاریی راستەقینەو کەباش وردی دەکەیتەوە، دەبینیت خۆی لەکوردەکەی هەردوو جەژن کردوە. نەشەڕی جەبهەکارییەو بەتواناو جەربەزەو خاوەن دەوڵەتێکی خۆیو چەندین دەوڵەتی پشتگیری هەیە، کەهێرشی هێناوەو بەبێ کۆڵدان خۆی بەرەو پێش دەکوتێ،بەڵام بەمبەریشەوە گەلو نەتەوەیەکی چەوساوەی زۆر لێکراوی خاوەن هەقێکی رەوا هەیە، کە دەتوانی لەرووپدا بجەنگێو خۆی رابگرێو سەریش بکەوێ.

### ٢٠/٩- بابەکراوا

وەختی خۆی هەر لەیەکەمجاردا کە لەگەڵ فاروقدا هاتین بۆ چۆمان، بردمی بۆلای (عەلی زەردەشتی)و بەیەکتریی ناساندین. دوای ئەوەش چەند جارێك رێم کەوتە لایو ئەمڕۆش هەروەهاو ئەوەتا کاتی لەسەر نووسینی هاتوە.

عەلی زەردەشتی کەخۆی دەڵێ (زڕتەشتی)یەو گوایە، لە(زێڕ)و (تەشت)ەوە هاتوەو تۆش دەبێ بۆی بسەلمێنیت، پیاوێکی سەیرو بەسەمەرەیە! دووکانێکی هەیە کەدوو دیوە. پشتەوەی تێیدا دەژیو پێشەوەی دووکانەکەیە، کە هەمەچەشنە شمەکی سووکەڵەی تێدایەو بەدەمییەوە، نیمچە مەیفرۆشیش، بەتایبەتی بۆ ناسیاوان دەکا، دەنا بۆ خواردنەوەی خۆیەتی.

زڕتەشتی بەقسەی خۆی، زمانی عەرەبیو فارسیو تورکیو هیندیو ئینگلیزیو کوردی بەهەموو زاراوەکانییەوە دەزانێ. دونیای زۆر دیوەو گەلێ وڵات گەڕاوەو لەوەوە، فێری ئەو زمانانە بووە. تەمەنی لەحەفتا تێپەڕیوە. باریکەلەیەکی رەقەڵەیەو بەردەوام دەخواتەوە. بەردەوامیش پێدەکەنێو

دەتریقێتەوە. شاعیرو نووسەرو مێژوونووس و فەیلەسووف و زانایە. خۆی دەڵێ: (هەر دەهەزار ساڵ جارێك، فەیلەسووف و زانایەکی دەگمەن هەڵدەکەوێ. ئەوەی دوایین دەهەزار منم). ئینجا دەڵێ: (دەزانم پێنج و دوو ڕۆژێکم ماوە. لەکیس خۆتانم مەدەن. گوێ بۆ فەلسەفەکەم رایەڵ بکەن و سوودم لێببینن). دیارە ئەم قسەیە تەنیا بۆ ئێمەومانان دەکا، نەك بۆ هەموو کەس. لەقسە فەلسەفییەکانی دەڵێ: (کورد بزنە!) و ئیتر خۆی بەدرێژی، وردی دەکاتەوە چۆن و بۆچی؟!. یا دەڵێ: (دەماغی مرۆڤی زیرەك و زانا، قاتقاتە وەکو گووی گا. هی مرۆڤی گەمژە سافە وەك بەری دەست!). ئەمیش هەر تەنیا خۆی دەتوانێ، شیی بکاتەوە کەچۆن و بۆچی؟!. ئینجا تۆ نابێ هیچ قسەیەکی تێدا بکەیت. ئەو خۆی لێت دەپرسێ: وانییە؟. ئیتر دیارە کە تۆ دەبێ وەرامت چی بێ و ناشبێ، تەنانەت بزەیەك بکەوێتە سەر لێوانت. ئەو خۆی بەدوایدا دەداتە قاقای پێکەنین و ئەوسا تۆش، بۆت هەیە شانبەشانی و بگرە بەرزتریش، لەقاقا بدەیت!.

زڕتەشتی عیزەتی نەفسی گەلێ بەرزە. بەردەوام شانازی بەخۆیەوە دەکاو دەڵێ: بەدرێژایی تەمەنم، دەستم لەکەس پان نەکردۆتەوەو منەتی کەسم هەڵنەگرتوە. تا دوا هەناسەی ژیانیشم هەروەها دەبم. ڕەنج دەدەمو خۆم دەژێنم. هەر لەبەرئەوەشە کە زڕتەشتی، باکی بە کەس نییەو بە ئارەزووی خۆی، ڕەخنە دەگرێ و را دەردەبڕێ. تەنانەت کە گەیشتە تینی، بێ هیچ سڵکردنەوەیەك جنێو بە هەمووان دەدا، تەنیا بارزانی نەبێ. ئەویش وەك خۆی دەڵێ: لەترساندا نییە. بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کەئەمێکی فەیلەسووف و زانا، دیارە دەبێ ڕێز لە پیاوێکی لێهاتووی وەك ئەو بگرێ.

زڕتەشتی خاوەنی گەلێ هەقایەت و سەرگوزشتەو کارەسات و قسەو باسی پڕ سەیرو سەمەرەیە، کە گێڕانەوەیان پڕ بەکتێبێکی قەبەیە. فاروق زۆریانی لەلایەو بۆمی گێڕاونەتەوە. خۆیشم لەوکاتەوەی ناسیاویم لەگەڵیدا پەیداکردوە، هەندێکیم لێدیون و بیستوون و لە مێشکمدا تۆمارم کردوون، کە دەشێ ڕۆژێك لە ڕۆژان ببنە کەرەسەی ڕۆمانێك و زڕتەشتی قارەمانەکەی.

## ٩/٢١

لە بارەگادا بەتەنیا ماومەتەوە. هەردیو ناکام لەودیون. دوو (پ.م)م لەگەڵدان کەبران. بەرۆژ لێرە دەوام دەکەنو بەشەو، لەشوێنێکیتر دەنوون. هەر بەناو پێیان دەووترێ (پ.م). دەنا لەڕاستیدا بەردەستن (فەڕاش). بگرە لەزۆربەی بارەگاکاندا، دەشکرێنە خزمەتکار (نۆکەر)!. من هەر لەسەرەتاوە لەحسابی خۆمم دەرکرد، بەو سیفەتانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەمو بگرە هەر لەبنەڕەتەوە، حەزم نەدەکرد هەبن، چونکە هیچ پێویستییەکم بەو سیفەتە پێیان نییە. ئەگەر مەسەلەش بۆ کاروباری یەکێتی بێ، ئەوا (عەبدوڵڵا دارتاش)م وەك کارمەندێك لەگەڵدایەو ئەوا، ئەو جۆرە ئیشانە دەکا.

برای گەورە بەڕاستی (پ.م) بووە. سێچوار مانگێك لەمەوبەر، لەشەڕێکدا بریندار کراوە. دوکتۆرەکان رایان وابووە کەئیتر، توانای چوونی بۆ شەڕکردن نەماوە. بەڵام ئەویتریان هەر لەگەڵ هاتنەدەرەوەیدا، ئەمجۆرە ئیشەیان داوەتێ. ئەم دیاردەیەی (پ.م)ی فەڕاشو خزمەتکار، یەکێکە لەو حاڵەتانەی سەرم لێیدەئاوسێ.

## ٩/٢٣

١- لەگەڵ فاروقدا چووین بۆ بارەگای خۆیان. باسیان کرد گوللە تۆپی سوپا کەلەپلنگانەوە دەهاوێژرێ، دەگاتە دەوروبەری گەڵاڵە. بەڵام تاکوتەراو بەیناوبەینەو زەرەر نادا.

٢- دەمەدەمی عەسر گەڕامەوە، چۆمانو سەرێکم لە عەبدولخالق سەرسامدا. کتێبخانەیەکی هەیە کەسەر بە(م.س)ەو ئەو، وەك مووچەخۆرێك بەڕێوەی دەبا. قسە بەسەر قسەدا هاتو باسی شاخی (هەڵگورد) هاتە کایەوە. من هەروا لەخۆوە بەبیرمدا هات، کەبۆچی (هەم بۆ بینینو هەم بۆ سەیران) بۆی نەچین؟. ئەویش بەپەرۆشەوە پێشنیازەکەمی پەسەندکرد. بڕیارماندا لەگەڵ چەند برادەرێکی تریشدا قسەی لێبکەین.

٣- بیستم (شیرین) بە گرگرتنی (تەباخ)، سووتاوەو حاڵی خراپە. جێگەی داخە. ئافرەتێکی شۆخو رووخۆشو سەنگینە. رۆژی ٦/٢ کە لە

دایەرە لەبەغدا خواحافیزیم لێکردن گوایە دەچم بۆ سەربازی، لەوم پرسی: ئایا تۆ رات بەچییە؟. پێکەنی و (هەردەم پێدەکەنی)و وتی: مەعقوولە بڵێم بچۆ گوللە بنێ بەسنگی (دلێر)ەوە؟!. دلێر مێردێتی و ئەوسا ئەو، هاتبوە ریزی شۆڕشەوە. لەوەبەر هاتنە دەرەوەی (شیرین)م نەبیستبوو. وا ئەمڕۆ هەردوو هەواڵەکەم پێکەوە بیستن. جێی داخە.

٩/٢٥

ئەمڕۆ شەوەکەی (مەحموود)و(سەبری) هاتنە دیدەنیم و لەچادرەکەمدا دانیشتن. شەومان بەدەم گفتوگۆیەکی هەمە چەشنەی خۆشەوە بەسەربرد. لەسەر داوای من، مەحموود هەندێ بەسەرهاتی ژیانی خۆی بۆ گێڕامەوە. زۆربایەکەو بەباری شۆڕشگێڕیدا. دەیەوێ لەهەر کووچەیەکی ئەم دنیایەدا شۆڕش هەبێ ئەوی لێبێ. بگرە حەزدەکا لەیەك ساتدا، لەدەشۆڕشدا بەشداربێ. لەگەڵ گەلێ ڕێکخراوی شۆڕشگێڕدا کاری کردوە. تەنانەت لەگەڵ جیهانییەکانیشدا پەیوەندیی هەبوەو لەوانە (سوپای سووری جیهانی). زیاتر لەگەڵ بەرگریی فەلەستینیدا، چالاکیی نواندوە. گەلێ ئەرکی پڕ مەترسیی جێبەجێ کردوە. نازانم چیی ناوبنێم!.. رەنگە شۆڕشپەرست بۆی بگونجێ!.

(سەبری)یش شۆڕشگێڕێکی نموونەییە. لەوەبەر کرێکار بووە. لەجیابوونەوەکەدا داوێتییە پاڵ (ق.م). ئەمیش هەندێ باسی خۆی بۆکردم. بەتایبەتی ئەو شەڕانەی کەخۆی و هێزەکەی، لەناوچەی شواندا کردوویانە. خۆشم لەوەبەر هەندێکم لەفاروق لەبارەیەوە بیستبوو. دەمزانی فەرماندەی ئەو هێزەیە کە لەناوچەی (شوان)دا هەیانەو ناوبانگی بە(ئەو پێشمەرگە شیوعییە عەرەبەی بەپێوە شەڕ دەکا) دەرکردوە. ئا.. دەبێ بڵێم کە مەحموودیش عەرەبە.

منیش لەلای خۆمەوە، بیروڕای خۆم سەبارەت بەشۆڕشی لای خۆمان و شۆڕشی جیهانی و بارودۆخی بزووتنەوەی شیوعییەت لەناوخۆو دەرەوەداو رەخنەو بیروڕام بەرامبەر بە(ق.م)و.. هتد، بۆ دەربڕین. مەحموود لەهەندێ مەسەلەدا لایەنی دەگرتم، بەتایبەتی لەمەسەلەی شۆڕشی جیهانیدا، کە پڕ بەپێستی شۆڕشپەرستییەکەی خۆیەتی. شەوێکی گەلێ شادم لەگەڵدا

بەسەربردن. دوو کوڕی گەنجی ئازاو نەبەردی لەو بابەتەن، کە سەرتاپا خۆیان بە بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەیان دەبەخشن و بەفیدای دەبن.

لەنێوان قسەوباسمانەوە، سەبری وتی: خۆزگە دەهاتیت یەك دوو هەفتە لەگەڵ هێزەکەماندا دەبوویت. من وتم: وەك نووسەرێك بۆ خۆمی بەپێویست دەزانم، لەنزیکەوە حاڵەتی شەڕ ببینم و هەستی پێبکەم. کەباسەکەمان هێناوبردو ویستمان بیکەین بەکردار، بەوە شکایەوە کەچ پێویست دەکا بگەمە ناوچەی شوان. خۆئەوە شەڕی ناوچەی باڵەکیانەو لەبندەستەوەیەو ئیتر ئەوەم، لەخۆمەوە بۆ خۆم کردە پێشنیارێك.

٩/٢٦

شیرین مرد!.. بیستیشم نەسووتاوەو خۆی سووتاندوە!. ئەوە زیاتر خەفەتباری کردم.

٩/٢٧

دوێنێ و پێرێ لەچەندانێکم بیست، گوایە لاشەی سەربازە کوژراوەکانی شەڕە قورسەکەی (گەرووی هۆمەراغا) کە چەند رۆژێکە بەردەوامە، بۆگەنیان کردوەو ئەوە (پ.م)ی لەناو سەنگەرەکانیاندا هەراسان کردوە. من لەدڵدا باوەڕم نەدەکردو بەجۆرە فیشاڵێکم دادەنا. ئینجا بیستم کەکار گەیشتۆتە رادەیەك، گوایە (پ.م)ەکان عەترو کۆلۆنیایان لەبازاڕی چۆماندا نەهێشتوە. دوایی بەرگوێم کەوت، کەرۆژنامەنووسێکی ئەوروپایی، لەگەڵ ژنەکەیدا چوونەتە ئەوێ. ژنەکەی لەبەرئەو بۆگەنە خۆی پێڕانەگیراوەو گەڕاوەتەوە. من هەر باوەڕم نەدەکرد. کەچی ئەمڕۆ لە چۆمان سەرلقێکی ناسیاوم بینی، کە لەوی لەشەڕدایەو سەلماندی، کە راست و درووستەو بەدرێژیش باسی کردو وتی: بۆچی باوەڕناکەیت؟ ئێمە لەسەنگەرداین و خۆمان داکوتاوە. ئەوان یەك لەدوای یەك، هێرش دێنن و دەیانەوێ دەرمان پەڕێنن. لەگەڵ هەر هێرشێکدا، چەندانێکیان لێدەکوژرێ و جێیان دێڵن و دەکشێنەوە. لاشەکان لەوبەینەدا دەمێننەوە. نەئێمە هەقمان هەیە بەسەریانەوەو نەئەوانیش، دەتوانن بێن

بیانبەنەوە. هەردوولا بۆ ئاگربارانکردنی یەکتر لەسەر پێین. بۆیە لاشەکان لەو ناوەدا ماونەتەوە. لاشەش کە بەم هاوینە، دوسێ رۆژ بە بەر هەتاوەوە مایەوە، دیارە بۆگەن دەکا. ئیتر بۆچی بەلاتەوە سەیرە!

لێرەدا پێشنیارەکەی پێشوومم بیرکەوتەوە. وتم: بڕیارێکی وام هەیە بێم سەرێك لەجەبهە بدەم. حەزدەکەم لەنزیکەوە ببینم. پێکەنیو وتی: بەڵام لەوێ (ئەدەبو مەدەب) ناخواو کارناکا! لەوێ شەڕ هەیەو گوللەبارانو مردن. وتم: دەزانم.. خۆمن نایەم شەڕتان بۆبکەمو سوپاتان بۆ رابماڵم. من دێم بۆ یەك دوو رۆژ لەنزیکەوە شەڕ ببینم. ئەمجارە وتی: چاکە.. من هەر هەفتەو جارێك، سەر لێرە دەدەم. هەرکاتێك ویستت، ئەوە ئەوجێیەو لەگەڵمدا سواربەو دەتبەم. مەشترسە.. ئۆباڵت لەئەستۆی من.. بەسەلامەتی دەتگەڕێنمەوە. بەڵێنم دایە هەر کات ئامادەبووم، ئاگاداری بکەم.

## ٩/٢٨

١- رۆژی ئەمڕۆ، باس هەر باسی شەڕێکی گەلێ قورسی گەرووی هۆمەراغا بوو، کەسیازدە سەعاتی خایاندوە. دەووترێ لەسەرەتادا کەسوپا هێرشی هێناوە، هێزی (پ.م) یان لەگەڵێ سەنگەر هەڵکەندوە. بەڵام لەئەنجامدا بەهێرشی پێچەوانە، دراونەتە دواوەو زیانێکی گەورەشیان لێکەوتوە.

٢- لە ماوەیەك لەمەوبەرەوە، لەگەڵ برادەراندا بڕیارمان وابوو، سەردانێکی ئیبراهیم ئەحمەد بکەین. ئەمڕۆ لەگەڵ (شێرکۆو کاکەمەمو جەلالو سەلاح)دا، چووین بۆلای. دوکتۆر کەمال فوئادیشی لەلابوو. باسمان تێکەڵ بوو لەسیاسەتو ئەدەب.

## ٩/٢٩ - خانە

نۆرە مۆڵەتمە. دەستوور وایە کەئەوانەیماڵیان لەدیوی ئێرانە، دەتوانن هەردوو هەفتە جارێك سەردانیان بکەن. رەئووف ئاگاداری کردبووم کەخانم، لەزووەوە لەژوورەکەی پێشوودا نەماوەو لەگەڵ ماڵی ئەواندا، دوو ژووریان بەتەنیشت یەکەوە، لەخانوویەکیتردا دەست کەوتوە. هەر بەوەسفکردنی رەئووف دۆزیمەوە. کاتێ خانم بەڕەنگ زەردیو لێوتامیسکاوییەوە بینی،

سەرسام بووم. کەلەهۆیەکەیم پرسی، وتی: بەرێکەوت ژنێکی ناسیاوم دی‌و ئاگاداری کردم، کە ماڵی خاڵە حەمەرەشیدم لە(سەردەشت)ن. لەگەڵیدا چووم‌و لەوێ نەخۆش کەوتم. هەوکردنەکەی قورگم وەها سەری لێهەڵدامەوە، خەریکبوو بمخنکێنێ. بردیانمە خەستەخانەی ئۆردوگاو خرامە ژێر ئۆکسجینەوە. دوای دوو رۆژ ئینجا تۆزێ خاوی کردەوەو لە خەستەخانە دەرچووم. لێی پەست بووم کەبۆچی ئاگاداریان نەکردووم. وتی: ماڵی رەئووف نیازیان هەبوو، بەلاّم من نەمهێشت.

## ٩/٣٠

١- نیشتەجێکردنی خانم‌و مەزدە، سووکە (معاملە)یەکی دەوێ. بەرێکەوت (جەلال)م دی. پێکەوە چووین بۆ (شنۆ)، بۆلای لیژنەی نیشتەجێکردنی ئاوارەکان. دوای مەیسەرکردنی کارەکەم، چووین بۆ ئۆردوگای (ناڵیوان) بۆ ماڵی (عەزین)ی برای.

ئۆردوگاکە برتییە لەدەیەها ریزە چادر، کەکراون بەچەند کەرتێکەوەو هەریەکەی گەڕەکێکە. هەر گەڕەکەش لیژنەیەك لەخۆیان، سەرۆکایەتیی دەکاو ئینجا سەرۆکەکان، لیژنەی باڵای ئۆردوگا پێکدێنن. بارەگای ئەم لیژنەیەو بەڕێوەبەرانی‌تری ئۆردوگا، لەچەند ژوورێکی لەحەسیر دروستکراودان. فرۆشگایەك‌و حەمامێکی گشتیی تێدان. دەرگایەکی سەرەکیی هەیەو پاسەوانەکانی، جەندرمەی ئێرانین. بەلاّم لەناوەوە زەلامی بێچەکی خۆیان هەن، کەبەرپرسن لەپاراستنی ئاسایش. بە مەزەنەی خۆم، دە هەزار کەسێکی تێدا دەبێ. زۆربەی ئەو گیروگرفت‌و کارەساتانەی لەهەر شارێکدا هەن، لەویش روودەدەن‌و کاربەدەستان چارەسەریان دەکەن.

ئەرکی ژیاندنی خەڵکەکەی ئەوێ‌و یازدە ئۆردوگای تریش، کەبەدرێژایی نزیك سنوور هەن (ناڵیوان هەرە سەرووەو ئەهواز هەرەخواروو)، لە ئەستۆی کۆمەڵەی (شێرو خورشید)ە کەشابانوو سەرۆکێتی.

٢- ئەم خانووەی ژوورەکەمان تێدا بەکرێ گرتوە، گچکە ئۆردوگایەکە. حەوت خێزانی تێدان. چواری کوردەهای عێراق‌و سیانی ئێرانی، کەدووانیان فارسن‌و سێیەم ئازەری. خانوویەکی نۆ ژووریی کۆنی پەرپووتە. بەلاّم دوو

ژوورەکەی ئێمەو ماڵی رەئووف، تاڕادەیەك پاکن. خانمیش لەسەر پیشەی خۆی، بەو کەلوپەلە کەمەی هەمانەو بەسروشتی پاکوتەمیزی پەرستییەکەی، ژوورەکەی رازاندۆتەوە. هەردوو ژوورەکەشمان، کەوتوونەتە سەر هەیوانێکی بچووك، کەبۆ هەردوولا بۆتە مووبەق.

هەرچۆنێ بێ شادمانم. ژوورێکی خنجیلەی رازاوەو دانیشتووم، بەدەم سەرگەرمکردنەوە دەنووسم. مەزدە نوستوەو خانم، گوێ لەئێزگەی دەنگی کوردستان دەگرێ.

١٠/٤

پێرێ کاکەمەمو سەلاحم بینی، کەئەوانیش بەمۆڵەت هاتبوون و بەرەو رەزائیە (ورمێ) دەچوون. داوایان کرد بۆ بینینی شارەکە، لەگەڵیاندا بچم و منیش، بەفرسەتم زانی و چووم. وەك شارێکی رێکوپێك و پاکوتەمیز، هاتە بەرچاوم. دەکەوێتە سەر دەریاچەی (ورمێ) و ژمارەی دانیشتووانی، (١٤١) هەزار کەسە. لەڕووی نەتەوایەتییەوە،، تێکەڵەیەکن لەئازەری و فارس و کوردو بەڵام، زمانی فارسی تێیدا زاڵە.

کاکەم چووە ماڵی خاڵی (دەبابە)، کە لەوێ نیشتەجێن و من و سەلاح، چووینە ئوتێلی (گوڵشەن)ی مەڵبەندی گوردەهای لەمەڕ خۆمان. تاشەو داهات بەشەقامەکاندا سووڕاینەوە. ئەوسا چووین بۆ یانەی (گلەپ اجتماعی)، کەشوێنێکی زۆر خۆشە. ئەوەی سەرنجی راکێشام، قومارکردنەکەی بوو (قومارێکی سووک) بەئامێرێکی ئۆتۆماتیکیی کارەبایی. تمەنێکی لەدرزێکەوە تێدەخەیت و دەسکێك رادەکێشیت و ئیتر ئەگەر بەختت هێنای، لەکونێکەوە پڕ بەهەردوو مشتت، تمەنت بۆ دەڕژێتە دەرەوە. بەڵام بۆ ئێمە نەیهێناو یەکی دەپازدە تمەنێکمان، ئاووئاو چوون!.

من رۆژی دوایی بە (نەغەدە)دا گەڕامەوە. پێرێ بە (شنۆ)دا چووین. نزیکەی سەعاتەوەختێك، بەکەنار دەریاچەی (ورمێ)دا رێگامان بڕی. ورمێ و دەریاچەی ورمێ!.. ئەمانیش وەك مەهابادو سنەو سەقزو بۆکان و کرماشان و کوێ و کوێ، هەریەکەیان پێشتر جۆرە ماناو مەغزاو جۆرە شێوەو دیمەنێکیان،

لەهەستو نەستو بیرو هۆشمدا دەنەخشانو وائێستا، بوونە خاوەنی خودی خۆیان. پێخۆشحاڵم.. شادمانم.. بەختەوەرم.

٦/١٠–بابەکراوا

١– زستان بەڕێوەیە. زستانی ئێرش وەك دەڵێن، گەڵ تووشە. سەبارەت بە یەکێتی، باسمان هەر لەدەستخستنی خانوویەکە بۆ بارەگا.لە دوو مانگ لەمەوبەرەوە، هەموو ئامانەتو ڕێکخراوو دەزگاکانی شۆڕش، کەوتوونەتەخۆ بۆ دروستکردنی خانوو بۆ خۆیان. منیش لەزووەوە پێم سپێردرا، بۆ خانوویەکی کرێ بگەڕێمو نەبوو. بەڵام بەردەوامم لەسەر گەڕان.

٢– شەڕ لە جەبهەی باڵەکەوە هێشتا گەرمە. هێرشی یەك لەدوای یەکی سوپا بەردەوامەو تەقەلادەدا، تا پێش داهاتنی زستان لەتەکاندابێ بۆ پێشەوە. بەڵام هێزی (پ.م)بە سەرسەختییەوە بەری لێدەگرن، ئەگەرچی هەست دەکەم، کە قوربانی زۆر دەدەنو زیانیان لەوە زیاترە، کە لە ئێزگەوە بڵاودەکرێتەوە. هەروەها لەجەبهەی رانیەوە، هێزی (پ.م) تەقەلادەدا نەیەڵێ هێرشەکەی دۆڵی پڵنگانی سوپا، بەئەنجام بگاتو بەردەوام لە هەموو لایەکەوە پەلاماری دەدەن.

٣– بیستم(پ.م) لە ڕۆژانی پێشوودا، چەکێکی دژەتانکی نوێیان بەکار هێناوە، کە زۆر کاریگەر بووەو لە جەبهەی باڵەکەوە، جەزرەبەی گەورەیان لە تانکەکانی سوپا داوە.

٤– ئێوارە درەنگوەخت کە دنیا بەرەو لێڵبوون دەچوو، ژمارەیەك هێسترسوارم بینین بەرەو خوار بوونەوە.(٢٥) کەسێك دەبوونو بەرگی کوردییان لەبەردابوو. چەکیان پێنەبوو. بەڵام دیمەنێکی کاریکاتێریی سەیریان هەبوو. بە ئاشکرا پێیانەوە دیاربوو کە ئێرانینو ئەو بەرگەیان، بەبێ هیچ پەراوەپێکردنێك لەبەرکراوە! بەسەرزاری پێکەنینم پێیان دەهات. بەڵام لە ناخدا دیمەنەکەیان دەیهەژاندمو تەوژمێکی داخوخەفەتیان لێدەورووژاندم. لەو ساتانەداو ئێستاش وای بیر لێدەکەمەوە، کە ئەگەر ئەو هێسترسوارانە دەستەیەك مرۆڤی بیانیی گیان فیدای دڵسۆزی کوردبنو بۆ یاریدەدانی هاتبن، ئەوا جێگەی خۆشحاڵیو شانازی پێوە کردن دەبوو. بەڵام داخ کەوا نییەو چاك

دەزانم وانییە. ئەوانە کەسانێکی لە بابەتی لە شکرە ئومەمییەکەی ئیسپانیای(١٩٣٦)نین. دەزانم ئەوانە کێن و کێ ناردوونی و بۆچی و چۆن!!

٥- دیسان لەبارەی شەڕەوە.. دەووتری ئێستا سوپا، سێ لیوای لە هێزە چابووکەکانی، هاویشتۆتە کۆڕی شەڕی جەبهەی باڵەکیانەوە. لە بەرامبەریشدا(پ.م) بە چوار هێز، بەریان لێدەگرن. واتە سێ هەزار (پ.م) بەرامبەر بە دەهەزار سەرباز. بێگومان جگە لە جیاوازیی نێوانیان، لە چەك و جبەخانەو تفاقی جەنگیدا.

بەتالیۆنی هێزەکانی (خەبات و زمناکۆو ئەزمڕ) کە لە ناوچەی سلێمانییەوە هاتوون، بەیناوبەین دەگۆڕدرێن. بۆ نموونە: بە تالیۆنی خەبات دێت و بۆ ماوەیەك دەچێتە جەبهەو ئینجا، دەگۆڕدرێ بە بەتالیۆنێکی تری، کە دێن و دەچن بۆ جەبهەو ئەمان دەگەڕێنەوە سلێمانی.

## ١٠/١٠ – بەرەو لوتکەی هەڵگورد

١- کەڵکەڵەی چوونەکەم بۆ سەر لوتکەی هەڵگورد، سەری گرت و هاتەدی. لەو رۆژەوەی لە ناکاوێکدا لە مێشکمدا بروسکەی داو بە عەبدولخالقم راگەیاندووتی:باشە، کەوتمە باسکردنی لەگەڵ برادەرانی نزیکمداو زۆریان بڕیاری هاتنیاندا. کەچی کاتێ بەکردەوە دەستمان کردە جێبەجێکردنی، هەموو بەرودوا پاشگەز بوونەوەوماینەوە، تەنیا من و عەبدولخالق و ئیتر لە دوێنێوە، کەوتینە ئامادەکردنی کەلوپەلی پێویست. شەومان لە ماڵی ئەو لە چۆمان بەسەربردو بەیانییەکەی لەگەڵ تاریکوپووندا، کەوتینەڕێ.

سەعات نۆو نیو، گەیشتینە ناو باخەکانی گوندی گوندی (وەردێ). لەوێوە راست شانی کووڕی چیای (ئاشان) بوو. سەعات دەو چارەك، گەیشتینە سەرەوە. گوندی (ناوەندێ)مان لێدەرکەوت. بەسەر شانەکەوە ئاشێکی ئاو بوو. لەسەر جۆگەی ئاوی ئاشەکە، بۆ حەوانەوە کەمێ دانیشتین. ئەوە یەکەم حەوانەوەمان بوو. ئینجا بەرەو ناوەندێ داکشاینە خوارەوە. رێگەمان نەکەوتە ناو دێ. سەروو ئاوایی بە پردێکدا، کە بریتی بوو لە قەدی دوو داری گەورەو

رایەڵ کرابوون، لە ئاوی بەخوڕی ناو دۆڵەکە پەڕینەوە. ئیتر لەوەبەدوا کەوتینە هەڵکشان بەرەو هەڵگورد. من لەو کاتەوەی لە ماڵ دەرچووین و گەیشتینە ناو باخەکانی وەردێ، کامێرام خستە کارو یەکەم وێنەم گرت. دڵم بە کامێراو وێنەگرتنەکەم خۆشە.

سەعات دووازدە دانیشتین بۆ نانخواردن و حەوانەوە. ژێر پیرە دارگوێزێک بوو. سەر چۆراوگەی کانیاوێک، کەلەوە دەچوو سەرچاوەکەی دووربێ. نان‌خوراو حەواینەوە. مەتارەکانمان پڕکردنەوەو کەوتینە سەرکەوتن. گەیشتینە ئاستی هۆبە رەشماڵێک. لە تەختانییەکدا هەڵیان‌دابوو. دوو سێ سەگ شالاویان بۆ هێنایین. کوڕە لاوێک هات بەدەنگەوەو دووری خستنەوە. خوڵقی کردین و لامان‌دا. کەمێ دانیشتین و دۆمان خواردەوە. کە پرسییان ئۆغربێ و وتمان: بۆ سەر هەڵگورد، بە لایانەوە سەیربوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئامۆژگارییان کردین کەشەو لە لایان بمێنینەوەو رۆژی دوایی، لە بەرەبەیانەوە بەرێ بکەوین و بەقسەمان نەکردن.

سەعات سێ گەیشتینە سەر جۆگەلە ئاوێک. هەم ماندوو بووین و هەم دیمەنەکەمان بەلاوە دڵگیربوو. بەرەوژوور هەڵگوردەو سەری لە ئاسمان توندکردوە. زەبەللاح دێتە بەرچاو. بەرەو خوار، جۆگەلەکە بەخۆڕ شۆڕدەبێتەوەو لە پێچێکدا، لە چاو ون دەبێ. بەرەو خوارتر لە قوڵاییدا، هاژەی ئاو دەبیسین و خۆی نابینین. لەوبەرەوە، درێژەی کێوی ئاشانەو خوارەوەی، ناوەندێ و باخەکانین و نابینرێن. رۆژ بەلای ئاوابووندا، هێشتا بەسەر سنگی ئاسمانەوەیەو کەچی، تیشکێکی خاوو خلیچکی دەگاتە لای ئێمە.

لەسەردا ژن و پیاوێک و گوێدرێژێک، داگەڕانە خوارەوە. پیاوەکە سڵاوی کردو پێوەی دیاربوو، کە لێمان سەرسامە!. دەریشی بڕی و وتی: ئەرێ براینە حەز دەکەم بزانم، روو لە کوێ دەکەن؟!. من وتم: دەمانەوێ بچینە سەر هەڵگورد. دوای تاوێ رامان وتی: بەخێر چن. تێدەگەم. زۆرم دیون هەروا بۆ گەڕان سەرکەوتوون. بەڵام. نازانم بڵێم چی!. کەسم نەدیوە لەم وەرزەدابچێ!. پرسیم: بۆچی؟!. وتی: وەختێکی خراپە. دەبوو دوومانگ یا مانگێک لەمەوبەر بهاتنایە. پرسییشی: تەنیا بەمەبەستی گەڕان دەچن؟. وتم: بەڵێ. وتی: ئەی بۆ

ئایخەنە هاوینی داهاتوو؟. وتم: ئەوسا خوا دەزانێ ئێمە لە کوێین!. ئیتر ئاوڕێکی بەلای ژنەکەو گوێدرێژەکەدا دایەوە، کەدوور کەوتبوونەوە. وەك لەپڕ بیری بکەوێتەوە کە هەقی چییە بەسەرەوە، بە پەلە خواحافیزی کردو ڕۆیشت.

سەعات سێ و چارەك، ملمان پێوەنایەوە. دوای کەمێ تووشی هەورازێکی کووڕی تر بووین و خراپی ماندوو کردین. لەوەبەدوا شانەوشان،بەم گردو بەو یاڵدا ڕێگامان بڕی. ڕۆژمان بەئاسمانەوە لێدیار نەما. تەنیا تیشکی خاویمان، بەسەر لوتکەی چیاکانی بەرامبەرمانەوە دەدی. هەستمان کرد دەکەوینە چۆڵەوانییەوەو دنیامان لێخامۆش دەبێ. تەنیا بەلای دەستەچەپمانەوە لە قووڵاییدا، هاژەی ئاوی ناو دۆڵەکەمان دێتە بەرگوێ و ئیتر، هیچ شوێنێکمان لێوە دیار نییە، نیشانەی ئاوەدانی بنوێنێ.

ئێستتا سەعات شەش و نیوە. ڕاست لە بنی لوتکەی هەڵگورددایین. نیوسەعات لەمەوبەر گەیشتین. شوێنهەوارگەی ڕەوەندەکانە. دنیا روو لە لێڵبوونە. بڕیارمان وایە شەو لێرە بەسەر بەرین. بن تاشەبەردێکی زەبەلاحمان هەڵبژاردوە، کە جگە لەوەی خۆی نیمچە ئەشکەوتێکە، بەردەمەکەیشی بە گاشەبەرد هەڵچنراوە. هەروەکو تاوێرێکیش بەتەنیشتییەوە، بۆی بۆتە شوورەیەك. ئێوارەیەو هەست بە سەرما دەکەین. وتم: تا دنیا تاریك نەبووە، بابگەڕێین بۆ چیلکەو چەوێڵ. شوێنێکی تەواو رووتەنە. پاشماوەی ڕەوەندەکان بەفریامان کەوت. هەندێکی باش، بنچك و چیلکەو چەوێڵ و تەپاڵەمان کۆکردەوە. هێندەشی پێمان کرا، دڕکوداڵ و کەرتەشی و گەڵاکنگری وشکمان، کۆکردەوەو گواستمانەوە بۆ ناو حەوشەکە. بەدەمییەوە پارچە دەوارێکی شڕو دووسێ کەواو شڕواڵە کۆنی دڕاومان دۆزییەوە. ئەوانەشمان بۆ ڕاخەر بەکارهێناون.

ئێستا لە هیچمان کەم نییە. ئاگرمان کردۆتەوەو خەریکی ئامادەکردنی ژەمەخواردنی ئێوارەین.

٢- سەعات نۆیە.. گڕی ئاگرمان خۆش کردۆتەوەو لەبەری دانیشتووین. عەبدولخالق تفەنگەکەی لەبەردەمیدا ڕاکشاندوەو شانی داداوەو من دەنووسم. دەرەوە تاریکستانێکی ئەموستەچاوە. هیچ شتێك تەنانەت وەك تارماییش،

بەدی ناکەین. تۆ بڵێیت ڕووناکیی ئاگرەکەبێ بە شەوارەم بخات؟!. هەڵدەستم و تفەنگەکەم دەکەمە شانم و دەچمە دەرەوە. هەڵدەڕوانم و دڵنیادەبم: ئا... تەواو ئەموستەچاوە. لەماوەیەک لەمەوبەرەوە، گرمەی تۆپمان دێتە بەرگوێ. دیارە لەبەرەی جەنگەوەیە. شەوانی پێشووش کە لەماڵەوەبووین دەمانبیست، بەڵام لێرەوە زۆر ڕوونتر. دەگەڕێمەوە بەر ئاگرەکە. لەسەر ئەو بەردە هەڵدەتروشکێمەوە، کە لە نزیک ئاگرەکەوەم دانا بوو. کلاشینکۆفەکە دەخەمە سەر کۆشم. ئاگرەکە بەکزی دەسووتێ. دەرەوە ئەموستەچاوە. دەڕوانمە ئاسمان. هەزارەها هەزار ئەستێرەی کز.. گەش.. گەشترو گەشترین، پێوەی دەبریسکێنەوە. چاو دەگێڕم و ڕاست ڕووبەڕووم دەیبینم. ئەستێرە گەشەکەی خۆم.. خانمەکەم دەبینم. دە ساڵ هەژدە ڕۆژ کەم لەمەوبەر، کە بووینە هاوسەری یەکتر، یەکەمجار ئەو سەرنجمی بۆ ڕاکێشاو وتی: (لەلای من ئەوە تۆیت!). ئیتر لەو وەختەوە، لەلای منیش بووە خانم و ئەوەتا لەبەر چاومە.

٣- سەعات یەکی دوای نیوەشەوە. خەو زۆری بۆ عەبدولخالق هێناو بڕیارماندا، ئەو بخەوێ و من ئێشک بگرم. ئێستا ئەو خۆی ئاخنیوەتە بن تاشەبەردەکەوەو پرخەی دێ. منیش ئاگرەکەم خۆش کردۆتەوەو بەدیارییەوە دانیشتووم. دەزانم سووتەمەنییەکەمان کەمەو دەبێ دەستی پێوە بگرم. بۆیە هەتا سەرما زۆرم بۆ نەهێنێ، نابێ خۆشی بکەمەوە.

تاوناتاوێ دەنگی تۆپم هەر دێتە بەرگوێ. تاوناتاوێ هەڵدەستم و پیاسەیەک بە حەوشەکەو دەوروبەریدا دەکەم و خەو لەچاوم دەتارێنم. تاوناتاوێ خشپەیەک یا ورتەیەک یا دەنگەدەنگێک لە دوور دەبیسم، کەوا دەزانم بەرەو لای ئێمە دێ. بۆی گوێقوڵاغ دەبم و لە هاژەی ئاوی ناو چەمەکەی خوارەوە زیاتر، هیچی تر نابیسم.

ئێستا سەعات یەکی دوای نیوە شەوە. عەبدولخالق هەر پرخەی دێ. مانگ هێشتا هەڵنەهاتوەو ئەموستەچاوە. خەو ملەلارەی پێخستووم. دەترسم بەلادابێم و بکەوم بەسەر ئاگرەکەدا. ئیتر بەسە. دەبێ عەبدولخالق بە ئاگابێنم و من بخەوم.

## ١٠/١١ - سەر لوتکەو گەڕانەوە

١- سەعات شەش کەم چارەك، بەخەبەر هاتین و بەڕێ کەوتین. دوای جێهێشتنی هەوارگەی رەوەندەکان، بەیالێکدا سەرکەوتین کە دەیکردە بناری پۆپەی هەڵگوردو لە تەختانییەکیدا، هەوارگەیەکی تری خێڵە رەوەندێکی تر بوو. ئەمیان فراوانتربوو. گەلێ شوێندەوارمان بینی، کە چوار دەوریان نیو مەترێك بەرز، بە کەڵەکەبەرد هەڵچنرابوون. لە خوار تەختانییەکەدا، ئاوی دۆڵەکەی خوارەوە بوو، کەلێرەدا بریتی بوو لە تەنیا جۆگەلەیەك .

٢- سەعات شەش‌و نیوە. دنیا تەواو رووناك بۆتەوە. لەخوار تەختانییەکەدا، لەگەڵ جۆگەلەکەدا یەکتر گیربووینەتەوە. دانیشتووین بۆ نانخواردن‌و بەدەمییەوە هەڵدەڕوانم. بەلای دەستەڕاستمدا، لوتکەی هەڵگورد بەسەر سەرمانەوەیە. بەرامبەرم هێشتا هەرکێوی (ئاشان)ەو کەوانەیی، تاپشتی (وەردێ) بەرەوخوار دەکشێ. دەستەچەپم بەسەر چیاکانی دەوروبەری چۆماندا کراوەیە.

سەعات حەوت، پێش ئەوەی بکەوینە رێ بە عەبدولخالقم وت: باشتر وایە بارمان سووك بکەین و ئەوخۆراکەی، لەسەرکەوتن و دابەزینماندا پێویستمان پێی نییە، لە شوێنێکدا حەشاری بدەین. پەسەندی کردو لە توورەکەیەکدا، حەشارمان دایە بێخی کونێکی بن تا شەبەردێکەوە.

٣- زۆر دوور نەکەوتینەوەو قوڕولیتاوێکمان تووش هات. لەسەرووەوە ئاوی کانییەك، پەرتوبڵاو شۆڕدەبۆوە و ئەو لیتاوەی درووست دەکرد. ویستمان خۆمانی لێلابدەین و لە بەرفراوانیی ماوەکەی، بۆمان نەکراوبەتایبەتیش بەو مەبەستەی کە رێگاکە ون نەکەین. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ ملمان پێوە ناو تێیکەوتین، پشتمان بەو شوێنپێیانەی وڵاخ بەست کە دەمانبینین. قوڕولیتە وردەوردە کۆتایی هات وگەیشتینە وشکانی، بەڵام رێگا دیار نەبوو!. راوەستاین. بەرەوژوور هەڵمانڕوانی و هیچ شوێنەوارێکی رێگامان نەدی. وەرچەرخاین‌و ڕوانیمانە دواوە. قوڕولیتەو شوێنپێیکان‌و بەوبەریەوە، وشکانی‌و شوێنی دانیشتنەکەمان بوون. ماوەیەك ڕاماین. بڕیارماندا

بگەڕێینەوەو لە نووکەوە دەست پێبکەینەوە. وامان کردو هەریەو ئەنجامە گەیشتین.

٤– سەعات حەوت‌و نیوە. ڕاوەستاوین هەڵدەڕوانین و وردی‌دەکەینەوە. ئێستا ئێمە تەواو لەبنی لوتکەی هەڵگورددایین . بەرامبەرمان ئاودڕێکە لە شێوەی نیمچە دۆڵێکداو یەکسەر، بەرەو پۆپەی لوتکە هەڵدەکشێ. من دەڵێم : چش!.. با بەوێدا ملی پێوەبنێین. کێ دەڵێ ڕێگاکەش هەر بەوێدا نییە؟!. عەبدولخالق دوودڵە. دەڵێ : شوێنەواری ڕێگای پێوە دیار نییە. کێ دەڵێ سەرمان دەخا؟!. من قایلی دەکەم‌و ئەوەتا رووی تێدەکەین.

٥– سەعات یازدەو چارەکە. کاتێ هاتین تەنیا هێندەمان خۆش بوو، تا پێمان نایە ناو تەرتەکەی دەم ئاودڕەکەوە. لەوەبەر بەزۆر شوێنی سەخت‌و زەحمەتتدا ڕێم‌کردبوو. لمانی .. زیخەڵان.. بەردەڵان.. تاشەوتاش.. دەشت‌ودەری پاش باران‌و سەفرەو زەروونیش. بەڵام وەك ئەمیان، هەرگیز نەء!. ئەمیان بریتی بوو لەهەنگاوێك بۆ پێشەوەو دوو بۆ دواوە. یا هیچ نەبێ یەك بە یەك‌و دەئینجا وەرە بگەرە شوێنی مەقسەد. بەهەرحاڵ، کاتێ من هەر چۆنێ بوو خۆم دەربازکردو گەیشتمە بەردەمی ئاودڕەکە، عەبدولخالق هێشتا لەگەڵیدا لە زۆرانبازیدا بوو. من حەوامەوەو ئاوم خواردەوەو جگەرەیەکم داگیرساند، ئەوسا ئەو گەیشتە لام‌و داڕمایە سەر زەوی. خیزەی سنگی وەك دەنگی دەفێك دەهاتە بەرگوێم. کاتێ حەسایەوەو ڕاست بۆوە وتی: ئەمە سەرەتاکەی بێ، ئاخۆ کۆتاییەکەی چۆن دەبێ؟!. من وتم: قەت نابێ لەم سەرەتایە دژوارتربێ.

٦– سەعات یەکی دوای نیوەڕۆیە.. پێش ئەوەی بکەوینە سەرکەوتن، کەمە دوودڵییەك دایگرتین بەتایبەتی عەبدولخالق کە دەترسا، لە شوێنێکدا گیر بخۆین‌و ناچاری گەڕانەوە ببین‌و ڕەنجمان بەزایە بچێ. بەڵام دیسان قایلم کردو هاتین..... دوای کەمێ سەرنجمان‌دا، هەور وردەوردە بەری ئاسمانمان لێدەگرێ. لە سەعات دووازدەو نیودا، بووە هەورێکی تاڵ‌و نمە بارانێکی بەسەردا پرژاندین. لەوەی تێنەپەڕاندو خۆشی کردەوە.

لە زۆر شوێندا بەچنگەکڕێ سەردەکەوتین. منی بە لەشولار سووکەڵە، ئاسان هەڵدەزنام‌و پێش دەکەوتم. ئەو دوا دەکەوت. زۆر جار رادەوەستام‌و

چاوەڕێم دەکرد تاپێم بگاتەوە. لە یەکێك لە جارەکانی دوورکەوتنەوەمدا لێی، زرمەی فیشەکێکم هاتە بەرگوێ کە ئەو تەقاندی. بەپەلە بانگم لێکرد کە تەقەنەکا. وەهام لێکدایەوە کە ڕەنگە ببێتە هۆی، هەرەسهێنانی تاشەبەردە بە مولەق وەستاوەکان. لەوەبەر شتێکی لەم بابەتەم بیستبوو، یالە فیلمدا دیبووم. کە گەیشتە ئاستم و لێم پرسی بۆچی؟!. وتی:مڕەی دەعبایەکم بیست و، بۆ ترساندنی، ئەو فیشەکەم تەقاند. ڕاستیشی دەکرد. منیش لەو ئاستەدا ئەو مڕەیەم بیست و بەڵام، باوەڕم بەگوێی خۆم نەکردو بەڕێی خۆمدا هاتم.

سەعات یەکەو من ئێستا گەیشتوومەتە سەر لوتکە. هەستێکی شادمانی دایگرتووم. دانیشتووم و دەڕوانمە عەبدولخالق، کە هێشتا بیست هەنگاوێکی ماوە بگاتە لام. بانگی لێدەکەم کە خۆیەتی و گەیشتووین. دەبینم تین دەداتە بەر خۆی و بە خێرایی سەر دەکەوێ. سەیری خوارەوە دەکەم. دەڵێیت لە ناو فڕۆکەیەکدام و لە ئاسمانەوە دەڕوانمە سەر زەوی. تەرتە لەعنەتیەکەی دەم ئاودڕەکە، هێندەی لەپەدەستێك و بەڵام سێ گۆشە، دێتە بەر چاوم!

٧- سەعات دوو

ڕاست بوو گەیشتبووینە سەر لوتکە. بەڵام لوتکە تەختانییەك بوو، کە چوار قوتکەی لێدەبۆوە. سەیرمان کرد ئەو دووانەی بەسەر دیوی پشتەوەدا (لە باری سەرنجی ئێمەوە) دەڕوانن، بەرزترینن و دووەکەی تر، کە بەسەر چۆمان و حاجی هۆمەراندا دەڕوانن نزمن. ئەگەرچی ئەوەش نین لەیەکتر دابڕابن، بەڵکووو تەختانییەکە بۆیان دەبێتە بنەمایەکی بەیەکەوە بەستن.

بێگومان ئێمە ڕوومان کردە ئەوانەی، بەسەر چۆمان و حاجی هۆمەراندا دەڕوانن. بە نشێوێکدا ڕابوردین. کە پەڵە بەفرێکی ساڵی پاری پێوەمابوو. سەروو نشێوەکە کە بۆ پشتمەوەمان هەڵڕوانی، ناوچەی بارزانمان کەوتە بەر چاو. تەختانیی لەوە بەدوا ڕوو لەبەرینی بوو. لەوێدا لە چەندین شوێندا، گابەردم دەدین سیان و چوار نرابوونە سەر یەك وپێم سەیر بوو!. عەبدولخالق بۆی باس کردم کە ئەوانە (نەزر)ن!. پێشتر خەڵکانێك هاتوون، لەسەر یەکیان داناون و نەزریان کردوەو دواتر، دێنەوە بۆ ئەنجامەکەی!. بەلای ڕاستدا ڕووەولێواری لوتکە لاماندا، کە دەمان زانی بەسەر چۆماندا دەڕوانێ. لە زووترەوە دیسان هەورێکی تاڵ، بەری ئاسمانی سەر لوتکەی لێداگرتبووین.

هەورە تاڵەکە دایداو لێی کردینە کڕێوە. لە خوارەوە هێشتا، یەکەم نمە بارانی پایزە داینەداوەو لێرە، کردوێتییە کڕێوەی چلەی زستان. بەڵام هەست بەسەرما ناکەین.

ئێستا ئەوەتا لەسەر لێواری لوتکەی هەڵگورد، رووەو چۆمان دانیشتووین. بەڵام چی دەبینم؟!. دیمەنێکی هێجگار شیرین و جوان!.. پێی مەست دەبم.. نەشوەیەکی تەلیسماویم دەداتێ. هەست دەکەم بوومەتە باڵندەیەك وفڕیوم. بە ئاسمانی بەریندا فڕیوم و هاتووم، لەسەر ئەم کەشکەلانە نیشتوومەتەوە.لێرە لەسەر ئەم کەشکەلانە، کڕێوەکە توندی کردوەو دوورنییە بیکاتە زریان. لە کاتێکدا لە چۆمان کە دەڵێیت لە قووڵایی بیرێکدایە، خۆرەتاوێکی گەشەو جموجووڵیش تێیدا، لە جموجووڵی ناو شارە مێروولەیەك دەچێ!. بینایی لەو لادەدەمو دەڕوانمە بەرەوخواری. هەتا چاو بڕبکا، زنجیرە چیا بڵندەکان و لێرەوە، وەك زنجیرە گردۆڵکە دێنە بەر دیدە. هەمووش تارایەکی شینیان بەسەردا دراوە. عەبدولخالق دەڵێ: ئەوانەی شەو لێرەماونەتەوە دەڵێن، گوایە ئاگرەکەی بابەگوڕگوڕی لێوە دەبینرێ!.

٨- سەعات سێ

لەبەر ئەوەی ناتوانین شەو بمێنینەوەو دەشبێ پێش داهاتنی تاریکی بگەینەوە خوارەوە، هەڵپەی بینینمانەو دەبێ پەلە بکەین. دیوی چۆمانمان بەجێهێشت و هەر بەلێواردا، وەرگەڕاینە لای دیوی حاجی هۆمەران. ئێستا ئەوەتا بە جادەی قیرتاودا بینایی سەردەخەم. چۆمانم لێبزرە. لە دەربەندەوە لێمان دیارەو سەرەوژوور، بابەکراواو بارەگای یەکێتی و رایات و ئازادی و حاجی هۆمەران و دۆڵەرەش وسەرسنوورو پاسگەو کێوەکەی پێش دەمی خانەوخانە خۆی و دەشتی لاهیجان و دەوروبەری، هەموو وەك لەسەر رووی نەخشەیەك بن و لەبەر دەممان‌دا دانرابێ و تێیبڕاوانین وەهان.

کەمێکی تر بەدەستە چەپدا خول دەخۆین. لە دوور شاری (شنۆ) و تەنانەت ئۆردوگای (نالیوان)یش دەبینین. کەوابێ ئێمە لە ناو فڕۆکەیەکداین چووبێتە بنی ئاسمان، نەك سەر لوتکەی چیایەك. دەنا چۆن باوەڕ بەخۆت دەکەیت، کە گوایە پێت لەسەر زەوییەو کەچی دەتوانیت، هەموو ناوچەی بارزان و چیای زۆزك و هەندرێن و کارووخ و سەکری سەکران و شاری چۆمان و

حاجی هۆمەران و خانەو دەشتی لاهیجان و شنۆو نالیوانیش لە قوولاییدا ببینیت؟!. لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێم بەداخەوە، کە کەرتێکی بازنەکەی نێوان شنۆو بارزانم، بە هۆی قوتکەیەکی دەوری تەختانییەکەوە (کە بەرزترینیانە)، لێدیار نییە. دەبیٚ سەرکەوینە سەری و ئەوسا، ئەو کەرتەش ببینین. من بەنیازم و عەبدولخالق وریام دەکاتەوە، کە سەرکەوتن و دابەزینی بەلایەنی کەمەوە ؛ سیٚ چارەك سەعاتی پێدەویٚ. ئەوەش بۆ گەڕانەوەمان بۆ خوارەوە پێش تاریکی، کاتێکی زۆرە.

لێوار جێدیلێین تا بەرەو ئەو شوێنە داکشێینەوە، کە لێوەی گەیشتینە سەر لوتکە. کەچی چۆن لەخوارەوە بێپەروا ڕێگامان لێون بوو، ئاوەهاش ئەوەتا لە ناکاوێکدا خۆمانی لەسەر دەبینینەوە!.. ڕێگایەکی بەئاشکرا دیاری پانوپۆڕو بەلاشانێکی کووڕدا، بەلام بەدیوی لای ڕۆژئاوای باکووریدا(رووەو گوندی رۆستیٚ)، شۆڕ دەبێتەوە!.

٩- سەعات چوارو نیو

گەیشتوینەتەوە هەمان شوێنی دانیشتنەکەی بەیانی بۆ نانخواردن، کە بەدوایدا ڕێگامان بزرکرد. دەرکەوت ئەگەر بەیانی کەمیٚ زیاتر بەرەوپێش بچووینایە، ئاسایی دەگەیشتینەوە سەر ڕێگاکەو سیٚ چوار سەعات کاتمان بۆ دەگەڕایەوە.

بەهەرحاڵ، ئێمە لە دابەزیندا بۆ ئەوەی تاریکیمان بەسەردا نەیەت، بە لۆقەو نیمچە ڕاکردن داکشاینە خوارەوە. لێرەش نیازی ڕاوەستمان نییە. ئەوەتا ئەو شتانە هەڵدەگرینەوە، کە بەیانی شاردماننەوەو دەکەوینەوە ڕیٚ.

١٠- سەعات نۆ چارەك کەم - مزگەوتی (ناوەندیٚ)

کەوتینە پێشبڕکیٚ لەگەڵ کاتدا. دوو سەعاتی‌ترو پەردەی تاریکی دادەکشیٚ و دبێتە ئەموستەچاو. نەمان دەویست لابدەینەوە هەوارگەکان و شەویان تێدا بەسەر بەرینەوە. بڕیارمان وابوو بگەینەوە ماڵەوە. دیسان بە لۆقە دامانەوە بەری. بەلام بێسوود بوو. ئەو ماوەیەی درێژیی ڕۆژی پێشووی خایاند (باسەر بەرەو ژووریش بووبیٚ)، بە دوو سەعات نەدەبڕدرا(با سەربەرەوخواریش بیٚ). لەگەڵ ئەوەشدا باش هاتین و کاتیٚ تاریکی باڵی

کێشا، ئێمە لەگوند نزیک بووبووینەوە. ئینجا ئەو دوو لایتە دەستییەشی کەپێمان بوون، کەمێ خەمی ئەو تاریکییەی پاشماوەی ڕێگاکەی، لێکەم دەکردینەوە. بەڵام کاتێ هاتینە سەر بەکارهێنانیان، دوو کۆسپی گەورەمان لەبەردەمدا زەق بوونەوە. یەکەمیان لەلایتەکەی جەنابمەوە بوو، کەچوو بە قیرداو دانەگیرساو نەگیرسا!! بەوەش دەبوو پەنابەرینە بەر لایتەکەی عەبدولخالق، بۆ ڕۆشنکردنەوەی بەرپێی هەردووکمان، کەلە زۆر جێگادا یەك بەدوای یەکدا، بە هەڵدێردا دادەخزاین‌و ئەوەش وای دەخواست، ئەو پێش بکەوێ‌و بەرپێی خۆی رووناك بکاتەوەو منیش بە دوایدا، بەو مەرجەی دووبەشی رووناکییەکە بەر ئەو بکەوێ‌و بەشی سێیەمی بەر من!. ئەو بە حوکمی ئەوەی لایت بەدەستەکە بوو، دەبوو بەردەوام لەنگەری ئەو (موعادەلەیە) رابگرێ‌و بزانێ چۆنی رادەگرێ. بەڵام ئەوە کارێکی ئاسان نەبوو. هەندێ جار سەری دەکردو لەتاو خۆی، منی بێبەش لەبەشەکەم دەکردو دەقەوما. یا ئەوەتا هاوارم لێهەڵدەساو خێرا بەشەکەی دەدامەوە. یا کوێرانە هەنگاوم دەناو هەڵدەنووتام‌و رەتم دەبردو دەکەوتم‌و ئەوسا، دەگەڕایەوە سەرم‌و بەشەکەی دەدامەوە!.

چارەکە سەعاتێ بەو جۆرە هاتین. ئەو کاتە بەسەر توولەڕێییەکەوە بووین‌و لەپڕ لێمان بزر بوو. ماوەیەك بەچوار دەوری خۆماندا خولاینەوەو نەمان دییەوە. ناچار هەڕەمەیی رووەو سەگوەڕ هاتین‌و زۆری نەبرد، کەوتینەوە سەر ڕێگاکە، کە هێشتا هەر توولەڕێیەکە بوو، بەڵام ئێستا بەسەر شانێکەوەیە کە بەلایەکماندا چڕستانێکەو ئەوەکەی ترمان، هەڵدێر بۆ ناو چەم. هەر لێرەداو لەناکاوێکدا، کۆسپی دووەممان لێهەڵتۆقی!. لە هەموو لایەکی ناو گوندو دەورووبەرییەوە، بوو بە تەقەو بەتایبەتی بە فیشەکی گڕدار. من نەمزانی مەسەلە چییە. عەبدولخالق وتی: ئەوە لەگەڵ ئێمەیانە. دەیانەوێ ئاگادارمان بکەن لایت دانەگیرسێنین، نەکوو لەو کاتەدا فڕۆکە بێت‌و بۆردومان بکا. دۆخێکی سەیر تێکەوتین!. ئێستا چی بکەین باشە؟!. توولەڕێیەك‌و هەڵدێر دەمی بۆ

داچەقاندووین!. ماوەیەك لە جێی خۆمان چەقین و راماین. تا ناچار کەوتینە فیڵکردن. بۆ ماوەی دوو سێ دەقیقە دامان دەگیرسان و بەخێرایی دادەخزاین. دەیانکردەوە بە تاقوتۆق و دەمانکوژاندەوەو ئیتر هەروەها، تا لە ئەنجامدا وەك لێمان حاڵی بووبن وازیان هێنا.

گەیشتینەوە سەر پردە دارەڕاکەی بەیانی. بڕیارمان وا بوو بەردەوام بین و بگەینەوە چۆمان. هێجگار ماندوو بووم و هەستم کرد لەنگەری خۆمم بە پێوە، بەسەر پردەکەدا بۆ راگیر ناکرێ. بەچوارپەلی بەسەریدا پەڕیمەوە. بۆ کەمێ حەوانەوە دانیشتین. کە وەزعی خۆمان ورد کردەوە رامان گۆڕی. دەبوو بەو تاریکییە بە چیای ئاشاندا هەڵزنیینەوە. بڕیارماندا رێگای ئاسایی نێوان (ناوەندێ – وەردێ – جادەی قیر – چۆمان) بگرینە بەر. لەولای پردەکەوە ماڵێك بوو. پرسمان پێکردن و چۆنێتیی چوونە سەر رێگایان نیشان داین. ئەوە ماڵێکی تەریکی گوند بوو. دەنا مابوومان بگەینە ناو خودی گوند. دیسان بەچوار پەلی پەڕیمەوە. دوای پێچەبەدەورەیەکی زۆر، بەناو باخاتێکی چڕداو دوای گەلێ رەتبردن و کەوتن و هەڵنووتان، بە لە پەلوپۆکەوتوویی گەیشتین. ئینجا قوڕولیتەو سێڵاوی کوڵانەکانیشی هاتە بان. بە کورتی بە دەردێك چووبووین، کە دەبوو خۆمان بگەیەنینە نزیکترین شوێنێك، بتوانین خۆمانی تێدا لێبدەین بەزەویدا!.. ئەویش بێگومان مزگەوت بوو.

ناو هۆڵی مزگەوت، لەمن و عەبدولخالق بەولاوە کەسی تری لێنییە. تەنانەت مجەوریش دیار نییە. چرا ناسووتێ و لایتەکە بۆ نووسین بەکار دێنم. ئێستا کاتی ئەوەیە لەخۆم بپرسم: ئایا چوونە سەر لوتکەی شاخێك یا بەرزترین شاخی کوردستانیش بێ، ئەو ماندووبوونەی دەهێنا؟. لەوەرامدا رانامێنم و دەڵێم: ئا بەڵێ.. دەیهێنا. چونکە تۆزقاڵێکی تر دنیام دی. چەند سەعاتێکی تر پڕوچڕ ژیانم بەسەر برد. چوومە سەر هەڵگورد.. چەند کەس

چوونەتە سەر هەڵگورد؟!. لەوێوە بەهەر چوار لادا خوارەوەم دی.. چەند کەس لەوێوە خوارەوەیان دیوە؟!. لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمدا بەفرم بەسەردا باری.. چەند کەس لەم وڵاتەدا، لەو وەرزەدا بەفری بەسەردا باریوە؟!. دەیهێنا و خۆشحاڵم.. ئەوەتا لە پەلوپۆشی خستووم‌و کەچی خۆشحاڵم!.

١١- سەعات یازدەو نیو

خەوتبووم‌و دەبوو هێز نەبێ بەئاگام بێنێ. کەچی سەرما بەئاگای هێنام. عەبدولخالقیش وەك منی بەسەر هاتبوو. لایتەکەی داگیرساندو ئاڕاستەی ئەو دەستە نوێنەی کرد، کە لەسەرەتادا وامان دانا هی مجەورەکەیەو دەستمان بۆ نەبرد. ئێستا وا نیوەشەوەو مجەور دیار نییە. عەبدولخالق چوو هێنای. دۆشەك‌و بەتانی‌و لێفە بوو. ئەو ویستی دۆشەك‌و لێفەکە بدا بە من‌و رازی نەبووم. تەنیا بەتانییەکەم لێوەرگرت‌و خۆمم تێوە پێچا. ئیتر خۆمان لێدایەوە بە زەویدا بخەوین‌و ئەوەتا ئەو پرخەی دێ. بەڵام من هەر بە پاڵکەوتنەوە، لایتەکەم داگیرساندوەو دەنووسم.



بەرەو هەڵگورد













هەڵگورد

١٠/١٢ - بابەکراوا

١- بەرەبەیان لە ورتەورتی نوێژکەران بەخەبەر هاتین. دەبوو هەڵسین بچینە ریزو خۆمان کرد بە نوستوو. دواتر راست بووینەوەو لە سەعات حەوتدا، ئامادەی بەرێکەوتن بووین. چاومان بۆ مجەور گێڕا بۆ سوپاس و خواحافیزی و نەبوو. هەندێ گوێز لە سووچێکەوە هەڵدرا بۆوە. عەبدولخالق مرخی لێخۆش کردو چنگێکی لێکردە کۆڵەپشتەکەیەوە.

٢- سەعات هەشت و نیو، گەیشتینە سەر جادەی قیر. لەوێدا عەبدولخالق بەرەو چۆمان و من بۆ ئێرە، لەیەکتر جودا بووینەوە. بەوە سەفەرە چل و هەشت سەعاتییەکەمان بۆ سەر هەڵگورد کۆتایی هات، کە گەلێ پێی شادمان بووم.

٣- لە سەعات یەک و نیودا، لە کاتێکدا لە چادرەکەماندا (بارەگای یەکێتی) پاڵ کەوتبووم بۆ حەوانەوە، سمکۆ ناکام لەو دیوەوە هاتەوەو نامەیەکی خانمی بۆ هێنام. نووسیبووی کە نەخۆشە. هەرچەندە زۆر ماندوو بووم، بە پەلە چووم مۆڵەتم وەرگرت و وەرەقەی پەڕینەوەم بۆ سبەی بەیانی بۆ کرا، چونکە لەسەعات یەکەوە پەڕینەوە بۆ ئەودیو قەدەغەیە.

٤- شەو فاروق و سامی هاتن و لەگەڵ سمکۆو کامل ژێردا، پێنج قۆڵی دانیشتین. بوو بە دەمەتەقێیەکی توندو تیژ. کامل بەتەنیا لەلایەکداو ئێمەش لەبەرامبەریدا. تا درەنگوەختێکی خایاند.

١٠/١٣ - خانە

١- بەیانی سەعات هەشت لەگەڵ کاملدا (کە ئەویش مۆڵەتی بۆ سەردانی خێزانی لە نەغدە وەرگرتبوو)، پێکەوە هاتین. دیم نەخۆشییەکەی خانم راست نییەو وتی: بیرم دەکردیت و حەزم کرد بێیتەوە!.

٢- رەنووفیش لە مۆڵەتدا بوو. شەو لەماڵەوە دانیشتین. لەوەبەر باسێکمان لەوە کردبوو، کە رەنگە بتوانین لەفرسەتێکدا، دوو قۆڵی بەقاچاغ سەردانێکی تاران بکەین. ئەمشەو باسمان کردەوەو گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە ئەوەتا ئێستا فرسەتەکە هەڵکەوتوە، بەتایبەتیش کە جەژنەو سەفەرمان،

ئاسانترو خۆشتر دەبێ. بڕیارماندا (١٦)ی مانگ ملی پێوە بنێین. واشمان دانا کە ئەگەر جێی مانەوەی شەوانمان بۆ نەڕەخسا، ئەوا ئێمە بە درێژایی شەوی (١٧/١٦) بەڕێوە دەبین و تەواوی رۆژی (١٧) بەتاراندا دەسووڕێینەوەو ئینجا، شەوەکەی سوار دەبین و دەگەڕێینەوە. نەخشەکەمان کۆکە.

١٠/١٥

١- سەلام و حەمە رەشید پێیان زانی و وتیان: ئێمەش دێین. هەرچەندە دەمانزانی بەو چوار قۆڵییە، باری نەخشەکەمان گران دەبێ، بەڵام داواکەمان رەت نەکردەوەو وتمان: باشە. ئیتر وا چوارقۆڵی خۆمان بۆ سەفەری سبەینێ ئامادەکردوە.

٢- عەسرەکەی (عەباس)ی دووکانداری خەڵکی خانە، کە پیاوێکی دڵ و دەروون پاکەو بۆ کڕینی شمەکی عەتاری بوومەتە مەعمیلی، ئاگاداری کردم کە لە ئوتێلەکانی شارەکانی ئێراندا، عادەت وایە ئەگەر چەند کەسێکی برادەرو ناسیاوی یەکتر پێکەوە ببنە میوان، ناسنامەی تەنیا یەکێکیان وەردەگیرێ و تۆمار دەکرێ و ئیتر پێویست بەوانی‌تر ناکا. من ئەمەم بۆ برادەران گێڕایەوەو وتم: بەڵکوو ئەمە خوایە، یەکێك بە فریامان بکەوێ!.

٣- من بۆ سەفەرەکەم، تەنیا شازدە دینارو سێ سەدو شەست تمەنم پێیە!.

١٠/١٧ - شەو - تاران - ئوتێلی (شجاعی فرد) -- کووچەی عەرەبەها

١- پێرێ سەعات دەو چارەك، لە پاسێکی گەورەی (ئۆتۆعەدل)دا، لە خانە دەرچووین. دەمانزانی بەرەبەیانی رۆژی دوایی دەگەینەجێ. من بە تەنگەوە بووم ئەو شارانە ببینم، با بە سەرنجدانێکی خێرای ناو ئوتومبێلیش بێ، کە پیایاندا تێدەپەڕین و نووسیم:

-سەعات یازدە / نەغەدە.

-دووازدەو دە دەقیقە / مەهاباد.

-یەك و دە دەقیقە / میاندواو. تا یەك و چل لاماندا بۆ نانخواردن.

–دوو دە دەقیقە / ملکان.
– دوو نیو / کەنار دەریاچەی ورمێ.
–سێ / عجب شێر.
–چوارو نیو / تەورێزی پایتەختی ئازەربایجان. هەتا پێنج ونیو بۆ حەوانەوە ماینەوە.
–لەوەبەدوا شەو داهاتو ساردی کرد. کەمێ ڤۆدکام پێبوو ئام بەسەرمەوەو بۆ شکاندنی سەرخەوێك یاریدەی دام.
–دیسان بەئاگامو هەڵدەڕوانمەوە.. بستان ئاباد – میانە – زنجان – میهر – قەزوین – کرج و ئنجا، لە تەواوی سێ و نیوی دوای نیوەشەودا، واتە دوای حەڤدە سەعات و چارەکێکی خشت، گەیشتینە جێ.
٢– کاتێ لە گەڕاج دابەزین، ئینجا ئیتر سەری دنیامان لێهاتەوە یەك. بەڵێ وا لەناو تاراندین. بەڵام ئێستا چی بکەین باشە؟!. بەدەنگی نزم لەناو خۆماندا، کەوتینە ورتەورت و مقۆمقۆ. باشە وا دەچین تا عەسر بەناو شاردا دەسووڕێینەوەو ئینجا دێینەوە بۆ گەڕانەوە. ئەی تا ئەو کاتە جانتاکانمان چی لێبکەین؟!. خۆ بە کوڵیانەوە ناگرێن؟!. نا نەخێر. هەر لە گەڕاج دایان دەنێین. رەئووف نیازێکی تر دابووی لە کەللەی. وتی: بۆ هەوڵی مانەوەی دوو سێ شەو نەدەین؟. من وتم: بە ئاواتەوەم. بەڵام چۆن؟!. هێنامان و بردمان. ترسی گرتن و زیندانیکردن هاتە ئاراوە. نا.. ئەگەر گیراین، دوو سێ هەفتەی پێدەچێ تا تەسلیم بەلای خۆمان دەکرێینەوە. سەلام و حەمە رەشید بەتایبەتی، بەوە تەنگەتاو دەبوون.
ئێمە لەم کەینوبەینەدا بووین و کوڕێکی گەنجی کورد، کە لە پشتمانەوە لێمان گوێقولاغ بووبوو، بە سۆزێکی کوردانەی خۆڕسکەوە، لای کردەوە بەلاماندا و وتی: من دەتوانم یارمەتیتان بدەم! کە سەیرمان کرد ناسیمانەوە. هەر لەخانەوە لەگەڵماندا بوو. هەمان قسەکەی عەباسی دووکانداری بۆ کردین. دەرکەوت ناوی (مستەفا)یە. سوپاسمان کردو دوای کەوتین. سەلام و حەمە رەشید سڵیان دەکردەوە. من و رەئووف هانمان دان و ترسمان لە دڵدا رەواندنەوە.

٣- دوێنێ بەچاوساغیی مستەفا، کەوتینە گەڕان بەناو شاردا. شارێکی خۆش و جوان و پاکوتەمیزە. پێخۆشحاڵم. قەترە بە دەریایەکیتری ئەم دنیایەو دەیبینم. پایتەختی وڵاتێکیتر کە بۆ منی کورد، زۆر مانای جەنجاڵ دەبەخشێ. ئێستاو رابوردوو!.. ئێستاو داهاتوو!.. ئەم شەقامانەو سەرەتای ساڵانی پەنجاکان و محەمەد موسەدەق و فاتمی و زاهدی و شاو شەلاتییەکانی دەستەی (بێموخ)و... تا دەگاتە ئەم هاتنەم بە قاچاغ!. لەگەڵ ئەوەشدا خۆشحاڵم.

شەو چووینە تیاترۆیەکی سەر شەقامی بەناوبانگی (لالەزار). بەرنامەکەیان سەرنجی راکێشام، کە بریتی بوو لە گۆرانی و مۆسیقا بە فارسی و ئازەری و کوردی، بەتایبەتیش کە دانیشتوان بۆ گۆرانیی (شیرینەو شیرین)، کردیانە چەپڵەرێزان و ئێمەش لەگەڵیاندا.

١٠/١٨

١- کووچەی عەرەبەها بەناو وەهایە، دەنا کووچەی کوردەهایە. زۆربەی دووکاندارو کاسبکاران تیایدا، کوردی فەیلین و لە یەکێک لەو کووچانەی بەغدا دەچێ کە فەیلییەکانی تێدا کۆبوون. بەیانییەکەی لە دووکانێک جگەرو دڵی برژاومان خوارد، کە خاوەنەکەی کورد بوو. ئینجا چووینە چایخانەیەک کە ئەویش کوردو زۆربەی دانیشتوانیشی کورد بوون. جگەرو دڵەکە بۆ من کە بەو پارە کەمەوە هاتووم، هەرزانترین خواردنەو خۆشم حەزم لێیەتی.

مستەفا بەیانی زوو خواحافیزیی لێکردین و رۆیشت بۆ شاری (مەشهەد یا رەشت) بەلای کاری خۆیەوە. وتیشی کە رۆیشتنی ئەو سەبارەت بە ئوتێلەکە، کار ناکاتە سەر وەزعی ئێمەو خاوەنەکەشی راسپاردوە، کە ئاگای لێمان بێ. رەئووف لەوەبەر تارانی دیبوو. بۆیە ئیتر ئەو بووە چاوساغ و کەوتینە گەڕان. بە پیاسە چووین بۆ (کاخی گولستان) کە لێمانەوە نزیک بوو. کۆشکێکی قەشەنگەو لەناو باخچەیەکی قەشەنگتردا. دواتر چووین بۆ سەیرانگای (شەمیران) کە بەدەم تارانەوەیە. ناو شاخوداخێکەو پڕ لە گازینۆو ئوتێل و رێستۆران و چڕ لە داروددرەختە. بۆ یەکەمجار سواری (تەلەسی) بووین و

پێی سەرکەوتینە سەرەوە. ماوەیەك سووڕاینەوەو کاتێکی خۆشمان تێدا بەسەربرد.

٢- دەمەدەمی عەسر لە گەڕانەوەدا، شوفێرێکی لاوی جوامێرمان بوو بە نەسیب. هەر زوو سەرو رووومان لەگەڵ یەکتردا کرایەوەو دوای دڵنیا بوون، حاڵی خۆمان لەلا ئاشکرا کرد. ئەویش خۆی پێناساندین کە دەرچووی پەیمانگای ئەندازیارییەو لە کۆمپانیان نەوت کار دەکاو بەڵام لەبەر گرانیی ئەرکی ژیان لە تاراندا، ئێواران ئەم شوفێرییەش دەکا. ئیتر بە فرسەتمان زانیو داوامان کرد، بۆ ماوەی سەعاتێك بە تاراندا بمان گێڕێ. بردینی بۆ خیابانی (ئایزنهاوەر)و لەوێوە، بۆ مەیدانو بورجی (شاهیاد). چووینە سەرەوەو گەشتێکمان پێداکرد. بە (مصعد) دابەزینە خوارەوە بۆ ژێر زەمینەکەی. ئەنتیکەخانەیەکی بینینو بیستنی لێبوو، لە شێوەی پانۆرامادا. بۆ ئێمەی هیچ نەدیو، شتێکی تازە بابەت بوو.

لە گەڕانەوەدا کە ئیتر شەو روو لە داهاتن بوو، گەیاندینییەوە لالەزارە بەناوبانگەکەو لەبەردەم تیاترۆی (کریستاڵ)دا دایبەزاندین. بۆ سەلماندنی جوامێرییەکەی خۆی، نەیدەویست کرێکەمان لێوەربگرێو بەزۆر ئاختیمانە گیرفانییەوە. ئەوسا ئەدرەسی خۆی داینێو وتی: بۆ ئەم رۆژانە تا لێرەنو بۆ داهاتووش، هەرچەند رێتان کەوتە تاران، پەیوەندیم پێوە بکەنو لە خزمەتتاندام.

## ١٠/١٩ – ناو ئوتومبێل – بە رێگای (تەورێز)ەوە

١- ئەمڕۆ دانرا بۆ چوونە ناو بازاڕو کڕینی دیاری بۆ ماڵەوە. بەڵام من چیم پێماوە؟!.. تەنیا سێ دینار (دیارە بە تمەن). باشە چیی پێبکڕمو بە چیش بگەمەوە خانە؟!. شتی جوانم زۆر بینینو لە هەناسە هەڵکێشان بەولاوە، دەسەڵاتێکم نەبوو. من وەهاو جۆری سەوداو مامەڵەی حەمە رەشیدو سەلامیش لە شتکڕیندا لەولاوە، هێندەی تر پەستی دەکردم. من پارەم پێ نییە بکڕمو ئەوان پێیانەو بەگیروگاز دەکڕن!.

بەهەرحاڵ، دەمزانی خانم حەزی لە سەماوەری وەرشاوی ئێرانییە. بۆ بەکارهێنان نا، بەڵکوو بۆ جوانی. دەی باشە بۆ ئەمەشیان لە هەرلا سەوا

دەکەم، هەرە گەورە بە حەوت دینارو نیوەو هەرە بچووک بە دوو دینارو نیو!. ئەمەیان چۆن؟!. رەئووف پارەی لەمن زیاتر پێمابوو. وتی: لە سێ دینارەکە بچووکەکە بکڕەو هەقت نەبێ. سەرفراز بێ.. کە لە بازاڕ گەڕاینەوە، دیاریی خۆمم لە بندەستدا بوو!.

٢- سەر لە نیوەڕۆ ئۆتێلمان جێهێشت و چووینە گەراجی (ئۆتۆعەدل). بلیتی سەعات حەوتمان بڕی و جانتامان بە عەمبار سپارد. خۆشمان چووینەوە بۆ دوا گێمی گەڕان و بەتایبەتی، سەردانی مۆزەخانە. بەلامانەوە سەیر بوو کە لە زۆر کەسمان پرسی و نەیاندەزانی، کوێ کەوتوە!. دواجار کوڕە لاوێک وەسفی بۆ کردین و دەرکەوت، شوێنەکە لێمانەوە نزیکە. کوڕەکە زانی ئێرانی نین و تەنانەت وەک هەستی بەشتێکیش کردبێ، دوای چەند هەنگاوێ دوورکەوتنەوە لە یەکتی، بانگی لێکردینەوەو ئاگاداری کردین کە بۆ خەڵکی بیانی، لە چوونە ژوورەوەدا داوای ناسنامە دەکەن. حەمە رەشیدو سەلام کردیان بە هەرا. وتیان کە داوای ناسنامە بکەن، ئیتر بۆچی بچین. ئێمە حەزمان لە گاڵتەوگەپ بوو. وتمان: چی تێدایە.. با داوا بکەن. وتیان: دەمان گرن. وتمان: قەیدی چییە!.. ئەوەتا ئێمە خۆیشمان لەسەر رۆیشتنەوەین!.

گەمەکەمان تا سەر درێژە پێدا. کە گەیشتین هێشتا نەکرابۆوە. زۆری نەبرد دەرگا کرایەوە. من و رەئووف چووینە ریزەوە. ئەوان لەولاوە هەر بۆڵەبۆڵیان بوو. ئێمە گەمەکەمان لەلا ئاسان بوو. ماوەیەکی کورت و لە ریز دێینەوە دەرەوەو دەکشێینەوە. وامان کردو ئێمە هەیپیمان لێکردو ئەوانیش بەدوامانداد. بانگیان لێکردین: راوەستن!.. چیتانە؟!. وتمان: پێمانیان زانی و بە دوامانەوەن!. تا لە دوور بۆیان راوەستاین.. ئێمە دامانە قاقای پێکەنین و ئەوان پۆپەی تووڕەبوون!.

٣- سەعات چوارو نیو چووینە رێستورانێک و لەوێش هەروا لە خۆوە، بواری بەزمێکی تری گاڵتەو گەپمان بۆ رەخسا!. هەر هێندەی دانیشتین، زەلامێک بەسەرو سەکوت و بەرگێکی سەرنجڕاکێشەوە، هات و لەسەر مێزێک لە تەنیشتمانەوە بەتەنیا دانیشت. شەبقەیەک لەسەردا، عەینەکێکی تاریک لەچاودا. قاتێکی رەش لەبەرداو ئیتر بەسەراپای دیمەنیدا، راست لەو جاسووسانە دەچوو کە لە دەیەها فلیمدا نموونەیانمان دیبوو. لە هەمووش

لەبارتر بۆ ڕەخساندنی بوار بۆ بەزمەکە، ئەوەبوو کە کابرا جارجارە سەیرێکی ئێمەی دەکرد!.

ئەمجارەیان منو ڕەئووف، دەستمان لە مەسەلەکەدا نەبوو. حەمە ڕەشید بنەمای بۆ ڕەخساند کە وتی: ئەها.. بڕواننە ئەو زەلامە!. من گومانی لێدەکەمو ترسم لێی هەیە!. بەڵام ئێمە قۆستمانەوەو ئاگرەکەیمان خۆش کرد. ئەوسا سەلام تێکەوتو کێچ چووە کەوڵی. پەیتاپەیتا دەیووت: با هەڵسین بڕۆین. ئینجا کاتێ کابرا هەڵساو ڕۆیشت، ئێمە بە فرسەتمان زانیو وتمان: ئەوە چوو پۆلیسمان بۆ بێنێ. ئیتر لەوێدا بڕانمانەوە. لە ڕێستۆران هاتینەدەرو بەحساب خۆمان ون کرد!.

٤- سەعات حەوت کەوتینەڕێ. بلیتی تەورێزمان بڕیوە بەو نیازەی، بەیانی بیگەینێو تا نیوەڕۆی تێدا بمێنینەوە. سەرنج دەدەمو دەبینم. بەهەمان شارو شارۆچکەکانی هاتندا ڕادەبوورینەوە. کات درەنگ بووە. خەومان دێو سەرما نایەڵێ. حەمە ڕەشید گلەیی لە جێگەکەی هەیەو هەر بۆڵەبۆڵێتی. بەر پەنجەرەکەی بەرکەوتوە. وا دەزانێ پیلانێك لە ئارادا بووەو ئەو جێگە خراپەی دراوەتێ! گۆرانییەکانی ڕیکۆردەری لای شوفێرەکەش سەرنج ڕادەکێشن!.. عەبدولحەلیمو فەریدو عەبدولوەهابو ئوم کەلسوم!.

## ١٠/٢٠ - خانە - ماڵەوە

١- سەعات شەش لە تەورێز بووین. شوفێرەکە لە شەقامێکی ناوەڕاستی شاردا، ئوتومبێلی ڕاگرتو وتی: کێ تەورێزە دابەزێ. منو ڕەئووف دەستمان دایە جانتا بۆ دابەزین. کەچی سەلامو حەمە ڕەشید نەبزوانو وتیان: ئێمە وامان پێباشە لانەدەینو بڕۆین. حاڵەتێکی سەیر بوو. لەوێوە ئوتومبێل وەستاوەو چاوەڕێ دەکا. لێرەشەوە ئێمە لە بێنەو بەرەداین. چەندە هەوڵماندا کەڵکی نەبوو. وتیان: ئێمە دەڕۆینەوەو ئێوەش کەیفی خۆتانە!. ئیتر بەناچاری رامان گۆڕیو دانیشتینەوە.

٢- لە دوای تەورێزەوە، ئوتومبێلەکە ڕێگایەکی تری بۆ (ڕەزائییە - ورمێ) گرتەبەر. ئێمە چونکە بەنیازی دابەزین لە تەورێز هاتبووین، بەوەمان نەدەزانی. ئەمیان لەبریی داکشان بەرەو خوار، بەرەو ژوور ڕووەو سنووری سۆڤیت، ئاستی ئازەربایجانی سۆڤیەت هەڵکشاو ئینجا داکشان بەرەوخوار بۆ ورمێ!. ئەوی ڕاستی بێ من ئەمەم زۆر پێخۆش بوو. چی لەوە باشتر دەبێ کە

بە ڕێکەوت‌و (لە ئەنجامی مانگرتنی دوو ماوەڵی خۆمدا!)، چەندین شارو شارۆچکەو دیهاتی تر ببینم!.

٣- سەعات حەوت لەشاری (مرند) بووین. دابەزین بۆ نانخواردن. من لە دوێنێوە فلسم لە گیرفاندا نەمابوو. ڕەئووف کەوتە مەسرەف کێشانم بە قەرز. کەوتینەوە ڕێ‌و بە نەخشەهێنانە بەرچاو، هەستم کرد کە ڕێگایەکی دوورترمان گرتۆتەبەر. وەهاش بوو. هەر دەهاتین‌و هەر نەدەبڕایەوە.. (خووی - شاهپوور - جەمال ئاباد - ئینجا سەر لەنوێ کەناری دەریاچەی ورمێ، بەلام بەلای ڕۆژئاوایدا)و ئیتر دوای ماوەی چل کیلۆمەتر، وا لە (ڕەزائیە)ین‌و سەعاتیش دووازدەی نیوەڕۆیە. لێرە سێ سەعات دەمێنینەوە. بەگەڕان بە شەقام‌و بازاڕەکانیدا بەسەری دەبەین‌و ئەوسا جێی دێڵین.

٤- لە ئوتومبێلی (ورمێ - خانە)دا، لاوێکی مەهابادیی ڕۆشنبیرم هاتە تەنیشتەوە. کە کەوتینە یەکتر دواندن، خۆی پێناساندم کە قوتابیی دانشگایە لە تاران‌و لە بنەماڵەیەکی ناسراوی خاوەن مێژووە لە مەهابادو شیعرو ئەدەب دۆستەو جارجار شیعریش دەنووسێ.

کاتێ قسە قسەی ڕاکێشاو هاتینە سەر باسی شۆڕش، ئەو بەبێ ترس‌و سڵەمینەوە وتی: شۆڕشەکەتان چەندە گەشکەمان پێدەبەخشێ‌و بەرچاومان ڕووناک دەکا، هێندەش داخوخەفەتمان دەداتێ‌و بەرچاومان تاریک دەکا!. شۆڕشەکەی ئێوە، بۆتە لغاوێك لە دەمی ئێمەدا. ئەگەر دژی دەوەستین، دەبینە دوژمنی شۆڕشێکی میللەتی خۆمان. ئەگەریش لایەنی دەگرین، دەبینە لایەنگری ڕژێمێکی دڕندەی دژ بە میللەتەکەی خۆمان. ئێمە شۆڕشەکەتان دەخەینە سەر سەرو پێی گەشکەدار دەبین‌و بە شۆڕشی خۆمانی دەزانین. بەلام کە دەبینین شاو ڕژێمەکەی لە پشتین، ئەو شاو ڕژێمەی ئاشکرایە چی بە ئێمەی کوردی ئێران کردوەو دەیکا، داخ‌و خەفەت دامان دەگرێ‌و ترسی ئەوەمان لێدەنیشێ، کە لە ئەنجامدا ڕەنجتان بە فیڕۆ بڕواو ئێمەش لەگەڵتاندا، جارێکی تر ڕەنجەڕۆ ببین!.

من لەناخدا سەرجەم قسەکانیم دەسەلماند. بەلام لەترسی ئەوەی نەوەکوو!.. ئێ!.. ئیترا.. بۆیە تەنیا وتم: قسەکانت بەجێن. بەلام سەرکردایەتیی شۆڕشیش، عوزری خۆی هەیەو ڕەنگیشە وەها نەکەوێتەوە. ئینجا وتم: بەهەر حاڵ شۆڕشەکە خۆی لەوە بەهێزترە، کە ئەو مەترسییەی لێبکرێ‌و دڵنیام بە ئەنجامی خۆی دەگا. دواتر کە بۆ ڕەئووفم باس کرد وتی: جەسارەتەکەی پیاو دەخاتە گومانەوە!.





رەئووف – حەمە رەشید – سەلام – حسەین / تاران

١٠/٢٧- بابەکراوا

١- ئاوچادرەکەی بارەگای یەکێتییە. پەیداکردنی خانوویەك بۆ بارەگای زستانمان، خەریکە سەردەگرێ. (پ.م)ێکی لای سەیدا یوسفی، خێزانەکەی ناردۆتە ئەودیو بۆ ئۆردوگاو بەڵێنە، خانووەکەیمان بداتێ کە لە(دەربەندە)ە.

٢- ئەمڕۆ بۆم دەرکەوت کە بەڵێ ڕاستە، زۆرێك و گەرووی هۆمەراغا داگیر کراون و بەدەست (پ.م)ەوە نەماون.

٣- ئاواتی چوونە سەرهەڵگوردو سەفەری تارانم بەدی هاتن. ماوەتە سەر چوونم بۆ بەرەی جەنگ، تا لەنزیکەوە ببینم و لە ناویدا بژیم. بیستم کامەران قەرەداغیش نیازێکی وای هەیە، کە وەك نێردراوی ئێزگە سەری لێبدا. ئەمڕۆ بینیم و داوام لێکرد بواربدا لەگەڵیدابم. بڕیاری‌داو ئاگاداری کردم کە بۆ دوو سبەی ئامادەبم.

١٠/٢٩

١- چووم بۆ لای کامەران لە ڕاگەیاندن. وتی: هێشتا سەفەرەکەمان جێبەجێ نەبووەو کەوتۆتە سبەی دوو سبەیەکی‌ترو ئاگادارت دەکەم.

٢- چووم سەیری خانووەکەی دەربەندم کرد. پەسندبوو. چووم سەیدام ئاگادار کردوئەویش بڕیاری لە سەردا.

١٠/٣٠

لە پڕێکدا خانم و مەزدە بەباوەشییەوە، پەیدابوون! سەرم سوڕماو پرسیم: خێرە!. وتی: بیستم دەتەوێ بچیت بۆ بەرەی شەڕو هاتووم نەیەڵم!!. هەندێ ورەورمان کەوتە بەینەوە. بەڵام ئیتر خانمەوملی پێوە ناوەو هاتوەو چادرەکەش، ڕۆژانێك بوو خۆمی بەتەنیا تێدا بووم و لە ئەنجامدا وتم: بە هەرحاڵ بەخێرهاتیت و خێرو بەرەکەتت هێناوە!.

١٠/٣١- گەڵاڵە - بارەگای (ق.م)

فاروق بەجێبە شڕەکەی، کە دووسێ هەفتەیەك دەبوو کڕیبوویان، پەیدا بوو. بەبۆنەی هاتنەکەی خانمەوە، داوەتی کردین بۆ بارەگاو کە شەویش بمێنینەوە. دەمەدەمی عەسربوو. دیمەنەکان بۆ خانم و مەزدە،

سەرسوڕهێنەربوون. بەتایبەتی دیمەنی ئەو چەند تۆپە قورسەی لەپشت کێویکەوە، لە قووڵاییدا دامەزرێنرابوون و ڕێکەوت وای هێنایە پێشەوە، کە هەر هێندەی گەیشتینە ئاستیان، یەك بەدوای یەکدا زرمەیان لێهەڵساو گرمەو ناڵەیان، وەك ئەوە بوو چەخماخەو هەورەتریشقە، لە ئاسمانێکی ساماڵ بوەشێتەوە. فاروق کەلێی بە ئاگابوو وتی: ئەوە کەتیبەیەك تۆپی قورسی ئێرانەو لەشکرگاکانی سوپای عێراق، بۆمباباران دەکا.

## ١١/١ – ماڵی خاڵی کاکەمەم (عومەر دەبابە)

١- خانم واهاتبوو گوایە نەیەڵێ بچمە سەرادنی بەرەی جەنگ. کەچی خۆی بەدرێژایی بیست‌وچوار سەعاتی ڕابوردوو، کەوتە بندەستییەوەو شەوەکەی تابەیانی، زرمەی شەڕە تۆپ کە لە بەرەوە دەهاتە بەر گوێمان، هەراسانی کرد. لەگەڵ فاروقدا لە سەر نەخشەیەکی سەربازی، وردمان کردەوەو دەرکەوت تەنیا دەکیلۆمەتر لێمانەوە دوورە. ئینجا هەر بەیناو بەینێك، گرمەو ناڵەی ئەوەکانی تەنیشت خۆمان، کە لە بەرەبەیاندا بۆ ماوەی نیوسەعات، بەبێ وچان ڕیزیان پێوەگرت. کەڕۆژیش بۆوە، هاتنی فڕۆکە دەستی پێکرد، کە بەئاسمانی ناوچەکەدا دەخولانەوەو لەملاولەولا بۆمبایان بەردەدایەوە. ئەمانە وایان لێکرد، لەبنەڕەتەوە لە بیری بچێتەوە بۆچ مەبەستێك هاتوە!

٢- لە چێشتەنگاودا، لەگەڵ سامیدا چووین بۆ سەیرکردنی شوێنەوارەکۆنەکەی بن تاشەبەردەکە، کەلەوەبەر باسیم بۆ خانم کردبوو. لەوێوە سووکە گەڕانێکمان، بەدامێنی کەژوکێوەکانی دەوروبەردا کرد. ئالاینە دارگوێزێك و تێرمان لێخواردو هەندێکیشمان هێنایەوە. لەو ماوەیەدا دوو جار فڕۆکە، هاتن و سوڕانەوە. من و سامی بەپێی دەستووری خۆمان متدەکردو داوامان لە خانمیش دەکرد، کە مەزدە لە باوەش بگرێ و خۆی حەشاربدا. کەچی نەیدەکردو بەپێوە ڕادەوەستا بۆ سەیرکردنیان. دوایی فاروق و سامی لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی ئەو بیست‌وچوار سەعاتەدا، شایەتیی چاونەترسییان لەچاو زۆربەی ژنانی تردا بۆ دا.

٣- دوێنێ کاکەمەممان بەرێکەوت بەسەر پێوە بینیو وتی: لە گەڕانەوەتاندا لەلای من لەماڵی خاڵم داوەت بن. خۆشحاڵ بووینو واهاتووین. خانوویەکی کۆنکرێتیی تازە تەرازی خۆشە. لە تەختاییی بەرزاییەکدایە لە دووریی سەد مەترێکەوە لە جادەی سەرەکیو نزیک گوندی دەربەندە. هەر لەپێزییەوەو لە تەختانییەکی تردا، ئوتێلێکی گەشتوگوزاری حکومەتییەو هێشتا دەرگای بۆ میوانان (کە دەگمەنن) کراوەیە!.

**١١/٣ - بابەکراوا**

١- ئەو خانووەی بەدەستەوەیە بیکەین بە بارەگای یەکێتی، دەکەوێتە خوار ماڵی خاڵی کاکەمەمەوە، لە ئاستی جادەکەداو رووەو چەم. لەگەڵ خانمدا سەرێکمان لێداو بە بینینی یەکسەر وتی: کەوابێ منیش دێمو ژوورێکی دەکەین بە ماڵی خۆمان. من لە ترسی بۆردومان بوو کە لە خانەم دانابوونو وتم: ئازایەتیت نواندو دەزانم ناترسیت، بەڵام مەسەلە رێکەوتەو با ئەو رێکەوتە ئەگەر رووی‌دا، بە نەسیبی تەنیا خۆم ببێ. ئەو وتی: نەخێر. خوا بکەم روونەداو ئەگەریش رووی‌دا، با هەرسێکمان پێکەوە بین. ئیتر ملم بۆ داواکەی‌داو چووم سەیدا یوسفیم ئاگادار کرد. ئەویش پەسندی کردو بڕیاری لەسەردا.

٢- شەوەو لەناو چادرەکەداین. وڕەی ئوتومبێلی گەورە دەبیسین بەرەو خوار دەبنەوە. دەچینو دەبینین. لۆریی سەربازییەو تۆپی قورسیان بەدواوەیە. ماوەیەکیش بوو شەوان گرمەو نالەی تۆپبارانم دەهاتە بەرگوێ. دوو جۆر دەنگە. نزیک خۆمانینو دوور ئەولایە. واتە ئێستا لەبەرەی لای خۆمانەوە، پتر بۆتە شەرە تۆپ. من وای تێدەگەم کە ئەوەکانی لای ئێمە، جەزرەبە زیاتر لە سوپا دەدەن وەک ئەوان لە (پ.م). چونکە لەملاوە ئاڕاستەی لەشکرگاکانیان دەکرێ. لە کاتێکدا لەولاوە دەگیرێتە سەنگەری پەرتوبڵاوو بزری (پ.م). بەهەرحاڵ ئەگەرچی ئەو دیمەنەیان خۆشییەکی ساتەوەختیم پێدەبەخشێ، چونکە مردنی نزیکم لێدوور دەخەنەوە، بەڵام شادمانم ناکەن. چونکە ترسی ئەوەیان لێدەکەم، کە مردنی دوورم لێنزیک بخەنەوە!.

٢- نیوه شەوە. ڕەشەبایەکی توند هەڵیکردوە. گوێم لە شریخەی هەورەتریشقەیە. ئەوەش بارانەو بە لێزمە دادەکا. شڵپ و هووڕی بە چادرەکە خستوە. ڕەشەباکەش دەیڕەتێنێ. ها ئێستا رایدەفڕێنێ ها ساتێکی تر!.

## ١١/٤ - ناوخانووەکە

١- بە پیکابێکی ئەمانەتی عەدل و ئەوقاف (کە سەیدا ئەمینداریێتی)، کەلوپەلی بارەگامان گواستەوە ناو خانووەکەو خۆشمان لەگەڵیدا. بریتییە لە سێ ژوورو دووانیان وەك کەلەگی، دەکەونە سەر هەیوانێك و یەکێکیان زۆر تاریکەو پەنجەرەی تێدا نییە. سێیەم کە دیارە دوایی درووست کراوە، دەکەوێتە دامێنی ژوورە تاریکەکەوەو دەرگای لەسەر حەوشەیە. کەلەگییە رووناکەکە رێکوپێکە. پاکوتەمیزەو زۆپایەکی دار لەناوەراستیدایە. پەنجەرەیەکی سەر حەوشە رووناکی دەکاتەوە. هەیوانەکە دیواری بنەوەی و بنمیچەکەی، بە دووکەڵ رەش داگەڕاون. سێیەم چوارگۆشەیەکی بچووکە. پەنجەرەیەکی بەسەر چەمدا تێدایە. دیوارەکانی سواغ نەدراون. پشتی خانووەکە راست بە جادەکەوەیەو لەبەر ئەوەی لە نزماییدایە، لەوێوە زەلام بە هەڵهێنانەوەی هەنگاوێك، سەر دەکەوێتە سەربانەکەی. بەری حەوشەکەی بەرەلایەو تەنیا شوێنەواری تەیمانێکی پێوە دیارە. لە هەیوانەوە تا سەر رووبار، کە بە پاشماوەی پەڵە چنارێکدا رادەبووێ، (٣٠) سی هەنگاوێك دەبێ. بەلام بەوبەر رووبارەوە، پەڵە چنارێکی چڕە. لە خوارییەوە تاکە خانوویەکی خاوەن مەڕن و لە پشتیانەوە بەرامبەرمان، کێوێکی قووچەو بەئاسماندا هەڵزناوە.

ئێنجا بە تەنیشتی لای راستمانەوە، خانوویەکی دوو ژوورییەو ئیتر ئەولای چۆڵە. بەلای چەپیشمانەوە لە دووریی پازدە هەنگاوێك، خانوویەکی کۆنکرێتیی لەسەر تەرازی رۆژئاواییە. لە پشتمانەوە بەوبەری جادەکەوە کە دامێنی چیایەکی قووچیترە، چوار خانووی لێهەن. دووانیان بارەگای لاوانی سەر بە ئەمانەتی رۆشنبیری و لاوانن. سێیەمیان خێزانێکی تێدایە کە گەراجێکی ئوتومبێلی خوار خانووەکەیان کردۆتە لۆقنتەو چوارەم، خانوویەکی تری شێوەی خۆراواییەو موڵکی حامد قەرەیەو خەسرەو تۆفیقی تێدایە.

ئینجا سەروو ئەوان ئوتێلەکەو خانووەکەی عومەر دەبابەیە. ئەمە شوێنی بارەگای تازەی یەکێتییە کە بۆ من دەبێتە ماڵیشەوە. سەروو چۆمانە بە پێنج کیلۆمەترو نزیك گوندی دەربەند، بە پێنج سەد مەترێك.

٢- خانم گەلێ خۆشحاڵەو شوێنەکەی زۆر بەدڵە. چەند جارێك چووینە سەر رووبارەکەو بەدەوروبەرماندا هەڵرِوانی. منیش خۆشحاڵم. بەڵام ترسی بۆمبا لەعنەتییەکەم هەر لە دڵدایە.

## ١١/٦

١- خانم چۆوە بۆ خانە تا کەلوپەلەکان بێنێ.

٢- لەوانەی بارەگای لاوان (ئەنوەر تۆفی، عەلی جۆلا، نووری ئیسماعیل، یاسین حەیدەری)م ناسینەوە. ئەوانی تریش زۆربەیان منیان دەناسی. هەموو سەردانیان کردمو لوتفیان نواندو ئامادەییيان نیشاندا، کە درێغی لە یاریدەدانم ناکەن.

## ١١/٨

خانم هاتەوەو کەوتە رێکخستنو خۆشکردنی هێلانەکەمان، کە کەلەگییە رووناکە خاوێنە بەزۆیا دارەکەمان بۆ هەڵبژارد. لەسەر پیشەی کارامەیی خۆی، بەو کەلوپەلە کەمە کەوتە رازاندنەوەی. بە کارتۆنو سنووقی هێلکە، بنەوەی کردە گەنجینەی ئازووقە. لایەکی کردە شوێنی هەڵچنینی نوێنو تەنیشتی بووە کەنتۆر. بەر پەنجەرەکە کرایە، شوێنی دانیشتنو حەوانەوەو نانخواردنو شەویش بۆ نوستن. زۆپاکە لە شوێنی خوێدا، بۆ شەوانی سەختی زستان هێڵرایەوە. لە دەرەوەی ژوور، بنەوەی هەیوانەکە کرایە چێشتخانە. ئەویش هەر سنووقی تەختەو مقەبای کارتۆن، دەوری بالایان تێدا بینی. تەباخێکی نەوتیی یەك چاو. سێ چوار مەنجەڵۆکەو یەکێکی هەڵمینی هەرزان بەهای ئێرانی. هەندێ قاپو دەفری جۆراوجۆری رێکوپێك ریزکراوو دانراو لە شوێنی خۆیاندا.

واتە لە هەموو روویەکەوە کۆکین. مانگی چل دینار وەردەگرم. لەگەڵ کەمێ دەست پێوەگرتندا، بە ئاسانی پێی دەژین. هەر ئەوەندەی بەڵا ناکەمانە

لەعنەتییەکەمان لێبەدوور بێ، لە هیچمان کەم نییە. خانم لە بیری نەچوو بوو، چکێ لە هەرامەکەم، لەگەڵ خۆیدا بۆ بێنێ. ئەوەتا بە دیارییەوە دانیشتووم‌و دەنووسم‌و ئەویش، دوای ئەوەی کە مەزدەی خەواندووە، هەر خەریکی ژوورەکەیە.

## ١١/١٨ - شەو

١- لە ڕۆژانی پێشوودا، بە خانووەکەوە خەریک بووین. ڕێکخستن‌و دەستپێداهێنان‌و ئامادەکردنی ئەویش‌و خۆشمان، بۆ زستانی سەهۆڵبەندانی ئەم ناوچەیە. هەردوو ژوورەکەی خۆمان‌و بارەگام، نایلۆنبەند کردن‌و بەوەش هەم ڕازانەوەو هەم کونبڕیش کران. بەو تەختەو دارانەشی لەبەردەستمدا بوون، بەری هەیوانەکەم لە شێوەی جامخانەدا گرت‌و نایلۆنبەندم کردو دەرگایەکیشم بۆ سەر حەوشە تێخست. ئینجا نۆرەم بردە سەر حەوشە. پاشماوەی تەیمانەکەم قیت کردەوەو بەهەندێ دەستکاری کردن، چەپەرێکم لێدرووست کردەوەو دوو شرە دەرگاش، یەکێکیان بەلای جادەداو ئەویتریان بۆ سەر رووبار. لە تەنیشت ئەمیانەوە، چاڵێکی شەفتوولی قووڵم هەڵکەندو کردمە ئاودەست‌و دەوریم بە دارو گونیەو تەنەکە گرت.

ڕۆژانی یەکەم، کێچ هەراسانی دەکردین. دەرمانم پەیدا کردو خانم لێیکردنە جەنگی مەغلووبە. کارێکی پێکردن کە ئێستا لەشکریان شکستی خواردوەو ڕوو لە بنبڕبوونە. وەکی‌تر دەرکەوت کە ئاو یەکێکە لە گرفتە گەورەکان. ڕۆژانی یەکەم دەچووم لە کانییەکی نزیک دەربەند، بە تەرمۆس‌و سەتڵ ئاوی خواردنەوەم دەهێناو خانمیش بۆ پێویستیەکانی تر، بە تەنەکە لە چەمەکەی دەهێنا. دواتر ئەنوەر تۆقی‌و برادەران، کە ئاویان بە سۆندە لە کانییەکی بناری چیاکەی پشتیانەوە ڕاکێشاوەو دەیکەنە تانکییەکەوە، لەو گرفتە ڕزگاریان کردم‌و ئێستا ئاوی خواردنەوە لەوێ دێنم.

پێ بەپێی ئاو، نەوتیش گرفتێکی گەورەی ترە. بەڵام بەختمان هێنای کە بەرمیلێکی بەلووعەدارمان، لە ژوورە تاریکەکەدا دییەوە. ئیتر وردە وردە بە کەمێ دەردیسەرییەوە، پڕم کردو چوار تەنەکەش زیادە لەگەڵیدا. ئینجا کە مەسەلە سووتەمەنی بێ، دەبوو مشووری داریش بۆ زۆپاکە بخۆم. بۆیە دەستم

دایە تەورو لەگەڵ خانمدا، چووینە وێزەی بنەدارە بڕدراوەکان و بنچك و کۆتەرەو چیلکەو چەوێڵی پێشدەمی خانووەکەمان و بە دوایدا، لەتوپەتکردنی دوو کەرتە داری قەبەی ناو حەوشەکەمان (کە مستەفای خاوەن خانوو پێشتر، مۆڵەتی بەکارهێنانی بۆ سووتەمەنی پێدابووم) و ئەوانەمان هەموو، گواستەوە بۆ ژووره تاریکەکە.

ئێستا ئەوە ژوورو هەیوانی نایلۆنبەندو ئەوە ئەوت و ئەوەش دارو چیلکەو چەوێڵ و دەمێنێتە سەر ئازووقە، کە رام وایە هەتا ئەو دەرگایەی لای دۆستەوە کراوە بێ، نابێتە گرفت و وەکی تر منیش، بەندی چل دینارە مانگانەکەم و هەردەبێ مانگانە ئازووقە بکرم.

پێخۆشحاڵم.. لە جوتیارێك دەچم، خۆی بۆ زستانێکی تووش ئامادە بکا. لەپی دەستم بلقیان کردو بلقەکان تەقین و شوێنەکانیان چووزانەوەو ئێستاش هێشتا، خۆشە نەبوون و دەچووزێنەوە. ئەمە بۆ من حاڵەتێکی تازە نییە. هەر لە منداڵییەوە کە قوتابیی سەرەتایی بووم، وەك باوکم و براکانم فێری هەلاجی بووم، کە چەکەکە لەپی دەستی راستم و کەوانەکە لەپی دەستی چەپمی دەکردە بلق و دەتەقین و دەچووزانەوەو دواجار خۆشە دەبوون.

خانمیش پێخۆشحاڵە.. کە ژوورو هەیوانەکەی خۆمان و ژوورەکەی بارەگای رازاندۆتەوەو، کە جەنگە پیرۆزەکەی دژ بە لەشکری کێچ بەسەرکەوتوویی ئەنجام داوەو، کە دەچێ بەتەنەکە ئاو لە رووبارەکە دێنێ و، یا لەوێ بە چیلکەو پووشوپەڵاش ئاو گەرم دەکاو جل دەشواو بەسەر تاوێرە بەردو لقوپۆپی درەختەکاندا هەڵیاندەواسێ و ئینجا، کە ئێواران بۆریی هەردوو فانۆسەکە پاك دەکاتەوەو دایان دەگیرسێنێ و یەکێکیان لە هەیوانەکەداو ئەویتریان لە ژوورەوە لەسەر رۆپاکە دادەنێ و ئیتر، شەوەو خێزانە جوتیارە ماندووەکە، دەبێ شێو بکەن و بحەوێنەوەو بخەون. تەنانەت مەزدەش پێخۆشحاڵەو بگرە لە هەردووکمان زیاتر.. چونکە ئەگەر ئێمە کەمێ لە ئەسڵی مەسەلەکە پێدەزانین و بەوە خۆشحاڵ دەبین، ئەو دەربەستی ئەوەش نییەو تەنیا هێندە پێدەزانێ، کە رۆژ تا ئێوارە وەك پەپوولەیەك لەگەڵ دایکیدا، بەو دەوروبەرەدا دەخولێتەوەو شەوانیش ئاسوودە، لەباوەشیدا دەخەوێ.. ئا.. خۆشحاڵین.. خۆشحاڵین.. هەرسێکمان خۆشحاڵین.

٢- دیاره دەبێ هەر ئەو خۆشحاڵییەش بێ و (لەگەڵیدا سۆزی دایکایەتییەکە)، وای لە خانم کردبێ پێم لێبکانە کەوش کە بچم (گۆران)ی بۆ بێنم. من ئەو کارەم پێباش نییە. تەقەلامدا پێی بسەلمێنم کە مانەوەی لەناو شاردا باشترەو دادی نەدا. ئەمشەو دوای بێنەوبەرەیەکی زۆر، ناچار بووم بڵێم: باشە.. سەری مانگ دەچم دەیهێنم.

٣- با بێمە سەر باسوخوازی تر.. ئێرە بارەگای یەکێتییەو بەحساب، سێ ئەندامی تەرخان (متفرغ)و دوو کارمەندی هەن. سەعید ناکام لە زووەوە هەواری گواستەوە بۆ ئەو دیو. (هەردی) تا ماوەیەك لە بابەکراوا لەگەڵمدا بوو، کە رۆژانێکی خۆش بوون بەسەرمان دەبردن و ئەویش، دوای سەفەرێکی تاران بۆ چارەسەری نەخۆشی، هاتەوەو دیسان رۆیشت و نەهاتەوە. سمکۆش بەدوای ئەواندا، مۆڵەتی هەموو زستانەکەی وەرگرت و رۆیشت. ئیتر وەك ئەندامی تەرخان و کارمەند، ماینەوە من و عەبدوڵڵا دارتاش. وەك هەڵسووڕێنەری کاروباری یەکێتیش بەکردەوە، ماینەوە من و سەیدا یوسفی.. ئەو سەرۆك و من کارگێڕ.

٤- سەبارەت بە دوا هەواڵەکانی جەنگ، ئێستا لە قوڵی باڵەك و رانییەدا، لەسەر شەرە تۆپ دەقی گرتوە. پێشدەچێ (پ.م) تیایدا براوەبن و جەزرەبە لە سوپا بدەن. وەکی تر لە رۆژانی پێشوودا، شەڕ لەبەرەی دهۆکیشدا گەرم بووە.

٥- کەمێ لەمەوبەر، لە هەموو لایەکەوە بووە تاقوتۆق. لەگەڵیدا وڕەی فڕۆکەشمان بیست. شتێکی لەناکاو بوو. خانم کەمێ ترسی لێنیشت. مەزدە خۆی کوتایە باوەشمەوە. چرامان کوژاندەوەو لە ژوور دەرپەڕینە دەرەوە بۆ ناو هەیوان. خانم و مەزدەم لە هەیوانەکەدا هێشتنەوەو خۆم چوومە دەرەوە. گوێم هەڵخست و سەرنجمداو هیچ حاڵی نەبووم. ئەوسا بیرم بۆ رادیۆ چوو. هێنام و کردمەوەو دەبیستم جەنابی، پەیتا پەیتا بەلاغی ژمارە (٩٣)ی مەکتەبی عەسکەری، سەبارەت بە جەزرەبەیەکی گەورەی (پ.م) لە دوژمن لە (سەرتین) رادەگەیەنێ و ئەو تاقوتۆقەش بەخێر، لە خۆشیی ئەو سەرکەوتنەیە.

### ١١/١٩

لە ژوورەکەی یەکێتی دانیشتووم. ئارەزووی دەستکردنەوە بە نووسینی چیرۆك دایگرتووم. بارودۆخەکە بۆم لەبارە. ژوورێکی نایلۆنبەندی تەریك‌و کورسی‌و میزێك‌و فانۆسێك، کە ئەگەرچی رووناکییەکەی کزە، بەڵام کارم رایی دەکا. زۆپاو کومباریش کە سێ چوار رۆژ لەمەوبەر، چووم بە بڕیاری سەیدا هەندێ پارەی یەکێتیم وەرگرت‌و کڕیمن. بەنیازم لۆکسێکیش بکڕم.

دنیا ساردە. زۆپاکەم داگیرساندوە. سەر لەبەیانی‌و تا نیوەڕۆ، بارانێکی باش باری. دلۆپەش دایدا. باگردێنمان هەیەو ماوەیەکی زۆر، سەریانم گیڕا. دەمەدەمی عەسر خۆشی کردەوەو دلۆپە گیرسایەوە.

### ١١/٢٠

١- بەیانی کە لە خەو هەڵساین، بەفر لوتکەی هەردوو شاخی پشت‌و پێشمانی سپی کردبوو. بەڵام هەرزوو باران تواندییەوە. دوێنێ‌و ئەمڕۆ لە رۆژانی زستان دەچوون. لە دەمێکیشەوە دەبیسم کە زستانی ئێرە گەلێ سەختە، بۆیە منیش وا بەتوندی خۆمم بۆ ئامادە کردوە.

٢- شەو هێجگار درێژ بووەو کۆتایی نایە. بەتایبەتی کە رۆژ لێرە لە نێوانی ئەم دوو کێوە قووچەدا، دەتوانم بڵێم لە هەڵهاتن‌و ئاوابوونیدا، لەچاو دەشتاییدا بەلایەنی کەمەوە، دوو سەعاتی لێکەم دەبێتەوە.

٣- ئەوا مەزدەو پرسیارە لە بنەهاتوەکانیم لێپەیدا بوون.. بابە.. خوا کێیە؟ لە کوێیە؟. بابە.. دایە وتی: خوا کوێرت کا.. چۆن کوێرم دەکا؟. بابە.. تەیارە بۆچی بۆمبامان بەسەردا فڕێ دەدا؟.. بۆچی دەیەوێ بمان کوژێ؟. بابە بۆچی دەمرین؟.. بابە.. بابە.. بابە!!. دەزانم هەقێتی‌و لە تەمەنی پرسیارکردندایە.. چوار ساڵ مانگێك کەم. بەڵام بەڕاستی تەنگەتاوم دەکا. چونکە پرسیارەکانی قورسن‌و وەرامی گونجاوی ئەو تەمەنەم بۆ نادرێنەوە. ناچار خانم بانگ دەکەم تا لە کۆڵمی بکاتەوە.

٤- دەمێك بوو بڕیار درابوو، (نووسەری كورد) دەربكەینەوە. لە بەغدا ژمارەمان گەیاندبوو بە یازدە. بڕیارە بدەین بە دەمییەوەو ئەوەی ئێرە، ژمارە دووازدەی بدەینێ. ئێستا بابەتەكانی لە چاپخانەیە.

٥- تەقەلا دەدەم بكەومەوە سەر هەوای نووسین و بەدەستمەوە نایەت. تەنانەت حەزدەكەم هیچ نەبێ لە شێوەی سەرەمقەستدا كورتە وتار بۆ ئێزگە، گۆشەی یەكێتی، دەنگی پێشمەرگە، یا هەر شتێك لەو بابەتە بنووسم و كەچی دەڵێیت لێچووومەتەوەو پێم سەیرە! بەڵام بەوەی باشە كە لەگەڵ تۆماركردنی رۆژانەی ئەم بیرەوەرییانەدا وا نیم.

## ١١/٢٢

١- چەند رۆژێك لەوەبەر فاروق داوای لێكردبووم، كە بچم لە چاپكردنی ژمارەیەكی تازەی (رێگای كوردستان)دا، یاریدەیان بدەم. چونكە تایپیستەكەیان كە كوڕێكی عەرەب بووە، تووشی نەخۆشیی سیل بووەو ناردوویانە بۆ سووریا. ئەمڕۆ هات بە دوامداو پێكەوە چووین بۆ بارەگاكەیان، كە ئێستا لە گەلاڵەیەو لەبەر شاڵاوی بۆمبابارانی تۆپ و فڕۆكە بۆ سەر ناوچەی شوێنەكەی پێشوویان، ناچار جێیان هێشتوە. تا ئێوارە مامەوەو لە چاپكردنی ژمارەكەدا یاریدەمدان.

٢- دەمەدەمی عەسر دوو فڕۆكەی میگ، نیشتنە سەر ناوچەكە. ماوەی چارەكە سەعاتێك خولانەوە. لەگەڵاڵەیان نەدا، كە چۆڵ كراوەو هیچی وای تێدا نییە بهێنێ لێبدرێ، دەوروبەرەكەیان داگرت. بە درێژایی ئەو ماوەیە، ناڵەناڵی میگەكان بە ئاسمانەوەو شریخەی تەقینەوەی بۆمباكان كە بەریان دەدانەوە، لە گوێمدا تێكەڵ بە چكەچكی تایپەكەو چەكەچەكی رۆنیۆكە دەبوون و لە یەك كاتدا، ئاوازێكی یەكترگیرو دژ بەكیان پێكدەهێنا.

٣- كە گەیشتمەوەماڵەوە زۆر ماندوو بووم. لەگەڵ ئەوەشدا دوای كەمێ حەوانەوە، ئەوەتا هاتوومەتەوە خەلوەتخانەكەی شەوانە (ژووری یەكێتی)و بە نیازم بنووسم.. هەر شتێكم بەدەستەوە بێت و بینووسم و كەچی نییە!. هیچ!.. واز دێنم و رادیۆ دەكەمەوە. عەجەب رێكەوتێكە!. وتارێكی لەتیف هەڵمەتەو دێتە بەرگوێم. دەی هەڵێكی باشەو هەڵكەوتوە. وتارەكە خۆیم مەبەست نییە.

ئەوەم مەبەستە کە بیستنی ناوی لەتیف هەڵمەت لەم ساتەدا، بە بیرمی دێنێتەوە. با بیگێڕمەوە..

ڕۆژانی هەراوهوریای ڕوانگەیە. بزووتنەوەکە گەیشتۆتە ئەوپەڕی گڕوکفی. بۆتە فەرتەنەو جەنگێکی مەغلووبەی لێبەرپا بووە. کەچی لە پڕێکدا کوڕە لاوێك، لە کەرکووکەوە پەیدا دەبێ. لە دیدارێکدا کە هەر ڕوانگەخوازەکان بۆیان سازکردبوو، نوتق دەداو دەڵێ: (ڕوانگە هێلکەیەکی پیس بوو هیچی هەڵنەهێنا. ئەوانە نوێخوازی ساختەو لاف لێدەرن. نوێخوازی ڕاستەقینەو دەست پێشخەر ئێمەین). ئینجا دەرکەوت کە ئەم سەرەڕمەکەیەو هەردوو شاکەل، ئەحمەدو ئەنوەری لە تەکدان. تا دواتر وردە وردە ڕوون بۆوە (بۆ ئێمەو مانان)، کە نەخەیر.. دوو زاتی تریش لە پشت پەردەوە هەن و لەو شاڵاوەی هەڵمەتدا دەوری کاریگەر دەبینن، کە لەتیف حامدی ئامۆزای هەڵمەت و فەرەیدوونی برادەری لەتیف بوون و با سەبارەت بەمانیش و بەتایبەتی لەتیف بگێڕمەوە..

ڕۆژان هاتن و تێپەڕین. ئێمە بزووتنەوەی ڕوانگەمان، بە بەستنی (کۆڕی یەکەمی ئەدەبی لاوان) لە هۆڵی زانکۆی (المستنصریە) لە بەغدا، بۆ ماوەی دوو ڕۆژو بە بڕیاری یەکێتیی نووسەرانی کوردو لەسەر مەسرەفی ئەو، گەیاندە پۆپەی جۆش و خرۆشی. لێرەدا دوو زاتەکەی پشت پەردەکە، بەناچاری پەتیان پچڕی و بە بەشداریکردنیان لە کۆڕەکەدا، هاتنە پێش پەردەوە. من و شێرکۆ لەوەبەر، لەتیف حامدمان رووبەڕوو، هەروا بە سەرپێوە ناسی بوو. لەگەڵیدا نەچووبووینە قووڵاییەوە. بەڵام وا ئێستا هەلمان بۆ ڕەخساو بەڵام، چۆنمان دی و چیمان لێبیست؟!.

کاتێ کۆبوونەوەی یەکەم کۆتایی هات و لە هۆڵ هاتینە دەرەوە، هەرچوارمان بە پیاسە تا مەیدان بەپێ ڕۆیشتین و بە دەمییەوە دەدواین. من و شێرکۆ پتر ئەوەمان مەبەست بوو، گوێ بگرین و لێیان تێبگەین. زیاتر لەتیف دەدواو ڕای دەردەبڕی. ئێمە لە قسەکانی سەرسام بووین. سەرنجمان‌دا (سەید قوتب)ێکە بۆ خۆی!. ئایەتی قورئانمان بۆ دێنێتەوەو دەیسەوێ، لەگەڵ پێشکەوتووترین تەکنۆلۆجیاو تیۆرییە زانستییەکانی سەردەمدا بیگونجێنێ. بۆ نموونە دەیووت: کاتێ خوا دەفەرموێ: (وانظر إلى الأبل کیف خلقت)،

مەبەستێکی بایۆلۆجیی هەیە، نەك سەیرکردنی شێوەی حوشترەکە. واتە ئەو حوشترە بە دیوی ناوەیدا ببینن و بزانن لە چی پێکهاتووەو چۆن و بۆچی و.. هتد، کە ئەوەش دەبێتە نموونەیەك بۆ هەموو زیندەوەرانی تر.

ئەو رۆژانە، لەتیف چاویلکەیەکی رەشی لەچاو دەکرد. ئەوە پەیوەندیی بە نەخۆشییەکەی چاوییەوە هەبوو. سالێ لەوەبەر بیستبوومان، کە چاوی تووشی شێرپەنجە بووە. بیستبووشمان کە بەدەستەوەیە بچێتە دەرەوەی ولات بۆ چارەسەر. کەچی دوای ماوەیەك لە زمانی (هەلمەت)ەوە، هەقایەتێکی ئەفسانەیی سەیرمان بەرگوێ کەوت و ئێمەی (روانگە)ی هێلکە پیسەکە، نەك لە ئاستیدا هەر سەرسام بووین، بەلکوو وڕوکاسیشی کردین. هەلمەت خۆی بۆی گێرایینەوەو وتی: (گەیلانی - غەوس - چۆتە خەوی باوکی لەتیف حامد - کە دەکاتە مامی هەلمەت و داوای لێکردوە کوڕەکەی - لەتیف - بنێرێتە خزمەتی. بۆ بەیانی باوکە داوای لە کوڕە کردوە، تکای بگرێتە گوێ و بچێ شەوێك لە تەکییە بمێنێتەوەو داوای بەهاناوەهاتنی لێبکا. ئەویش بۆ راگرتنی دلی باوکی چووەو شەوێکی لێماوەتەوەو هەر بۆ بەیانییەکەی، هەستی کردوە کە روو لە چاکبوونەوەیەو دوای چەند رۆژێکیش، بەتەواوی چاك بۆتەوە. واتە ئەو کاتەی بە چاویلکە رەشەکەیەوە، ئەو پیاسەیەی لەگەل ئێمەدا کردو بەو جۆرە دەدوا، لە حالەتی چاکبوونەوەکەیدا بوو.

ئێستا ئەو هەقایەتە ئەفسانەییە با لەوێ بوەستێ و دێمەوە سەر، پیاسەکەو گفتوگۆکەمان و ئەنجامەکەی. کە گەیشتینە مەیدان رێکەوتین دوای نانخواردن، ئێمە بچینە ئوتێل بۆ لایان و لەوێوە بچین لە شوێنێك دابنیشین و بدوێین. دەتووت سەرکردایەتیی دوو گرووپی نهێنین و دەستمان داوەتە، وتووێژێکی ئالۆزودژوار، بۆ یەکخستنیان و پێکهێنانی حیزبێکی ژێرزەمینی!. بەلێ.. چوار قۆلی دانیشتین و هەندێکی تر، قسەی پڕ لە سەیرو سەمەرەمان لیبیستن. لەتیف بە پەرۆشەوە پێی لەسەر ئەوە دادەگرت، کە بەیاننامەیەکی نوێی ئەدەبی دەربکەین و دواجاریش وتی: من ماوەیەکە خەریکی نووسینیم و کە تەواوم کرد، بۆتانی دەنێرم تا ئێوەش رای خۆتانی لەسەر بدەن. ئیتر کاتێ لێیان جیا بووینەوەو لە نێوان خۆماندا پێداچووینەوە، سەرسامی و واقوڕمان و لەگەلیاندا گومانیش، بیرو هۆش و هەستمانی داگیرکردبوو. سەرباری ئەوەی کە

شێرکۆ وتی: هەستم کرد منیان زیاتر مەبەستە وەك لە تۆو منیش بۆم سەلماندو وتم: وابوو!.

بەهەرحاڵ، رۆژهات و رۆژ تێپەڕی و دەسنووسی بەیاننامەکەی لەتیفمان، هەر بەدەست نەگەیشت. تا لە ناکاوێکدا بیستمان کە نەخەیر.. باری تەندروستیی لەتیف، روو لە خراپبوونەوەیە.. روو لە خراپترو خراپترین و بەداخێکی قووڵەوە، روو لە مردنە. ئا.. سەد مەخابن لەتیف حامدێك، کە دەشیا لە بواری هونەری چیرۆکنووسیندا، گەلێ بەخشندەو قەڵەمرەنگین بوایە گەر مەرگ بواری بدایە، مردو شیرپەنجەکە حسابێکی بۆ کەس نەکرد. دوای ئەوەش بەماوەیەکی کەم (بەپێوانەی کاتی گەردوونی)، بارودۆخی سیاسی قلْپ بۆوە. شەڕ دەستی پێکردەوەو زار هەڵدرایەوە. بەڵام ئایا ئێستا زار دەڵێ چی؟!. زار دەڵێ: سەد مەخابن، لەتیف حامد لەژێر خاکدایە. لەکاتێکدا ئەوەکانی تر بەختەوەرن، کە هێشتا لەژیاندان و بەم چەشنە لەنگەریان گرتوە!. هەڵمەت کارمەندە لە ئێزگەو ئەوەتا ئەرکی سەرشانی بەجێدێنێ. شێرکۆ وەك ئەو کارمەندێکی راگەیاندنەو سووکە سەرەگوریسێکی بەدەستەوەیە. منی نووسەری ئەم دێڕانە، ئەندامی تەرخانی یەکێتیی نووسرانم و لە ژوورەکەی بارەگای یەکێتیدا، دانیشتووم و ئەم نوتقانە دەدەم. لە کاتێکدا فەرەیدوونەکەی برادەرەکەی لەتیف حامدەکەی لەمەڕ پیاسەکەو دانیشتنەکەی بەغدامان، ئەوەتا لەبارەگای سەرەکیی پاراستن، لەگەڵ فرانسواو شوکیب و کەریم سنجاریدا، چالاکانە هەڵدەسووڕێ و ئەویش ئەرکی پیرۆزی سەرشانی بەجێدێنێ. سا ئایا هەردوو لەتیف و ئەوەکانی تر، بەم راستییە ساکارەیان دەزانی؟!.

١١/٢٣

١- سەیرە!.. دوێنێ شەو بەڕێکەوت، ناوی (پاراستن) بەسەر دەممدا.. نەء بەسەر نووکی قەڵەمەکەمدا هات و کەچی، ئەمڕۆ لە سەعات دووازدەو نیودا هاتنە خزمەتم!. لە کاتێکدا لە ئەنجامی ماندوێتیی دوێنێ و سەرمابوونمدا لە گەڕانەوەداو دانیشتنی شەوم تا درەنگوەخت، بەیانی خۆم بۆ راست نەکرایەوەو لە جێگەدا مامەوە، خانم کە لە حەوشەکەدا خەریکی کارو فرمانی

خۆی بوو، هات و وتی: دوو چەکدار لەبەر دەرگان داوات دەکەن. وتم: کێن؟.
وتی: نازانم.. بەڵام لە ناسیاو ناچن. وتم: پێیان بڵێ کە ئەوە حاڵمەو یا بفەرموونە ژوورەوە. ڕۆیشت و کە هاتەوە شڵەژابوو. وتی: رازی نابن و دەڵێن کە هەر دەبێ تۆ بچیتە دەرەوە. چووم و بینیمن. یەکێکیان لە دەرەوەی حەوشە بوو. ئەویتریان هاتبوە بەرهەیوان و کە لێم پرسی، وتی: مامۆستا زەحمەت نەبێ، لە (دیفاعی مەدەنی)ی دەربەند داوات دەکەن. کە وتم: بەسەر چاو.. ئێوە بڕۆن و منیش، خۆم دەگۆڕم و بە دواتاندا دێم. بەڵام کە وتی: بمان بەخشە.. فەرمانمان پێکراوە لەگەڵماندا بێت. ئیتر تێگەیشتم کە هەیهوو هەیهوو!. گرتن لە هەموو دەورو زەمانێك و لەهەر لایەکەوە بێ، هەر گرتنە و مەگەر لە رتووشدا جیاوازییەك هەبێ!. ئەوە دەکاتە چەند جار گرتن و لەچەند سەردەمدا؟!.

گەڕامەوە ژوورەوەو خۆم گۆڕی و بە خانم وت: بۆ گرتنە. ئەگەر لەماوەی نیو سەعاتدا نەهاتمەوە، لێت روون بێ کە گیراوم و بچۆ سەیدا یوسفی ئاگادار بکە. پێشیان کەوتم و مەزدە، بە بابە بابە دوام کەوت بێت لەگەڵمداو دایکی گلی دایەوە. لە (بەرگریی مەدەنی) لوتفێکی زۆریان نواندو بەرپرسێکیان وتی: مامۆستا بمان بەخشە. ئێمە ئەرکێکە پێمان سپێردراوە. داواکراویت و ناشزانین مەسەلە چییە!. کە پرسیم: کێ؟. ئەوەندە گەمژانە وتی: وەڵاهی نازانم، کە ئیتر نەدەبوو هیچی‌تر بڵێم و تێگەیشتم، گرتنەکەیەو بڕایەوە. لەگەڵیدا ئامۆژگارییەکەمم بۆ خانم بیر کەوتەوەو تەلەفۆنێکیشم لەسەر مێزەکە دی. وتم: بۆچی خۆم لێرەوە تەلەفۆنی بۆ نەکەم؟. کەچی کە داوام کرد، بواریان پێنەدام و چەندیشە راوڕێویم بۆ هێنانەوە، بێسوود بوو.

زۆری نەخایەند وتیان: فەرموو. لە دەرەوە قەمەرەیەکیان راگرتبوو، نەفەرەکانیان بەدەم بۆڵەبۆڵەوە لێدادەبەزاند. لە خانەی دواوە لە نێوان دوو (پ.م)دا دایان نیشاندم. بەرەوخوار کەوتەڕێ و لە دڵدا وتم: کاتێ دەگەمەلای ماڵەوە، بەڵکوو خانم لەو ساتەدا لەبەر دەرگا یا لە حەوشەکەدا، لێمەوە دیار بێ و بە ئیشارەتێك تێی بگەیەنم و نەی

گرت. سەرنجێکی خێرای لای لاوانیشمداو ئەویش نەیگرت.

ئۆتومبێل بەرەوخوار دەبێتەوە. بۆ کوێم دەبەن؟. لە (پ.م)ەکانم پرسی و وتیان: بمان بەخشە!. بەخشیمن و قڕوقەپم لێکرد. ئەوە چۆمانەو لێی

ناگیرسێینەوە. گەلالەمان لەبەردەمدایە. باشە ئەوێ چیی لێیە؟!. ئەوێ چۆڵە. بارەگای (ق.م)؟!. چ پەیوەندییەکی هەیە؟!. دەگەینە سەرپردەکەیو ئوتومبێل، رووەو گەلالـە لادەدا. کـەوابێ ئێرەیـە جێمەقسـەدو ئـەوەتا، دەم کـەن بـەناو خانوویـەکداو دەمبەنـە ژوورێکـەوە. گـەنجێکی تێکسـمڕاوی سـوورو سـپی دانیشتوە. شێوەی دەکەمو نایناسمەوە. (پ.م)ەکان بە ئیمزاو ئیمزاکاری، بەوم دەسپێرنو دەڕۆن. ئەو لوتف دەنوێنێ. برسیت نییە؟ -نەء -چا.. جگەرە -با -جگەرەیـەکی رۆسمـانم دەداتێو کووپێ چام بۆ بانگ دەکا. ئیتر بۆ ماوەیەکی درێژ خامۆشی.. نە لەو قسەو نە لە من. تا ئەو وەك هێزێك لە ناخدا ئارامی لەبەر بڕیبێو بزواندبێتی، وتی: نام ناسیتەوە؟ وتم: شێوەت دەکـەم، بەلام.. وتـی: بارەگای کۆمەڵـەی رۆشنبیریو یەکێتیی نووسـەران لـە بـەغدا. ئەوسا بۆی چووم. خویشی وتی: ناوم غازییە.

مرۆڤ لە کاتی وەهادا، لەوە غافڵ دەبێ کە پۆلیس هەر پۆلیسەو منیش لەو ساتانەدا، بەو دەردە چوومو لێم پرسـی: حەز دەکەم بزانم مەسـەلە چییـەو بۆچی هێنراومو چیتان لێم دەوێ؟!. کەچی ئەویش وتی: مامۆستا ببورە.. من ئاگادار نیم. با (ملازم) کامەران بێتەوە، ئەو لەگەڵتدا دەدوێ!. جەنابی (ملازم) لـە سەعات سێدا پەیدا بوو. ئەویش گەڵێ لوتفی هەبوو. جگەرەی رۆسمـانو کووپەچاو سەروزمانی شیرین!. ئەوسا غازی ژوورەکەی جێهێشتو کامـەران دووا. وتـی: دەزانیت بۆچی ناردوومانە بەدواتدا؟!. وتم: نـەء. وتـی: دەبـێ بزانیت. وتم: هیچ مەزەنەیەك ناکـەم. ئینجـا دەریـبڕیو وتـی: بۆچـی لـە هـەر شوێنێك دادەنیشیت، هێرش دەبەیتە سەر شۆڕشو باسی دزیو جەردەییو بیروکراتیەتو خراپەکاریو ئا لەم بابەتە شتانە دەکەیت؟. سـەرم سوڕماو وتم: جارێ تۆ خۆت دەزانیت، من ئەوەتا لەناو شۆڕشدامو چارەنووسی خۆمم پێوە بەستۆتەوە. بەو پێیە دیارە دەبێ حەز نەکەم، کەلێنو کەموکووڕی لە رەوتیدا هەبێ. واتـە هـەقی خۆشمە کە ئەگەر هەبوو، دڵتـەنگ ببمو رەخنـە بگـرم. سـا ئەگەر قسەیەکم کردبێ، لەوە زیاتر نەبووەو پێشم سەیرە، کە ئاخۆ دەبێ ئەو پیاوچاکە لە من دڵسۆزترە کێ بێ.. لە کاتێکدا سنووری پەیوەندیی من لـەگـەڵ خـەڵکدا زۆر تەسـکەو پتر، لـە بازنـەی ژمارەیـەکی کـەم دۆسـتو بـرادەردا دەخولێتەوە. ئەو قسەکەمی سەلماندو وتی: بەلام تۆ گوێ لە قسەت دەگیرێو

دەبێ، بەجۆرێك بدوێیت کە ورە بەرز بکەیتەوەو هان بدەیت. ئیتر دوای هەندێ دەمەتەقێی تر، لە دوا قسەدا وتی: با ئامۆژگارییەکی برایانەشت بکەم.. باوەڕ بە کەس مەکە.. ئێمە لە برادەرێکی نزیکی خۆتەوە، ئەوەمان پێگەیشتوە!.

ئەم قسەیە شڵەژاندمی. دەمزانی لەلای برادەری نزیك، قسەی توندم کردوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەگومان بووم‌و وتم: ئەگەر وابێ، دەبێ خۆم بئاخنمە کونی ژوورەوەو کەس نەبینم. هەموو کەس، دەرگای دڵی لای برادەری نزیکی والآ دەکا. تۆ نایکەیت؟!. هەستم کرد ئەمجارە ئەو بۆ وەرام رادەمێنێ. ئینجا وتی: با.. وا دەکەم. بەڵام وەك برایەکی بچووکت، گوێم بۆ رادێرەو تێم بگە.. بۆ من ئاساییە. بەڵام بۆ تۆ نەء. با ئامۆژگارییەکی بچووکی تریشت بکەم. پێویست ناکا لە خۆڕایی، خۆت تووشی چورتمێکی گەورە بکەیت. وای دابنێ ئەمجارەیان، دانیشتنێکی برایانە بوو. دەترسم جارێکی تر وا نەبێ!.

هەڕەشەکە ئاشکرا بوو. لەوێدا بڕیمانەوەو وتی: فەرموو بچۆ لەو ژوورەی ئەوبەر، کەمێ چاوەڕێ بکە، تا ئوتومبێلێکت بۆ پەیدا دەکەم بتگەیەنێتەوە ماڵەوە. چووم‌و ژووری گرتووخانە بوو. سێ کەسی لێبوون. یەکێکیان برای (مستەفا)ی خاوەن خانووەکەمان بوو. لەسەر قاچاخچێتی گیرابوو. لەسەعات چواردا ناردییەوە بەدوامداو وتی: ئوتومبێلم بۆ پەیدا نەکرا. با دوا نەکەویت فەرموو خۆت بڕۆ. زانیم راست ناکاو مەبەستی بوو، کەمێکیش لە ژووری گرتووخانەدا بم. لە دەرەوە بیرم بۆ گیرفانم چوو. رێکەوت وای هێنابوو، کە تەنیا سەدو پەنجا فلسی تێدا بێ‌و کرێکەی پڕ نەدەکردەوە. بەنیاز بووم بە پێ بیکوتم‌و باران کە جۆگەلەی بەستبووە سەر شەقامەکان، لەو نیازەی لادام. چارەسەرم پەنابردنە بەر برادەرانی (ق.م) بوو. لە چوونەکەم سەرسام بوون. فاروق لەوێ نەبوو. بۆ (ئەبو حەقی)م گێڕایەوە. ئیتر راگیر نەبووم. نیو دیناری دامێ‌و هاتمە دەرەوە. زۆر دوور نەکەوتمەوەو فاروق بە جێبەکەیەوە پەیدا بوو. ئەویش سەری سوڕماو بۆ ئەویشم گێڕایەوە. رازی نەبوو بە ئوتومبێلی کرێ بێمەوەو بە جێبەکە، گەیاندمییە ماڵەوە. بەدەم رێوە لە مەغزاکەیمان کۆڵییەوە. من وای بۆ چووم کە لەسەر پەیوەندییە دۆستایەتییەکەمە، لەگەڵ ئەواندا‌و دەشێ ئاگاداری سەردانەکەی رۆژی

پێشووشم بوو بن. ئەو وتی: ئەمە بێ یا هەر شتێکی تر، من سبەینێ دەچم بەناوی حیزبەوە، نارەزاییمان بە (م.س) رادەگەیەنم.

٢- کە گەیشتینە ماڵەوە، دنیا تاریك بوو بوو. ئەنوەر تۆفیق و نووری ئیسماعیل و نووری هونەر، لای خانم دانیشتبوون و لەچاوەڕواندا بوون. تومەز بەسەرهاتەکە، دیوی دووەمی هەیەو دیارە من لێی بێئاگا بووم. خانم و ئەنوەر گێڕایانەوەو وتیان...

دوای بردنەکەم بە چارەکە سەعاتێ، خانم (مستەفا)ی ناردوە بزانێ چیم بەسەر هاتوە. (بە رێکەوت بۆ سەردانی خانووەکەی هاتوەو ویستویێتی بزانێ، کە ئایا لەبارەیەوە هیچمان لێی ناوێ). مستەفا هاتووە منی بینیوە. لە ناسیاوێکی پرسیوە کە مەسەلە چییەو وتویێتی: نازانین. خانم چۆتە لاوان و ئەنوەری ئاگادار کردوە. ئەنوەر (کە لە کۆتایی چلەکاندا لەگەڵ کاکمدا، لە پێنجوین مامۆستا بوون و بەردەوام دۆست بوون و منیشی، وەك منداڵێك لەو ساوەو دواتریش بەلاوی و گەنجی ناسیبوو)، مەردانە بەخۆ کەوتوە. خانمی داوەتە تەك خۆی و چوون بۆ بابەکراوا. سەیدا لە مۆڵەت بووە لەو دیوو گەڕاونەتەوە. چوون بۆ ماڵی عومەر دەبابەو ئەویش لە مۆڵەت بووە. خانم تەنگەتاو بووە. ئەنوەر وتویێتی: بەینم لەگەڵ (شەکیب)دا خۆش نییە. بەڵام بۆ حسەین لە بیر خۆمی دەبەمەوە. چوونەتە بارەگای گشتیی پاراستن لە چۆمان. شەکیب نکوولیی کردوەو تەنانەت وای نیشان داوە، گوایە نەکوو رفاندن لە ئارادا بێ!. لە خانمی پرسیوە: چەند کەس بوون؟.. شێوەیان چۆن بوو؟.. چییان وت؟.. بەرەو کوێیان برد؟.. هتد. ئەنوەر لێی حاڵی بووەو وتویێتی: شەکیب خۆت دەمناسیت کە دەتوانم، سەر بەهەموو کونێکدا بکەم. بۆ کەسم نەکردبێ، بۆ حسەین عارق دەکەم. ئەنجامێکم نەدەنێ، هەر ئێستا دەچم بۆ بارەگای بارزانی و لێتانی دەکەم بە هەرا. شەکیب نەرم دەبێ و دەڵێ: بچن دانیشن.. با تاقیبێ بکەم و بزانین. دەچن دادەنیشن و چاوەڕێ دەکەن.

لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر دیوەکەی لای خۆم. کاتێ لای غازی دانیشتبووم و چاوەڕێی هاتنەوەکەی کامەرانمان دەکرد، تەلەفۆنێك کراو غازی وتی: بەڵێ لێرەیە.. ئەوەتا لەلام دانیشتوە. کە تەلەفۆنەکەی دانایەوە وتی: ملازم کامەران وا دێت. کەواتە لە کاتێکدا کە من لە بارەگای پاراستنم لە گەلالە،

ئەنوەر لە بارەگای گشتی لە چۆمان، شەکیبی تەنگەتاو کردوە. ئەویش یەخەی کامەران دەگریّ کە لەوێیەو کامەرانیش، کە لە بنەڕەتەوە ئاگادارە، ئەو پرسیارە لە غازی دەکاو غازی رادەگەیەنێ کە: بەڵێ دەسگیرەو لە چنگدایە!.

ئێنجا دەگەڕێمەوە لای ئەنوەرو خانم. شەکیب ئەنوەر بانگ دەکاو دەڵێ: بەڵێ دەرکەوت لەلامانە. بەڵام هەڵەیەك رووی داوەو ئەوەی لێقەوماوە. بڕیار وابوو بە نووسراوێك، لە رێگەی یەکێتیی نووسەرانەوە، چەند پرسیارێکی لێبکریّو وەرام بداتەوە. بەڵام بە هەڵە چوون شەخسی خۆیان هێناوە. خەمتان نەبێ. دڵنیا بن بە دواتاندا دەگاتەوەماڵەوە. کەچی ئەوان لە سەعات سێدا گەیشتبوونەوەو من، لە سەعات شەشدا.

١١/٢٥

١- فاروق هاتو وتی: چووم بەسەرهاتەکەم بۆ د. مەحموود عوسمان گێڕاوەتەوەو زۆر نارازی بووە. بەڵێنی داوە لێپرسینەوەی تێدا بکریّ. فاروق چەند جارێك وای بۆ باس کردووم، کە (م.س) لە رەفتارەکانی پاراستن رازی نینو بەڵام، لە عۆیەی نایەن!.

٢- دەبیسمەوە کە هەواڵی گرتنەکەم، لەناو نووسەرانو رۆشنبیراندا دەنگی داوەتەوەو نارەزایی دەردەبڕن. برادەرو ناسیاوان، دێن بۆ لامو هاوسۆزی نیشان دەدەن.

١١/٢٧

١- ئەمڕۆ دەبوو، دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی کۆببێتەوە. وام نیاز بوو یاداشتێکیان بدەمێ. بەڵام کە چووم بۆ لای سەیداو بۆم گێڕایەوە، وتی: وازی لێبێنە بۆ من. ئەوسا ئانوسات بەناوی یەکێتییەوە، نووسراوێکی توندوتیژی سەبارەت بەو کردەوەیە، بۆ پاراستن نووسیو نارەزایی یەکێتیی دەربڕیو داوایشی کرد، لەو کەسانە بپرسێتەوە کە ئەم کردەوەیەیان لێوەشاوەتەوە.

٢- لە سەعات دەو نیودا، فاروق هاتو وتی کە د. مەحمود باسی گرتنەکەی منی بۆ (مەسعوود) کردوەو ئەویش، پێی ناخۆش بووەو بەڵێنی داوە، لە مەسەلەکە بپرسێتەوە.

ئینجا وەك لەوەبەر رێکەوتبووین، بە جێبەکە خانمو مەزدەی لەگەڵ خۆیدا برد، بۆ خەستەخانەی (کەوەرتێ) لە نزیك (ناوپردان)، بۆ تیمارکردنی چاوی خانم کە حەساسیەتەکە لێی هەڵداوەتەوەو منیش چووم بۆ بابەکراوا. هەندێ کاری یەکێتیم لای سەیدا هەبوو، جێبەجێم کردنو لە هاتنە دەرەوەمدا، بیستم کە چەند فڕۆکەیەك، نیشتوونەتە گیانی پردی گەڵاڵەو خەستەخانەی کەوەرتێ و قەسرێو چۆمانو دایان بێژاونو کوژراوو بریندار زۆرن. یەکسەر لە کاتەکەم پرسیو کە وتیان: یازدە، دڵم قرچەی کرد. راست ئەو کاتەیە کە ئەوان لەوێ بوون. هەرچۆنێ بوو، خۆم ئاخنییە ناو ئۆتومبێلێکەوەو بەرەو ماڵ بوومەوە. لە رێوە مەزدەم دی، لە قەراغ چەمەکە یاریی دەکردو ئینجا خانم لەناو حەوشەکەداو ئیتر لەو پەڕی بێئارامییەوە بۆ ئەو پەڕی دڵنیایی.

ئەوسا خانم گێڕایەوەو وتی: هەر هێندەی گەیشتینە نزیك ناوپردان قەوما. خەڵکەکەمان دی رادەکەنو خۆ دەکوتنە ناو کونە تەیارەوە. ئۆتومبێلەکانی پێشمانەوە، رادەوەستانو نەفەرەکانی دادەبەزینو رایان دەکرد. فاروقیش راوەستاو بەرێکەوت، نزیك کونە تەیارەیەك بووین. وتی: راکەن بچنە ئەوێوەو وامان کرد. پڕ بوو لە ژنو منداڵو لە قوڕو لیتەش. فڕۆکەکان بەسەرمانەوە، دەخولانەوەو هەر ساتە ناساتێك، زرمەی تەقینەوەی بۆمبایەك، یا شریخەی دەسرێژێکی رەشاشمان تێکەڵ بە ناڵەناڵی فڕۆکەکان دەهاتە بەرگوێو زارەترەکی دەکردین. ئەمەیان لە بابەتی ئەوەکەی بارەگای (ق.م) نەبوو. لەمەیاندا زۆر ترسام. بۆ نەگبەتیش لە ژوورەوەی کونەکەدا، جێگەم نەبووبۆوەو ناو دەرگاکەیم بە نەسیب بووبوو. هەڵترووشکابوومو مەزدەم بە خۆمەوە نووساندبوو. ئەمە هەموو لە دوو سێ دەقیقە زیاتری نەخایاند. دوو سێ دەقیقەو بەڵام هەستم دەکرد، مەرگ بەسەر سەرمانەوەیەو ها ئێستا دادەبارێ ها ساتێکی تر.

کە ورەو زرمەو شریخە نەما، لە کون هاتینە دەرو لەوەدا بووین یەکلایی بکەینەوە، کە ئایا بچین بۆ کەوەرتێ یا بگەڕێینەوەو قەمەرەیەك لەبەرەوخوارەوە هات. دیمەنێکی سامناکی خستە بەرچاوم. دەرگایەکی خانەی پشتەوە کە دانەخرابوو سەرنجی راکیشام. قاچی زەلامێکی لێهاتبووە دەرەوەو بەلەبەلێ بوو. کە گەیشتە ئاستمان، دیم پڕە لە لاشەی زەلامی مردووی خەڵتانی خوێن.

بە بینینی ئەو دیمەنە، تکام لە فاروق کرد بە پەلە بمان گەڕێنێتەوەماڵەوە. لە گەڕانەوەدا چۆمانیشمان دی شڵەقا بوو. لە نزیك فرۆشگا درا بوو.

٣- عەسرەکەی لە ترساندا، بە شانوباهووە لاوازەکەی خۆم، دەستم کردە هەڵکەندنی کونە تەیارەیەك بۆ خانم و مەزدە.

١٢/١

لە دوای شالاوەکەی (١١/٢٧)ەوە، فڕۆکە ڕۆژانە سێ جارو چوار جار پەیدا دەبوون و بەلام تەنیا، بۆمبایەك لەملاو یەکێك لەو لایان بەردەدایەوەو دەڕۆیشتن. جاریش هەبوو هەروا تاوێ دەخولانەوەو ون دەبوون. بەلام لە هەموو ئەو جارانەدا، هەڵنەدەکشانە سەروو چۆمان.

١٢/٢ - سنە - ئوتێلی ئابیدەر

هەراو هوریای ڕۆژانی پێشوو، کاری نەکردە سەر پرۆژەی هێنانەکەی گۆران. بەیانی خانم و مەزدەم گەیاندە خانەو لە ماڵی ڕەئووف جێم هێشتن. خۆیشم ڕێکەوتی (بابەتایەری حەفید)م کرد، کە ئەویش بەرەو پێنجوین دەچێ و پێکەوە هاتین. دیسان سنەیەو سەرلەنوێ ئوتێلی ئابیدەرەو لەگەڵ بابەتایەردا پێکەوەین.

١٢/٣ - مەریوان

سەفەری پێشووم، لە سنەوە بۆ کرماشان و پاوەو تەوێڵەو ئینجا لەوێوە بۆ پێنجوین بوو. بەلام ئەمیان کە ئیشم بە تەوێڵە نییە، ڕاستەوخۆ لە سنەوە هاتوومەتە ئێرە (مەریوان)و سبەینێ دەچم بۆ پێنجوین.

پێشتر دەمزانی شێرکۆ، بە مۆڵەت لێرەیەو چووم دۆزیمەوە. عەسرەکەی کەمێ بە شەقامەکانی شاردا سووڕاینەوە. دەڵێیت سلێمانی گوێزراوەتەوە ئێرە! شەقامە سەرەکییەکەی، بۆتە (مەولەوی)یەکەی لای خۆمان و چاخانە ناودارەکانیشی، ئەوقاف و حەمە ڕەق! وا گونجا شەو بۆ دانیشتن لای (حەمە فەرەج) بین، کە بەتەنیایەو ژوورێکی بەکرێ گرتوە. دەمەتەقێمان پتر، هەر لەسەر شۆڕش و باسوخوازەکانی بوو. کە گەڕاینەوە ماڵەکەی شێرکۆ،

ماوەیەکی‌تر دانیشتین. بە ماڵومنداڵەوە، لە ژوورێکی خانوویەکی هەزار لۆغانەدایە. لەگەڵ خەسرەوی ژنبرایدا، پێکەوە دوو ژوورو هەیوانێکیان تێدا بەکرێ گرتوە.

### ١٢/٤ - پێنجوین

پێنجوین‌و سەرلەنوێ لای حەمەی میرزا. شێرکۆشم لەگەڵدایە. سووڕێکی ناو شارمان خوارد. گەڵێ برادەرو ناسیاومان بینینەوە. حەمە وتی کە برادەران لێرە، ناڕەزاییان بەرامبەر گرتنەکەم دەربڕیوەو لە کۆڕوکۆمەڵدا باس کراوە. شێرکۆش وتی: ئێمەش نیازمان هەبوو وەك دەستەیەك لە نووسەران، یاداشتێك بە یەکێتی بدەین‌و دوایی وازی لێهێنرا. دوێنێ شێرکۆ ئەوەی بۆ باس کرد بووم.

### ١٢/٥

١- شەو بڕیارم وابوو، کە ئەمڕۆ بەیانی بە ئوتومبێل تا (کانی مانگا)و لەوێوە بەپێ، بەرەو (کاژاو) بچم. بەڵام کە لە خەو هەڵسام، سەیرم کرد بارانێکی زۆر باریوەو هێشتاش هەر دەباریٰ. گوێم نەدایەو خۆم ئامادەکرد. جانتاکەم‌و ئەو چوار کیلۆ گۆشتەم بە شانداداڵ، کە بۆ برادەرانی کاژاوم کڕی بوو. حەمە وتی: مەڕۆ.. ئەمە رۆژی سەفەری لەو بابەتەی تۆ نییە. بۆ گاڵتە وتم: دیارە مرخت لە گۆشتەکە خۆش کردوە!.

هێشتا لە ماڵ نەچووبوومە دەر، بارانی گۆڕی بە بەفرێکی کلووە هێلکە باڕۆکەیی. هەر گوێم نەدایەو ڕۆیشتم. لە گەراج دوو سەعاتێك چاوەڕێم کردو ئوتومبێل نەبوو. بەفرەکە بەردەوام بوو. لوتکەی شاخەکانی سپی کرد. سەربانی خانووەکان‌و چلەپۆپەی درەختەکانیش. تەنانەت خەڵکەکەش وردە وردە، پاکۆدران‌و مانەوە، تەنیا دووکاندارەکان. لەوانە ئەو سیوجگەرچییەی تەنیشتی گەراجەکە، کە نانی بەیانیم لەلا خواردو ئیتر بە دیار زۆپا دارینەکەیەوە، لەچاوەڕوانی ئوتومبێلدا مامەوە. بە تێپەڕبوونی کات، وام لێهات بیری لێبخەمە کار.. گریمان ئوتومبێل پەیدا بوو.. باشە من چۆن بتوانم بەپێ لە کانی مانگاوە بگەمە کاژاو، کە وەك بیستوومە هەشت سەعات ڕێگایەو

ئێستاش، وا نزیکی دووازدەیە؟!. دیارە شەوم بەسەردا دێ.. شەوێکی ئەموستەچاوو بەناو بەفرداو بە ڕێگەیەکیشدا، کە شارەزای نیم. ئیتر جانتاو ڕانە گۆشتم، دانەوە بە شانمداو بەرەو ماڵ گەڕامەوە. حەمە وتی: ها!.. چیم وت؟.

٢- ناو ماڵ وردە وردە قەڵەباڵغ بوو. عەسرەکەی شەهاب و دارا پەیدا بوون. شەو (بەختیاری شەفیق ئاغا، نزار، فەرەیدوون، ئەنوەر، غەفوور، سەلاح، فاروق ناوێک)یش بەرودوا، هاتن و کۆڕێکی گەرمی سەیری لێدروست بوو. (شێرکۆ بەیانییەکەی گەڕایەوە مەریوان). حەمە خۆی کە هەموویانی دەناسی، لەلاوە ئاگاداری دەکردم: ئەوەیان پارتییە.. ئەوە پارتی/پاراستنە.. ئەوی‌تر بێلایەنە!. بەڵام من لە دڵدا سەرم، لە حەمە خۆی سوڕدەما!. ماڵەکەی کردوە بە دیوەخانێکی سەیر!. دەرگای لەسەر پشتە بۆ هەموو جۆرە کەسێك. شتێکی وای بە مەزەنە لێحاڵی هەم، کە سەر بە گرووپەکەی مام جەلال و شەهابە، ئەگەرچی دانی پێدا نانێ. (لە بەغدا ساڵانی ٧٢ - ٧٣، کە زۆر جار شەوانە پێکەوە دادەنیشتین و دەدواین، بەگەرمی باسی لە پێویستیی دروستبوونی حیزبێکی مارکسی - لینینی نوێی دەکرد، کە حساب ڕاست بکاتەوە). بەڵام ئەم دیواخانە کەشکۆڵییەی، سەراسیمەم دەکا!.

بەهەرحاڵ دەمەتەقێیان، زۆر بەرفراوان و گەرموگوڕ بوو. بەڵام من لەسەر ئامۆژگاریی حەمە کە هەر لە سەرەتاوە دای بە گوێمدا، کەمم وت و زۆرم بیست.

### ١٢/٦

دیسان ورەی چەرخاندوە. بەفری گۆڕیوە بە باران و خۆش دەبارێ. بواری سەفەرکردنی هەر تێدا نییە.

### ١٢/٧ - گێڵەرە - ماڵی مامۆستا عومەر

١- ڕۆژێکی لەبار بوو بۆ سەفەر. نەخشەکەی پێشووم واز لێهێنا و گۆڕیم بە: سەید سادق - کانی پانکە - کاژاو. نزیکی نیوەڕۆ لە سەید سادق بووم. ماوەیەکە ئوتومبێل بە ڕۆژ هاتوچۆ دەکاو بگرە، ئێستا تا کانی پانکەش دێن، کە چەند کیلۆمەترێك لە عەربەتەوە دوورە. مەسەلەش بریتییە لەوەی کە

حکوومەت، لە رووی سەربازییەوە ئەم جەبهەیەی پشتگوێ خستووەو جارێ دەربەستی نییە. ئەو هەر لە زووەوە (مانگی ٧، ٨)، خۆی گەیاندە عەربەت و جادەی سەرەکیی (سلێمانی - عەربەت - دەربەندیخان - جەلەولا)ی مسۆگەر کردو ئیتر، هەڵەبجەو پێنجوێنی بەلاوە نا. تەنانەت بە بۆردومانی فڕۆکەش، لە دوو سێ مانگی پێشوودا لای لێنەکردۆتەوە!

٢- دەمەدەمی عەسر لە کانی پانکە بووم. (پ.م)ێکی پاسگەکە ناسیاو دەرچوو. هات بە دەنگمەوەو یاریدەی دام. لەسەر تراکتۆرێك کە بۆ ئێرە (گیڵەرە) دەهات، جێگەی بۆ دابین کردم و وتی: لەوێوە بە سێ چارەکە سەعات، بەپێ دەگەیتە کاژاو. دەمزانی کە مامۆستا عومەر هێشتا لێرەیەو وتم: چاکتر. برادەرێکم لەوێ هەیەو دەچمە لای ئەو.

تراکتۆرەکە عارەبانەی پێوە نەبوو. لەسەر چامللغەکەی سوار بووم. لەوەبەر (ساڵی ١٩٦٣)، دەردی سواربوونی تراکتۆرم چەشتبوو. ئێستا ئەوا پتر لە یازدە ساڵ تێپەڕیوەو هێشتا تاڵییەکەیم لەیادە. بەڵام چار چییە!.. مەسەلە بریتییە لە نێوان، عەزابی بەپێ ڕۆیشتن و ئەشکەنجەی سواربوونی سەر چامللغی تراکتۆر، کە خێراییەکەی نێوانیان دەبێتە پارسەنگ و مرۆڤ، ناچاری هەڵبژاردنی ئەمیان دەکا. بەپێ بووایە سەعاتەهای دەویست. لە کاتێکدا بەمیان لە ماوەی سێ سەعاتدا گەیاندمییە جێ.

٣- عومەر مامۆستای سەرەتاییە. ناسیاویمان دێرین بوو. بەڵام لە دووبەرەکییەکەی حیزبدا ساڵی (١٩٦٧)، کەوتینە لای (ق.م)و حیزبایەتییەکە زیاتر لە یەکتریی نزیك کردینەوە. ئەو هێشتا لەگەڵ (ق.م)ە. بەم بینینە ناکاوەم خۆشحاڵ بوو. کە مەبەستی هاتنەکەمم بۆ باس کرد، وتی: (زۆراب)ی دراوسێمان هاتوچۆی ناو شار دەکا. ڕێکەوتێکی چاکە. دەتوانین کارەکە بەو بسپێرین و جێگەی متمانەشە. منیش پەسندم کردو ناردمان بە دوایدا. ئەویش بڕیاری جێبەجێکردنی داو ئیتر نەخشەکەمان وا دانا، کە بچێتە ماڵی کاکی عومەر، چونکە من و خانم لەگەڵ ئەوانیشدا، هەر لە ڕێگەی عومەرو حیزبایەتییەکەوە ناسیاویمان پەیدا کردبوو. کاغەزێکی منیان بداتێ کە بیگەیەننە ماڵی دایکم. ئەوانیش بچن گۆران کە لە ماڵی خەزوورمە، وەربگرن و بیدەنە دەست کاکی عومەر. ئینجا سبەی شەو لەوێ بمێننەوەو دووسبەی، لە

بەرەبەیاندا بکەونەڕێ (دیارە بە سواری وڵاخ)و لە بەیانییەکی زوودا، دەگەنە (کاژاو)و منیش لەوێ چاوەڕوان دەبم. لەبەرامبەر ئەو ماندووبوونەشیدا، لە سەر چوار دینار ڕێکەوتین‌و پێشەکیش دامێ.

## ١٢/٨ - کاژاو

١- زۆراب بە هێسترێك‌و کەرێکەوە، لەگەڵ سپیدەدا بەرەو ناو شار ڕۆیشتبوو. من‌و عومەریش چێشتەنگاو، بەپێ بۆ ئێرە هاتین‌و سەعاتە وەختێکمان پێچوو. دیسان بارەگای (ق.م) لە کاژاوو زۆربەی، برادەرانی پێشووم بینیەوەو بە دیدەنیی یەکتر شادین. ئەوەشی بەتایبەتی من شاد دەکا، ئەو گۆڕانەی حاڵی بارەگایە بەرەو باشی کە دەیبینم. ئێستا بارەگا نابووت‌و نەدارەکەی ئەوسای من نییەو خەڵکەکەیشی، برسی‌و رووتەکەی جاران نین. لە سەرەوە لە رێگەی فاروقەوە ئاگاداربووم، کە دوای داواکاری‌و وتووێژ، سەرکردایەتیی شۆڕش بڕیاری بۆ داون بارەگاکەی ئێرە (کاژاو)یان، لە مەڵبەندی ڕێکخراوەیی سیاسیی حیزبییەوە، بۆ بکرێتە بارەگای لقێکی (پ.م)و وەك هەر لقێکی (س.ش.ك)، حسابیان بۆ بکرێ‌و مووچەو ئازووقەیان بدرێتێ. بۆیە ئێستا تا رادەیەك، تێروتەسەل‌و پۆشتەو پەرداخ دێنە بەرچاوم‌و گەلێکیش پێی دڵخۆشم.

لەگەڵ ئەوەشدا، دوای گێڕانەوەی هەقایەتی چوار کیلۆ گۆشتەکەو خورانی لە ماڵی حەمەی میرزا دوای رێ لێگیرانەکەم، بڕیارمدا کە قەلێ یا قازێکی قەڵەویان بۆ بکڕم. بەڵام کە ئەوانەم دەست نەکەوتن، دوو کەڵەشێرم کڕین‌و بۆ ئێوارە بە قبووڵییەوە خوران.

٢- شەو شێخ ساڵح هات‌و هەندێ، لەقسە خۆشە بە پلاروتوانجەکانی بۆ کردین. شێخ عەلی لەو بابەتە قسانەی زۆر پەست دەبوو. هەندێ جار لە وەرامیشیدا، قسەی رەقی پێدەووت‌و کە دەڕۆیشت، وەك فەرمانێکی حیزبی ئاگاداری دەکردین، کە نابێ ئیتر رووی بدەینێ. من لە دڵدا دەمزانی ئەو فەرمانە، لەجێی خۆیدا نییەو ناچێتە سەر. بەڵام نەشیش بسووتێ‌و نەکەباب، وەزعەکەم رادەگرت‌و زۆری نەدەخایاند، حاڵ دەچۆوە دۆخی جاران.

١٢/٩

من به پێی ڕێکەوتنەکەمان لەگەڵ زۆرابدا، وام دانابوو کە جێی خۆیەتی لە دوای خۆرهەڵاتنەوە بە ماوەیەك، بچم چاوەڕوانی گەیشتنیان بکەم. سەعات نزیکی دە بەرەوخوار بوومەوە بۆ دامێنی ئاوایی و لەسەر کانییەکەی بن دارگوێزەکە، بەیادی ڕۆژانی لەوەبەرەوە دانیشتم. ماوەیەك و هەڵسام بە پیاسە بەرەوخوارتر بوومەوە، بۆ سەر گۆمەکەی لەمەڕ ڕاوەماسییەکەم. دەڕوانمە سەعاتەکەی دەستم و لە دووازدە تێپەڕیوە! بەپێی نەخشەکەمان دەبوو بگەیشتنایە!.. دەبوو زووتریش بگەیشتنایە! لێم دەبێ بە مەراق و هاتنەکەی خۆمم بە بیر دێتەوە. ئەگەر ڕێکەوت بەفریام نەکەوتایە فەوتا بووم!.. سا کێ دەڵێ؟!...

کسپەیەك دای لە دڵم و خێرا وتم: نا.. وا نییە.. قەت وا نییە.. هاکا پەیدا بوون.. گۆمەکە جێدێڵم. دەچمە سەر ڕێگاکە و هەڵدەڕوانم. دێم و دەچم و خۆم دەخڵافێنم. بە دووردا هەڵدەڕوانمەوە و سەیری سەعاتەکە دەکەمەوە. یەك و چارەکی دوای نیوەڕۆیە. درەنگە. دەبوو بگەیشتنایە.. زووتر.. زۆر زووتر بگەیشتنایە.. بۆچی نەگەیشتوون؟!. دەچمە سەر گردۆڵگەیەك. لەوێش دەچمە سەر تاشەبەردێك و هەڵدەڕوانمەوە.. بەدەم جگەرەکێشانی یەك بەدوای یەکەوە هەڵدەڕوانمەوە. بەلای چەپمەوە ئاواییەو پڕ لە جموجووڵی ژیانە. (پ.م) بە بەرگی خاکی و چەکەوە.. جوتیار بە بێڵ و خاکەنازەوە.. کچان و ژنان بە جلوبەرگی ئاڵوواڵاوە، جمانی ژیان دەجمێن و هەڵدەسوورێن. لە کاتێکدا بەلای ڕاستمەوە، جمانی ژیان لە من چەقیوە و جووڵەی بۆ ناکا. ئەوەی لە چاوەڕوانیدام، سەر هەڵناداو سەرهەڵنادا!.

تا لە سەعات دوودا لە دوور، سووکەڵە کاروانێك دەردەکەوێ. کەرێك و هێسترێك و بارێکی چکۆلانەی بەسەرەوەیەو زەلامێکیش بە دوایانەوە. ئا.. ئەوانن و دڵم دەحەوێتەوە. دێنەبەرەوەو دەیبینم بەسەر هێسترەکەوە، شل و شێواوەو هەڵتەکهەڵتەکێتی. بەرەو پیریان دەچم و دەگەینە یەکتر. دەست دەبەم

دای دەگرمە خوارەوەو لە باوەشی دەنێم. لە یەکەم ساتدا حەپەساو سەرسام بوو. دەمودەست نەیناسیمەوە. کە ماچم کردو رووبەڕوو بووینەوە، ئەوسا سەروسیمای گەشایەوە. دەستی لە ملم توند کردو رووومەتی بە روومەتمەوە نووساند. بەدەم رۆیشتنەوە هەوڵمدا بیدوێنم، کورت وەرامی دەدامەوە. هەستم کرد زۆر ماندووەو وازم هێنا. کە گەیشتینە هەورازو سەرکەوتن بۆ ئاوایی، زۆراب وتی: بۆچی خۆت ماندوو دەکەیت؟ بیخەرەوە سەر هێسترەکە. وام کردو لێم پرسی: لە رێگە بێزاری نەکردیت؟. وتی: بەهیچ جۆرێك.. زۆر هێمن و زۆر پیاوانە بوو. بەدەم رێوە زۆراب چۆنێتی وەرگرتنەکەی بۆ دەگێڕامەوە، کە لە ناکاو هێسترەکە سەرسمێکی‌دا. شوێنەکە بەردەڵان بوو. بە چۆکدا کەوت و گۆران بەسەر سەردا، بەربۆوە بەر پێی. لەو ساتەدا ترسام جگە لە کەوتنەکە، هێسترەکەش پێی لێنێ. تەکانمدا فریای بکەوم و تا من گەیشتم، هێسترەکە ئاقڵانە خۆی خستبۆوە سەرپێ و بێجووڵە راوەستابوو. منیش گۆرانم هەڵگرتەوەو سەیرم کرد، ورتەی لێوە نایەت و تەنیا دەستی ناوەتە سەر ناوچەوانی!. کە دەستیم لادا، هێندەی هەڵماتێك هەڵتۆقی بوو.

ئیتر کە لە هەوراز سەرکەوتین و گەیشتینە پێش دەمی ئاوایی، بە باوەشمەوە جموجووڵی پێکەوت. دیمەنەکان دەیانبزواندو بەتایبەتی بەرخەلێك، کە بە دواماندا دەهات. بۆ یەکەمجار بە روونی دواو وتی: دامنێ خۆم دەڕۆم. تومەز بەرخەلەکەی مەبەست بوو. ئەو کاتە گەیشتبووینە ئاوایی و نزیك بارەگا بووین. یەکێك لە بەرخەکان دوا کەوتبوو. لە خۆشیی بەرخ، ماندوێتیی رێگا و کەوتن و هەڵتۆقینەکەی سەری لە بیر چوو بۆوە. کەوتە راکردن بە دوای بەرخەکەدا، تا گرتی و سواری سەری بوو. من و زۆراب و دوو سێ برادەری بارەگا کە هاتبوونە خوارەوە، دەوریمانیدا. لێم پرسی: ئەوە چییە؟. وتی: ئەم بەرخە بەجێ ماوە.. من دۆزیومەتەوە!. ئیتر کە بەرخەکەمان لە دەستی بەرەڵلا کرد، زۆراب بوخچەکەی داگرت و دایە دەستم. بیست

دیناریشی دامیّ و وتی: ئەم بڕە پارەیەشیان بۆ ناردوویت. ئەوە بوو خۆم لە نامەکەمدا داوام کردبوو. دوای ئەوەی بە گەرمەوە سوپاس و ستایشیم کرد، ئەو بەرەو گێڵەرە رۆیشت و ئێمەش سەرکەوتینە سەرەوە بۆ بارەگا.

## ١٢/١٠ - پێنجوین

بەیانی لەگەڵ عومەردا گەڕاینەوە گێڵەرە. زۆرم چاوەڕوانی جێبێك کرد، کە بەقسەی عومەر دەشیا پەیدا ببیّ و یەکسەر بگەڕێتەوە بۆ پێنجوین. لە نێوەڕۆدا تراکتۆرێك رەخسا، کە تا کانی پانکە دەهات و لەگەڵ عەزابەکەشیدا، وتم: لە دەستی نەدەم باشە. ئەمجارەیان عارەبانەی پێوە بوو. چوومە سووچێکی بنەوەی. گۆرانم باش پێچایەوە و بەو نیازەی لە هەڵتەکهەڵتەکدا نەیەڵم ئازاری پێبگا، لە باوەشمدا توند نووساندم بە سنگمەوە.

ناو عارەبانەکە نەوتاوی بوو. بۆ خۆلێپاراستنی، جانتاو بوخچەکەم نانە ژێرم. بەلاّم زۆری نەبرد نەوت، نەك تەنیا بە جانتا و بوخچەدا تەنییەوە، بەڵکووو لە شرواڵ و دەرپێشی تێپەڕاند بۆ سەر پێستی سمت و ران و پووزم!. ناچار وازم لە خۆپاراستن لە نەوتاویبوون هێنا و تەنیا، بە گۆرانەوە خەریك مام. ئەویش لە سەرەتادا، زوو زوو سەری بەرز دەکردەوەو حەزی دەکرد، بڕوانێتە دەوروبەر. بەلاّم کە چەند جارێك پنتکە قوڕ یا زیخی ژێر تایەکانی بەردەکەوتن کە هەڵیان دەدا بەسەرماندا، ئیتر وازی هێناو خۆی لە باوەشمدا مت کرد.

لە کانی پانکە (پ.م)ە ئاسیاوەکە، دیسان بەفریام کەوتەوە. لە جێبێکدا کە بۆ سەید سادق دەهات، جێی بۆ کردینەوە. کاتێ گەیشتین دنیا لە تاریکبووندا بوو. ماوەیەك ماتەل بووین. ئوتومبێل بۆ ئێرە دەست نەدەکەوت. لە ئەنجامدا پیکابێك پەیدا بوو کە چادری پێوە بوو. لایەکی چادرەکە دڕا بوو. هەوایەکی ساردی تەزێنەر، لە دەلاقەکەوە دەهات و هەراسانی دەکردین. جگە لەوەی پیکابەکە خۆیشی، گەیشتبووە تەمەنی پیرێکی پەککەوتەو بە گۆچان بەرێوە بچیّ. هێندەی تراکتۆرەکە دەردی داینیّ. لە حەوت و نیودا کەوتینەرێ و

لە دووازدەو نیودا گەیشتینەجێ!. ئینجاش بەم درەنگوەختە، دیارە کە هەر دەبێ روو بکەمەوە ماڵی حەمەی میرزاو لە دەرگای بدەم. لە شێرینخەو بە ئاگام هێناو وەکوو هەموو جارێکی، بە خۆشنوودییەوە پێشوازیی لێکردم.

## ١٢/١١ – مەریوان

گیرنەبووم.. بەیانی لەگەڵ حەمەدا، بە ئوتومبێلی فەرمانگەکەیان، تا سەر سنوور هاتین. فەرمانگەکەیان خەریکی دروستکردنی جادەیەکن، لە پێنجوێنەوە بۆ سەر سنوور. لە ڕێگە شوێنەوارێکی کۆنم بینی، کە لە کاتی هەڵکەندندا بە مەبەستی خۆشکردنی جادەکە دەرکەوتبوو. رانەوەستاین تا لە نزیکەوە بیبینم. بەڵام دیار بوو گۆڕستانی سەردەمێك بووە، کە مردوویان لەناو کەندوو یا گۆزەی گەورەدا، لەگەڵ خشڵو کەلوپەلە ئازیزو گرانبەهاکانیدا دەناشت.

جارێکیتر لە (جۆگەلە ئاوەکە) پەڕیمەوەو لە کفلەیکوونێکدا، پێم لە خاکی وڵاتێك (دەوڵەتێك) هەڵگرتو لەسەر خاکی وڵاتێکیتر (دەوڵەتێکیتر) دامنایەوە!!. بەسواری لۆرییەکی سیخناخ لە خەڵك هاتین. لە ڕێگە کاروانێك ئوتومبێلی سەربازیمان تووش هات، بەرەو سەر سنوور یا بۆ دیوی لای خۆمان دەچوو. کورە گەنجێکی کەتە لە تەنیشتمەوە بوو، لەگەڵ رابوردنی هەر یەکێ لە ئوتومبێلەکان بەلاماندا، دەیدا لە چەپڵەو هاواری دەکرد: بژی شا.. بژی شا!. من لەو ساتانەدا پەلەپیتکەت لێبدامایە دەتەقیم. بەڵام دەبوو جڵەوگیربمو عەزابی بێدەنگی لە ئاستیدا بنۆشم!. ئەگەر ناو گریمان لێی بەقسەهاتم، ئەو بەسزمانە چی لە بنجوبناوانی مەسەلەکە تێدەگا؟!.

کە گەیشتینە جێ، بە جانتاو بوخچەو بەرگە نەوتاوییەکەمەوە، کە هێشتا بۆنیان لێنەڕەویبۆوە، رووومان کردە ماڵی شێرکۆ. دیسان ماوەیەك بەناو شاردا سووڕاینەوە. لە چایخانەیەك دانیشتین. چەند برادەرو ناسیاوێکمان بینییەوە. گەڕاینەوە ماڵەوەو شەوەکەی چوار قوڵی خەسرەوو حەمە فەرەج لەگەڵماندا، دانیشتینو شەومان بەدەم قسەوباسەوە بەسەر برد.

١٢/١٢ - مەهاباد

١- بە ڕێگای مەریوان - سەقزدا گەڕامەوەو ڕێم نەکەوتەوە سنە. لە دەوروبەری سەقز، بەفرێکی زۆر باریبوو. ڕێگا بە بلدۆزەر پاککرابۆوە، دەنا ئوتومبێل دەرنەدەچوو. ئێرەش بەفر گرتوێتی. کە گەیشتین و هاتینە ئوتێل، ئیتر نەچووینە دەرەوە. گۆران کەنەفتەو ئەگەرچی بەرگی زۆرم کردبووە بەری و باشم پێچابۆوە، بەڵام سەرماکەی لە ڕادە بەدەربوو.

٢- ئەمڕۆ بە ساڵنامەی ئێران (٢١)ی ئازەر بوو. یادی ڕووخاندنی کۆماری مەهاباد وئازربایجان. لە مەریوان کە بەیانی لەگەڵ شێرکۆدا لە ماڵ هاتینەدەر، دیم حکوومەت بە ڕەسمی ئاهەنگ دەگێڕێ. شەقامەکان بە بەیداخ و درووشم ڕازێنرابوونەوە. میکرۆفۆن لە چەند لایەکەوە، لە بینای فەرمانگەکانەوە دەنگیان لێهەڵبڕی بوو. من نەمدەزانی مەسەلە چییە. شێرکۆ بۆی باس کردم و سەرسام بووم. ئەمە چەندی بەچەند؟!. لێرەوە ئاهەنگێڕان بە بۆنەی هارپیتی ئێسکی کوردەوەو لەوێوە، یاریدەدان تا ئێسکی کورد خۆی بگرێ و ئەستوور ببێ!. حەی لەم بەزمە!. لەگەڵ شێرکۆدا بە جەخارەوە لێیدواین. ئەوەی دیمەنەکەی لەلامان زیاتر بەرجەستە کرد، بینینی (نووری ئەحمەد تەها) بوو کە بە شەقامەکانی مەریواندا پیاسەی دەکردو وەك ئێمە هەڵیدەڕوانی. لە وەرامدانەوەی سڵاوماندا بەسەر زاری دەتریقایەوە، بەڵام دەمانزانی لە ناخدا چی دەڵێ!.

لێرەش کە لە ئوتومبێلەکە دابەزین، پۆستەرێکم بە دیوارێکەوە دی، کە بریتی بوو لە وێنەی زەلامێك (دیارە دەبێ کوردێك یا ئازربایجانییەك بێ)و سەربازێك (دیارە کە لە سوپای ئێرانە)، شەقێکی بە پۆستاڵەکەی تێهەڵداوەو بردوێتی بە ئاسماندا!. بە دیارییەوە ڕاوەستام. ڕق دایگرتم. حەزم دەکرد بیدڕێنم و شەیتانم بە لەعنەت کرد. لە خۆم لامداو حەزم کرد بزانم، ئەوانەی پۆستەرەکەئاوەها بە زەقی دەچەقێنرێنە چاویان چی دەڵێن. لام کردەوەو ڕێبوارێکم ڕاگرت. کوڕە لاوێك بوو کە سەروسیمای لە ئۆمی نەدەچوو. خۆم گێل کردو لێم پرسی: ئەمە مانای چییە؟!. ئەویش یەکسەر وەرامی نەدایەوە. سەرنجێکی دامێ و کەمێ وردبۆوە. زانیم تێگەیشت چ کارەو کوێندەریم. بە

کەمتەرخەمییەوە وتی: ئەمڕۆ (٢١)ی ئازەرەو یادی ڕۆژی سەرکەوتن بەسەر ئەوانەدا، کە بەنیازبوون ئێران پارچەپارچە بکەن. ئەوەتا دەبینیت سوپا چۆن بەسەریاندا زاڵ بوو. تەنیا هێندەو ئیتر ڕۆیشت.

٣- هەر ئەمڕۆی ئەم (٢١)ی ئازەرە، چەند جارێك لە ڕێگا، تووشی قافڵەی (پ.م)ەکانی بەتالیۆنی دووی هێزی خەبات بووینەوە، کە بەرەو جەبهەی (باڵەك) دەچن. لە مەریوان دیمن و لە ڕێگا دوو جارو ئێستاش ئەوەتا، لە پەنجەرەی ژووری ئوتێلەوە دەیانبینمەوە، لەناو لۆریی سەربازیی دەوڵەتی ئێراندان، کە دیارە بۆ پشوودانێك ڕاوەستاون و دوایی بەرەو خانەو لەوێوە بۆ حاجی هۆمەران و ئینجا بۆ بەرەی شەڕ، دەکەونە ڕێ.

لەو ڕۆژانەوەی جەبهەی باڵەك مەترسیی زۆری کەوتە سەر، بەم شێوەیە هێزەکانی (پ.م) لە هەموو ناوچەکانەوە، هەر یەکە بە بەتالیۆنێك و بۆ ماوەی مانگێك، بەشداریی تێدا دەکەن و ئینجا دەگوڕدرێن بە بەتالیۆنەکانی تر. واتە ئێستا هەموو ئەو هەژدە هێزەی (پ.م) کە هەن، بە کۆمەڵ بەرپرسیارن لە پارێزگاریکردن لە جەبهەی باڵەك. مەسەلەکەش ئاشکرایە.. لای شۆڕشەوە ئەم جەبهەیە بڕبڕەی پشتەو دەبێ بەهەر نرخێك بێ بپارێزرێ. بەلای سوپای عێراقیشەوە، شادەمارەو دەبێ بقرتێنرێ. وا سێ مانگی ڕەبەقە، زۆرانبازی لەسەر ئەوەیە.

٤- شارو ناوچەو هەرێمپەرست نیم. بەڵام هەموو دان بەوەدا دەنێن، کە بەتالیۆنەکانی هێزەکانی خەبات و ڕزگاری و ئەزمڕ، لە شەڕی پارێزگاریکردندا لە جەبهەی باڵەکیان، دلێرانە دەجەنگن و بەر لە شاڵاوی سوپا دەگرن. گەلێ نموونەش بەسەر زاری خەڵکییەوەن. ئەمەش بەدەست کەس نییەو بەدەست مێژووە، کە شاری سلێمانی و ناوچەکەی وەها پێك هێناوەو هۆی تایبەتی هەن و لە خۆوە نەهاتوە. ئەمەش چەندە مایەی سەربەرزییە بۆ سلێمانی، پتر مایەی سەربەرزییە بۆ کورد بە گشتی.

## ١٢/١٣ - خانە

١- لەگەڵ خانمدا وا ڕێکەوتبووم، کە ئەگەر زۆرم پێچوو، ئەو بگەڕێتەوە دەربەندو بەڵام نەگەڕابۆوەو هێشتا لە ماڵی ڕەئووف، هەر لە چاوەڕوانیدا بوو.

دیارییە هەرە گرانبەهاکەمم دایەو شاگەشکە بوو. گرتییە باوەشی و کەوتە ماچکردن و هەڵوشینی بە خۆیەوە. کە لە هۆی دواکەوتنەکەمی پرسی، بە دووردرێژی بۆم گێڕایەوە.

٢- لێرەش بەفرێکی زۆر باریوەو دنیا هێجگار ساردە.

٣- باسی بۆردومانەکەی چۆمان و گەڵاڵەم بەدرێژی بیست. شاڵاوێکی لەناکاوی تر بووەو زیانی زۆری گیانیی داوە.

## ١٢/١٤ - دەربەند (ماڵەوە)

١- لەبەر ئەوەی هاتوچۆی ئوتومبێل، یەکسەر لە خانەوە بۆ حاجی هۆمەران قەدەغەکراوە (کە نازانم بۆچی)، تا گەیشتینەوە جێ سزامان بە دەست سەرماوە چەشت. بە جێبێك لە خانەوە تا سەر سنوور هاتین و ئیتر لەوێوە، دەبوو ئوتومبێل دەسگیر بخەینەوە. سەرماو بەفرو سەهۆڵبەندانەکەی، لەو بابەتە بوو کە لەناوچەکەدا پێیدەووترێ (زریان). کە لەسەر سنوور دابەزین و وەزعەکەم بینی، خەڵکێکی زۆرو ئوتومبێل تاکوتەرا، خەمی گۆران و مەزدە دایگرتم. زانیم کە دەبێ بەر لە هەڵپەکردن بەدوای ئوتومبێلدا، مشووری ئەوان بخۆم. بە خانم وت کە لە قەراغ جادەکە، هەڵترووشکێ و گۆران و مەزدە بئاخنێتە باڵییەوە. بەو دوو بەتانییەش کە لەگەڵ خۆماندا بۆ ئەو دیو بۆ خانم و مەزدەمان بردبوون، داممپۆشین و توند تێمەوە پێچان. ئەوسا ئیتر خۆم چووم لە خوارترەوە، لەسەر رێگا و لەو شوێنەدا کە ئوتومبێلەکانی لێدەگەڕانەوە راوەستام. ماوەیەکی پێچوو. بەڵام بەختەوەر بووم و جێبێك پەیدا بوو. چەند کەسێك بووین کە دەورەمان داو هەر یەکە هەوڵی، راکێشانی بەزەیی و رەحمەتی بەلای خۆیدا لەگەڵدا دەداو خواوراسان، بەلای مندا شکایەوە. چەندی پارە داواکرد نەمووت نەء و ئەویش بە ویژدان بوو.

سوار بووین و هاتین.. ئەوە گۆڕستانەکەی ئاوارەکانە. تەپۆڵکەی بچووك بچووکی داپۆشراو بە بەفرو رەشەباکە، شەپۆل بەسەریاندا پێدەدا. دیمەنێکی ناخەهژێنەو فرمێسك دەزێنێتە چاوم. لەسەفەری یەکەممدا (کۆتایی مانگی هەشت)، دەشتاییەکە جمەی دەهات لە سەدەها خێزانی دەربەدەر، کە لە

چاوەڕوانی پەنابردندا بوون. کۆڕستانەکە دەکەوتە کەنارییانەوەو زۆربەی هەرە زۆری، گۆڕی بچووك بوون. ئێستا دەشتاییەکە چۆڵەو گۆڕە چکۆلەکانیش، لە تەنیاییدا بەفر شەپۆلیان بەسەردا دەدا. ئەوەش ئاوایی دۆڵەڕەشەو چەند خێزانێك دەبینم، خزاونەتە پاڵ دیوارەکانەوەو تەنانەت، خێزانێك لەناو قاوغی قەمەرەیەکی سکرابدان. گومانم نییە ناو خانووەکان، کە ژمارەیان لە پەنجەی دەست تێناپەڕێ، سیخناخن لە خێزانی خانەخوێ و میوان و جێگای ئەمانەی تێدا نەبۆتەوە. لە ڕێگاش چەند خێزانێکی ترمان بینی، کە بەرەو هەمان چارەنووس بەڕێوە بوون.

٢- ڕێکەوت لە ژیانی هەر ئادەمییەکدا زۆر روو دەدەن. جۆرەکانیشی زۆرو هەمە رەنگەو هەمە بابەت و هەمە جیزەن.. خۆش و ناخۆش، گەورەو بچووك، بەبڕشت و بێبڕشت، بایەخدارو بێبایەخ.. هتد. ئینجا هەیانە قەت لەبیر ناچێتەوەو لەیادی ئەومرۆڤەدا، بە زیندوێتی دەمێنێتەوەو لەگەڵ هەر بە بیرهاتنەوەیەکدا، وەك ئانوسات رووبدا وەهایە!. سا ئەوەی ئەمڕۆ لە تەواوی پێنج و پێنج دەقیقەی خشتی، ئێوارە وەختێکی درەنگدا رووی داو ئێمە ڕێکەوتیمان کرد، بۆ من یەکێکە لەوانەو قەت لەبیرم ناچێتەوە. با بەوردی بیگێڕمەوە:

گۆران یەکەم رۆژێتی لێرەیەو بگرە، چەند سەعاتێکە پێی ناوەتە ناو، سنووری ئەم بەرە گەرموگوڕەی شەڕەوە. ئەو بۆ یەکەمجارە وشەی (هات) دەبیسێ، بێنەوەی دوورو نزیك بزانێ چ مانایەك دەبەخشێ. سەعات پێنج و پێنج دەقیقەی خشتە. دنیا لێڵ بووەو تەنیا ماوەی جگەرەکێشانێکی پێدەوێ، تا تاریکی باڵ بەسەر ناوچەکەدا بکێشێ. خانم لە حەوشەکەدا بە شوشتنی پاڵتۆکەمەوە خەریکە. مەزدەی خاوەن ئەزموون لەگەڵ چەم و رووباردا، گۆرانی بردوەو لە قەراغەوە یاری دەکەن. بەفرو زریانەکەی ئەو دیوو سەر سنوورو حاجی هۆمەران، بەو توندییە ئێرەی نەگرتۆتەوە. بەتایبەتی کە لە عەسرەوە کردوێتییە سایەقەیەکی سامال. منیش لەبەر هەیوانەکەدا راوەستاوم و بەشادمانییەوە، دەڕوانمە کەسانی خێزانەکەم کە ئەوەتا، دوای دابڕان کۆبووینەتەوە.

خۆشحاڵم و بەڵام.. هات!.. بانگ دەکەم: خانم.. هات!. خانم واز لە شوشتنی پاڵتۆکە دێنێ. گوێ هەڵدەخاو بە ئاسماندا هەڵدەڕوانێ. ئەو دەیبینێ و پیشانی منیشی دەدا. لە دێوە مەرگهاوێژەکانە... باجەرە.. خۆی ئاخنیوەتە بنی ئاسمان. هەردووکمان هاوار لە گۆران و مەزدە دەکەین، کە ڕاکەن بێنەوە ماڵەوە. نیوەڕۆ بە وردی ئامۆژگاریی گۆرانمان کرد، کە هەر هێندەی گوێی لە وڕەی فڕۆکە بوو، بەخێرایی ڕابکاتە ناو کونە تەیارەکەوە. چونکە کە هات بۆمبا فڕێ دەداتە خوارەوەو ئەگەر بەرمان کەوت دەمرین. بەڵام ئەگەر لەناو کونەکەدا بین، بەرمان ناکەوێ و نامرین.

ئێستا وا گۆران و مەزدە، هاتوون و لە پاڵماندا ڕاوەستاون. ئەو کاتە دێوەکە لەچاومان ون بووبوو. بەڵام دەمانزانی سووڕێك دەخواو دێتەوە. داوام لە خانم کرد بچنە ناو کونەکەوە. وتی: پێویست ناکا. وتم: ئاخر کە کردی بە نەسیبمان، هەر ئەو جارەیەو لە دەست دەردەچێ. ئێمە لەم مشتومڕەدا بووین و هاتەوە. لەم سووڕەشدا هیچی بەرنەدایەوەو ون بۆوە. زۆری نەبرد پەیدا بۆوەو ڕاست دەتووت: ئەمجارە ئەو وێڵی دوای مەرگی خۆیەتی. لە ئاستی لوتکەی شاخەکەی بەرامبەرمانەوە، ڕووەو لای ژوور سەری ئێمە سەری هەڵدا. بە درێژایی ماوەی خولانەوەکانی، تاقوتۆقی تۆپە تەیارەشکێنەکانمان دەهاتە بەرگوێ، کە لە هەموو لایەکەوە دەسرێژی لێدەکرا. بریسکەی گوللەکانمان دەبینی، کە بۆی دەچوون و پێش ئەوەی بیگەنێ بە ماوەیەك دەکوژانەوە.

بەڵام لەناکاو تیشکێکی گەشمان دی، بەرەوڕووی هەڵکشاو ئەمیان سەرووی کەوت و ئەوسا کوژایەوە. ئەو کاتە کەمێ لە ئاستی لوتکەی شاخەکە دوور کەوتبۆوە. ئانوسات بەدوای تیشکی یەکەمدا، دووەم بەرەوڕووی کشا. ئەمیش کەلا کەوت و کوژایەوە. بەڵام سێیەم، ڕێکەوتە دەگمەنەکەی ڕەخساند.. ڕێکەوتی بینینی پێکانی دێوێکی مەرگهاوێژو بەربوونەوەی بە بەرچاوتەوە. سات بە ساتیمان بینی.. ئێمە لە حەوشەکەدا ین و سەرمان بۆ ئاسمان هەڵبڕیوە. دێوەکە کەمێ بەشەفتوولی، گەیشتۆتە ئاستی سەر سەرمان. تیشکەکە ڕاستەوخۆ بۆی دەکشێ. زۆر لەوە دەچێ ئەمیان بە بن هەنگڵییەوە بنووسێ. ئا.. ئەها خەریکە.. ئەها.. ئەها.. ئەرێ وەڵڵا لێیدا.

ئێمە لەو ساتانەدا بەهیچ کلۆجێ، بیرمان بەلای ئەوەدا نەچوو کە لەگەڵ ئەرێ وەڵاکەی ئێمەدا، چەند کەسێکی ناو ورگی دیوەکە، رووبەڕووی مردنێکی مسۆگەر بوونەتەوە. بۆچی بچێ؟. ئەوان هاتوون ئێمە بمرێنن. سا وا بۆیان نەکراو خۆیان مردن. بۆیە ناهەقیشمان نەبوو، لە خۆشیی رزگاربوونی خۆمان بە سەرێکو مردنی ئەوان بەسەرێکی تر، بە دەم (ئەرێ وەڵلا لێیدا)وە چەپڵە لێبدەینو یەکتر ماچ بکەین. گۆرانو مەزدەش لەگەڵماندا کردیانە هەڵا.

کاتێ تیشکەکە بە بندەستی دێوەکەوە نووسا، کڵپەیەکی لێهەڵساو لەگەڵ خۆیدا بە کێشی کرد. ماوەیەك بەبێ لەنگەر تێکچوون رۆیشت. بەڵام کە نزیك ئاستی کێوەکەی پشتمان بۆوە، تەقییەوەو بوو بە دوو پارچەوە. پچووکێكو تیژ تێپەڕیو داخزایە پشتی کێوەکەوە. گەورەیەكو بە چڕە دووکەڵێکی خەستەوە هەر دەکشا. تا زۆری نەبرد ئەویش، رۆچووە خوارەوەو تەنیا دووکەڵەکەی بە ئاسمانەوە مایەوە. ئێمەش چوار قۆڵی هێشتا هەر هەڵدەقونایینەوە. ئینجا لەلایەن خەڵکەکەشەوە، کرا بە زەماوەندو تەقەی خۆشی دەستی پێکرد. کە ئێزگەش کەوتە ئیش، بە راگەیاندنێك ئاشکرای کرد کە بەڵێ، تۆپە تەیارەشکێنەکانی هێزی (پ.م)، لە تەواوی سەعات پێنجو پێنج دەقیقەی ئێوارەی ئەمرۆدا، فرۆکەیەکی جۆری (تۆبۆلیف - باجەر - ١٦)یان خستە خوارەوە، کە تاقمەکەی بریتی بوون لە حەوت کەسو هەموو کوژراون.

تۆپە تەیارەشکێنەکانی هێزی (پ.م)؟!. وا نییە.. رۆکێتێکی لە جۆری (هۆك)ی ئەمریکایی بوو، کە بنکەکەی لە چۆمانە نزیك ئێزگەو ئێرانییەکان خۆیان، بەڕێوەی دەبەنو کاری تێدا دەکەن. من لەم راستییە ئاگادارمو کەچی، بەم کارەشیان دڵخۆش بووم. چونکە مەسەلە کوشتنە.. کوشتنی منو خانمو گۆرانو مەزدەو چەندانی وەك ئێمە. دێوەکە هات بمانکوژێو رۆکێتەکە نەیهێشتو ئەم ئەوی کوشت. ئا.. تۆبۆلیفە سۆڤیاتییەکەی دەستی سوپای عێراق، هات بمانکوژێو رۆکێتە ئەمریکاییەکەی دەستی سوپای ئێران

نەیهێشت!. ئای ئەم حاڵەتە بۆ منو هاوبیرانم؛ چەندە سەختو ستەمو جەنجاڵە!. تۆبۆلیفی (سۆڤیات)ی قەڵاو پشتو پەنای گەلان، دێت مەرگم پێببەخشێو رۆکێتی (ئەمەریکا)ی سەری گەورەی ئیمپریالیزم دەمپارێزێ!. چۆن چۆنی بتوانم، سەر لەم مەخسەرەیە دەربکەم؟!.

١٢/١٥

بیستم ئەمڕۆ فڕۆکەیەکی تر، لە دەوروبەری گەڵاڵە خراوەتە خوارەوە. ئەمیان لە جۆری (سۆخۆی) بووە، کە ئەمیش جانەوەرێکی سامناکیتری سۆڤیاتییەو گاڵەمان پێدەکا!.

١٢/١٦

ڕادیۆی خۆمان لە ڕاگەیاندنێکی ڕەسمیدا، هەواڵی خستنەخوارەوەی سۆخۆیەکەی بڵاوکردەوە. رادیۆی بەغ اش لە سەعات هەشتدا، بە ڕاگەیاندنێکی ڕەسمی دانی بە خستنەخوارەوەی هەردوو فڕۆکەکەدا نا. بەڵام وتی کە بە ڕۆکێتی (هۆك)ی ئەمەریکایی بووە، کە سوپای ئێران لە خاکی عێراقدا بەکاری هێناوە.

دیارە خستنەخوارەوەی ئەو دوو فڕۆکەیە گاڵتە نییە. دەنا ئەوا پتر لە نۆ مانگە شەڕەو سوپا، زۆر جار جەزرەبەی لێدراوەو بەردەوام بێدەنگ بووە. کەچی بۆ ئەمیان بە دەنگی بەرز ئاشکرای دەکا!. دەبێ مەسەلە چی بێ؟!. تۆ بڵێی بەلایانەوە، زەنگی مەترسییەکی کوشندە بێ؟!.

١٢/١٧

١- لەسەر خستنەخوارەوەی دوو فڕۆکەکە بووە بەهەرا. هەموو رادیۆو ئاژانسەکانی دەنگوباس لە جیهاندا لێیدەدوێن. ئەمەریکا خۆی لەوە بێبەری دەکا، کە (هۆك)ی دابێ بەئێران!. ئێرانیش خۆی بێبەری دەکا، کە دابێتی بە کوردە شۆڕشگێڕەکانی عێراق!. لە کاتێکدا من دەڵێم: یەکێتی سۆڤێت، تۆبۆلیفو سۆخۆکەی داوە بە عێراق. ئەمەریکا، هۆکەکەی داوە بە ئێرانو ئێرانیش، تێیگرتنو پێکانی!!.

٢- برادەرێك پارچەیەكی بچووكی، تۆبۆلیفەكەی بە دیاری بۆ هێنام. ئەم ئەو شەوە دوای دوو سێ سەعات، گەیشتبوە سەری و ئەوەی دیبووی بۆی گێڕامەوە. وتی: كاتێ گەیشتم هێشتا دووكەڵیان لێهەڵدەستا. پێش من دەستەیەك (پ.م) گەیشتبوون و پێش ئەوانیش، چەند كەسێكی خەڵكی دێیەكی نزیك. (پ.م)ەكان لاشەی تاقمەكەیان چنی بۆوەو لەلاوە دایان نابوون. فڕۆكەكە بووبوو بە دوو كەرتەوە. یەكێكیان گەورەو ئەویتر بچووك، كە لەدووریی نزیكەی كیلۆمەترێك لەمەوە كەوتبوو. لاشەی پێنج كەسی تاقمەكە، لای پارچە گەورەكەو دوویان لای پچووكەكە دۆزرابوونەوە. ئیتر (پ.م)ەكان هەر یەكەیان خستنە ناو گونیەیەكەوەو بە ئۆتومبێلێك بردیانن. منیش لەو ساتانەدا، تۆم بە بیرهاتەوەو ئەم پارچەیەم بە دیاری بۆ هێنایت!.

١٢/١٨

١- شەوی پێشوو فاروق و (ئەبو حەقی) میوانم بوون. دیسان باسیان لەوەبوو، كە پێویستە بگەڕێمەوە ریزی حیزب و كاریان لەگەڵدا بكەم. منیش دیسان سوور بووم لەسەر رای خۆم، كە بۆ من و بۆ ئەوانیش وا چاكترە، وەك دۆستێكیان بمێنمەوە. من دەزانم بێ ئیلتیزامی لەو وەختەوەی وازم هێنا (كۆتایی ١٩٦٨)، خستمییە بۆشاییەكەوەو لە زۆر حاڵەتدا، لەنگەری بیركردنەوەو گرتنی هەڵوێستی دروستی لێدەشێواندم. بەڵام ئەوەش دەزانم، كە لە رووی داهێنانی ئەدەبییەوە گەلێ یاریدەی دام. هەروەكوو لە رووی بیركردنەوەی سەربەخۆو ئازادانەشەوە، بواری بۆچوون و تێڕوانینی تایبەتیمی، سەبارەت بە ژیان و بوون و نەبوون و گەردوون بۆ رەخساندم.

وەكی‌تر لەوەشدا لە خۆم رازیم، كە هەتا ئێستا ئەو حاڵەتە لە ناخمدا قەت نەبزواوە، دەست لە فەلسەفەی مادی و بەتایبەتی ماركسیەت بشۆم و لادەم بەلای، بەرەی نەیارانی یا پێچەوانەیدا. تا ئێستاش وەك بەردەوام لەناو برادەرو ناسیاواندا، لە نێوانی گفتوگۆو دەمەتەقێوە دەرم بڕیوە، ماركسیەت بە پێشكەوتووترین فەلسەفەی مادی دادەنێم، كە دروستترین وەرامم سەبارەت بە پرسیارە ئەزەلییەكان دەداتەوە. جگە لە بەرنامەیەكی یۆتۆبیاییانەی دووتوێی كتێب، كە من بەش بەحاڵی خۆم هۆگریم.

٢- لە پێرێوە فڕۆكە، بەهیچ كلۆجێ بەم ناوەدا نەهاتوە. دیارە دەبێ لەترسی هۆكەكە بێ. ئینجا ئێستا رەنگە شەوو رۆژ بدەنە دەم یەك، بۆ

دۆزینەوەی ڕێگایەك کە بتوانن هەم مەرگەکە بەسەر ئێمەدا ببارێنن و هەم، خۆشیان لە مەرگە هۆکەکە بپارێزن!.

بەهەرحاڵ، وا جارێ ترسی مەرگ و چۆنێتی هەڵاتن لە چنگی، مێشکی ئەوان دەکرۆژێ و ئێمەیەکیش کە بە دەستییەوە زەلالەتمان بوو، پشتمان لێکردۆتەوەو حەساوینەتەوە.

١٢/١٩

ئەمڕۆ لەناکاو رادیۆو ڕۆژنامەکانی ئێران، خستنەخوارەوەی دوو فڕۆکەکەیان، دایە پاڵ هێزەکانی سوپای ئێران. بەهانەشبان ئەوەیە کە دزەیان کردبووە ئاسمانی وڵاتەکەیانەوەو نیازیان دوژمنکارانە بووە!. سەیرە!.. یەکەمجار نکوولیکردن و ئێستا پێلێنان و کەچی بە چەشنی یەکەمجارەکە، درۆیەکی زل لەگەڵیدا!. سەیرتر لەمە ئەوەیە، کە رادیۆکەی خۆشمان کردییە هەرا، گوایە (پ.م)ەکانی (س.ش.ك)، خستیانە خوارەوە!.

١٢/٢٠

١- لەبارەی شەڕەوە. ماوەیەکە باس هەر باسی شەڕی چیای زۆزکە. سوپا تەقەلا دەدا رەت ببێ، بۆی ناکرێ و چەقیوە. رەتبوون کلیلی هاتنە پێشەوەو مەترسی دروستکردنە لەسەر ناوچەکە.

لە ئێوارەوە هەر بەیناوبەینێك، گرمەی تۆپم بە خەستی دێتە بەرگوێ. چەقینی سوپا لە ئاستی زۆزکدا، شەڕی کردۆتە شەڕە تۆپ.

٢- بیر لەوە دەکەمەوە شتێك لەسەر خستنەخوارەوەی تۆبۆلیفەکە (وەك کارێکی ئەدەبی) بنووسم.

١٢/٢٢

١- مەزدە لە سەعات چواری بەرەبەیانی ڕۆژی (١٩٧٠/١٢/٢٢)دا لە دایك بوو. وا یادی تێپەڕبوونی چوارەم ساڵی رابوردو هیچمان بۆ نەکرد. تەنیا بەقسە لەگەڵ دایکیدا یادمان کردەوە.

٢- کەمێ بەفر باری. زەویی سپی کردو خۆشی کردەوە.



خانم و گۆران و مەزدە – دەربەند

## ١٢/٢٥

لەدوای بەسەرهاتی تۆبۆلیفەکەوە، ئەمڕۆ بۆ یەکەمجار فڕۆکەمان بە ئاسمانەوە دییەوە. بەڵام خۆی خزاندبووە، سەروو پەڵە هەورە بەرزەکانەوە. وەك جارانیش خولی نەخوارد. تەنیا رابوردو لەچاومان ون بوو.

## ١٢/٢٨

١- ئەمڕۆش هاتن. تۆبۆلیفێك‌و دوو مێگ بە دوایەوە. هێندە بڵند دەفڕین، کە بە ئاستەم دەبینران.

٢- دوێنێ لە بەیانییەوە هەتا دووی دوای نیوەڕۆ، بەردەوام دەنگی تۆپمان بیست. بەرەی شەڕ وەك خۆیەتی. هەردوولا تۆپی قورس بەکاردێنن.

## ١٢/٢٩ - بارەگای (ق.م) - گەڵاڵە

فاروق‌و برادەرانی داوەتیان کردووین بۆ لای خۆیان. لە بەیانییەوە هاتووین‌و شەو دەمێنینەوە. لەگەڵ فاروقدا بە جێیەکە، سەرکەوتینە سەرەوە بۆ ناو شار، تا دووکان‌و بازارە وێرانکراوەکەی ببینین، کە بەر دوا شاڵاوی فڕۆکە کەوتبوو. شەش دووکانی سەر راستە شەقامەکەی، خاپوور کرابوون‌و زۆربەی خاوەنەکانیشیان بەرکەوتبوون. سەیرە!.. ئەم گەڵاڵە نەگبەتە، هیچ بایەخێکی سیاسی‌و سەربازیی نەماوە، کەچی زوو زوو بەر بۆردومان دەکەوێ!. وابزانم مەسەلە ناوبانگەکەی لەوەبەرێتی!.

## ١٢/٣٠ - ماڵەوە

١- ئاژانسەکان بڵاویان کردەوە، کە شای ئێران بە دەستییەوەیە سەردانی میسر بکا. لە هەواڵێکی تریشدا رایان گەیاند، کە رۆژی ١٩٧٥/١/٨ ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسر، دێت بۆ عێراق. باشە.. شا دەچێ بۆ میسرو سادات دێ بۆ عێراق!.. ئایا بێمەلامەتە؟!.

٢- سەبری بۆتانیم بینی. زۆر بەتوندی ناڕەزایی لەبارەی گرتنەکەمەوە دەربڕی. وتیشی: حەشرم بە (شەکیب) کردوەو پێم وتوە: کەستان نەدۆزییەوە لاقی بگەزن، حسەین عارف نەبێ؟!.

٣- دەستم کردوە بە نووسینی کارە ئەدەبییەکە. دەمەوێ لە شێوەی نۆڤلێت یا رۆماندا بێ. کاتی زیندوو تەنیا ئەو دوو دەقیقەیە دەبێ، کە من و خانم کارەساتەکەی تێدا دەبینین. ئیتر سات بەساتی دوو دەقیقەکە دەقرتێنم و کارەساتەکە جێدێڵم و لادەدەم، بەلای کارەسات یا بەسەرهاتێکی تردا کە هەموو دەوروخولی شۆڕش دەدەن. نەخشەکەم لە رووی تەکنیکیەوە وەها بۆ کیشاوە، ئەگەر بتوانم بەسەریدا زاڵ ببم.

١٩٧٥/١/٢

١- بەردەوامم لەسەر نووسین. کە تاریک دادێ، دێم زۆپا نەوتییەکەی ژووری یەکێتی دادەگیرسێنم. دەیهێنمە تەنیشتمەوەو لەسەر کورسی و مێزە گچکەکە دادەنیشم. ژوورەکە گەرمبوونی تەواوی بۆ نییە. ئەگەرچی دیوارەکانی و بنمیچەکەیم لە نایلۆن گرتوون و پەنجەرەو دەرگاش لە پەردە، بەڵام بێسوودە. دیوارەکان سواغ نەدراون. تەنیا خشتە کاڵەکان خراونەتە بان یەکترو دەلاقەی زۆریان تێدایە. کزە با لە نێوانیانەوە، بە تەوژم دێتە ژوورەوەو تەنانەت، خشەخشێکی بێزارکەریش بە نایلۆنبەندەکە دەخا.

٢- لە سەعات شەشەوە گوێم لە دەنگی تۆپە. وا سەعات نۆیەو هەر بەردەوامە.

١/٦

١- شا لە (ئەردەن)ەو رادیۆکان بڵاویان کردەوە، کە لەوێوە دەچێ بۆ میسر. دوای ئەوە ئینجا (سادات) دێ بۆ عێراق. دیارە مەسەلەی کورد، لەباسە سەرەکییەکانی وتووێژیان دەبێ.

٢- فاروق هات و هەواڵێکی دڵتەزێنی دامێ. هەواڵی شەهیدبوونی (ئەبونەهرۆ). دووسێ مانگ لەمەوبەر، پارتی رێگەی دابوون، لقێکیان لە ناوچەی هەولێر هەبێ. ئەبونەهرۆ یەکێک بوو لەوانەی، لقەکەیان لێپێك هێنرابوو. چەند رۆژێك لەمەوبەر، لەگەڵ دووئەندامی تریاندا، بەکاری حیزبی چوونەتە ناو شاری هەولێرەوە. بەڵام دەکەونە بۆسەیەکەوەو

لەئەنجامدا، ئەوی تێدا دەکوژرێ‌و هاورێکانیشی کەدوو برا دەبن، یەکێکیان بریندار دەبێ‌و ئەویتر، دەربازی دەکاو دەگەرێنێنەوە. لەدڵەوە بۆی بەداخم.

فاروق بۆ مەبەستێکی تریش هاتبوو. وتی کە (ل.م)ی پارتی، لەدوا کۆبوونەوەیدا (٢٩-٧٤/١٢/٣١)، بڕیاری پێکهێنانی ئەنجومەنێکی نیشتمانیی داوە، کە بریتی دەبێ لە(٨٠) هەشتا ئەندام‌و لەو ژمارەیە، دووانیان بۆ (ق.م) داناوە. ئینجا لە منی پرسی کە ئایا هەڵوێستیان چۆن بێ باشە؟. من‌وتم: بێگومان دەبێ بەگەرمییەوە، پێشوازی لەو هەنگاوە بکەن‌و لایەنگیری بن. بەڵام دوو ئەندام بۆ ئێوە زۆر کەمەو دەبێ پێی رازی نەبن‌و ئەگەر زیادیان نەکرد، بەشداری مەکەن‌و بەڵام هەر لایەنگیریشی بن.

٣- لە چۆمان بووم کە وڕەی فڕۆکەم کەوتە بەرگوێ. چاوم گێڕاو نەمدین. تەنیا دەنگی بەبێ رەنگ بوون. دەنگی تۆپیش بەدرێژایی ئەمڕۆ بەردەوام بوو.

١/١٣

١- رۆژی(١/٧)، شا لەئەردەنەوە چوو بۆ میسرو هەر ئەو رۆژە، گەڕایەوە ئێران‌و رۆژی دوایی(١/٨)، سادات هات بۆ عێراق. هیچ شتێک کە بۆنی باسکردنی مەسەلەی کوردی لێبێ، ئاشکرا نەکرا. سەردانەکان تێپەڕین‌و بەسەرزاری ئاسایی بوون!. بەڵام ژێراوژێر، قەت نابێ بێمەلامەت بووبن!.

٢- دوێنێ‌و ئەمڕۆ، چوار فڕۆکە پێکەوە هاتن‌و بێ سووڕخواردن رابوردن.

١/١٥

ئەمڕۆش فڕۆکە هاتن‌و بەبێ بۆردومانکردن تێپەڕین. هاتنی فڕۆکە بۆ ئێمە، ئاسایی هاتنی مەرگ دەگەیەنێ. ئەگەرچی هاتنی ئەم رۆژانەیان وانییە..دێن و تەنانەت بەبێ خولانەوە، رادەبوورن‌و ون دەبن، بەڵام من باوەڕم وا نییە هەتا سەر بێ. دەبینم‌و دەبیسم خەڵکەکە پشتیان لێکردۆتەوە، کە گوایە لەترسی (هۆك) ئیتر ناتوانن بۆردومان بکەن!. بەڵام من وای نابینم‌و چاوەڕوانی

هێرشی زۆر دڕندانەیان لێدەکەم.. هێرشێکی لەبابەتی ئەوەکانی قەڵادزێ و هەڵەبجە.

## ١/١٧

١- فڕۆکە بەردەوام سەرمان لێدەدەن. بۆدومان ناکەن. بەڵام کەوتوونەتەوە خولانەوەو ئێستا بەدوای خۆیاندا، دووکەڵێکی سپیش بەر دەدەنەوە کە من نازانم بۆچی و هۆی چییەو تەنیا هێندە دەزانم، کە دیمەنێکی جوان دەخەنە پێش چاو، بەتایبەتی کە لە شێوەیەکی بازنەییدا نیشانی دەدەن و پێنج ئەڵقەکەی دروشمی ئۆڵۆمپیادی جیهانی دێننەوە یاد. تۆ بڵێیت وایان مەبەست بێ، یا پێمان رادەبوێرن؟!.

٢- بێئیشی زۆری بۆ هێناوم و بێزارم دەکا. من حەزم لە ئیشکردنەو رقی دنیام، لە بێئیشی و تەمەڵییە. هەرچەندە زۆر دەخوێنمەوە، بەڵام وەختەکە پڕ ناکاتەوە. دەوروبەری سەعات هەشتی بەیانی، لە خەو هەڵدەستم. ئەگەر خانم پێویستی بەیاریدەدان هەبێ، وەك ئەوەی رۆژی نانکردن بێ بەساج، ئەوا لەپاڵ ساجەکەدا دادەنیشم. هەم ئاگرەکەی بۆ خۆش دەکەم و هەم، نانەکانی سەر ساجەکەشی بۆ ئەمدیو ئەودیو دەکەم. یا دەچم خەریکی ئاوەکە دەبم، کە ئەمەیان کاتێکی زۆرم لێداگیر دەکا. بەتایبەتی ئەگەر دوایین کەس لەبیری چووبێ فوو بە سۆندەکەدا بکا، تا ئاوی تێدا نەمێنێ و شەو نەیبەستێ، ئەوا دەبێ ماوەیەکی زۆر بە ئاوی گەرم خەریکی تواندنەوەی سەهۆڵەکەی ناوی بم. دوای ئەوە ئینجا نۆرەی خوێندنەوە دێت. دوای ئەوە ئیتر چاوەڕوانی شەو دەکەم.. شەوو دانیشتن بە تەنیا لە ژوورەکەی یەکێتی و هەوڵدانی نووسین.

## ١/١٨

بەیانییەکەی کە لە خەو هەڵساین، کردبوویە ئەو زستانە تووشەی، کە لەوەبەر ناوبانگیمان دەبیست. زریان و سەرمایەکی لە رادەبەدەر. نەمهێشت گۆران بچێ بۆ قوتابخانە، کە نزیکەی کیلۆمەترێك لێمانەوە دوورە.

١/١٩

زۆپا دارینەکەو کۆتەرەو چیلکەو چەوێڵەکانی کۆم کردنەوە، چاك بەفریامان کەوتوون. ژوورەکەمان بۆ دەکاتە حەمام، لە کاتێکدا لە دەرەوە بەستەڵەکە. ئەمڕۆ هەر بەراستی بۆی کردینە حەمام. چونکە بە پشتی ئەو، ئاومان گەرم کردو لە ژوورەوە، لە تەشتدا خۆمان شوشت.

١/٢٣

١- فڕۆکەیەك لەناکاو پەیدا بوو. منو خانم لە ژوورەوە بووینو منداڵەکان لە دەرەوە. زوو ورەی بڕاو گوێمان نەدایە. بەلام لە پڕێکدا پەیدا بۆوەو لەگەڵیدا، زەوی لە ژێرماندا لەرزی. هەستم کرد لە یەك تەنییەکانەو نزیکمانە. دەرپەڕینە دەرەوە بۆ لای گۆڕانو مەزدە. لە حەوشەکەدا یارییان دەکردو بێئاگابوون. دوایی زانیم کە داوێتی بەناو چەمدا، سەروو چۆمان بە کەمێك. دیارە بۆ چۆمان بووەو سەری کردوە. ئەمە لە دوای کارەساتی باجەرەکەوە، یەکەمجارە بۆردومان دەکەن.

٢- ژمارە (١٢)ی (نووسەری کورد)، کە یەکەم ژمارەیە لە شاخ دەردەچێ، ئەمڕۆ چاپکردنی تەواو بوو. سێ چوار مانگ بوو لە چاپخانەی (خەبات) بوو. بە کۆششی زۆری سەیدا تەواویان کرد.

٣- چەند رۆژێکە خەریکی خوێندنەوەی کتێبی (العقل والثورة)ی (هیگل)م. لە دەمێکەوە بەئاواتی خوێندنەوەی هیگل بووم و کەچی، ئەوەتا لە شاخ بۆم دەڕەخسێ.

١/٢٤

فڕۆکە کەوتنەوە بۆردومان کردن. دەبیسم جارجار هۆکیان تێدەگرنو بەلام نایانگاتێ. ئەمڕۆ چەند جارێك هاتنو خولانەوە. تۆپە تەیارە شکێنەکان، لێیان دەکردن بە هەراو دادی نەدەدا. ئەوانیش هیچیان بەرنەدەدایەوە. بەلام بیستم کە گوندێکی نزیکی جەبهە خراپ لێدراوە.

## ١/٢٥

لەماوەیەك لەمەوبەرەوە دەمانزانی، کە کەلوپەلی خاچی سوور گەیشتۆتە ناوچەکەو دابەش دەکرێ. وەکی تریش دەبوو خانم بەرم بۆ خەستەخانەی کەوەرتێ، بۆ حەساسییەتەکەی چاوی کە دیسان ئازاری دەدا. سەر لەبەیانی چووین. خەستەخانەیەکی تەواو رێکوپێکە. دوکتۆر عەبدولقادر شالی فەحسی کردو بڕیاریدا، بینێرێ بۆ خەستەخانەی ژمارە (٢) لە نەغەدە. نوسراویان بۆ کردو دە دیناریش یارمەتی بۆ مەسرەفی هاتوچۆی. ئینجا لەوێوە چووین بۆ ناوپردان بۆ کەلوپەلەکە. چوار بەتانیو هەندێ جلوبەرگی کۆنەو پێڵاو بوو. بەتانییەکان بەتایبەتی زۆر بۆمان بەکەڵك بوون. جلەکان قاتێ چاکەت‌و پانتۆڵیان تێدا بوو، کە قەڵەمێکی جافم لەگیرفانێکیدا دییەوەو وا، بۆ یادگار لەگەڵ پارچەی باجەرەکەدا هەڵیان دەگرم.

## ١/٢٦

لەسەر ژمارەکەی نووسەری کورد بووە بە فەرتەنە، بەتایبەتی وتارێکی سەعید ناکام (رقی پێویست‌و پیرۆزم)، کە دەیەوێ بیسەلمێنێ گوایە ئەم شەڕە، شەڕی نێوان گەلی کوردو گەلی عەرەبەو داوا لە رۆشنبیرانمان دەکا، جەماوەری کورد بەم گیانە پەروەردە بکەن، کە ئەمە دژ بە راو بۆچوونی رەسمیی سەرکردایەتیی شۆڕش‌و پارتییە. (م.س) بەتایبەتی نارازین‌و یەخەی سەیدایان لەسەر گرتوە. جگە لەوەی لە زۆر کۆڕو کۆمەڵدا، لەسەری بۆتە مشتومڕو زۆربەیان رەخنە لە یەکێتی دەگرن.

کاتێ لە منیان پرسییەوە، بۆم باس کردن کە من لە وەختی خۆیدا، دوو وتاری لەوە تیژترو زەقتریم، بە بڕیاری دەستەی بەڕێوەبەرو دوای دەمەتەقێیەکی زۆر، رەفزکردوە. تەنانەت ئەو لەلای زۆر کەس وتویەتی: لێرەش موکەڕەم تاڵەبانییەکم لێپەیدا بووە. ئێستا سەیدا رای وایە، لە کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەردا، باس بکرێ‌و ناکام سزا بدرێ. بەهەر حاڵ، زۆریش هەن لایەنگیری لێدەکەن‌و لەو بیروڕایەیدا لەگەڵیدان.

١/٢٧

١- دوای ده رۆژێك هەتاوو کەشوهەوایەکی خۆش، کەمێ بەفر باریو تۆزێ ساردی کرد. خەڵکی ناوچەکە دەڵێن کە کەم ساڵێ وەهایان دیوەو دەشڵێن: ئەمە نیشانەی ئەوەیە، که شۆڕش خوای لە پشتەو بەتەنگ میللەتی کوردەوەیە!

٢- محەمەد بەدری پێبڕاگەیاندم، کە (٥٩) لە نووسەرانی عێراق (عەرەبەکان)، یاداشتێکیان دژی شۆڕش بڵاوکردۆتەوە. وتیشی کە سەیدا رای وایە لە کۆبوونەوەی دوو سبەیدا باس بکرێ، تا ئەگەر پێویستی کرد وەرامێکیان بدرێتەوە.

٣- چەند رۆژێکە بیر لەوە دەکەمەوە کە ئەگەر بتوانم، نەخشەیەك (مسح) بۆ باری رۆشنبیریی لای خۆمان بکێشمو بۆ مێژوو تۆماری بکەم.

٤- شتێکی ترم لە رۆمانەکە نووسی.

١/٢٩

بەستەکەکانی نووسەری کورد، لە سووچێکدا هەڵچنراون. هەندێکمان لێدابەش کردوونو ئەمانیش بەرێوەن. دابەشکردن بەتایبەتی بۆ ناوچە دوورەدەستەکان، کارێکی ئاسان نییە. دوو سێ بەستەك، پەتەکانیان پچڕاون. گۆران دانیشتوە یارییان پێدەکا. ریزیان پێدەبەستێ. تێکیان دەداتەوە. کەڵەکەیان دەکا. خانوویان پێدروست دەکاو تێکیان دەداتەوە. من دانیشتووم سەرنجی دەدەمێ. دەبینم تاقەتی لەیاریکردن دەچێ. دەیانخاتە سەریەكو هەوڵ دەدا، وەك بەستەکەکانیتر بیان بەستێتەوەو ناتوانێ. واز دێنێو دەڵێ: بابە خەوم دێ. دەڵێم: منیشو ئەوەتا دەچین بنووین.

٢/١

١- خانم بۆ مەسەلەی حەساسییەتەکەی چاوی، مەزدەی بردو چوو بۆ نەغەدە.

٢- دوێنــێ دوو ناسـیاوم بیـنی، کـه لـه سلێمانییەوە لـه دەست گرتـن هەڵاتوون. یەکێکیان (عارف)ە، کـه لـه ساڵانی پەنجاکانەوە دەیناسم. هـەواڵی جەلال دەباغم لێپرسی. بیستبووم که یاداشتێکی سەبارەت، بـه شۆڕشی کورد داوە بە (لیژنەی باڵای جەبهە)کەیان و لەسەر ئەوە، گیراوەو ونە. عارف وتـی: ئیمەش شتێکی وامان بیست، بەڵام لە درێژەی ئاگادار نیم.

٣- ئەم عەسره (مەجید هێرش) هات بۆ لام. تازە لە بەندیخانەی رایات، دوای شـەش مـانگ گرتـن بـەربووە. باسـی سـتەمکاریی نـاو بەندیخانەکـەو سەختیی ژیانی بەندییەکانی بۆ کردمو وتـی: لەماوەی ئەو شەش مانگەدا کە منی لێبووم، (٣٢) کەس مردن. لە قسەکانی ئەمـەوە، لە نهێنیی فراوانبوونـە خێراکـەی، گۆڕستانەکەی تەنیشـتی حـاڵی بـووم. هـەواڵی گرتنەکـەی سـەلام محەمەدیشـم لێپرسـی. وتـی: بەڵێ راستە.. لەوێیـەو بەتۆمـەتی جاسووسـی گیراوە.

٤- بڕیـار درا بـه بۆنـەی پێنجـەمین ساڵەی دامـەزراندنی یەکێتییـەوە ئاهەنگ بگێڕین. وا لـه خـۆ ئامادەکردنداین و بەنیازین، لـه هۆڵـی ئەمانـەتی (ئیسکان)، سەروو دەربەند بە سێ کیلۆمەترێك سازی بکەین.

٥- رادیـۆم کردۆتـەوەو لەسـەر بەغدایـە. بـاس هـەر باسـی (المؤتمـر الشعبي)یە. قێزم لە قسەکانی جەنابی ئیبراهیم جەلالی هونەرمەند دێتەوە.

٦- ئەمڕۆ لە خوێندنەوەی (طقوس في الظلام)ی کۆلسن ولسن بوومەوە.

٢/٥

١- هەراکەی (نووسـەری کورد)، گەیشتە ئەوپەڕی. (م.س) بڕیارێکیـان لەبارەیەوە هەیەو سەیدا، لە کۆبوونەوەی دەستەدا پێمانی رادەگەیەنێ. دوێنێ کۆبوونـەوەی نوێنـەرانی رێکخراوە کوردسـتانییەکان بـوو، کـە منیش بـەناوی یەکێتییـەوە ئـامـادەی بـووم. هـەموو لــە وتــەکانیاندا، هێرشـیان کـردە سـەر یەکێتی و گۆڤارەکەی. لە کۆڕو کۆمەڵی خەڵکانیشدا، هێشتا هەر باسی دەکرێ.

وەکی تر لە گەرمەی ئەم هەرایەدا، رەئووف بێگەرد بە گرت چوو. هەراکە لەسەرەتادا لەسەر وتارەکەی ناکام بوو، کە تا ئێستاش بە زۆری بـاس هـەر لـەوە. کـەچی لـەولاوە لـە ناکـاوێکدا، رەئـووف لەسـەر چیرۆکێکی کـە لـە

ژمارەکەدایە دەگیرێ. چیرۆکەکە رەخنە لە کادرە حیزبییەکان دەگرێ، کە گوایە هەر خەریکی گیرفان پڕ کردنن. من زوو چووم سەیدام ئاگادار کرد. زۆری پێناخۆش بوو. بەڵام لە وەزعەکەی یەکێتیش پەستە. پێکەوە بڕیارمان‌دا، کە سبەی دەستەی بەرێوەبەر کۆبکەینەوەو من زۆربەی ئەندامانم ئاگادار کردوە. لە بەغدا جەلال دەباغ لەسەر چی دەگیرێ‌و ئەمیش لێرە لەسەر چی!.. سەیرە!.

٢- ساڵنامەی شۆڕش‌و دە کارتەکەی تەکیم پێگەیشت. کاکەمەم چوو لە تاران، بە چاپێکی رەنگاوڕەنگی قەشەنگ چاپی کردن. شتێکی نایابن‌و نیشانەی لێهاتوویی هونەرمەندانمانن. دڵم پێیان گەشایەوە.

٣- لە چۆمان بووم کە دوو فڕۆکە هاتن. یەکێکیان بۆمبایەکی لە گەورەکان بەردایەوەو کەوتە، سەر شاخەکەی پشتی (م.س)و گرمەی تەقینەوەکەی، وەك هەورە تریشقە لە ناو چیاکاندا دەنگی دایەوە.

٢/٦

دەستە کۆبۆوە. سەیدا بڕیارەکەی (م.س)ی راگەیاند، کە بریتییە لە سێ بەند: دەرکردنی رەئووف لە یەکێتی. بۆ لەمەودوا بڵاونەکردنەوەی نووسینی ئاکام. پرسینەوە لە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە، کە چۆن رێگایان بە بڵاوکردنەوەی ئەو نووسینانە داوە.

ئێمە سەرسام بووین‌و پێمان ناخۆش بوو، تەنانەت سەیدا خۆیشی. (م.س) بە چ هەقێ ئەو بڕیارانە دەدا؟!. ئەو دەکرا تەنیا ئاگادارمان بکا، کە دەستە لە مەسەلەکە بکۆڵێتەوەو چارەسەرێکی گرفتەکە بکا، نەك بەو شێوەیە بڕیار بداو دەستە جێبەجێی بکا. ئێمە لە کۆبوونەوەکەدا وەهامان وت‌و سەیداش هەر رای وەهابوو. بەڵام کە هاتینە سەر ئەوەی، ئایا بەرامبەر بەو بڕیارەی (م.س) چی بکەین؟. سەیدا هێوری کردینەوەو رای وابوو، کە چاکتر وایە سەرپێچی نەکەین. ئەوسا دوای لێدوانێکی دوورو درێژ، بڕیاردرا داوا لە (م.س) بکرێ کە: ١-سزای رەئووف بگۆڕدرێ بە بڵاونەکردنەوەی نووسینی وەك ئاکام. ٢-ئاگادارکردنی (م.س) کە دەستە لە کۆبوونەوەیەکی پێشوویدا، ئاکامی لە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە لاداوە. واتە بە دوای ئەو هەراوزەنایەدا، ئەنجام وا کەوتەوە کە گوناهی رەئووف گەورەترە لەوەی ئاکام،

چونکە ئەو رەخنە لە شۆڕش دەگرێ و ئەم، شەڕەکە بەشەڕی نێوان دوو میللەت دادەنێ، نەك نێوانی میللەتێك و دەستەیەکی حوکمڕان!.

سەرەڕای ئەو بەزموڕەزمە، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار لەسەر ئاهەنگەکەی دامەزراندنی یەکێتی درایەوەو سازکردنیشی، خرایە ئەستۆی من کە بەدرێژایی ئەمڕۆ راکەڕاکەم بۆ کرد. من پێشنیازی واز لێهێنانیم کردو پەسند نەکرا.

٢/٧

ئێستا ئەم رۆژنامەو گۆڤارانە لە ناو شۆڕشدا دەردەچن: ١-خەبات: ئۆرگانی پارتی. ٢-کادر: گۆڤاری تیوریی ناوخۆی پارتی. ٣-ڕێگای کوردستان: ئۆرگانی (ق.م). ٤-دەنگی پێشمەرگە: گۆڤاری (پ.م)ی (س.ش.ك). ٥-نووسەری کورد: یەکێتی نووسەران. ٦-دەنگی مامۆستا: گۆڤاری یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان. ٧-خەباتی لاوان: ئۆرگانی یەکێتیی لاوانی کوردستان. ٨-دەنگی کوردستان و صوت کردستان: گۆڤاری ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق. ٩-دیاریی لاوان. ١٠-شەهید لەیلا: لە ئۆردوگای شەهید لەیلاوە دەردەچێ. زۆربەشیان لە چاپخانەی خەبات چاپ دەکرێن وئەوانی تر بە رۆنیۆ.

٢/٨

هەراوزەناکە هێشتا نەبڕاوەتەوە. رەئووف هەر گیراوە. سەیدا بە پەرۆشەوە هەوڵی بەردانی دەدا. بیستم دەیانەوێ ناکامیش بگرن، کە لە مەهابادەو گوایە داوایان لێکردوە بێتەوە بۆ لێپرسینەوە!. زۆرم پێناخۆشە. بوو بە چی؟!. لەوە دەچێ ژێراوژێر، ململانێیەك لەسەر مەسەلەکە هەبێ!. وەك ئەوەی هەبن لەگەڵ راوبۆچوونەکەی ناکامدا بن و هەبن لەگەڵ ئەوەکەی رەئووفدا. ئەی من لەگەڵ کامیاندا بم؟. رەئووف ئاو ناکام نەءبەسەرێك و لەگەڵ، هەردووکیشیاندا دژ بە گرتن و هەراوزناکە بەسەرێکی تر.

هەر سەبارەت بەهەراکە، ئێوارە لەلای عەلی زرتەشتی بووم و دەرکەوت ئەویش بیستوێتی. لەبارەیەوە بێبەشی نەکردم لە ئامۆژگارییەکانی و داوای لێکردم، کە لە هیچ کەسێك و هیچ هێزێك نەترسم و چیم لە دڵدایە، بیڵێم و

بینووسمو قەت سڵ نەکەمەوە. نازانم کێ منی وەك ڕۆستەمی زاڵێکی داستانەکە، بۆ باس کردوەو تا ئاوەها لەگەڵمدا بدوێ. بۆیە کاتێکیش داوای لێکردم کە بەڵێنی پدەمێ وا بکەم، بەبێ ڕاڕایی بەڵێنم دایە!. زرتەشتی پاڵەوانێکی دەگمەنی شاکارە ڕۆمانێکە، گەر بتوانم ڕۆژێك لە ڕۆژان زەفەری پێببەم.

٢/٩

سایەقەی ساماڵە. هەتاوە. کەشوهەوا خۆشە. بەیانییەکەی کەمێ باران باری. ئینجا بەفرو دوایی کەمێ بارانی ترو ئیتر، خۆشی کردۆتەوەو ئاسمان ساف سافە. ئەگەر وا بڕوا، سبەی ئاهەنگەکە بەبێ دەردەسەری دەگێڕین.

٢/١٠

شەو بەر لە نوستن، سەیرێکی ئاسمانم کرد، ترشوتاڵ بوو. وتم: بەڵکووو بەیانی سایەقە بێ و نەبوو. بگرە کە بەیانی خانم بەخەبەری هێنام وتی: هەڵسە بڕوانە.. ڕەشایی بەدەرەوە نەماوە!. تا چێشتەنگاو چاوەڕوانی خۆشکردنەوە بووموو نەیکرد. بەردەوام چپنچین کەڵەکەی دەکرد. بەخۆمم وت: سەری گوریسەکە سەبارەت بە ئاهەنگەکە، بەدەست منەوەیە. چ بڕیارێك بدەم؟!. زۆرم هێناو برد. لە ئەنجامدا بەلای کردنیدا شکاندمەوەو ئیتر کەوتمە ڕاکەڕاکە. سوار بووم بۆ ئیسکان. لەوێ زریان لەهەڕەتیدا بوو. بەفریش گەیاندبوویە ناو قەدو هێشتاش دەباری. خەڵکەکەی ئەوێ، خۆیان ئاخنی بووە کونی ژوورەوە، بەر زۆپاو ناو جێگای خەوتن. ئەوانەم هێنایە ژەنگوژار، کە کاری ڕێکخستنی هۆڵەکەیان پێسپێردرا بوو. هۆڵ ئامادەکراو تەنیا، گرفتی دڵۆپەمان لێچوو بە قیردا.

کە گەڕامەوە ماڵەوە، کاتی کۆبوونەوەی لیژنەی ئامادەکردن هاتبوو، کە دەبوو لە ژوورەکەی یەکێتی بکرێ. لە چوار کەس تەنیا دووانیان هاتن.

ئەوانیش وا نەهاتبوون ئەو بڕیارەم لێببسن. ناهەقیشیان نەبوو. بەڵام کە باسی سازکردنی هۆڵەکەم بۆ کردن و کەمێکیش هانم دان، کە ئەمە دەبێتە یادگارێکی مێژوویی و دەبێ لە دەستی نەدەین، رازی بوون و لەگەڵمدا کەوتنەگەڕ.

گرفتی گەورەمان، چۆنێتیی گەیاندنی بانگکراوەکان بوو بۆ هۆڵەکە. لەبەر ئەوەی دەمزانی کەسیان باوەڕ ناکا ئاهەنگەکە بکرێ هەتا خۆی بۆی بێت، پێشنیازم کرد ئێمە بچین بەدوایانداو بیانگەیەنین و بیشیان گەڕێنینەوە. بڕیارمان داو خۆمان گەیاندە (کۆشکی ئاشتی)، کە زۆربەی نووسەرانی لێبوون. راگەیاندن جێبێکی بۆ تەرخان کردین و کەوتە گواستنەوەی ئەو برادەرانە. ئینجا چووین لە چۆمان بەهەر دەردیسەرییەک بوو، جێبێکمان بەکرێ گرت و ئەویشمان خستە کار.

زریان هەر بەردەوام بوو. بەفر هەر دەباری. ئەگەرچی باشیش خۆم پێچابۆوە، بەڵام سەرما هەراسانی دەکردم. لەگەڵ ئەوەشدا بەهەمان گورپوتینەوە، دووکانێکی تەریکم دۆزییەوە. هێندەی پێویست بوو، مۆزو سێوم لێکڕی و لەگەڵ دوا دەستەدا، بە جێبە بەکرێکە خۆمان گەیاندە ئیسکان. ئیتر ئاهەنگ دەستی پێکرد. سەرەتا بە ژمارەدە (٢٨) بیست و هەشت کەس بووین و دوایی گەیشتە (٤٥) چل و پێنج.

بەرنامەی ئاهەنگەکە لە نیو سەعات زیاتری نەخایاند. دڵۆپە و سەرما تەنگیان پێهەڵدەچنین. دڵۆپە لە زۆر لاوە بە چۆڕاوگە دادەڕژا. سەرماش دەیدا لەبندەست و لە سێ زۆپا تەنیا یەکێکیان باش دەسووتا. لە تەواوی سەعات پێنجدا دەست پێکراو لە پێنج و نیودا، بە ناردنی برووسکەیەک بۆ بارزانی کۆتایی پێهێنرا. دیارە مۆزو سێوەکەش خوران. ئینجا بە دوو جێبەکە دەست کرا بە ناردنەوەی خەڵکەکە بۆ شوێنەکانیان. من کە گەیشتمەوە ماڵەوە، تەواو کەنەفت بووبووم. لەگەڵ ئەوەشدا دڵخۆش و شادمانم. چونکە رۆژێکی پڕوچڕم لەچالاکی بەسەر برد، کە ئاوێتەشە بە یادگارێکی مێژوویی.



کارمەندانی لاوان





ئاهەنگی دامەزراندنی یەکێتی - ١٩٧٥/٢/١٠

٢/١١

پیریێ سایەقەو هەتاوو دوێنێ ئەو زریانەو ئەمڕۆ وا کردوێتییەوە بە سایەقەو هەتاو! دەڵێیت چی!.. وای ئارەزوو لێیەو هیچ هێزێکیش لە عۆیەی نایە!

بەهەر حاڵ چێشتەنگاو، لەگەڵ نووری ئیسماعیلو نووری هونەردا، بە نیازی وێنەگرتن، بە قەدپاڵی شاخەکەی پشتماندا هەڵگەڕاین. بەفر تا ئەژنۆ بوو. بەڵام بەهۆی کپیی هەواو باشی خۆپێچانەوەوە، هەستمان بە سەرما نەدەکرد. تا ناو قەدی کێو سەرکەوتینو لەوەلا، بەفر ڕێگەی زیاتر سەرکەوتنی نەدەداین. بەکامێراکەم چەند وێنەیەکم گرت. هەتاوو بەفرو چیاو چەمو دیمەنی جوان. دڵم پێیان خۆشە.

٢/١٢

ئەمڕۆ فڕۆکە حەشریان کرد. سەر لەبەیانی بەڕێوە بووم بۆ (ڕاگەیاندن)، کە دوو باجەرو دوو مێگ بەدوایانەوە هاتن. چەند سووڕێك بەسەر چۆماندا خولانەوە. تۆپە تەیارە شکێنەکان، لەسەر هەموو لوتکەی چیاکانەوە، دایاننە بەر دەسرێژو بێکەڵك بوو. ئەوان بەبنی ئاسمانەوە لکابوون. هۆکیشیان لێنەخرایە کار. دیارە لەبەر بێکەڵکی، یا هۆی تر!.

لە ڕاگەیاندن زۆربەی خەڵکەکە، لە بەردەمی کونە تەیارەکاندا ڕاوەستابوون، یا چووبوونە ناویانەوە. من چوومە لای (د. کەمال مەزهەر) لە ژوورەکەی. زۆری نەبرد دوو گرمەو ناڵەمان بیستو زەوی لەژێرماندا لەرزی. دوکتۆر زۆر ئاسایی بوو. پێکەوە لە ژوور بەدەرکەوتین بۆ سەیر کردن. دیاربوو ئاڕاستەی شوێنی ئێزگە کرابوونو ڕووەو شاخەکەی پشتییەوە، سەریان کردبوو. کە گەڕامەوە ماڵەوە، خانم تەنگەتاو بووبوو.

لە عەسرو لە ئێوارەشدا پەیدا بوونەوە. ماوەیەکی زۆر خولانەوەو بەبێ ئەوەی هیچ بەربدەنەوە، ڕۆیشتنو لە کۆڵ بوونەوە.

## ٢/١٦

سەیدا چەند جارێك بوو پێمی رادەگەیاند، كە لەلایەن (م.س)و پاراستنەوە، بەڵێنی بەردانی مسۆگەری رەئووفی پێدراوەو دواجاریش دوێنێ بوو. بەڵام كە ئەمڕۆ چووم بۆ لایو لەوەرامی پرسیاریدا وتم: بەرنەبووە ، زۆر پەستو نیگەران بوو. وتی: دەسی دەسیم پێدەكەن!.. بەری نەدەن، واز لە هەموو ئیشوكارێكم دێنمو دادەنیشم.

من سەیدام لە بەغدا لە نزیكەوە ناسی، كە چ مرۆڤێكی سەرڕاستو دەستوودڵپاكو بێوێنە دڵسۆزە. ئێستا وا دیسان لە نزیكەوەو لەبارودۆخێكی جیاوازیشدا، دەیبینمەوە كە هەر ئەو پیاوە مەردو جوامێرو دڵو دەروون پاكژەیە كە بووەو. خۆشحاڵم كار لەگەڵ مرۆڤێكی وەهادا دەكەم.

## ٢/١٧

١- فاروق بەیاننامەیەكی كاژیكە لاوەكانی بۆ هێنام. وەختی خۆی شێركۆ لە مەریوان، باسیانی بۆ كردبووم، كە دەستەیەك لاوی خوێنگەرمو لەسەركردایەتییەكەیان بێزارن. دەشیانەوێ لە بنەڕەتەوە، فیكرو فەلسەفەو رێبازو شێوەی ئیشكردنی كاژیك بگۆڕنو بیبێتە، حیزبێكی سۆشیالیستی نەتەوەیی. تەنانەت دەسبەرداری دوژمنایەتیكردنی شیوعییەت ببێو هاوكاری لەگەڵ (ق.م) بكاو هەوڵی پێكهێنانی بەرەیەكی فراوان بدا. هەروەها لە شێوەی ئیشكردندا، هەوڵ دەدەن كاژیك لەو قاوغە وشكەی رزگار بكەنو ببێتە حیزبێكی جەماوەریو ئەندامانی، بەگیانێكی مرۆڤپەروەرانەی بیرووناكی هاوچەرخ پەروەردە بكەن. ئینجا باسی خۆیشی كرد، كە داوایان لێكردوە لەگەڵیاندا كار بكاو لەو هەنگاوەیاندا یاریدەیان بدا. بەڵام ئەو بەڵێنی تەنیا یاریدەدانی ئەدەبیو مەعنەویی پێداونو وتیشی، كە بە نووسین بەشداریی لە بڵاوكراوەكانیاندا كردوە.

وەكی تر فاروقیش كە بەیاننامەكەی دامێ، وتی كە وەفدێكیان هاتووەو ئیدریسیان دیوەو یاداشتێكیان، لەبەر رۆشنایی بەیاننامەكەیان داوەتێ. باسی ئەوەشی كرد كە داوای بەستنی پەیوەندییان لەگەڵ (ق.م) كردوەو رای منیشی

لەو بارەیەوە پرسی. من وتم: کارێکی باشەو ئێوە دەبێ هانیان بدەن، بەڵام لەسەرەتادا کەمێ وریا بن و چاوەڕێی ساغبوونەوەی هەنگاوەکەیان بکەن. ئەو وتی: ئێمەش وامان بڕیارداوەو بۆ هاندانیشیان، پێنج سەد دانەمان لە بەیاننامەکەیان چاپ کردۆتەوەو ئەوەتا بۆیانی بڵاو دەکەینەوە.

٢- دوێنێ شەو جەلال و سامی میوانم بوون. جەلال ماوەیەکە چۆتە مەهابادو لەوێ نیشتەجێ بووە. وتی کە داوایان لێکردوە، ببێتە ئەندامی لیژنەی رۆشنبیریی سەر بە (م.س). من و سامی هانمان دا رازی ببێ، چونکە ئەو بێ لە یەکێکی تر باشترە. بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر لێیان پەستە، نەچووە ژێری. دواییش لێمان بووە دەمەتەقێیەکی توندوتیژ سەبارەت بە مارکسییەت، ئەگەرچی هیچ کامیشمان نەیاری نین!.

٣- لە رۆژانی پێشوودا، کتێبەکەی (ئیگلتۆن - کۆماری مەهاباد)م خوێندەوە. زانیارییەکی وردی نوێی لەو بارەیەوە دامێ. ئێستاش کتێبی (ستالین)ی دویتشەر دەخوێنمەوە. ئەمیش هەر زانیاریی تازەم دەداتێ.

٤- وا مەزدەم لێپەیدا بۆوە. ئەوەتا قەڵەمەکەم لە دەست دەسێنێ و داوای پەڕەیەك کاغەزی سپی دەکا. دەیەوێ وێنەی لەسەر بکێشێ. منیش دەمەوێ توانای تاقی بکەمەوە. داوای لێدەکەم وێنەی سوندەی ئاوەکەو بەرمیلەکەم بۆ بخاتە سەر کاغەز. دەیکاو مەبەست رادەگەیەنێ.

٢/١٨

لەیادی دامەزراندنی رێکخراوە دیموکراتییەکاندا، پیشانگایەکی گەلێ قەشەنگی وێنەی فۆتۆگراف، لە ئوتێلە (سیاحی)یەکەی دەربەندی لای خۆمان کرایەوە. وێنەکانی نووری هونەر گرتوونی. بەڕاستی لە گرتنیاندا هێندە هونەر بەکارهێنراوە، کە هەقی خۆیەتی (مەند)ەکەشی بخرێتە پاڵ و ببێتە نووری هونەرمەند.

٢/١٩

دەست دەدەمە قەڵەم و دەمەوێ بنووسم و دیسان مەزدەیە. دەمەوێ لە کۆڵ خۆمی بکەمەوەو بێسوودە. دەست دەکاتەوە بە رەسم کردن. من داوا

دەکەم و ئەو دەیکا. دەی رەسمی بابە بکە.. دایە.. گۆران.. چۆلەکە.. شاخ.. رۆژو ئەستێرەو دیسان سۆندەو بەرمیلەکە، تا بزانم جیاوازییان لەگەڵ جاری پێشوودا چەندە. کە تاقەتی لە وێنەکێشان چوو، بای دایەوە سەر پرسیار کردن. بابە کێ تۆی دروست کردوە؟. بابە خوا کێیە؟. بابە.. (سەگێك لە دووور دەوەڕێ).. سەگ بۆچی دەوەڕێ؟ من پێدەکەنم. ئەو خۆی دەڵێ: چونکە تینوێتی!. بەدوایشیدا دەڵێ: بابە تینوومە. ئاوی دەدەمێ و دەیخواتەوە. بەدوایدا دەست پێدەکاتەوە. بابە.. کێ تۆی دروست کردوە؟. کە دەڵێم: باوکم و دایکم. یەکسەر دەڵێ: خۆ تۆ باوکت مردوە!. ناچار هەوڵی بۆڕدانی دەدەم و دەپرسم: بۆچی مردوە؟ رادەمێنێ. زەفەر بەوەرام ناباو لە کۆڵم دەبێتەوە.

٢/٢٠

١- دوای هەوڵێکی بێوچانی سەیدا، ئەمڕۆ رەئووف بەربوو. بە بەربوونی ئەو، هەراوزەناکەی یەکێتی و (نووسەری کورد) کپ بۆوە.

٢- ئەمڕۆ کۆبوونەوەی ژمێریارەکانی رێکخراوە کوردستانییەکان بوو. من کە ژمێریار نیم و بەناچاری ژمێریاریشم، وەك نوێنەری یەکێتی ئامادەی بووم. لە هەردوو جۆر بۆچوونی باش و خراپم تێدا بۆ دەرکەوتن. لە باشەکان:

-بارەگاکان بوونەتە ئوتێل و چێشتخانەو دەبێ وا نەمێنن.

-هەر کارگێرێکیان دوو سێ (پ.م)ی کردۆتە خزمەتکاری خۆی و دەبێ ئەوە نەمێنێ.

-ئەو (پ.م)انە ئەرکیان پارێزگاریکردنە لە ئاسایشی بارەگاکان و دەبێ بۆ ئەم کارە تەرخان بن.

لە خراپەکانیش، هەر واقم وڕماو سەراسیمە بووم، کە دیم نوێنەرانی جوتیاران و کرێکاران، دژ بەو بڕیارانە دەوەستن و بگرە داوای، خێرو بێری زیاتر دەکەن و دەخوازن:

-مووچەیان لە پەنجا دینارەوە بکرێ بە شەست.

-خواردن و نووستن لە بارەگادا مسۆگەر بێ.

-هەریەکەیان دوو (پ.م)ی تایبەتی هەبێ و بەردەوام لە گەڵیدا بن.

-چەند (پ.م)ێکیش تەرخان بن بۆ پاراستنی بارەگا.

ئەمە لەکاتێکدا کۆبوونەوەکە بۆ ئەوە بوو، هەم مەسرەف کەم بکرێتەوەو هەم، ئەو دیاردە نابەجێیانە نەهێڵرێن کە هەن.

٣- کۆبوونەوەکە زۆر درێژەی کێشاو شەوی بەسەردا هات. خانمی مارانگاز دڵی دەکەوێتە مەراقەوە. کە تەواو تەنگەتاو دەبێ، هاوار دەباتەوە بەر دۆستو ناسیاوان لە (لاوان). ئەوانیش دەکەونەخۆو دەبزوێنو بەڵام بەوەی باش بوو، من بەسەردا هاتمەوە.

٢/٢٢

١- جەبهەی سەرەکیی شەڕ (باڵەك)، لەسەر تەنیا شەڕەتۆپ لەنگەری گرتوە.

٢- لە فاروقم بیست کە قوتابییانی کوردستانو قوتابییانی (التجمع الوطني العراقي) پێك هاتوون. من لەوەبەر ئاگادار بووم، کە وەفدێك لێرەوە بە سەرۆکایەتیی (عادل موراد) چووە بۆ سووریا. ئەمە بەلامەوە دەبێتە پێشەکییەکی باش، بۆ پێکهاتنە گەورەکە.

٣- سبەینێ یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی نوێی نووسەرانی (نووسەری کورد) دەکرێ، کە من کراومەتە سکرتێری نووسینی. ڕەشەبای ژمارەکەی پێشوو کپ بۆتەوە. سەیدا خۆشحاڵەو دۆخەکە ئاساییە. کۆبوونەوەی سبەینێمان، خۆ ئامادەکردنە بۆ دەرکردنی ژمارەی نوێ.

٤- لە خوێندنەوەی کتێبی (ستالین) بوومەوە. ئێستا لەخۆم دەپرسم: ئاخۆ مێژوو غەدری لە (ترۆتسکی) نەکردوە؟!.

٥- گرفتی ئاو هەر بەردەوامەو ڕۆژانە، بە دەستییەوە زەلالەتمە. ئەمڕۆ بە پاچ جادە قیرەکەم بە زەحمەتێکی زۆر، لە ئاستی ئەو بۆرییە ئاسنەدا هەڵکەند، کە سۆندەکەی لە جادە پێدا دەپەڕێتەوە. چونکە سۆندەکە لەناویدا تەقیبوو. ئینجا چاکم کردو دام پۆشییەوە.

٦- هەفتەیەکە خورشیدە بابان میوانمانە. لەخۆیەوە چوو بووە لای سەیداو سکاڵای حاڵی منی، لە رووی دارایییەوە بۆ کردبوو. من پێم خۆش نەبوو، نەوەکوو ئەو وا تێبگا من ناردوومە. لە رووی گوزەرانەوە باش نیم.

برسی و رووت نین. بەڵام داهات تەنیا مانگانەیەو ئەویش، بەردەوام لایەکی مێشکمی بە ڕاگرتنی لەنگەری لەگەڵ مەسرەفدا خەریک کردوە.

٧- دیسان مەزدەیەو ئەمجارە گۆرانیشی لەگەڵدایە. پێشبڕکێیانە لەسەر پرسیار کردن. حەزم دەکرد ریکۆردەرێکم لەلا بووایەو تۆمارم بکردنایە. وەکی تر دوێنێ یادی حەوتەمینی لە دایکبوونی گۆران بوو. سەعات دووازدەو نیوی شەو ٢١/٢٢-٢-١٩٦٨. ئەو یادەشمان بە وشکی تێپەڕاند.

٢/٢٤

(پ.م) فوئادی دوورە خزممان، بەسەردان هات بۆ لامان. لەبەرەی (سەرتین)ە کە گەلێ شەڕی قورسی تێدا قەوماوەو ئێستا سوپای تێدا چەقیوە. قسەوباسی شەڕەکانی ئەوێی زۆر بۆ گێڕامەوە، لەگەڵ باسی ژیانی رۆژانەی خۆیان. تەنانەت بە نەخشەیەکیش لەسەر کاغەز، لە رووی سەربازییەوە بۆمی روون کردەوە. یەکێ لەو باسانەی کاری تێکردم، کوشتنی سێ سەربازی دیل بووە لەلایەن (پ.م)ێکەوەو وتی: ئێمە دانیشتبووین چامان دەخواردەوە. سەربازەکانیش لەولاوە دانیشتبوون، چاوەڕوانی ناردنیان بوون بۆ بەندیخانەی چۆمان. کەچی لە ناکاوێکدا (پ.م)ێکی پەلێکی تەنیشتمان، بە راکردن هات و کەس فریای رێ لێگرتنی نەکەوت. هەرسێکیانی دایە بەر دەسرێژو لە جێدا کوشتنی. ئێمە پەلامارمان داو گرتمان.دەرکەوت برایەکی هەر لەو شەڕەدا، کە ئێمە سەربازەکانمان تێدا بەدیل گرتبوون کوژرا بوو. ئیتر کاتێ ئەو هەواڵەی بیستبوو، پێشی زانیبوو کە ئێمە ئەو دیلانەمان لەلان، ئەو کارەی کرد کە کردی. ئێستا لە بەندیخانەی (خەلەکان) گیراوە.

هەروەها باسی دیلێکی تریشی کردو وتی: کە گرتمان سەیرمان کرد، تاقە یەک گوللە چییە نەیتەقاندوە. کوڕێکی لاو بوو. تازە لە قوتابخانەی مامۆستایان دەرچوو بوو. ترسی کوشتن زەندەقی بردبوو. یەک لەسەر یەک هاواری دەکرد: بۆ خاتری خوا مەمکوژن. چەندە دڵنیامان دەکرد کە نەترسێ و نایکوژین، دادی نەدەدا.. هەر هاواری دەکرد. تا کاتێ بەڕێمان کرد بۆ چۆمان، ئەوسا بێدەنگ بوو.

هەروەها باسی کرد کە سەنگەریان، تەنیا سەدو پەنجا مەترێك لە سەنگەری سوپاوە دوورە. زیاتر بە ڕۆژ دەخەون و بەشەو بە ئاگان. گرفتی هەرە گەورەیان خواردن و ئاوە. بە ڕێکوپێکی ناگەن. زۆر جار خواردنی قوتووی، سەربازە کوژراوەکانیان دەست کەوتوە، کە ڕێکەوتوە خەڵتانی خوێن بووەو دوای پاککردنەوەی، هەڵیان پچڕیوەو خواردوویانە. بۆ ئاویش، بەفر دەتوێننەوەو بەکاری دێنن.

سەبارەت بە شەڕەتۆپ، گێڕایەوە کە چەندین جار، گوللەی تۆپەکانی خۆمان، بە هەڵە پێکاونی و زیانی پێگەیاندوون. وتیشی کە فڕۆکە لە ئاسمانەوەو تانك لە زەوییەوە، (پ.م) زۆر هەراسان دەکەن و ترسناکن. دوا قسەی داستان ئامێزی لەوەوە هات، کە من وەك هێشتا هەر بەگومان بم، هەواڵی بۆگەنەکەی هاوینی لاشەی کوژراوەکانم لێپرسییەوەو ئەو جگە لە سەلماندنی ئەو حاڵەتە، باسی لاشەی چوار سەربازی ئێستای کردو وتی: لە ماوەیەك لەمەوبەرەوە، لە نێوان سەنگەرەکانی ئێمەو ئەواندا کەوتوون. کە بەفر دەبارێ دەبن بەژێرەوەو ون دەبن. کە خۆش دەکاتەوە، بەفرەکە دەتوێتەوەو دەردەکەونەوە. دیارە هیچ لایەکیشمان ناچین بەلایاندا. ئێمە مەبەستمان نییەو ئەوانیش ناوێرن.

پ.م فوئاد سەرباز بووەو هاتۆتە ڕیزی شۆڕشەوە. تەمەنی لە بیست ساڵاندایە. پێشتر چەند جارێك لە ماڵی کاکم دیبووم. خوشکەزای هاوسەرەکەیەتی. هێمن و لەسەر خۆیە. کەم دەدواو من درێژەی قسەم پێدەردەکێشا. کە ڕۆیشت داوام لێکرد، هەرچەند بە مۆڵەت هاتەوە سەردانمان کا. بەرەو (سەرتین) چووەوە. لە دڵدا وتم: تۆ بڵێیت بیبینمەوە؟.

٢/٢٧

١- فڕۆکەیەك لە سەرووی هەورەوە، بۆمبایەکی لە گەورەکان بەسەر چۆماندا بەردایەوە. خوار چۆمان و دوور لە جادە بە چەند مەترێك، دای بەزەویداو تەنیا منداڵێکی بریندار کرد. بەڵام برادەرانی ڕاگەیاندن لە کۆشکی ئاشتی وتیان، کە زەویی لەژێریاندا لەرزاندوەو شووشەی بە پەنجەرەکانیانەوە نەهێشتوەو هەندێ کەسیشی، بە پشتدا خستوە!.

٢- سەر لەنوێ بینینیشی تەواو بێزاری کردووم. شەوو رۆژ دێن و رادەبوورێن و من، کارێ فرمانێ نییە بیکەم. ئەمە بۆ منی هۆگری کارکردن ستەمە.

٣- بەهانی قسەوباسەکانی فوئاد، چیرۆکێکی کورتم نووسی. قارەمانی چیرۆکەکەی من، هەر ئەو (پ.م)ەیە کە سێ دیلەکەی کوشت. هەژانە دەروونییەکەی هەمان هەژانەو بەلام لە لای ئەوەی من، گیانی مرۆڤایەتی و دەشێ بشلێین ئەقل، بەسەر سۆزدا زال دەبێ و دادەخزێتە زەلکاوی، ئەو دیلکوژییە بەگرۆکفەوە. رەنگیشە ناوی بنێم (سالارو سەمیر).

٣/١

١- سێ کەس کە بەناوەکان و داخوازییەکانیشیاندا دیارە کە کوردن، فرۆکەیەکی عێراقییان بۆ تاران فراند، کە لە موسلەوە بۆ بەغدا بەرێوە بوو. داخوازییەکان ملیۆن و نیوێك دینارو بەردانی هەشتاو پێنج حەپسی کورد بوو. بەلام پێش ئەوەی بگاتە تاران و بنیشێتەوە، لەناو فرۆکەدا لە نێوان فرێنەرەکان و پاسەوانەکاندا بۆتە تەقەو لە ئەنجامدا، یەکێکیان کوژراوەو دووانەکەی ترو چەند سەرنشینێکیش، بریندار بوون و بەوە کارەکەیان سەری نەگرت. حکوومەتی ئێران هەرزوو، ناڕەزایی خۆی نیشان‌داو ئاشکرای کرد، کە دووانەکەی ترگیراون و فرۆکەو بریندارو سەرنشینەکانی، جێگەی چاودێری و خەم لێخۆرادنن.

بێگومان ئەمە یەکەمجارە، چالاکییەکی وەها لەلایەن کوردەوە دەکرێ. هەموو رادیۆو ئاژانسەکانی دەنگوباس لە جیهاندا، بەدرێژایی ئەمرۆ ئەم هەواڵەیان دەووت و دەووتەوە. ئێمەوەمانان زۆرمان پێخۆش بوو. بە ئاواتێکمان دەزانی و لەناکاوێکدا، وەك خەونێك هاتبێتە دی. کەچی رادیۆکەی خۆمان، هیچ هەر هیچی لەبارەوە نەووت! بەدرێژایی ئەمرۆ هەوڵمدا، کە بزانم ئاخۆ لەلایەن شۆڕشەوە کراوەو قسەی راستم دەسگیر نەبوو! تۆ بلێیت خۆمان بووبێن و لەبەر سەرنەکەوتنی و بەمەبەستی، دروستنەکردنی ناکۆکی لەگەڵ هەلوێستی دۆستدا ، ناچاری قرتەقەپ لێکردنی بووبین؟!. نازانم.

٢- دوێنێ نامەیەکی شێرکۆم پێگەیشت. باسی لە هەراکەی نووسەری کوردو گرتنەکەی رەئووفە. لەگەڵیدا یاداشتێکی بێزاری دەربڕینیشی ناردوە، کە چەند نووسەرێك ئیمزایان کردوە. یاداشتەکە بۆ دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی نێردراوە. بەڵام من نایخەمە بەرچاویان. چونکە مەسەلە براوەتەوەو کۆتایی هاتوە.

٣/٣

١- فڕۆکە ئەمڕۆ گاڵەی پێکردین. لەبەیانی زووەوە کەوتنە هاتن‌و خولخواردن. لە نیوەڕۆدا لە چۆمانیان‌دا. کوشتار نەبوو. بەڵام ناوچەکەی شڵەقاند. بیستم ئەمڕۆ زیاتر لە دە بۆمبا لە گەورەکانیان، بەملاو بەولای ناوچەکەدا بەرداوەتەوە. هەتا دنیا تاریك بوو، هاتن‌و خولانەوەو بۆمبا بەردانەوەیان بەردەوام بوو.

٢- شاڵاوی ئەمڕۆی فڕۆکە، بووە هۆی بەرپاکردنی شەپۆلێکی ترس‌و تەوژمێکی هەڵاتنی خێزان بۆ ئەو دیو. برادەرانی نزیکم لە دڵسۆزییەوە، ئامۆژگاریی منیشیان کرد، کە خانم‌و منداڵەکان بنێرمە ئەو دیو. ئەوی راستی بێ خۆشم ترسم لێنیشتوەو رام وایە، کە بچنە ئەو دیوو خانم رازی نابێ!.

٣/٤

١- ئەمڕۆ سایەقە بوو. لەبار بوو بۆ هاتنی فڕۆکەو هاتیشن. لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە، بەردەوام دەهاتن‌و دەسووڕانەوەو بەڵام بۆردومانیان نەکرد. بۆچی؟!.. نازانم!.

٢- لەگەڵ خانم‌و منداڵەکاندا، چووین بۆ سەیرکردنی پاشماوەی فڕۆکەیەکی (ئەلیوشن)، کە ساڵی ١٩٦٤ خراوەتە خوارەوە. لە نزیك خۆمانەوەیە بەوبەری رووبارەوە. رۆژێکی خۆشەو روو لە بەهارو نەورۆز دەکەین.

٣/٥

١- دوێنێ کۆنگرەی باڵای (ئۆپیک)، لە جەزایر دەستی پێکردو سەدام حسێن لەوێیە. ئەمڕۆش شای ئێران گەیشتوە. ئاژانسەکان بڵاویان کردەوە کە (بومدیەن‌و سەدام) پێکەوە، پێشوازییان لە شا کردوەو سەدام دەستی خستۆتە ناو دەستییەوەو بەگەرمی تەوقەی لەگەڵدا کردوە!.

سەدام‌و بە پێچەوانەی عورف دیپلۆماسییەوەو بچێ بە پیر شاوە؟!.. بێمەلامەت نییە!. ئاژانسەکانیش وا باس دەکەن، کە بە دەستەوەن وتووێژ بکەن‌و گیروگرفتی نێوان وڵاتەکانیان چارەسەر بکەن. بەڵام چۆن دەتوانن؟!. کارێکی ستەمە. چونکە نێوانیان زۆر لەوە ئاڵۆزترو توندوتیژترە کە بتوانن بگەنە ئەنجام. لەگەڵ ئەوەشدا نازانم!.. تۆ بڵێیت؟!.

٢- ئەمڕۆش سایەقە بوو. فڕۆکە لە بەیانییەوە هەتا سەعات دوو بە ئاسمانەوە بوون. لە چۆمانیان دایەوەو چوار کەس بریندار بوون. لەناوپردانیان‌داو بیستم کەس بەرنەکەوتوە. من وام پێباشە، خانم‌و منداڵەکان بچنە ئەو دیوو رازی نابێ.

٣/٦

٣- دوێنێ شەو سەدام‌و شا، بۆ ماوەی هەشت سەعات پێکەوە دانیشتوون.. لە دووازدەی شەوەوە بۆ هەشتی بەیانی. ئاژانسەکان بەدرێژایی ئەمڕۆ، باسیان هەر لەو هەواڵە بوو. دەڵێن: لە ئانوساتدایە بەیاننامەیەکی هاوبەش، بڵاوبکەنەوەو دەشڵێن: مەسەلەی کورد یەکێکە لەو کێشانەی لێیدواون. خەڵکەکەی لای خۆشمان، ئەمڕۆ بوو بوون بە دوو بەشەوە. بەشێك دەیانووت: کوردیش لەم شەڕە رزگاری دەبێ‌و بە مافی خۆی دەگا. بەشەکەی تر دەیانووت: نەخێر.. کورد قوڕی بەسەردا دەکرێ‌و مافی ژێرپێ دەنرێ. لە کاتێکدا من وای دەبینم، کە ئەو دوو دوژمنە دێرینەی یەکتر، وا بە ئاسانی نابنە ئەو دوو دۆستەی، نێوانیان لە بنەڕەتەوە ساف ببێ. دەگونجێ بگەنە

ڕێکەوتنێکی کاتی، کە ئەویش زۆری پێناچێ دەپووکێتەوە. بەهەر حاڵ ئەگەر گەیشتنە ڕێکەوتنێکی بنەڕەتی، ئەوا شۆڕشی کورد دەچێتە بارودۆخێکی دژوارەوە.

٤- فڕۆکە بەردەوامن لەسەر بۆردومان کردن و دایانەوە لە گەلاڵە.

٥- بەدرێژایی ئەمڕۆ پەست و بێزار بووم. ئەو دەنگوباسە ترسناکەیە لە ناخدا کاری خۆی کردوە.

## ٣/٧

ڕۆژێکی ڕەشی پڕ لە مەینەتییە. با بە وردی تۆماری بکەم:

١- شەو دوای نوستنمان، هەواڵە سامناکەکە بڵاوکرابۆوە. ئێمە بەیانییەکەی لە رادیۆوە بیستمان و رادەگەیەنن، کە شاو سەدام ڕێکەوتننامەیەکیان ئیمزا کردوەو (بومدیەن)یش، وەك ناوبژیوان و شایەت مۆری لێداوە. هەواڵی سەرەکی بە درێژایی ئەمڕۆ لە هەموو رادیۆکانەوە، سەبارەت بەو ڕێکەوتننامەیە بوو کە دەیانووت، هەموو گرفتەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت و بەتایبەتی ناکۆکیی لەسەر سنوور، تێدا چارەسەر کراوە. هەروەها ئیشارەت بە مەسەلەی کوردو شۆڕشەکەشی دەدەن، کە گوایە باس کراوە، بێ ئەوەی لایان روون بێ کە ئایا چۆن باس کراوە!.

ئا.. لای ئەوان چارێ روون نییەو ناهەقیان نییە. بەڵام لای من و لای هەموو خەڵکی ناوچەکە، هەر زوو روون بۆوە. چونکە لە کاتێکدا بەگوێ هەواڵەکەمان لە رادیۆوە دەبیست، بە چاویش تۆپ و تۆپەتەیارەشکێنەکان و تاقمەکانیان و تفاقە سەربازییەکانی سوپای ئێرانی (دۆست!)مان دەبینی، کە بەرەو ئەودیو دەکشانەوە. وەکی تر شان بەشانی کشانەوەی هێزەکانی شا، فڕۆکەکانی سەدامیش بەبێ خەم کەوتنە شاڵاو هێنان و بەشەست تیر، گەڵاڵەیان دابێژاو کوژراوێك و (٤٥) بریندارى لێکەوتەوە. تەنانەت بۆ یەکەمجار، بەشی لای ئێمەشی تێکەوت و دوو ڕۆکێتی بە نەسیب کردین، کە دایان بە پشتی دەربەندداــ ئاستی دارایی و بەڵام زیانی بەدەمەوە نەبوو.

ئێستا سەعات نۆی شەوەو هێشتا، ڕێچکەی کشانەوەیان بەردەوامە. سەرم سوڕماوە!.. من دەمزانی هەن. بەڵام بەم زۆرییە؟!. هەرگیز نە ء!.

٢- ورەی خەڵکەکە بە توندی و خێرایی، روو لە داڕمانە. بەدرێژایی ئەمڕۆ، لەمبەرو لەوبەری جادەکەوە رادەوەستان و بە حەپەساوی و سەرسامییەوە، دەیانڕوانییە دیمەنی کشانەوەکە.

دارا تۆفیق هات بۆ (لاوان). بەنیازە (راگەیاندن) بگوێزێتەوە لای ئەوان. زۆر پەست و خەمگین بوو. کە سەبارەت بە وەزعەکە پرسیارمان لێکرد، وەك ئێمە بێئاگا بوو!. من لێم پرسی: ئایا ئێران لە کشاندنەوەی هێزەکانی ئاگاداری کردبوون؟. وتی: نە ء. بە هیچ جۆرێك و لەناکاو بووە.

٣- بیستم بارزانی بە پەلە، چووە بۆ تاران و خەڵکەکە ئێستا بە پەرۆشەوە، چاوەڕێی هاتنەوەی دەکەن. بیستیشم کە دوێنێ شەو هێزەکانی (پ.م) بەدوای بیستنی هەواڵەکەدا، شاڵاوێکی بە پەلەی توندوتیژیان، بردۆتە سەر سەنگەرەکانی سوپا. بەڵام ئاشکرایە زۆری پێناچێ، نۆرەی هێرشی فراوان و توندوتیژی ئەوان دێ. وا دۆست پشتی تێکردین و چۆڵی کرد. شەش مانگ بوو بە هەردوولا، بەریان لە هێرشی سەرسەختانەی گرتبوو. ئەی ئێستا چۆن دەکەوێتەوە؟. باوەڕم وایە کە هێزی (پ.م)، ناتوانێ بە شێوەی شەڕی بەرەیی پێشوو بەرگری بکا. بۆیە دەبێ بەناچاری، بچێتەوە دۆخی شەڕی پارتیزانی. جا ئایا سەرکردایەتی هیچ نەخشەیەکی پێشەکی بیر لێکراوەی لەم بارەیەوە هەیە؟!.

بەهەر حاڵ من ئەگەرچی دەزانم، کە کشانەوەی ئەو هێزانە چ مەترسییەکی بەدواوەیە، بەڵام لە ناخدا پێی نا ئومێد نیم. بەڵکووو وا هەست دەکەم کە شۆڕشی پێپاك دەبێتەوەو دەیگەڕێنێتەوە، سەر رەوتی ئاسایی خۆی.. رەوتی شۆڕشی گەلێك، کە بە هێزو بازووی رۆڵەکانی و بە پشتی جەماوەری خۆی، لە پێناوی مافە رەواکانیدا دەجەنگێ. ئەمڕۆ هەرچەندە ئەوانەی دواندمن، روو لە نائومێدی و ورەبەردان بوون، بەڵام تاکوتەراش هەبوون وەك منی بۆ دەچوون.

٤- خانم ئێستا ئیتر، ماف بەکارهێنانی (ڤیتۆ)ی، دژ بە ناردنیان بۆ ئەودیو نامێنێ. رۆژانێکی سەخت بەڕێوەن دابێن. ئەویش ئەمڕۆ، رەزامەندی و خۆشحاڵییەکەی رۆژانی لەوەبەری، لێبووبووە سەراسیمەیی و تەنگەتاوی.

٣/٨

١- باس لەناو خەڵکیدا، هەر لە ڕێکەوتننەکەو ئەنجامی و دوارۆژی شۆڕشە. زۆربە ڕەشبین و نائومێدن و تەرمۆمەتری ورەیان، ڕوو لە شێوان و داکشانە. لە ناخدا هەژاوو تەنگەتاون و لەناکاویی کارەساتەکە سەراسیمەن. لەگەڵ ئەوەشدا بەکردارو ڕەفتار، دانیان بەخۆدا گرتوەو هێمن و لەسەرخۆ دەجووڵێنەوە. لەپاڵیاندا کەمینەیەك هەن، کە بەهەردوو دیوی ناوەوەو دەرەوەدا، پڕ لە هیواو حوماسەت و کۆڵنەدانن.

٢- هێشتا سەرکردایەتی و ڕاگەیاندن و ڕادیۆی خۆمان، بێدەنگن و سەرچاوەی دەنگوباس لەلامان، ڕادیۆو ئاژانسەکانی جیهانەو هەندێ ئیشاعەی جۆراوجۆری ناو خەڵك. لەلای بەغداشەوە دیارە هەلە زێڕینەکەیەو ئەمڕۆ لێبوردنێکی گشتییان ڕاگەیاند، کە ڕەنگە یەکێك بێ لە پەراوێزەکانی ڕێکەوتننامەکە. بێگومان ئەمە سەرەتایەو بەدوایدا، پەلاماردان و قەلاچۆکردن دێن. سامناکە!.. سامناکەو خۆزگە دەمزانی سەرکردایەتیی شۆڕش، چی لە زەینیدا هەیەو چۆنی بیر لێدەکاتەوە. بەڵێ.. وا بارزانی چووە بۆ تاران و هەوڵ دەدا. بەڵام ئایا ئەو هەوڵدانە چ ئەنجامێکی دەبێ، لە کاتێکدا ئێمە بەچاوی خۆمان بینیمان، چۆن جەنابی شا هەر دوای شەش سەعات لە ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەکە، چەکوجباخانە یاریدەدەرەکەی خۆی کشاندەوە؟!.

٣- ئەمڕۆش فڕۆکە چەند جارێك هاتن و پتر، هەر بەسەر چۆماندا دەخولانەوە. تا لە ئەنجامدا دوو بۆمبا لە گەورەکانیان بەردایەوەو بەڵام کەوتنە چۆڵەوانییەوە.

٤- کەمێ لەمەوبەر بیستم، کە سوپا لەگەڵ داهاتنی تاریکیدا، هێرشێکی بە تەوژمیان بۆ (بەرسرین و بێشە) هێناوەو نزیك بوونەتەوە. بەرسرین و بێشە، دوو شوێنی عاسین و (پ.م) لە دەمێکەوە، ئازایانە بەرگریان لێدەکەن.

٣/٩

١- بەیانی زوو چووم بۆ بابەکراوا بۆ لای سەیدا. نامەیەکی لە ڕێی یەکێتییەوە بۆ هاتبوو بۆم بردو ویستیشم بزانم، لای ئەو چ هەواڵێکم دەسگیر

دەبێ. کە گەیشتم خەڵکەکەم دی بەیەکدا دەهاتن‌و شڵەژا بوون. لەلای سەیدا تێگەیشتم کە:

-هێرشەکەی شەوێی سوپا، راستەو بەردەوامەو هەر بەرەو پێش دێ. لە قۆڵی سەرەوە بەرسرین‌و بێشەو لە خوارەوە هەندرێن، تەواو لە مەترسیدان.

-(م.س) شەو کۆبۆتەوەو هەندێ بڕیاری بە پەلەی داوە. لەوانە: پتەوکردنی جەبهەو فەرماندان بە بەرگریکردن بە توندی‌و مۆڵەتدان بە زۆربەی کارمەندانی ئەمانەتەکان‌و رێگەدان بە چوونیان بۆ ئەودیو، تا باری شۆڕش سووک ببێ‌و هەندێ بڕیاری پێویست، سەبارەت بە کاروباری (بەرگریی مەدەنی).

-بارزانی هێشتا لەودیوەو وا چاوەڕوان دەکرێ، بەهاتنەوەی زۆر شت روون ببێتەوە.

سەیدا لەسەر پیشەی خۆی، ساکارو دڵپاک‌و بەسۆزەوە دەدواو بیروڕاو هەڵوێستەکانی لەوەبەری، دەهێنانەوە بیرو بەداخ‌و خەفەتەوە دەیگێڕانەوە. من لەو قسانەی وام بۆ دەرکەوت، کە لەوەختی خۆیدا لەگەڵ شەڕکردنەوەدا نەبووە..

٢- هەروەها لەو ماوەیەدا کە لەلای دانیشتبووم، ئەم حاڵەتانەشم بینی:

-مەلایەك کە بە منجرییەوە داوای بینینی سەیدای کردبوو، هاتە ژوورەوەو دوای پێشەکییەکی دوورو درێژ، مەقسەدی‌دا بە دەستەوە کە ماوەیەکە، هەقی (تەرفیع)ی هەیەو دواخراوەو هاتوە بۆی جێبەجێ بکا!. سەیدایەك کە ئەوە حاڵی بوو، نەتەقییەوە بە روویداو نەکردییە دەرەوەو نەتووڕەش بوو، بەڵکوو زۆر بەهێمنی وتی: مامۆستا داواکەت لەسەر سەر. بەڵام جارێ وەختی نییەو ماوەیەکی تر سەبر بگرە!. لەدڵدا وتم: شا بە تاقەتت سەیدا.

-شێرزادی کوڕی بەسەرو ریشێکی سوورەوە هات‌و وتی: بابە من ناڕۆم‌و لەگەڵتدا دەبم. ئەو وتی: نە ءکوڕم.. ئێوە بڕۆن‌و ئەم دەردیسەرییە، واز لێبێنن بۆ من.

-د. دارا هات. هەندێ قسەی دیپلۆماسییانەی کرد، کە نەدەچوونە گیرفانەوەو رۆیشت.

-مەلا عەلی هات. دووعای خێری زۆر بۆ شۆڕش کردو هیوای خواست، خوای گەورە بەهانامانەوە بێت و رەحمان پێبکاو ئەویش رۆیشت.

-سابیرو شاسوارو عەلی کەرەم و ئەنوەر حەیدەری کارمەندانی ئەمانەت، بەردەوام بۆ کاروباری بە پەلە دەهاتن و دەچوون. تەنانەت عەبدوڵلای کارمەندی یەکێتیش، هات و داخوازیی خۆی پێشکەش کردو رۆیشت.

ئیتر کە ماینەوە خۆم و خۆی، وتی: تۆ چی دەکەیت؟. وتم: خۆم دەمێنمەوەو منداڵەکان دەنێرمە ئەودیو. ئەوسا دەستی دایە کاغەزو لە پارچەیەکدا بۆی نووسیم، کە بیست دینارم بۆ ئەو مەبەستە بۆ سەرف بکرێ و لە پارچەیەکی تریشدا، کە وەرەقەی پەڕینەوە لە سنوور بەخانم بدرێ.

٣- گەڕامەوە ماڵەوەو خانمم ئاگادار کرد، کە ئامادەبێ بۆ سەفەر. وتی: ناڕۆم.. یا دەبێ پێکەوە بڕۆین و رزگار ببین. یا ئەگەر مەسەلە مردن بێ، دەمێنمەوەو دەبێ پێکەوە بمرین. بەڵام بەهەر حاڵێک بوو تێم گەیاند، کە حاڵەتەکە لەوە ترسناکترو ئاڵۆزترە، رەفتاری رۆمانسییانەی لەگەڵدا بنوێنرێ و وتم: ئەگەر ئەوەندە منت خۆش دەوێ (کە گومانم لێی نییە)، دەبێ کارێک بکەیت لەم رۆژە سەخت و ستەمانەدا، باری شانم سووک بکەیت نەک گران. ئەوسا رازی بوو بە رۆیشتن بە مەرجێک، کە هەر چۆنێکم بڕیاردا، ئەوان فەرامۆش نەکەم.

٤- بەپێی بڕیارەکەی (م.س)، لە بەیانییەوە لێشاوی چوون بۆ ئەودیو دەستی پێکرد. بەسەدان لەکارمەندانی ئەمانەتەکان، بە پەلە وەرەقەیان بۆ کراو رۆیشتن. بەسەرزاری عەیبەی بۆ کەس تێنەدەکەوت. بڕیارەو بواری داوە، کێ حەز دەکا بڕوا. کەچی لەلایەن ئەوانەوەی ماونەتەوە، لەژێر لێوەوە لۆمە دەکرێن کە ترسنۆکن!. من لەوانە نیم و بڕیارەکەم پێباشەو بۆ بار سووککردنەکە، زۆر لەجێی خۆیدایە.

٥- سەر لە ئێوارە چووم بۆ چۆمان. چۆڵ هاتە بەرچاوم. جاران جمەی دەهات. وا تێدەگەم زیاتر لە هەستکردنەوەیە بە کۆست کەوتن. دەتوانم بڵێم بەهەموو بازارەکەی؛ تەنیا فەیلەسووفی مەزنمان (زەرتەشتی) دووکانی هەبوو!. کەچی ئەویش کەیف و زەوقەکەی جارانی نەمابوو. ئەویش حەپەساوو واقوڕماو، لەناو دووکانەکەیدا هەڵکورما بوو. ماوەیەک لەلای دانیشتم.

بزواندم‌و زمانیم بەگۆ خستەوە. هێندەی لە تاقەتیدا مابوو، ئامۆژگارییەکانی بۆ چەند بارە کردمەوە!.

٦- چەند رۆژێك بوو فاروق دیار نەبوو. بەڵام ئەمڕۆ هەر کە لە چۆمانەوە گەڕامەوە ماڵەوە پەیدا بوو. دەمزانی بە حوکمی ئەوەی پەیوەندیی فراوانی، لەگەڵ خەڵکێکی زۆرو بەتایبەتی کەسانێکی نزیك لەسەرچاوەی بڕیارەوە هەیە، چ بە سیفەتی شەخسیی خۆی وەك مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی و چ وەك بەرپرسی یەکەمی (ق.م) لە رووی حیزبایەتییەوە، یەکسەر بە پەرۆشەوە لە تازەترین هەواڵم پرسی و وتی: (بێشە) گیراوەو نزیکەی سەد تانکی تێدا گردن‌و ئامادەی تەکانی داهاتوون. کە لە رای خۆیم سەبارەت بە بارودۆخەکە پرسی، وتی: زۆر پڕ لە مەترسییەو وتیشی: ئەو مەسەلە جەوهەرییەی ئێمەومانان رەخنەمان لەسەر دەگرت، بەداخەوە وا هاتە دی!.

ئینجا داوای کرد کە هەندێ شتیان هەن، پاراستنیان زۆر بە پێویست دەزانێ‌و لە دوو سێ جانتادان‌و دەیەوێ بیانهێنێتە لای من‌و بۆ ئەوە هاتوە. وتم: ئاساییەو بیان هێنەو چوو هێنانی.

٧- بیستم هێرشەکەی سوپا گشتییە. لەناوچەی سلێمانی بەرەو سەید سادق رۆیشتوون‌و رادیۆی خۆشمان سەلماندی. بەڵام دواتر رایگەیاند، کە هێرشەکە دراوەتە دواوەو فڕۆکەیەکی سۆخۆییش، خراوەتە خوارەوە.

٨- بەپێی هەندێ هەواڵی سەر زارەکی، دەبێ لەمڕۆوە رێگای ناوچەی بادینان گیرابێ‌و لەگەڵ لای خۆمان دابڕ بووبێ، کە بەوە دەکەوێتە حاڵەتی ئابلۆقەدانەوە. لەولاوە سنووری سووریاو تورکیای لێداخراون‌و لەملاشەوە، لە شادەماری ژیاندا (باڵەکیان)و سەرکردایەتیی شۆڕش دابڕ دەکرێ. دەکەونە بارودوخێکی نالەبارەوە.

٣/١٠

١- بەیانی زوو کەلوپەلمان پێچایەوەو خانم ئامادەی رۆیشتن بوو. پەیداکردنی جێب یا پیکابێك، گرفتێکی گەورەبوو. عەبدوڵلای لەمەڕ خۆمان بە فریام کەوت‌و پەیدای کرد. کە بەرێم کردن‌و لە پێچی جادەکەدا لە چاوم بزر بوون، تەوژمێکی پەژارەواری دایگرتم. گەڕامەوە ناو ماڵی چۆڵوهۆڵ‌و

هەڵمرِوانی. تەوژم لە ناخمدا بووە گەردەلوول. ژوورە هێلانەی پڕاوپڕ لە ژیان، نووزەی تێدانەماوەو وێرانەیەکە. هەیوانە مووبەقی نایلونبەندی ڕێکوپێک، شڕەوپڕەو قاپوقاچاغی جێماوی تێدا بڵاوبوونەتەوە. لە حەوشەکەدا، بەرمیلی ئاوەکە... سۆندەکەو درێژبۆتەوە بۆ سەر جادە... بەرمیلی نەوتەکەو لێوالێو پڕە.. تەیمانەکەی کە بەدەستی خۆم، کونو کەلەبەرەکانیم گرتنەوە. لە دەرەوەی حەوشە، ئاودەستەکەو توولە ڕێگاکەی لە ئەنجامی هاتوچۆماندا بۆ سەر چەم، دروست بووبوو. رووبارەکەو تاشەبەردەکەی کەناری، کە منداڵەکان دەچوونە سەری و دەترسام بەربینەوە بۆ ناو ئاوەکە. جێناگردانەکەی کە خانم رۆژانی هەتاو، ئاوی بۆ جلشتن لەسەر گەرم دەکرد. دارو دەوەنەکانی کە جلەکانی بەسەردا هەڵدەخستن. گۆمەکەی کە بەدەرزیی سنجاق، قولاپم بۆ راوە ماسی تێدا دروست کردو کەچی، سەرەمێکوتەشی تێدا نەبوو. کونە تەیارەکەی کە خانمو منداڵەکان، ئێستاو ئەوسا نەچوونە ناوی. ئەوبەر رووبارەکەو خانووە تەریکەکەو رانە مەڕەکەیان، کەئێستا ئەوێش ورتەی لێنایە. دێمەوە بەری لای خۆمانو ناو لمانییەکەی کەنار چەم، کە گۆرانو مەزدە لە رۆژانی هەتاودا، سەعاتەها یارییان تێدا دەکردو گەڵێ هۆگری بووبوون. ئەمە گومەزێکەو لەولا شەقامێكو لەملا چاڵێكو لەلایەکی ترەوە، شوێنەواری پێچکەی ئوتومبێلە باغەکانیان. قەدەرێکی زۆر بەدەم ئەو پەژارەو خەفەتەوە، وڕوکاس هەڵمرِوانی. ئەوسا بۆ خۆدەربازکردن، ناو ماڵم جێهێشتو چوومە سەرجادە. کەچی ئەوەی لەوێ دەمدی، گەردەلوولەکەی لێنوێ دەکردمەوە. هەر ئوتومبێلی پڕ لەکارمەندانی ئەمانەتەکان بوونو بەرەو ئەودیو فڕکەیان بوو. هەر جێبو پیکابی بەچەشنی ئەوەکەی لە مەڕ خانمو منداڵەکانی منیشو ئاخنراو، بەکەم کەلوپەلو زۆر ژنومنداڵو بەرەوژوور دەبوونەوە. تەواو بێتاقەت بووم. سەرکەوتمە سەرەوە ئەوبەری جادە، بۆ لای لاوان. لەوێش چەندانێك خەریکی پێچانەوەی کەلوپەلو خۆئامادەکردنی رۆیشتن بوون.

٢- هەواڵی گرنگی ئەمرۆم، تەنیا بەبیستن بیستوون. بەڵام لە سەرچاوەی تارادەیەك باوەڕ پێکراوەوە. لەوانە :

-بارزانی بەئەنقەست لەودیو، دەهێڵرێتەوەو هاتنەوەی دوادەخەن. بەڵام فەرمانی ناردوە، کە بەرگری بکرێو شەڕ ئیدامەی پێبدرێ.

-ئێران سەرکردایەتیی شۆڕشی ئاگادار کردوە، کە لە (١/٤/١٩٧٥)ەوە سنوور دادەخاو چیتر ناتوانێ یاریدەی شۆڕش بداو دەبێ، لەوەبەدوا مشووری خۆی بخوا.

-بەرامبەر بەو هەڵوێستەی ئێران، سەرکردایەتیی شۆڕش (بەبێ وجودی بارزانی)، ئێستا سێ حاڵەتیان لەبەردەمدایە:

١-تەسلیم بوون بە ئێران و پەنابەری.

٢-تەسلیم بوون بە عێراق و لێبوردنیش لە کایەدایە.

٣-بەردەوام بوون لە سەر شۆڕش، بەبێ یاریدەی دۆست.

بەڵام تا ئەم ساتە، سێیەم زاڵەو کاری پێدەکرێ.

-حەمەی سەی عەلی، فەرماندەی هێزی ئەزمڕ، بەشێوەیەکی تراژیدییانە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە. لەگەڵ چەند (پ.م)ێکدا، لە دێیەکی نزیک سەید سادق بووە. لەلایەن هێزێکی سوپاوە ئابلووقە دراون. کە زانیویەتی دەرچوونی نییە، بە گوللەیەك خۆی کوشتوە. لە ناخی دڵەوە هیوادارم، وانەبێ و تەنیا ئیشاعە بێ.

٣- دەنگوباسی شەڕ، لە جەبهەی لای خۆمان و ئەوەکانی تریشەوە، تێکەڵوپێکەڵە!.. گیراو نەگیرا.. هێرش هێنرا، هێرش برایەوە.. هتد!. بەڵام لە پاڵیاندا زۆربەی قسەوباس لەوەیە، کە (پ.م) بەسەرسەختیەوە شەڕ دەکەن و بەتووڕەیی و رقەوە دەجەنگن و بەر لە هێرشی سوپا دەگرن. منیش لەلای خۆمەوە، لە دوێنێ ئێوارەوە تا ئێستا (سەعات یازدەی شەوە)، دەنگی شەڕە توپ دەبیستم و دڵخۆشم بەوەی دەبێ ئەوانە، ئەو هەندە تۆپە بن کە موڵکی شۆڕش خۆین و بەدەستی (پ.م) دەتەقێنرێن.

٤- لە نیوەڕۆدا فاروق هات و کە سەیری کرد ماڵ چۆڵە، وتی: بارەگامان لە گەلاڵە لە وەزعێکی خراپدایە. رات بەچییە بگویزینەوە بۆ ئێرە. ویستم بڵێم: با پرس بە سەیدا بکەم. بەڵام لەبەر نائاسایی بارودۆخەکە، نەموت و بڕیارم بۆدا. لە ئێوارەدا کەوتنە هێنانی کەلوپەل. ژووره هێلانەکەمان، کرایە بارەگای حیزبێك و پڕکرا لە چەك و تەقەمەنی و هەمە جۆر مین و تفاقی سەربازی. ئێستا لەگەڵ فاروقدا، لە ژووره پچکۆلەکەی بارەگای یەکێتیدا دانیشتووین. پێش کەمێ باسی دوکتورێکی هوڵەندیی بۆ کردم، کەبە منجرییەوە داوا دەکا بچێ بۆ

ناوچەی بادینان. کاربەدەستانی شۆڕش ڕێگای نادەن، چونکە ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە. کەچی ئەو هەر سوورە لەسەر چوون و دەیەوێ، لەو شوێنانە بێ کە خەڵکی و (پ.م) پێویستیان پێی هەیە.

٥- ورەی خەڵکەکە بەگشتی هەر روو لە داچوونە. کارگێڕو رۆشنبیرانی پارتی (ئەوانەی دواندمن)، زۆر رەشبینن. زۆر بەیان ورەیان بەرداوە. من پێم وایە ئەو پرسیارەی دەبێ بکرێ، زۆر ئاشکراو روونە: ئێستا دەبێ چی بکرێ؟. من واهەست دەکەم کەیەك بەیەکی ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتی و شۆڕش، چاوەڕوانی هاتنەوەی بارزانین، کەوەرامی پرسیارەکەیان بۆ بێنێتەوە، دەنا لەوە ناچێ بەبێ ئەو تەنانەت پرسیارەکەش بکەن. بۆچی وەها؟!. ڕێگای بەردەوامبوون لە سەر شۆڕش، چەند جۆرێکەو یەکێکیان گیراوە. بۆچی زەینیان بۆ جۆرێکی تر ناچێ و بیگرنەبەر؟!. تۆ بڵێیت ئەوان شتێك بزانن، کە تەنیا خۆیان زەفەری پێدەبەن و کەسی تر نا؟!.

بەهەر حاڵ، رۆژانێکی سەخت رادەبوورن و سەرەڕای هەموو ئەرك و عەزابێکی، بەختەوەرم کەلەناو جەرگەی کارەساتەکانیدا دەژیم و لەنزیکەوە، ئاگاداری سات بە ساتیانم.

## ٣/١١

١- لە زمانی د.ئەسفەندیارەوە گێڕایانەوە، کە بارزانیی لە نەغەدە بینیوە. وتراش کە بەڵێ هاتۆتەوەو لەگەڵ (م.س)دا کۆبۆتەوە . دواتر هەستم کرد ورە لەبەرزبوونەوەدایەو نازانم چۆنی لێکبدەمەوە!. ئایا دەبێ لەبەر ئەوەبێ، کە ناوچەکە وردەوردە لە ورە نزمەکان پاك بۆوەو ورەبەرزەکان ماونەتەوە؟!. یادەبێ هەواڵەکەی گەڕانەوەی بارزانی کاری خۆی کردبێ؟!. چونکە ئەوەبوو پێشتر وابلاوبوو، کە گلیان داوەتەوە. بگرە گەیشتە ئەوەی بووتری: دەسبەسەرە.

٢- دەنگوباسی بەرەکانی شەڕیش دڵخوش کەرن. واباس دەکرێ کە لە هەموو لاوە، هێرشی سوپا دراوەتە دواوەو (پ.م) ئازایانە دەجەنگن، بەتایبەتی لە جەبهەی لای خۆمانەوە، کە لە رۆژانی پێشوودا، ترسی هەرەس هێنانی لێدەکرا.

وەکی تر لە سەعات یازدەو چارەکی بەیانیدا، زرمە لەلای ئێمە هەڵسێنرا. لە پاڵ دیواری ژوورەکەی جارانمدا، لەسەر کورسییەك دانیشتبووم‌و کتێبێکی (مناظره حول الحرکه الشیوعیه العالمیه)ی چینییەکانم دەخوێندەوە، کە زەوی لە ژێرمدا لەرزی. کاتێ هەڵسام‌و هەڵمڕوانی، دوو چڕە دووکەڵم نزیك خانووەکەی ئەوبەری رووبارەکە بینی، دەچوون بەئاسماندا. کە ورەی فڕۆکەکانم لە گوێ بڕا، دانیشتمەوەو دەستم کردەوە بە خوێندنەوە.

٣- ئەمڕۆ یادی پێنجەمین ساڵەی (١١)ی ئازار بوو. (م.س) پێشتر بڕیاری وابوو، بەو بۆنەیەوە بکرێتە هەراو بەفراوانی یادی بکرێتەوە. مانگێك لەمەوبەر، ئەوەمان بەرێنماییەك پێڕاگەیانرا. دیارە دەبوو بەزۆری، راگەیاندن ئەو دەورە ببینێ. کەچی لەبریتی ئەوە، ئەمڕۆ عەسرەکەی ئەمانەتی راگەیاندن، کە ئێستا هاتوونەتە لای لاوان، کەوتنە سووتاندنی کاغەزو فایلەکانیان... تەپۆلکەیەك‌و گڕی تێبەردرا: بیستم هەموو ئەمانەتەکان‌و دامودەزگاکانی تر، دەستیان کردۆتە سووتاندنی ئەوراقیان. بێگومان دەبوو منیش وەها بکەم. بەڵام هەرچەندم کرد، دەستم تێیان نەچوو.

سەیرە!.. ئەمە چی دەگەیەنێ؟!.. ئەگەر بووترایە: هەرچی زیادەو بێبایەخە، ئاسایی بوو. بەڵام فەرمانەکەی (م.س) وتویێتی: هەموو!. بۆچی ؟... گوایە مەترسیەکە هێندە نزیك بۆتەوە؟!.

٤- هەواڵی خانم‌و منداڵەکانم پێگەیشتەوە. دوێنێ لە ماڵی رەئووف بوون. ئەمڕۆ ژوورێکیان بەکرێ گرتوەو تیایدا جێگیربوون. وا لەبارەی ئەوانەوە دڵم حەوایەوە.

٥- سامی بەدرێژایی ئەمڕۆ، چەند جارێك ئەو پرسیارەی لێکردم، کە ئاخۆ من چی دەکەم!. هەموو جار دەمووت: ئەگەر هەر ناچاری بوو، منداڵەکان دەنێرمەوە سلێمانی‌و خۆشم لە دەرەوە دەمێنمەوەو دەچمە ناوچەی سلێمانی.

٣/١٢

١- هاتنەوە کەی بارزانی راست نەبوو. بەڵام دەڵێن لە نەغەدەیە. هەرکێ دەگریت، لە خوارەوە تا دەگاتە (م.س)، بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەو هاتنەوەیەن. ناهەقیش نییە. کلیلی تەلیسمەکەیەو زۆر شت یەکالا دەکاتەوە.

٢- شەڕ لەجەبهەکانەوەو بەتایبەتی لای خۆمانەوە، بە توندی بەردەوامە. (پ.م) سەرباری هەموو شتێك، ئازایانە بەرگری دەکەن. بیستم شێخ خالیدیش کە تا ئێستا بێدەنگ بوو، بزواوەو چالاکیی پێشمەرگانەی دەست پێکردوە. هەوەها دەڵێن عەلی عەسکەریش کە لە شەڕکردن دورور خرابۆوە، بە هێزێکی (پ.م)ی کۆماندۆوە، هەوڵی داوە لە جەبهەی لای خۆمانەوە، لە پشتەوە پەلاماری سەنگەرەکانی سوپا بدا.

٣- چەکی بێخاوەن زۆر بووە. لەوانەوە داکەوتووە کە چوونەتە ئەو دیو. ئەگەرچی (پ.م) نەبوون، بەڵام زۆربەیان چەکیان هەبوو. ئەوانەی لە ئەمانەتەکان وەرگیرابوون بۆ خۆپاراستن، درانەوە بەوان. ئەوانەیشی بووبونە موڵکی کەسەکان، هەرکێ دەهاتە سەر رۆیشتن، لێیدەبوو بەتەوق. ناچار دەیسپارد بەبرادەرێکی. کە ئەویش دەڕۆیشت، لەگەڵ ئەوەکەی خۆیدا دەیدایە برادەرێکیترو هەروەها!. لە ئەنجامدا ئەم حەواڵە بە گەواڵەیە بۆتە گرفتێك. لە کاتێکدا فاروق‌و برادەرانی، سوودی لێدەبینن‌و تائێستا، چەند پارچەیەکیان دەست کەوتوە.

٤- د. کەمال ئەمڕۆ قسەیەکی بایەخداری کرد کە وتی: لە سێ چوار رۆژی پێشوودا، میللەتێك مردو میللەتێك ژیایەوە. ئەویش وەك ئێمەومانان باوەڕی وایە، کە شۆڕش هەلی پاکبوونەوەو پوختەبوونی بۆ هەڵکەوتوەو دەبێ لەم لایەنەوە، سوپاسی دوژمانی بکرێ.

٥- هەروا بۆ بینین سەرێکم لە چۆمان‌دا. تاکوتەرا دووکان کرابوونەوە. راستە جادەکەی کە جاران (بەرگری مەدەنی)، لە ترسی بۆردومان بە زۆر بلاوەی بەخەڵکەکە لێدەکرد، چۆڵوهۆڵ بوو. زرتەشتیەکەی خۆمان دووکانی کردبۆوە. قەدەرێ لەلای دانیشتم. هەر نەچووبۆوە دۆخی جارانی. بەڵام جارجار پێدەکەنی‌و هەندێ لە قسە خۆشەکانی بۆ دەکردم. بیروڕاشی سەبارەت بە کارەساتەکە وابوو، کە کورد نامرێ‌و نافەوتێ.

٦- رۆژ ئاوا بووبوو کە قەراغ رووبار، وەك تەلیسم لێکراوێك بە کێشی کردم. چوومە سەر تاشەبەردەکەو دانیشتم. ئاو بەهاژە لە بری خانم، لەگەڵمدا دەدوا. قەڵبەزەکانی لەبری راکەڕاکەی گۆران‌و مەزدە، لە پێش چاوم هەڵدەبلووقانەوە. بەسەرزاری خامۆش دانیشتبووم. بەڵام بەناخ لە گەڵمدا

بوون‌و دەمدواندن. کە سەر تاشەبەردەکەم جێهێشت‌و گەڕامەوە ماڵەوە، کێوێك خەم‌و حەسرەتم لەگەڵ خۆمدا کێش دەکرد.

## ٣/١٢

١- بارزانی دوێنێ هاتۆتەوە و لەگەڵ لیژنەی ناوەندیدا، کۆبۆتەوەو ئەنجامی چوونەکەی تاران‌و بینینی شای پێڕاگەیاندوون. دەووترێ چل‌وپێنج دەقیقە لەگەڵ شادا دانیشتوەو جەنابی راستوڕەوان وتوێتی : ئێمە ئیتر ناتوانین هیچ یارمەتییەکتان بدەین. مۆڵەتی هەتا (٤/١) تان لە بەردەمدایە. ئەوەی دێتە ئەمدیو، چەندە خۆی حەزبکا، وەك پەناهەندە میوانی من دەبێ. لە دوای ئەو رۆژەوە، ئیتر بەناچاری سنوور دادەخەین!. دەڵێن شا وتوێتی : بەڵێنی مەردانەم بە عێراق داوە، کە رێکەوتننامەکەیان لەگەڵدا بەرینە سەر!. بارزانیش لەوەرامیدا وتوێتی : بەڵێنی مەردانە پێش ئەوان بە ئێمە درابوو. هەندێکیش لە بڕیارەکانی کۆبوونەوەکەی لیژنەی ناوەندی راگەیەنران، کە گرنگترینیان ئیدامەدانە بە شۆڕش.

لە هەمان کاتدا، بیستم بارزانی بروسکەیەکی داوە بەهەموو هێزەکانی (پ.م)، کە لە سەعات یازدەی بەیانییەوە تەقە بوەستێنن‌و بەڵام لەسەرپێ بن. بۆچی؟!. لە ناو خەڵکەکەدا بوو بە مقۆمقۆو رەملێدان. منیش لەلام ئاڵۆزەو سەری لێدەرناکەم. لەلایەکەوە بڕیاردان لە سەر بەردەوامیی شۆڕش. لەلای بەغداوە ئەگەرچی بڕیاری لێبوردنی دەرکردوە، بەڵام لەسەر هێرشی زەمینی‌و ئاسمانی بەردەوامە. کەچی لە ناکاو ئەم بروسکەیە!. دەبێ چی بێ؟!. تۆ بڵێیت بەندی نهێنی، لە رێکەوتننامەکەی جەزائیردا هەبێ‌و ئەم تەقە وەستاندنە، پەیوەندیی بەوەوە هەبێ؟!. زۆربەی خەڵکەکەو بەتایبەتی رەشۆکییەکە، خۆشحاڵن‌و دەڵێن: دەبێ وابێ‌و باوەڕیان وایە، کە رێکەوتننامەکە بە نهێنی، چارەسەری کێشەی کوردیشی کردوە. بەڵام من لەوان نیم‌و وای تێناگەم. بەهەرحاڵ، من بەر لە راوەستانی تەقە بە سێ سەعات‌و بیست دەقیقە، وەختەبوو (شەهید!) ببم‌و بە ئاستەم لەسەر قەراغی گەڕامەوە!.

٢- لە سەعات هەشت‌و بیست دەقیقەی ئەمڕۆدا، بۆ دووەم جار راستەوخۆ رووبەرووی مەرگ بوومەوە. جاری یەکەمیانم لە تۆمارکردنی

بیرەوەریی شەوی هاتنە دەرەوەمدا باس کرد، کە چۆن هێندەی نەمابوو لەسەرکەوتنی گۆیژەدا، پێ بنێمە سەر مینێكو دەگمەنە رێکەوتێك قورتاری کردم. ئەمجارەشیان رۆکێتێك کە مێگێك هاویشتی، لەبندەستمەوە دای بەزەویداو لە چنگی مەرگپڕێنی کە لە جوغزی بازنەکەیدا بووم دەرباز بووم. ئەوساتە ئەگەرچی هێشتا لە ناوجێدا بووم، بەڵام بەخەبەر هاتبوومو گوێم لە ورەو (دایڤ)ەکەی بوو. هەستم بە مەترسییە کوشندەکەشی کردو کەچی نەجووڵام. بۆچی؟!. هەرچونێکی لێکدەدەمەوە دەڵێم: دەبێ لە هەستکردن بە ئەوپەڕی دەستەوستانییەوە بووبێ. چونکە وێ جووڵاشم، فریای چی دەکەوتم؟!. رەنگ بوو هەرئەوەندەی لە ژوور دەرپەڕیمایەتە دەرەوە، کە ئەوسا دەکەوتمە بەر مەترسیی ساچمەو تەڵەزمەوە، بەچەشنی (کەریم) کە لەوساتەدا لە هەیوانەکەدا بوو. هەرچەندە هیچی بەرنەکەوت، بەڵام داروپەردووی هەڵتەکاوی نایلۆنبەندەکەی بەرووودا دابوو. تەنانەت پشتی دەستیشی سووکێك بریندار بووبوو. ئەو ئاگاداری کردین کە داوێتی بەناو چەمەکەدا. ئێمە لەوەدابووین بچین بۆ سەیرکردنی شوێنەکەو پەیدابۆوە. دیسان (دایڤ)بوو. وەك ژوورەوەم پێ ئەمینتربێ، رام کردو لەسەر جێگاکەم راکشامەوە. زرمەی لێهەڵساندینەوەو هەستم کرد، کە ئەمجارەیان دوورترە. دواتر کە چووم سەیری شوێنەکەم کرد، خێرا بیرم بۆ منداڵەکان چوو. زۆر جار پێش منو خانم، لەخەو هەڵدەسانو ئەگەر رۆژەکەی وەك ئەمرۆ خۆش بووایە، دەچوون لەناو لمی قەراغ چەمەکەدا یارییان دەکرد. واتە راست بەرامبەری شوێنی کەوتنی رۆکێتەکەو لە دووریی چەند مەترێکەوە. هەر بەدەم ئەو رسەشەوە، ناو لمەکە گەڕامو دوو تەڵەزمم دۆزییەوە، کە قورسایی یەکێکیان ـو کیلۆ دەبوو. کە گەڕامەوە ماڵیشەوە، لە ناوحەوشەکەدا چەندانێکی ترم دۆزینەوە. تەنانەت دواتر لەلای ئوتێلە (سیاحی)یەکەش، تەڵەزمم بەرچاوکەتن. دوای ئەوە دوو جاریتر، فرۆکە هاتنو بۆردومانیان کرد. یەکەمیان هەر لەنزیك ئێمەوە، روکێتێکیان هاویشتو لە دووریی سێ سەد مەترێکەوە، بەر چۆڵەوانی کەوت. دووەمیان لە سەعات یازدەدا، کە کاتی تەقەوەستان بوو. چوار فرۆکەبوونو دوای ماوەیەك خولانەوە، بە بۆمبای گەورە لە چۆمانیان دایەوە. دوایی بیستم کە لەناوپردانیشیان داوە.

سەیر لەوەدایە کە لە جاری دووەمدا، من گرگرچووم خۆم خستە ناو چاڵێکی کەنار جادەکەوە. کەچی رۆکێت هاوێژراو فڕۆکە رۆیشت و کە هەڵسامەوە، دەڕوانم وا بەرمیلێکی پڕ لە نەوت، سەروو چاڵەکە لە سەرجادەکە دانراوە.

٣- لە رێگای تەلەفۆنەکەی لای (لاوان)ەوە، ئیدریس داوای لە فاروق کرد بچێ بۆ لای. کە هاتەوە هەندێ شتی بۆ گێڕامەوە. لەوانە: بڕیاری پارتی کە بچێتە ناو (التجمع الوطني العراقي)یەوە. بەردەوام بوون لەسەر شۆڕش و شەڕکردن. پێش داخستنی سنوور، دەست کردن بەهێنانی زۆرترین بڕی ئازووقە لە ئێرانەوەو هەڵگرتنی بۆ رۆژانی تەنگانە. گەیاندنی بەشێکی زۆری بۆ ناوچەی بادینان، کە زۆری پێناچێ دەکەوێتە حاڵەتی ئابلووقەدانەوە.

٤- بیستم کەشەڕ هێشتا هەر گەرمە. سوپا تەقەی نەوەستاندوەو (پ.م)یش، بەردەوامن لەسەر بەرگریکردن. وەکی تر (کەریم) کە فاروق لە نیوەڕۆوە، بە ئیشێکی حیزبی ناردبووی بۆ (بێشێ)، هاتەوەو رایگەیاند کە سوپا بەبێ شەڕ، (سەری حەسەن بەگ)ی گرتوە. بەڵام بینیم (پ.م) خۆیان بۆ هێرش بردن و گرتنەوەی ئامادە دەکرد.

٣/١٤

١- بیستم کە (پ.م) سەری حەسەن بەگیان گرتۆتەوە. دوای ئەوەی ئیتر سوپا هێرشی خۆی راگرتوەو تەقەی وەستاندوە، فڕۆکەش تەنیا یەك جار هاتن. کەمێ خولانەوەو کشانەوە.

٢- ئێستا لەناو هەموو کۆڕو کۆمەڵێکدا، باس باسی خۆئامادەکردنە، بۆ سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی شەڕی پارتیزانی. لە فاروقم بیست (کە سەرچاوەی بەشێکی زۆری ئەو قسەو باسانەیە، کە پەیوەندییان بە سەرکردایەتیی شۆڕش و پارتییەوە هەیە، بە حوکمی هاتوچۆی بۆ لایان)، گوایە رای سەرکردایەتیش وەهایە کە تا لە توانادا بێ، لەبەرەکانی ئێستادا جارێ هەر شەڕی بەرەیی بکرێ. بەڵام بەدەمییەوە خۆ بۆ گۆڕینی بە شەڕی پارتیزانی رێك بخرێتەوە. ئەویش بە سووککردنی باری شانی شۆڕش، لە خاووخێزان و دامودەزگا ئیدارییەکان و ئەو چەکدارانەی زیاد لە پێویستن.

هەر ئەویش باسی کرد کە (خەسرەو تۆفیق)، دەورێکی چالاك لە هێنانی ئازووقەدا دەگێڕێ، بە تایبەتی ئارد کە ئەمڕۆ خۆشم چەند لۆرییەکی پڕ لە ئاردم دی، لەودیوەوە دەهاتن. ئینجا باسی (شەهاب)یشی کرد کە گەیاندنی ئازووقەی بۆ ناوچەی بادینان لە ئەستۆ گرتوەو لە ماوەی پێشووشدا، کە هاتوچۆی کاروان بۆ ئەوێ مەترسیی زۆر لەسەر بووە، هەر ئەو دەوری چالاکی تێدا گێڕاوە. من پێشتر زۆرم لەبارەی ئەو کارەساتانەوە بیستبوو، کە لەو رێگایە روویان دابوو. چونکە بەردەوام تۆپبارانی بەسەرەوە بووە.

بەرامبەر بەم هەنگاوەی سەرکردایەتی، خۆشحالم و هەست بە دڵنیایی دەکەم. ئەو کاتەی لۆرییە پڕ لە ئاردەکانم بینی، پڕ بەدڵ حەزم دەکرد وەك چۆن لەوەبەر هەبوون، بە بینینی تۆپ و سەربازەکانی شا گەشکە دەیگرتن و دەخنانەوە، منیش بۆ ئەو لۆرییانەو فەردە ئاردەکانیان بدەمە چەپڵە.

٣- عادل موراد (سەرۆکی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان)، هاتە لامان و لەگەڵ فاروق و ئەبوحەقیدا دانیشتین. زۆر بە حەماسەتەوە، سوور بوو لەسەر بەردەوامیی شۆڕش. تەنانەت وتی: ئێمە لەلای خۆمانەوە بڕیارمان وایە، چەندین مەفرەزەی چەکداری جەنگاوەر، لە قوتابییان دروست بکەین. بیرمان لەوەش کردۆتەوە، کە دۆڵی سەفرەو زەروون بکەینە بارەگای سەرکردایەتی و لەوێوە، شان بەشانی هێزەکانی (پ.م)، ژیان لە دوژمن بکەینە دۆزەخ. من بە قسەکانی گەشکەدار بووم. خۆشحاڵی و پشتگیریی خۆمان بۆ دەربڕی و زۆرمان هاندا کە چاك دەکا.

٤- بیر لە وەزعی خۆم و خانم و منداڵەکان دەکەمەوە. تەقەلا دەدەم لێکی بدەمەوەو بزانم چۆن دەکەوێتەوە. ئا.. حەقدە رۆژ و ئیتر (دۆست!)، سنوور دادەخا. چیتر یاریدەمان ناداو بگرە دەشێ و (نەخێر هەر وەهاش دەبێ)، دوو قۆڵی ئەمبەرو ئەوبەرمان لێدەگرن و شان بەشانەوە، دامان دەپلۆسن. ئەوسا شەڕی بەرەیی دەپووکێتەوەو پارتیزانی، لە نووکەوە دەست پێدەکاتەوە. دەزانم ئەوسا ئەگەرچی شۆڕش دەکەوێتە بارودۆخێکی دژوارو سامناکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵیدا دەبم. چونکە باوەڕم وایە کە شۆڕشێکی پاکترو پوختەتر، لە نووکەوە دەست پێدەکاتەوە. شۆڕشێکی مارانگاز کە ئیتر ماوە نادا، هیچ کولەوەیبابێکی تر بیگەزێ. ئا.. وا بڕیارێکەو دەیدەم. نابمە میوانی

شا. خۆشم نادەمەوە دەست عێراق. بەڵکوو لەگەڵ شۆڕشدا دەمێنمەوەو بەردەوام دەبم. ئەوسا مێردەزمەکەی جاران، لە کۆڵم فڕێ دەدەم. لە مۆتەکەی گومانەکەی لەوەبەر رزگارم دەبێ. هەڵواسراوەکەی نێوان ئەرزو ئاسمانەکەی پێشتر نامێنم‌و پێم، دەنیشێتە سەر زەویی پتەوی شۆڕشە پوختەکەو بە باوەڕێکی بێگەردەوە، هەنگاوی لەگەڵدا دەنێم. رەنگە هەنگاونان بەرەو مەرگ بێ. لەخۆم بەئاگام. لەوەبەر کەمجار رووبەڕووی مەرگ نەبوومەتەوە. با ئەمجارەشیان لەگەڵدا بێ.

دەمێنێتەوە سەر خانم‌و منداڵەکان. چییان لێبکەم؟. چ نەخشەیەك بۆ چارەنووسیان بکێشم. باوکێکی کەمتەرخەم‌و دڵڕەق نیم. خۆشم دەوێن‌و بەتەنگیانەوەم. حەز دەکەم سات بەساتی ژیانم لەگەڵمدا بن.. لە دەورم بن‌و لەبندەستمەوە لە باخەڵ‌و باوەشمدا. بەڵام چۆن؟!. رۆژانێکی سەخت‌و ستەم دادێن. دیارە حەز ناکەم لەودیو بمێننەوە، وەك چۆن لەوەبەرو لە رۆژگاری بەڵێنە مەردانەکەشیدا، حەزم نەکرد. سا دەبێ چی بکەم؟!. هەموو نیشانەکان وا دەگەیەنن، کە ناوچەی شاربازێڕ، دەبێتە مەڵبەندێکی سەرەکیی داهاتووی شۆڕش، بە شێوە پارتیزانییە نوێیەکەی. ئینجا بۆ خۆم بڕیارم وایە بچمە ئەوێ. بۆ منداڵەکانیش، ئەگەر توانرا دەیاننێرمەوە ناو شارو ئەگەر نا، لەوێ لەگەڵ خۆمیاندا دەهێڵمەوە. بۆ ئەم مەبەستەش، دەبێ بچم خانم تێبگەیەنم.

٣/١٥

١- بۆ جێبەجێکردنی رێکەوتننامەکەی جەزائیر، ئەمڕۆ وەزیری دەرەوەی هەردوو وڵات، لەتاران دەستیان کرد بە وتووێژ. زۆربەی ئاژانسەکان باسی دەکەن‌و هەریەکەش بە جۆرێ، لە مەسەلەی کورد دەدوێن. هەن لە بێخەبەرییەوە رەمڵ لێدەدەن‌و هەشن، لەوسەری هاتوونەوەو بەسەریدا رادەبوورن. بەڵام من دەڵێم: رەنگە شا ئەو (پیاوەتی!)یەی لەگەڵدا کردبێ، داوای لە عێراق کردبێ لەگەڵ لێبوردنەکەدا، تا ٤/١ تەقە بوەستێنێ‌و فرسەتی بڕیاردانمان بداتێ.

٢- لە وەزعی خۆمەوە دەڕوانمە خەڵکەکەو دەزانم، کە هەریەکە لەلای خۆیەوە دەپرسێ: چی بکەم باشە؟!. بەسەرزاری ورە بەرزەو هەموو لە

دەمودووەدا، دڵخۆش و بەپەرۆشن بۆ ئیدامەپێدانی شۆڕش و بۆیشی ئامادەن.
بەڵام باوەڕم وایە کە زۆربە لە ناخدا، گومانێك تەنگەتاویان دەکاو خەمێکی شاراوەیان لەدڵدا دەبزوێنێ و رووبەڕووی پرسیارەکەیان دەکاتەوە.. چی بکەم باشە؟!. واتە وا (دۆست) کوردی فرۆشتوەو لەسەری مانگەوە، سنوور دادەخاو ئارەزووی وایە شۆڕش نەمێنێ. عێراقیش لێبوردنی دەرکردوەو تەقەی وەستاندوەو بەتەمای دارمانی شۆڕشەو ئەگەر نا، بەزەبری هێز تووناکردنی. ئینجا دیسان پرسیارەکە: دەی باشە لەم گێژەنەدا چی بکەم باشە؟!.
٣- من بەش بە حاڵی خۆم، بڕیارم وایە سبەی بچم بۆ خانە، تا لەگەڵ خانمدا وەرامی پرسیارەکە بدەینەوە. من تا ئەم ساتە وام لە مێشکدایە، کە خانم رازی بکەم پێش (٤/١)، بە ئێراندا خۆمان بگەیەنینە ناوچەی شاربازێڕ. ئەوسا لەوێ بڕیار دەدەین، کە لەگەڵمدا بمێننەوە یا بڕۆنەوە ناو شار.

## ٣/١٦ - خانە

دوای رۆژانێکی هەتاوو کەشوهەوایەکی بەهاری، بەیانی لە دەربەند کە لە خەو هەڵسام، کردبوویەوە رۆژێکی زستانەی بەستەڵەکاوی و رەشەبایەکی زریانئاسا لەگەڵیدا. بە فەلاکەت خۆم گەیاندە جێ. بەڵام لێرە ئەو سەرمایە نییە.

## ٣/١٧

١- خانم بڕیارو نەخشەکەمی پەسەند کرد، کە پێش ٤/١ خۆمان بگەیەنینە ناوچەی شاربازێڕو لە دوورە دێیەکدا، نیشتەجێ ببین. بەڵام ئەوەی رەت کردەوە کە ئەگەر ناچاری بوو، ئەوان بچنەوە ناو شار. بڕیاریشمان‌دا هەندێ لە کەلوپەلەکانمان، هەم بۆ پارەکەی و هەم بۆ بارسووکی بفرۆشین. هەروەها بڕیار وایە سبەینێ بگەڕێمەوەو سەیدا ببینم، تا باسی یەکێتی و کەلوپەلەکانی و خۆمی لەگەڵدا ساغ بکەمەوە.
٢- خۆشحاڵم کە من وا بە ئاسانی گەیشتوومەتە ئەنجام. بەڵام خەڵکەکەی‌ترو بەتایبەتی برادەرو ناسیاوان کە لە نزیکەوە ئاگاداریانم، لە

گێژاوێکی وەهادا دەژین، کە گەردەلوولی (ئیشاعات) لەنگەریان تێکدەداو زۆربەیان، بیر لە پەنابەری و چوونە ئۆردووگا دەکەنەوە.

٣- کوردەهای ئەمدیو (خانە)، بەگشتی خامۆشن و لەوەناچێ هەست بکەن، کە لە دیواخان چ باسە!.

٣/١٨ - دەربەند

١- هەر هێندەی گەیشتمەجێ، یەکەم هەواڵی گرنگم لە فاروق بیست کە وتی: سەرکردایەتیی شۆڕش بڕیاری داوە، بۆ لەمەودوا کوڕی شەڕ بکرێ بە سێ کەرتەوە. کەرتی بادینان. کەرتی بەرەی ئێستای باڵەکیان. کەرتی ناوچەی سلێمانی. بۆ هەر یەکەشیان لیژنەیەکی سێ قۆڵی (دوو کارگێڕی مەدەنی و یەکێکی عەسکەری)، دابمەزرێ و بەرپرسیار بێ لە سەرکردایەتیکردنی شۆڕش لەناوچەکەیداو ئەوانیش، بەرامبەر سەرکردایەتیی شۆڕش بەرپرسیار بن. ناوی زۆربەی ئەندامانی لیژنەکانیشی وتن.

ئەم هەواڵە گەشکەواری کردم و دڵنیاییەکی زۆری پێبەخشیم، کە شۆڕش بەردەوام دەبێ و ڕێوشوێنێکی نوێ دەگرێتەبەرو پشت بەخۆی دبەستێ. هەواڵەکە هەروەها لەناو خەڵکەکەشدا، دەنگی دایەوەو بەدرێژایی ئەمڕۆ هەر کەسێکم دواند، لە خۆشییاندا گەشکە دەیگرت و ورەی چووبووە کەشکەلان. ئەمڕۆ بەراستی میللەتێکی مردوو دەژیایەوە. لە داوێکی کوشندە ڕزگاری دەبوو. دەیدایەوە لەشەقەی باڵ و بەئاسمانی شین و بێگەردی خۆیدا هەڵدەفڕییەوە. بەڵێ.. هەواڵەکە شۆڕشێکی کوژاوەی هەڵدەگیرساندەوە.

٢- (پ.م)ێکم لای ناسیاوێك بینی وتی: دوێنێ لەسەری حەسەن بەگەوە هاتوومەوە. بەشێکی بەدەست ئێمەوەیەو بەشێکی بەدەست سوپاوە. لەو ڕۆژەشەوەی تەقە وەستاوە، شەڕ لە نێواندا نەبووە.

٣- رادیۆی دەنگی ئەمەریکا بڵاوی کردەوە، کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاندوە: کوردە شۆڕشگێڕەکان داوایان کردوە، ئەمەریکا لە کێشەکەیان بپرسێتەوەو یاریدەیان بدا. بەڵام وەرامی وەزارەت ئەوە بووە، کە ئەوە کێشەیەکی ناوخۆی عێراقەو ئەمەریکا خۆی لەقەرەی نادا!. ئا بەڵێ.. کەموزیادی نییە.. کێشەیەکی ناوخۆی عێراقەو خۆی لە قەرەی نادا!!.

٤- ئێستا دۆڵــی باڵــەکیان کــە بــۆ مــاوەی ســاڵێك، جمــەی دەهــات‌و پایتەختی ئیدارەی ئۆتۆنۆمیی تایبەتیی شۆڕش بوو، تەواو چۆڵ بووەو بۆتە ناوچەیەکی سەربازی. دیارە لــە دوای (٤/١)یشــەوە، دەبێتــە کــۆڕی شــەڕێکی بێئامان.

٥- ئەمڕۆ بیرم بۆ ئەوە چوو، کــە دەتــوانم بــۆ لەمــەودوا بەشداریییەکی باش، لە دەزگای راگەیاندن‌و رۆشنبیریی شۆڕشدا بکەم. فاروقیش بەلایــەوە پەسند بوو. تەنانەت پێشنیازی کرد کە بۆ ئەم مەبەســتە، سەرێك لــە (دارا) بدەین‌و بڕیارمان‌دا سبەی بچین بۆ لای.

٦- نووری ئیسماعیل پێیڕاگەیاندم، کــە نیازیــان وایــە سبەینێ لەگــەڵ چەند کەسێکدا، بەپێ بەدیوی عێراقدا بەرەو ناوچەی ماوەت بکەونە رێ. زۆری تریش لە خەڵکی ناوچەی سلێمانی، ئەم نیازەیان هەیە. وەکی‌تر ئێستا لــەناو ئەو چەند شاعیرو نووسەرە لاوەدا، کە لەمدیو ماونەتــەوەو زۆربەیان لە ئێزگە کاردەکەن، باس لەوە دەکرێ مەفرەزەیەکی چەکداری تایبەتی پێکبێنن‌و شەڕ بکەن. فیکرەکە بێگومان لە ورەبەرزی‌و دڵسۆزییانەوەیە. بەڵام باوەڕم وایــە کە فیکرەیەکی رۆمانسییانەیەو بەکردەوە جێبەجێ نابێ.

٧- ســەعات دووازدەی شــەوە. مــلازم وەلیــد لــە تەنیشتمەوە نوســتوە. سەبری لە سووچی لای دەرگاکەوە، چۆتە ناو کیسەیەکی خەوتنەوەو ئەویش نوستوە. بــەڵام فــاروق بەتــەمای ئــەوەی دەنگــی ئەمــەریکا هەواڵەکــە دووبــارە بکاتەوە، دانیشتوە گوێ لە رادیۆ دەگرێ. لە کاتێکدا من ئێستا هاتوومەتە سەر تۆمارکردنی، هەقایەتە پڕ ســەیرو ســەمەرەکەی ئــەم مــلازم وەلیــدە.. لەوەبــەر لە فاروقم بیستبوو. بەینی لەگەڵیاندا خۆشەو زووزوو سەریان لێدەدا. خۆیشی پێش ئەوەی بنوێ، بەدرێژی بۆی گێڕامەوەو وتــی: یەکەم هــەنگاو بــەو نیازەی کــە ئەگــەر بــە گوللــەی (پ.م)ێك کــوژرام چاکــترو ئەگــەر نــا، ئــەوا دووریــان خستوومەتەوە، لە بەغداوە گواستمیانەوە بۆ کەرتی خانەقین. بەڵام بەوە وازیان لێنەهێنام‌و مەسەلە هاتە سەر گرتن. برادەرێکی بەعسیم، ئەو پیاوەتییەی نواند کە ئاگاداری کردم. ئەوسا ناچار بڕیاری هەڵاتنم‌دا بۆ نــاو شــۆڕش. کات عەسر بوو کە برادەرەکەم ئاگاداری کردم. تا ئێوارە دڵم لە مشتمدا بوو. ئەوسا لە سەنگەرەکەمان هاتمە دەرەوەو بەدەم پیاسەوە، ملم پێوەناو (مراسل)ەکەشم بە

دوامەوە. کە ماوەیەکی باش دوور کەوتمەوە، داوام لێکرد بچێ لە جانتاکەمدا شووشە دەرمانێکم بۆ بێنێ، کە دەیزانی بەکاری دێنم. ئیتر هەر هێندەی لەچاوی یەکتر بزربووین، دەستم کردە راکردن و ئەو کاتەش، رۆژ ئاوا بووبوو. چەندە گورجوتینم تێدا بوو، هەر رام کردو نەوەستامەوە. تا لەناکاو بانگم لێکراو زانیم (پ.م)ن و راوەستام. کەوتمە هاوارکردن کە ئەفسەرێکی سوپام و هەڵاتووم و دەمەوێ بێمە ریزی شۆڕشەوە. کەچی هێندەم نەزانی بەدەسڕێژێک وەرام درامەوەو چزەم لێهەڵسێنرا. خوێن لە سنگمەوە فیچقەی کردو بەلادا هاتم. ئاگام لێبوو نزیک بوونەوەو بەسەر سەرمەوە راوەستان. پێنج شەشێک دەبوون و گوێم لێبوو جنێویان پێدەدام. پێم وتن: کاکە بۆ واتان لێکردم.. خۆ من هاتووم بێمە ریزی ئێوەوە؟!. ئەوسا یەکێکیان دانیشت و داوای کرد باسی خۆمی بۆ بکەم. ئیتر کە لێم تێگەیشتن و دڵنیابوون راست دەکەم، بە پەلە کەوتنە هەڵگرتنەوەو بەفریاکەوتنم. تا ئەوەندەم ئاگا لە خۆم بوو، کە بەسەر دەستیانەوەم و دەمبەن و وەختێکیش بەئاگاهاتمەوە، زانیم لە نەخۆشخانەیەکم لە قەسری شیرین. هەستیشم کرد هێجگار بەتەنگمەوەن و هەر ئەو شەوە، رایانفڕاندم بۆ کرماشان. لەوێ بە پەرۆشەوە کەوتنە تیمارکردنم. چوار پێنج رۆژی یەکەم، ژیانم لە مەترسیدا بوو. دوو گوللە بەر سنگم کەوتبوون. دوای ئەوە وردەوردە مەترسیم لەسەر نەما. بەڵام مانگ و نیوێک لە نەخۆشخانە مامەوە.

لەو ماوەیەدا کاربەدەستانی چ شۆڕش و چ ئێران، زۆر بە تەنگمەوە بوون و عوزرخوایی زۆریان بۆ هێنامەوە. بەڵام لە پاڵیدا کاربەدەستێکی (ساواک)، هەراسانی دەکردم و لە کۆڵم نەدەبۆوە. بە منجرییەوە داوای دەکرد ببمە پیاویان و دەیووت: هەرچی دەخوازیت بۆتی دەکەین. ئیتر هەر هێندەی لە نەخۆشخانە هاتمە دەرەوە، بۆ رزگار بوونم بە پەلە خۆم گەیاندە ئێرە. ئیدریس داوای کردم و چووم بۆلای. ئەویش عوزرخوایی بۆهێنامەوەو وتی: هەرچیت دەوێ بۆتی دەکەین. من وتم: بۆمن واچاکە بمگەیەننە سووریا. بەڵێنی مسۆگەری دامێ و کەچی، مانگێک و دووان و سیان چاوەڕێم کردو هیچ دیار نەبوو. ناچار خۆم بەبیانووی گەشتوگوزارەوە، سەردانێکی تارانم کرد. لەوێ خۆم گەیاندە سەفارەتی سووریا و سەفیرم بینی. بەڵام جەنابی چ رێگایەکم

نیشان بدا باشە؟!.. بچمە لای سەفیری عێراق‌و داوای لێبکەم هەوڵ بدا، ببەخشرێم‌و بگەڕێنمەوە بۆ عێراق !. من لەم ئامۆژگارییەی گەلێ سەرسام بووم!. ئەمە چەندی بەچەند؟!. من بۆچی چووم‌و ئەو چیم پێدەڵێ؟!. ئینجا لەمەش بەولاترەوە. گومانم کرد کە دەیەوێ سەفیری عێراق ئاگادار بکا، یا شتێك لەم بابەتە!. بۆیە کاتێ هاتمە دەرەوە کە لەلای سکرتێرەکەی چاوەڕوانی دوا وەرامی بکەم، من یەکسەر هەڵاتمە دەرەوەی سەفارەت.

دوای ئەوە هەوڵێکی لای سەفیری (کوێت)یشم داو بێسوودبوو. ناچار هاتمەوە ئێرەو وا ئەم بارودۆخە نوێیە، هاتۆتە ئاراوەو ئیتر نازانم لەم حاڵەیاندا، چیم بەسەردێ‌و چارەنووسم بەچی دەگا!!.

٨- کات یەك‌و نیوی دوای نیوەشەوە. فاروقیش نوستوە. هەموو پرخەی خەویان دێ. دەرەوە خامۆشە. من دانیشتووم‌و بیری لێدەکەمەوە. وا بۆ خانم‌و منداڵەکان دوا بڕیارم داوە. دەیان گەیەنمە ناوچەی شارباژێڕو لەدوورە دێیەکدا، حەشاریان دەدەم. ئەی خۆم؟.. چی بکەم باشەو بواری کارکردنم لە کوێدابێ؟!. جارێ نازانم.. بابمێنێ بۆ کاتی خۆی.. ئێستا ماندووم.. تەواو ماندوم‌و خەوم دێ.. دەنووم...

## ٣/١٩

• سەعات یازدەی بەیانی :

ئای!.. چی دەبیسم ؟!. چ بروسکەو هەورەتریشقەیەکە وڕوکاسم دەکا؟!. ئایا راستە؟!. جێی باوەڕە؟!. ئەقڵ دەیگرێ؟!. هەر تەواو وایەو واتەواتێکی درۆ نییە؟!.. قاوێك نییە داکەوتبێ؟!. نا.. نابێ‌و ڕێی تێناچێ. دەبێ هەڵەیەك.. چاوەشەبییەك.. فەرامۆش کردنی پیتێك یاوشەیەك، لە ڕاگەیاندنی هەواڵەکەدا هەبێ. تۆ بڵێیت وابێ ؟!. نا نەء.. ئەمیش نییە. هەواڵ نییەو فەرمانە.. فەرمانی سەرکردایەتیی شۆڕش‌و بەسەرانسەری کوردستان ڕاگەیەنراوە. بە هەموو هێزەکانی (پ.م).. ڕێکخراوەکانی پارتی.. ئەمانەتەکان.. بە هەموو لایەك‌و بە نووسین ڕاگەیەنراوەو ئەوەتا لە جێبەجێکردنیشدایە!. ئای کە هەواڵێکی دڵپڕوێنە. ئای کە بڕیارێکی بە

جەخارو گورچکبڕە . بگرە هێندەش سەرسوڕهێنەرە، کە هەرکەس دەیبیسێ، بۆ ماوەیەك لە جێی خۆی وشك هەڵدێ و لەورتەوجووڵە دەکەوێ و تاسێکی قووڵی وا دەیباتەوە، کە بەدرێژایی تەمەنی تووشی نەبووبێ و تامردنیش، لەبیری نەچێتەوە. من بەش بەحاڵی خۆم وام بەسەر هات.

ئەوە بوو دوێنێ شەو درەنگ خەوتم، بۆیە بەیانیش درەنگ بەخەبەرهاتم. کە لە ژوور بەدەرکەوتم، روانیم رۆژێکی خۆش و هەتاوەو سەرماش نییە. هەر بەدڵە پڕ جۆش و خرۆش و گەشکەدارییەکەی دوێنێوە، لەبەر بەلووعەی بەرمیلی ئاوەکەدا، دانیشتم بۆ دەموچاو شتن و کەریم کەلەو ساتەدا، لە ژوورەکەی خۆیانەوە دەهاتە دەرەوە، هەواڵە سامناکەکەی دا بە گوێمدا کە وتی: کاك حسێن خراپ قەوماوە!. من بەسەرسامیەوە وتم: چییە؟!. وتی: پایدۆسیان لێکرد.. تەواو.. بڕیاری چەك فڕێدان و خۆبەدەستەوەدانیان داوە!!. دواتر درێژەی هەواڵەکەم بیست، کەسەرکردایەتیی شۆڕش و (م.س) و لیژنەی مەرکەزی پارتی، شەوی رابوردوو لە کۆبوونەوەیەکیاندا بڕیاریان داوە، کە بەردەوامبوون لەسەر شەڕکردن، لە توانادا نەماوە و چەکدانان و تەسلیم بوون بە ئێران بۆتە ناچاری.

ئەوکاتەی هەواڵەکەم بەمجۆرە لە برادەرانی (ق.م) بیست، فاروق لەسەر داوای (م.س) چوو بوو بۆلایان. کە هاتەوە زیاتر روونی کردەوەو وتی: بڕیارەکە سەبارەت بە خۆبەدەستەوەدان، وارادەگەیەنێ کە هەر کەسە ئازادە لە تەسلیمبووندا بە عێراق یا بە ئێران، هەرچەندە ئێرانیان لا پەسەندترە!. لەبارەی ئەمانیشەوە (ق.م)، داوایان لێکردوە کە هەڵوێستی خۆیان بە سەربەستی دیاری بکەن و ئەوان، هیچ دەخلێکیان بەسەریانەوە نابێ. باسی ئەوەیشی کرد کە بەهانەیان بۆ ئەم بڕیارە ئەوەیە، گوایە هیچ چارەیەکی تر لەبەردەمدا نەماوەو بەردەوامبوون لەسەر شەڕکردن، لە قوربانیدان و خوێنڕشتن بەولاوە، هیچ ئەنجامێکی نییە!. ئەوسا من لە فاروقم پرسی: ئایا ئەمان هەڵوێستیان چی دەبێ؟. بەبێ دوودڵی وتی: کۆڵنەدان و بەردەوامبوون لەسەر شۆڕش. کە ئەویش رای منی پرسی وتم: دەبێ وابکەن و لەگەڵتاندام.

دەزانم باردۆخەکە هێجگار ئاڵۆزو ستەمە. بەڵام هێشتا لە ناخدا باوەڕم وایە، کە شۆڕشێك کوژایەوەو شۆڕشێکی نوێ لە جێگەی هەڵگیرسایەوە. ئەگەرچی بیستنی هەواڵەکە گورچکبڕەو خراپ وڕوکاسی کردم، بەڵام ئێستا رق و کینەیەکی تیژ لە ناخمدا تەقیوەتەوەو دەمخاتە، سەر رێگای بەگژداچوونێکی پیرۆز.

• سەعات یەك و نیوی دوای نیوەڕۆ

–خەڵکە حەپەساوو واقوڕماوەکەی بەیانی، جموجووڵیان تێکەوتۆتەوە. بەبێهوودە بەیەکدادێن. هەواڵە تاسێنەرەکەیان لەلا بۆتە راستی و سەرەخولەی پێخستوون.

–خانووەکەی لاوان کە ئێستا بۆتە بارەگای ئەمانەتی راگەیاندن و رۆشنبیری، قەڵەباڵغ بووەو هەموو کارمەندانی ئەمانەتەکەی لێکۆبوونەتەوەو ئەوانیش بەیەکدا دێن.

–هەڵاتنی خاوخێزان بۆ ئەو دیو، کە لە رۆژانی پێشوودا نەمابوو، دەستی پێکردەوە.

–لە برادەرانی ئێزگەم بیست، کە (دۆست!!) داوای کردوەو دەیبەنەوە. لەبەر ئەوە لەسبەی شەوەوە دەوەستێ.

–دەبوو بەپێی بڕیاری (م.س)، لە چەند رۆژێك لەمەوبەرەوە، ئەوراقی یەکێتیم بسووتاندایەو نەم کردو بەڵام ئێستا، وابوو بەناچاری. لەگەڵ ئەوەشدا مەحزەرەکانی کۆبوونەوەکانی دەستەی بەڕێوەبەرو ئەو نوسراوانەم هێشتنەوە، کە بایەخێکی مێژوویان بۆ دوارۆژ هەیە. ئەمە جگە لە ئەوراقی تایبەتیی خۆم.

–برادەرانی (ق.م)یش کەوتنە خۆیان. بەسەرێك سووتاندنی ئەوراق و بەسەرێکیش خۆکۆکردنەوەو بەسەرێکیش، بەهەلیان زانی بکەونە چنینەوەی چەك. داوایان لە منیش کرد کە لەم رووەوە هەوڵیان بۆ بدەم.

• سەعات دوو نیو – ئێزگە

– برادەرێك لە کارمەندانی ئێزگە، کە بەڕێوە بوو بێتەوە بۆ ئێرە، وتی: بۆ نایەن ئەمشەو پێکەوە بین. بەسەلاحم وت: دوا شەو دەبێ دەنگی ئێزگە

دەبیسریٚو ئیتر قروقەپی لیٚدەکریٚ!. با بچین ببینە شایەتی چۆنیٚتیی ئەو قروقەپ لیٚکردنەی!. پەسەندی کردو هاتین. کە گەیشتین چوار پیٚنج کوڕە لاوی لیٚبوون‌و هەواڵەکەیان، تەنیا وەك واتەواتیٚك وەرگرتبوو. کاتیٚ پرسیاریان لەبارەیەوە کردو من وتم: بەڵی راستەو وایە. یەکیٚکیان (رەئووف هەمەوەندی) بە تووڕەییەوە وتی: ئەمە پڕوپاگەندەی جاسووسەکانی بەعس‌و حکوومەتی عیٚراقەو ئەوەیشی بڵاوی دەکاتەوە، بیٚگومان دەبیٚ یەکیٚك بیٚ لەوانە. من کە سەیرم کرد تووڕەبوونەکەی لە رادەیەکدایە، لیٚیدەوەشیٚتەوە دەسریٚژیٚکم لیٚبکا، وتم: تۆ راست دەکەیت.. شتی وا قەت نابیٚ رووبدا. واتەواتەو هیچیتر. برادەرەکانیش هەستیان کردو باسەکەیان گۆڕی.

–ماوەیەك (مام عەلی)مان دواند. هەواڵی بڕیارەکەی بیستبوو. بەڵام لای ئەو دەتووت هیچ رووی نەداوە. ئەو هەقی هیچی نییە. بڕنەوە دریٚژەکەی هەر لە شاندایەو هەر هەڵدەسووڕیٚ. بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئیٚشك لە ئیٚزگە دەگریٚ. مام عەلی خۆی ئازەرییەو لەسەردەمی کۆماری مەهابادەوە، بۆ کورد تیٚدەکۆشیٚ. مام عەلی مام عەلییەو مەگەر بەرۆمانیٚك هەقی خۆی بدریٚتیٚ.

• سەعات چوار – چۆمان

–هەستم کرد کات زۆر قورس تیٚدەپەڕیٚ. پەست‌و خەمگین بووم. ماوەیەك بە شویٚنی ئیٚزگەو دوروبەریدا سووڕامەوە. بەدەم پیاسەوە داگەڕامە خوارەوە بۆ ئیٚرە. ئیٚرەیەکی چۆڵوهۆڵ‌و بەڵام دەتوانم بڵیٚم: دووکانەکەی زرتەشتی، تاقە دووکانی کراوەبوو. سەردانیٚکی سەرپیٚیم کرد. پەیتاپەیتا دەیپرسی: ئیٚ ئیٚستا من چی بکەم باشە؟!.. ئیٚ کورد بۆ وای بەسەرهات؟!.. بەڵام تۆ پیٚم بڵیٚ: من چی بکەم باشە؟!.

–کە لە دووکانەکەی زرتەشتی لام دا، ریٚم کەوتە بەردەم بارەگای یەکیٚتیی لاوان. سەربەست بامەڕنی لەبەردەم دەرگاکەدا راوەستابوو. لیٚم پرسی: لە دیوەخان چ باسە؟!. وتی: ئەمڕۆ وەفدیٚکمان بەناوی یەکیٚتییەوە نارد بۆ لای (م.س)و پیٚمان راگەیاندن، کە ئەو بڕیارەی داویانە تاوانیٚکی زۆر گەورەیە دەرهەق بەکوردو شۆڕشەکەی. لەوەرامدا وتوویانە گوایە ئەمشەوی

داهاتوو، کۆبوونەوەیەکی تر بۆ پێداچوونەوەی بڕیارەکە دەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا وتی: بەڵام باوەڕم نییە شتێك لە باسەکە بگۆڕن.

• سەعات پێنج و نیو – ئێزگە

–بە برادەرانی ئێزگە ڕاگەیەنرا کە ئەمشەویش، هەواڵی وەستاندنی ئێزگە بڵاونەکەنەوە. نازانم بۆچی!. بەڵام وەك تارمایی هیوایەك، دەیبەستمەوە بە قسەکەی سەربەستەوە، سەبارەت بە کۆبوونەوەکەی (م.س). تۆ بڵێیت وابێ؟!.. کەمێ دڵم خۆش دەکا.

–بیستم (هەمەوەندی)، دوای ئەوەی بۆی ساغ بۆتەوەکە بڕیارەکەی (م.س) ڕاستە، دەستی داوەتە کلاشینکۆفەکەی و ویستوێتی خۆی بکوژێ.

• سەعات شەش و چارەك

جارێکی تر واقوڕمان و سەرسوڕمان و حەپەسان. لە سەعات شەشداو دوای بیستنی هەواڵی بڕیارە سامناکەکەی بەیانی بە حەوت سەعات، وا ئەم هەواڵە پڕ سەیرو سەمەرەیەشم بیست!.. ڕادیۆی بەغدا بە ڕاگەیاندنێکی ڕەسمی بڵاوی کردەوە، کە (ئەوەی ناوی خۆی بە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبا، بە یاداشتێك داوای لە حکوومەت کردوە، بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕ بکەونە گفتوگۆوە، تا لەوە زیاتر خوێن نەڕژێ). ڕادیۆکە یەکەمجار یاداشتەکەی خوێندەوە، کە پاڕانەوەو زەلیلیی لێدەچۆڕا!. بەدوایدا وەڵامەکەی حکوومەت، کە پڕ بوو لە گاڵتەپێهاتن و لەعنەت و جنێوو فەزیحەت و ئینجا هەڕەشەکردن و بەبیرهێنانەوەی وتە بەناوبانگەکەی سەدام، کە (سەرکردایەتیی شۆڕش-کوردی- جارێکی تر بەخۆیانەوە نابینن، لەگەڵ حکوومەت و بەعسدا، لەسەر مێزی گفتوگۆ پێکەوە دابنیشن). دوا وتەش ئەوە بوو، کە ئەگەر ئەوەی ناوی خۆی بە مەکتەبی سیاسی دەبا و ڕاست دەکا حەز ناکا لەوە زیاتر خوێن بڕژێ، با بە زوویی ئاڵای سپی بەدەستەوە بگرن و منەتباری حکوومەت بن، کە فرسەتی بەخشینی بەناپاك و بەکرێگیراوان داوە.

• سەعات نۆو نیو

ئەنوەر جاف، مەهدی ئومێد، رەئووف هەمەوەندی، عەبدولرەحمان زەنگەنە، سەلاح و من، لە ژوورەکەی ئەنوەر گردبووینەتەوە. باس هەر باسی ئەو بارودۆخە ناهەموارەیە کە تێیکەوتووین. من هەوڵمدا قایلیان بکەم، کە شۆڕش بەردەوام دەبێ و بمێننەوە. بەڵام ئەوان باوەڕیان وا نەبوو.

• سەعات یازدەو نیو

مەهدیو رەئووفو عەبدولرەحمان، ئێمەیان جێهێشتو چوونە ژوورەکەی خۆیان بخەون. دوای ئەوان ئەنوەرو سەلاحیش، راکشانو چوونە شیرینخەوەوە. ماومەتەوە خۆمو هەر لێکیدەدەمەوە.. هەر دەیهێنمو دەیبەمو وردی دەکەمەوە. تا ئەوەتا منیش وەنەوز دەدەمو ئەگەرچی ناشمەوێ بنووم، بەڵام لە ئاستیدا ویستێکی دەستەوستانەو ئەها ئەوەتا بەلادا دێم!

٣/٢٠ – سەعات نۆ – دەربەند

بەیانی کە لە خەو بەئاگاهاتم، خۆم لە ژوورەکەدا بەتەنیا بینی. لە دەریشەوە تەنیا مام عەلی مابۆوە، کە بڕنەوەکەی کردبووە شانو دوو ریز فیشەکی راستو چەپ، لە خۆی بەستبوو. کە هەواڵی برادەرانم لێپرسی، دەستێکی بەکەمتەرخەمییەوە بەرەو ئەودیو هەڵتەکاندو وتی: رۆیشتن.

گەڕامەوە ژوورەوە. شەو دوو بڕنەوی کوڵیان بۆ دانابووم،، کە بیانگەیەنمە (ق.م). کە دەستم دانێ، نامەیەکی مەهدیشم بینی نووسیبووی، کە ئەویش سێ پارچە چەکی لە ژوورەکەی خۆی بۆ داناوم. ئەوانیش کلاشینکۆفێكو بڕنەوێکی کوڵو (غەدارە)یەکی ئەمەریکی بوو. ئیتر هەر پێنجیانم کردنە شانو کەوتمەڕێ.

ژوورەکانی ستۆدیۆ کە لەوەبەر جمەیان دەهات، ورتەوجووڵەیان لێبڕا بوو. لەوەبەر کە دەهاتم بۆ چاپکردنی (نووسەری کورد) لە چاپخانە، کە نزیک ئێزگە بوو، سەرێکم لەو ژوورانەش دەدا، چونکە زۆربەی کارمەندانی برادەرو ناسیاو بوون. ئەو ژوورانەم پڕاوپڕ لە جموجووڵو چالاکی دەدین.

ئێزگەم جێهێشت‌و لە توولەرێییەکەوە هاتم، کە قەدبڕ بمگەیەنێتە جێ سووکە هەورازێك‌و ئەوە ژێر زەمینە کۆنکریتییەکانی چاپخانەیە، کە لە شێوەی پیتی ئێلی ئینگلیزیدا دروست کراون. سەروو ئەوە بە کەمێك، ژێر زەمینی ئامێرەکانی پەخشی ئێزگەیە. هەردوولا ژیانیان تێدا کوژاوەتەوەو تەنیا، ئاسنە رەقوتەقەکانیان لێماوە. لەوێدا ئیستێك دەکەم‌و دەڕوانمە خوارەوە. خوارەوە کپ‌و خامۆشەو بۆتە ئاشی ئاو لێکەوتوو. سەرنجی لێلادەدەم‌و بەرەوژووری هەڵدەکشێنم. بەرەوژوور سەکری سەکرانەو لوتکەی زیوینی، گەیاندۆتە باوەشی ئاسمانێکی شینی گەش. تیشکی خۆر لوتکەی زیوین، دەخاتە بریقوباق‌و هەستێکی تێکەڵ لە گەشکەداری‌و داخوخەفەت، لە ناخمدا دەورووژێنێ. لە خۆم بەئاگادێمەوە.. مرۆڤێکی لەشولار لاوازو پێنج پارچە چەکی، لە دەیەها هەزاری دەستی شۆڕشێکی تەمەن چواردە ساڵەی لە شاندایەو وەك دەسکەوتێکی گرانبەها، بەخۆشحاڵییەوە بەکێشیان دەکا!. بەڵێ.. پێنج پارچە لە دەیەها هەزار، کە کاریان گەیاندبووە خستنەخوارەوەی تۆبۆلیف باجەر-١٦ بە رۆکێتی هۆك‌و کەچی من دەمەوێ بەوانەوە، کە کلاشینکۆفێکی چینی‌و سێ بڕنەوی کوڵ‌و غەدارەیەکی ئەمەریکین، دەست پێبکەمەوە!.. تۆ بڵێیت؟!.

* سەعات دەو نیو - بابەکراوا

ئەمانەتەکەی سەیداش چۆڵ بووە. ماونەتەوە تەنیا چەند کەسێکی نزیك‌و پێویست. کە چوومە لای بەتەنیا خۆی لە ژوورەکەدا بوو. بەباری شەخسیدا زۆر ئاسایی بوو. بەڵام لەدەمودوودا، توندو تیژ لە روو قسەی دەکرد. وتی: (من رام وابوو کە شۆڕش بەردەوام بێ‌و تا پێمان دەکرێ شەڕ بکەین، تەنیا بۆ ئەوەی بتوانین لە نزیکترین فرسەتدا، لە پێگەی بەهێزییەوە وتووێژ لەگەڵ حکوومەتدا بکەین). هەروەها وتی: (من بە توندی پێم لەسەر ئەوە داگرت، کە ئیدامە بەشەڕ بدەین‌و لەگەڵیدا، من بنێرنە دەرەوەو رێگام بدەن چارسەرێك بدۆزمەوە. من وام بڕیار دابوو، بچم سەر بکەم بە کۆشی سۆڤێتداو کارێکی وەها بکەن، کە نەشیش بسووتێ‌و نەکەباب. واتە کێشەکە وەها بکەوێتەوە، کە لە چنگی ئیمپریالیزم‌و فرتوفێڵەکانی دەربهێنرێ‌و بە باری

ئاسایی خۆیدا ساغ بکرێتەوە. بەڵام کەسێکیان گوێی بۆ بۆچوون و پێشنیارم رایەڵ نەکردو فرسەتەکەیان لە دەستدا!). من بە هەلم زانی و وتم: (کە ئەوە بیروڕاتە، بۆچی تۆ یەکێك نابیت لەوانەی هەوڵ دەدەن، شەڕ ماوەیەکی تر دەوام بکاو ئەوسا ئەم نەخشەیەت بەدی بێنیت؟. ئەو وتی: (کاك حوسێن.. من خۆم چاك دەناسم کە پیاوی سیاسەتم. بەڵام بەخۆمدا راناپەرمووم، لە شەڕی پارتیزانیدا هیچم پێبکرێ).

ئینجا سەبارەت بە خۆم وتم: بەهەرحاڵ من بریارم وایە، بمێنمەوەو لەگەڵ ئەوانەدا بم، کە ئیدامە بە شۆڕش دەدەن. بۆیە تکام وایە فەرمان بدەیت، پارچە چەکێکم لەوانەی تەسلیم بە مەخزەن کراونەتەوە بدرێتێ. ئیتر فەرمانیداو خۆم چووم کلاشینکۆفێکم هەڵبژارد. دوا جار گەڕامەوە لای و لێم پرسی کە ئاخۆ کەلوپەلەکانی یەکێتی چی لێبکەم؟. وتی: نازانم.. خۆت بریاری لەسەر بدە. چۆنی بە باش دەزانیت وای لێبکە.

کە لای سەیدام جێهێشت و سەرکەوتمە سەر جادە، کاروانێك لۆریی سەربازیی ئێرانم بینی، بە بەتاڵی بەرەوخوار دەبوونەوە. بیستم دەچن چەك و جباخانەو تفاقی سەربازیی شۆڕش و کەلوپەلی دامودەزگاکانی، دەچننەوەو دەیگوێزنەوە بۆ دیوی لای (دۆست!). ئەوەیشی بەتایبەتی سەرنجی راکێشام، دیمەنی ئەو تاکوتەرا خەڵکە بوو، کە لە قەراغ جادەکە راوەستابوون و بە سیمایەکی پڕ لە پەژارەو کەساسییەوە، بەو کاروانەیاندا هەڵدەڕوانی، کە لەوەبەر بەدەم گەشکەی شادمانی و ئاسوودەگییەوە، پێشوازییان لێدەکرد!.

• سەعات یازدەو نیو — دەربەند

چی دەبینم؟!.. سەیرە!.. دەڵێیت لە نەفخی سوور دراوە!.. گوایە هێشتا ئەوەندە خەڵکمان لەمدیو مابوون؟!. دیمەنێکی گورچکبڕی ترو چین‌چین داخوخەفەتی لە دڵ و دەروونندا کەڵەکە دەکرد!. کە لە بابەکراوا گەڕامەوە، لە کەنار جادەکە راوەستا بووم، کاتێ وەك جۆگەلەیەك دەستی پێکردو دوایی بووە لێشاوی لافاوێك. دوێنێ کە بڕیارەکەی تێدا راگەیەنراو ئەم بەیانییەش، هێجگار وەها نەبوو. بەڵام ئێستا دەبینم جگە لە دەیەها ئۆتۆمبێل، کە

سیخناخن لە ماڵومنداڵو کەلوپەلی شرەوپڕەو تێدەپەڕنو بە بەتاڵی دەگەڕێنەوە، عەشاماتێك لە سەڵتەزەلامیش، کە دیارە زۆربەیان (پ.م)نو سەنگەریان چۆڵ کردوە، ڕێچکەیان بەستوەو بەرەو ئەودیو بۆ تەسلیمبوون (بە دۆست!)، هەڵدەکشێن!. هەر من نیم بەم داخوخەفەتەوە دەتلێمەوە. ئەو برادەرانەی لاوانیش کە ماونەتەوەو برادەرانی (ق.م)یش، هەڵدەڕوانن و دەبینن و خۆ دەخۆنەوە.

• سەعات دووی دوای نیوەڕۆ

لە سەعات دوازدەدا، بارزانی ناردی بەدوای فاروقداو چوو. بە پەرۆشەوە کەوتمە چاوەڕوانکردنی هاتنەوەی، تا بزانم: (لە ناو خودی دیواخاندا چ باسە؟!). فاروق هاتەوەو گێڕایەوەو وتی: (چووم بارزانی خۆیم بینی. باسی وەزعەکەی وەها بۆ کردم، کە هیچ چارەسەرێك بەدەستەوە نەبووە، ئەوە نەبێ کە بڵاوەی لێبکرێ. چونکە خوێنێکی زۆرتر لە خۆڕایی دەڕێژرێو هیچ ئەنجامێکیشی نابێ. سا منیش وا پیر بوومو ئەوەی لە دەستم هات کردم. لەوە زیاترم پێناکرێ. مەسئوولییەتی لەوە زیاتر خوێنڕشتنم، بۆ ناگیرێتە ئەستۆ. من وای بە چاك دەزانم بڵاوەی لێبکرێ. بەڵام کێش دەیەوێ بەردەوام بێ، ئارەزووی خۆیەتیو من هیچ هەقێکم بەسەرییەوە نییەو مەسئوولییەتی هەڵناگرم. ئیتر ئێوەش بڕیاری خۆتان بدەنو چۆنتان دەوێ وەها بکەن). هەروەها فاروق وتی: (من رای خۆم سەبارەت بەو بڕیارەی دەربڕیو وتم: دیارە جەنابت دەزانیت هەڵوێستت چەندە بایەخی هەیەو قسەت چەندە کاریگەرە. دەشبێ حسابت بۆ ئەوە کردبێ، کە رەنگە بتوانرێ ئیدامە بە شۆڕش بدرێو تۆش، دەوری مێژوویی خۆت هەر ببینیت. کەچی وتی: بێگومان لێکم داوەتەوەو حسابم بۆ کردوە. بەڵام بێسوودەو تەنیا ئەم ڕێگایەمان لەبەردەمدایە). هەروەها لە گێڕانەوەکەیدا وتی: ( ئیتر من بە روونی هەڵوێستی خۆمانم بۆ ئاشکرا کرد، کە بەردەوام دەبین لەسەر شۆڕش. بەڵام ئەو هەر وتییەوە: ئێوە کەیفی خۆتانە. من هیچ مەسئوولییەتێکتان هەڵناگرم. ئینجا کە ئەو وتی: داخوازیتان چییە؟. من داوای هەندێ چەکی پێویستو جیهازی

لاسلكی و پێنج هەزار دینارم كرد. ئەویش بەڵێنیدا بیری لێبكاتەوەو وەرامم لێبگێڕێتەوە).

فاروق دیدەنییەكەی لەگەڵ بارزانیدا، وەها گێڕایەوە. ئەوسا من لەلای خۆمەوە لێم پرسی: بارزانیت لە رووی دەروونییەوە چۆن بینی؟. وتی: زۆر ئاسایی بوو. لەوەبەر چۆنم دەدی، هەروەها بوو. لێم پرسی: بە رای تۆ ئەو بڕیارو قسەو باسانەی دوای هاتنەوەی لە تاران، كە گوایە شۆڕش بەردەوام دەبێ و ئەم بڕیارە لەناكاوەی بڵاوەلێكردن، یانی چی و چۆنی تێدەگەیت؟. وتی: زیاتر بۆ ئەوە دەچم كە جۆرە كل لەچاوكردنێك بووبێ. دەنا ئەو ئەم بڕیارەی لەگەڵ خۆیدا هێنابۆوە. وتم: ئەی ناشێ بڵێین: ئەویش هەر ئادەمییەكەو لە خوێن و گۆشت و ئێسقانەو مەسەلە بریتییە، لە رووخان و ورەبەردان؟. وتی: دەشێ.. بەڵام ئەگەرێكی كزە. دواجار لێم پرسی: باوەڕت وایە داخوازییەكانت بەجێ بێنێ؟. وتی: دوو دڵم.. با بازانین!.

• سەعات چوارو نیو

رەشید دۆسكی كە فەرماندەی بەتالیۆنێك بوو لە هێزی دهۆك و لە رۆژانی پێشوودا، كراوە بە یاریدەدەری فەرماندەی هێز، هات بۆ لای برادەرانی (ق.م)و پەرۆشیی خۆی، بۆ بەردەوامبوونی شۆڕش نیشاندا. لەگەڵ فاروق و ئەبووحەقیدا، كەوتنە گفتوگۆو منیش لەگەڵیاندا دانیشتم. پوختەی مەبەستی ئەوە بوو كە وتی: بیستم ئێوە دەتانەوێ ئیدامە بە شۆڕش بدەن و منیش، هاتووم پێتانی رابگەیەنم كە لە گەڵتاندام. من دڵنیام دەتوانم كارێك بكەم، زۆربەی هێزی دهۆك لەگەڵماندا بێ. ئیتر لەگەڵ فاروقدا لەولاوە، كەوتنە گفتوگۆو دوایی فاروق بۆمی باسكرد، كە لەسەر مۆرسێك رێكەوتوون، تا لە كاتی خۆیدا بە بێتەل، پەیوەندی بە یەكترەوە بكەن.

ئەمە دڵی زۆر خۆش كردم. باوەڕم بەوە پتەوتر بوو، كە سێ چوار هەزار (پ.م)ێك هەر پەیدا دەبن، بمێننەوەو ئیدامە بە شۆڕش بدەن. ئەوەش ژمارەیەكی لە پێویستیش زیاترە. ئەی عەبدولرەحمان بەزاز كاتێ كە سەرۆك وەزیران بوو نەیووت: پێنج سەد چەكدار دەتوانن بۆ ماوەی ساڵەها، بە شاخەكانەوە بن و ئیدامە بە ئاژاوە بدەن؟!.

• سەعات پێنج و نیو

دوو رۆژنامەنووس پەیدا بوون. ئەمەریکاییەك و ئینگلیزێك. ئەوانیش سەرسام بوون. بەڵام سەرسامییەکە زاڵ نەبوو، بەسەر ئارەزووە پیشەییەکەیاندا. لاوێکی کوردی خوێنگەرمیان وەك وەرگێڕ لەگەڵدا بوو. ئەو کاتەی لەسەر جادەکە بینیمن، رەشید دۆسکییان دەدواند کە هێشتا لەم ناوەدا بوو. لێیان پرسی:

–نیازی چیت هەیە؟.

–بەردەوام دەبم لەسەر شەڕکردن.

–بۆچی؟.

–هەوڵ دەدەم کورد لەم میحنەتە رزگار بکەم.

–باوەڕت وایە کە دەتوانیت؟.

–هەوڵ دەدەم.

–باوەڕت وایە کە سەردەکەون؟.

–هیوادارم.. دەست پێکردنەوەیە لە نووکەوەو دەزانم ئاسان نییە. بەڵام ئومێدەوارم.

بەهەلم زانی و بە کوڕە لاوەکەم وت: ئەوە بارەگای (ق.م)ە. بیانبە با ئەوانیش بدوێنن. رازی بوون و ئەبوو حەقییان دواند. فاروق رۆیشتبوو. هێندەی دەیتوانی بە ئینگلیزی دەدواو کە گیری دەخوارد، لە رێی وەرگێڕانەوە. پوختەی گفتوگۆکە بەمجۆرە بوو:

–بیستبوومان کە ئێوە هەن.. بەڵام دەڵێن ژمارەتان کەمە.

–ژمارەمان کەم نییە.. بەڵام بە کەمی و زۆریش نییە.

–نیازی چیتان هەیە؟.

–بەردەوامبوون لەسەر شۆڕش.

–چۆن؟.

–بەشەڕی پارتیزانیی درێژخایەن.

–باوەڕتان وایە بۆتان بچێتە سەر؟.

–بەڵێ.

–ئێوه چەند چەکدارتان هەیە؟.
–ئەوە بوو وتم: ژمارە گرنگ نییە. لەپاڵیدا شتی گرنگی تر زۆرە.
–بیستوومانە کە ئێوە سەر بە خەتی چینن. ئاخۆ یارمەتیتان دەدەن؟.
–ئێمە تەنیا پشت بە خۆمان و گەلەکەمان دەبەستین.
–چۆن ئیدامە بە شۆڕش دەدەن؟.
–گەلمان لە پشت دەبێ و ئاسانە.

• سەعات حەوت و چل و پێنج دەقیقە

شەوەو دنیا خامۆشە. رادیۆم کردۆتەوەو گوێم لێیە، ئێزگە لە ئاگادارییەکدا دەڵێ: لەبەر چەند هۆیەکی هونەری، لە سبەی شەوەوە ئێزگە لە کاردەکەوێ!. کام هۆی هونەری؟!. تۆ بڵێیت بورغویەکی شکا بێ و دەبێ بنێرین، لە تاران بۆمان بێنن و بیبەستینەوەو بکەوێتەوە کار؟!. ئای چەندە حەز دەکەم هەر ئێستا بچم و لە ئێزگە خۆیەوە بڵێم: درۆیە کاکی گوێگر.. درۆیەو درۆیەکی شاخدار. هۆی هونەری نییەو سیاسییە.. سیاسییەکی زەقزەقی تاڵتاڵی ژەهرئاسای کوشندەو (دۆست!!) پیمانی دەنووشێ!. بەڵێ.. نەك هەر لە کاریش دەکەوێ، بەڵکوو داوای کراوەو دەبرێتەوە بۆ ئەودیو!.

• سەعات یەکی دوای نیوەشەو

١– برادەرانی (ق.م)، لە بەیانییەوە کەوتنە خۆپێچانەوەو ئامادەبوون، بۆ رۆیشتن بەرەو ناوچەی شارباژێڕ. بڕیاریان وایە شتی قورس و قەبەو بێکەڵك جێبێڵن. کەمێ لەمەوبەر پازدە بیست پارچە چەکی کۆنیان، لە کونە تەیارەکەی جارانی لەمەڕ مندا، کرد بە ژێر گڵەوە. لە جێگەیان ئەوانە لەگەڵ خۆیاندا دەبەن، کە دوێنێ و ئەمڕۆ دەستیان کەوتن.

٢– مەحموود عەسرەکەی چوو بۆ (قەسرێ)، تا دوو سێ هێستر بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکان بۆ شارباژێڕ، بەکرێ بگرێ. کە هاتەوە باسی لۆرییە سەربازییەکانی ئێرانی کرد، کە چۆن پڕیان دەکردن لە چەك و جباخانەو کەلوپەل و دەگەڕانەوە بۆ ئەودیو. باسی (پ.م)ەکانی ئەو دەوروبەرەشی کرد،

که چۆن لەداخاندا شێت و هار بووبوون و وتی: دەستەیەکیانم بینی، چووبوونە وێزەی خانووەکەی ئیدریس و بە ئار-پی-جی و ڕەشاش و کلاشینکۆف، داخی دڵی خۆیان پێدەڕشت. ئەو مەحمووده (پ.م)ە عەرەبەی کە بەردەوام پێدەکەنی، ئێستا بە دەنگێکی پڕ لە حەسرەت و خەم و پەژارەوە، دەدواو کارەساتەکانی دەگێڕایەوە.

٣- بڕیارم وایە سبەینێ منیش بچم بۆ ئەودیو، تا لەگەڵ خانم و منداڵەکاندا بەرەو شاربازێڕ بکەوینە ڕێ. لەگەڵ برادەرانی (ق.م)دا، وەها ڕێکەوتووین.

٤- ئێوارە سەعات شەش، بۆ دواجار چوومە سەر رووبارو لەسەر تاشە بەردەکە دانیشتم. بەجۆرێك لە دیمەنەکان ورد دەبوومەوە، کە دەتووت بۆ هەتا هەتایە لێیان دادەبڕێم و ئیتر نایان بینمەوە.

٥- ئەوەی بەدرێژایی ئەمڕۆ بەچاوی خۆم بینیم، پۆلاییترین بیروهۆش و ڕەقترین هەستونەست، لوول دەدەنە ناو گێژاوی وڕوکاسی و داهێزران و شێواوی و سەراسیمەیییەوە، چ جایە من دەگا!. بۆیە هەست دەکەم تا سەر ئێسقان ماندووم و بەسەراپای جەستەش، تا ڕادەی لە پەلوپۆ کەوتن ماندووم. گوێم لێیە برادەرانی (ق.م) هەر هەڵدەسووڕێن. نازانم خەریکی چیی ترن. بەڵام هەر دێن و دەچن. من خۆم لەوە زیاتر پێڕاناگیرێ و وا دەخەوم.

## ٣/٢١ - سەعات هەشت چارەکێ کەمی بەیانی

١- ئەمڕۆ جەژنی نەورۆزە. بەڵام لەباتی زەماوەند شیوەنە. بەحسابی بڕیارەکەی (م.س) و خۆئامادەکردنی پارتی و ڕێکخراوەکان بووایە، دەبوو ئێستا سەرەڕای شەڕو کوشتارو بۆردومان، بکرایە بە ئاهەنگ و زەماوەندو خۆنیشاندانێکی گەورەی سیاسی. کەچی ئەوەتا لە جێگەیان، شین و فوغانی کۆستێکە، کە جەرگ و دڵی نەتەوەیەك پارە دەکاو زووخاوی شکستییەکی مێژوویی پێدەنۆشێ.

٢- شەو کە نووستم داوام لە برادەران کرد بەیانی زوو بەئاگام بێنن، تا ئوتومبێلم بە ئاسانی دەست بکەوێ. ئەوان داواکەمیان بەجێ هێناو منیش

وەك بڕیارم دابوو، لە کەلوپەلەکانی یەکێتی، سێ بەتانیی باشم لێپێچاوەتەوە، تا لەگەڵ خۆمدا بیان بەمو هەموو کەلوپەلەکانی تر جێبێڵم.

• سەعات نۆو چارەك

١- لە سەعات هەشتەوە لەسەر جادەم، بەو نیازەی لە ئوتومبێلێکدا جێگەم ببێتەوەو نەبوو. هەروا راوەستاوم و لەچاوەڕواندام و هەرچەندە ئوتومبێل نییە، بەڵام هەست بە پەرۆشیی و پەلەپرووزێیی رۆیشتن ناکەم!. من لەناخدا حەز دەکەم، سەراپاگیر ئەم کۆستە ببینم. لە نووکەوە تا کۆتایی.. تا ئەو دوا (پ.م)ەی دوا چەك لە شان دەبێ، جەستەی شەکەتی خۆی بە گیانێکی بیمارو دڵێکی شکاوەوە، بە کێش دەکاتە دەرەوەی سەنگەرەکەی و رووەو سنوور، بۆ لای (دۆستە دوژمنی باووباپیر کوشتە)، لۆژلۆژ هەنگاو دەنێ!!.

ئەوەی دەیبینم خۆمم لەبیر دەباتەوە. ڕێچکەی ئوتومبێلی لای خۆمان و لۆریی سەربازیی ئێران، تا دێ لە زیادبوونە. بە بەردەممدا فڕکە دەکەن و سیخناخن لە ئادەمیزادو کەلوپەل. پەلەی خۆگەیاندنیانە بۆ ئەودیو. تاکوتەرایەك بەرەوخوار گلۆر دەبنەوە، بۆ خۆبەدەستەوەدان بە عێراق. لەپاڵ ڕێچکەی ئوتومبێلدا، هەزارەهاش هەریەکە کۆڵێك بە کۆڵ یا بەسەر سەرەوە، بەپێ دەیکوتن و زۆریان (پ.م)ەکانی سەنگەرە نزیکەکانن.

٢- برادەرانی (ق.م) بە جێبە شڕەکەیان، دەستیان کردۆتە گواستنەوەی چەك و تفاق و کەلوپەلیان بۆ قەسرێ، تا لەوێوە بە وڵاخ بەرەو شاربازێڕ بچن. فاروقیش چووە بۆ لێپرسینەوەی ئەنجامی داخوازییەکانی و بەڵێنەکەی بارزانی.

• سەعات دە

١- لەسەر داوای وەهاب کۆیی (کە ئەویش بۆ ئوتومبێل گیری خواردوە)، سەردانی خەسرەو تۆفیقمان کرد لە دارایی. سەری جەنجاڵ بوو.. دووجار سەری جەنجاڵ بوو. یەکەمیان بە گواستنەوەی کەلوپەل و تفاقی دامودەزگاکانەوە بۆ ئەودیو.. دووەمیان لێشاوی ئەو (پ.م)و خەڵکە

لاتولەوارەی، کە بۆ وەرگرتنی سووکە یارمەتییەك بەبۆنەی چوونیانەوە بۆ ئەو، رێچکەیان دەبەستەلای. وەهاب (کە لەبنەڕەتدا منی بۆ ئەوە هێنا، گوایە بەڵکوو خەسرەو بمانخاتە تەك ئۆتومبێلێکی دارایی بۆ ئەودیو)، بەفرسەتی زانی و چووە ریزەوەو (دە دینار) واتە سێ سەد تمەنی وەرگرت. بەڵام من نەچوومە ریزەوەو خەسرەویش دەبێ وای دانابێ کە پێویستم پێی نییە. بۆیە بەشمی تێنەکەوت و ئۆتومبێلەکەش نەبوو.

٢- گەڕامەوە ماڵەوەو ئەوەتا، کورسییەکم هێناوەتە سەر جادەو دانیشتووم. فرکەفرکی ئۆتومبێل بە گەرمی بەردەوامە. سەرەگێژەم پێدەخەن و سەرجادەکەش بەرنادەم. بە پەرۆشەوە هەڵدەڕانم و سەرنج گیر دەکەم. وازم لە کۆششی پەیداکردنی ئۆتومبێل هێناوە. پاڵم لێداوەتەوەو جگەرە بە جگەرە ئاگر دەدەم.

٣- ئەوە (دارا)یە وا بە جێبێکی لاندرۆڤەرەوە پەیدا بوو. پشتی جێبەکەی پڕ لە کەلوپەلە. ئەویش وەك هەر یەکێك لەو خەڵکە، بەرەو ئەودیو هەڵدەکشێ. لەوبەری جادەکەوە ئاستی من، لەبەر (لاوان)دا راوەستاوە. لەوە دەچێ کارێکی بەوان هەبێ. وا وەهاب خۆی گەیاندێ. وا سوار بووەو وەهابیش لەگەڵیدا رۆیشتن.

٤- ئەوە جێبێکی راگەیاندنە وا لەودیو گەڕایەوە. ئەو ژمارە کەمەی کارمەندانی راگەیاندن و لاوان کە مابوونەوە، بۆی لەسەرپێ بوون. لەچاو تروکانێکدا خۆیان تێئاخنی و وا فرکەی کردو رۆیشتەوە. هەمووش دەزانن کە من لە بەیانییەوە، لەچاوەڕوانی ئۆتومبێلدام و کەسێکیان، بە تیلەیەکیش لای لێنەکردمەوە. بەلاشمەوە ئاساییە.. رۆژی حەشرە.. کێ بەکێیە؟!.

٥- واتەواتی چارەنووسی رەشی ئەوانەی، خۆیان تەسلیم بە عێراق دەکەنەوە سەری هەڵداوە. ئەوەتا دەنگ بڵاوە کە هەر (پ.م)ێك خۆ بەولا بەدەستەوە بدا، یەکسەر گوللەباران دەکرێ. تەنانەت ئەوەتا دەڵێن: هەن بینیویانە کە ئەم بەیانییە، یازدە (پ.م) بە کۆمەڵ گوللەباران کراون!. ئایا باوەڕ بکەم؟!. ئاو نە ء. ئا چونکە بەرازە کە کردی دەیکا. نەئیش چونکە ئەقڵ نایگرێ تا ئەو رادەیە، کەر بێ (نەك بەران)!.

• سەعات یازدە

١- هەڵاتن بەرەو ئەودیو، تا دێ پەرە دەسێنێ. هێشتا ڕێچکەی خاووخێزان‌و سەڵتە زەلام، بە ئوتومبێل‌و بەپێ بەردەوامە. زۆری سەڵتە زەلامەکان، (پ.م)ن‌و چەکەکانیان لە شانیاندایەو دەچن لەسەر سنوور، لە شانیانی دادەماڵن‌و دەیدەنە دەست جەندرمەو سەربازانی ئێران. ئێستا وا گوندییەکانیش دەبینم، ماڵومنداڵ‌و شرەوپرەیان لە وڵاخ بارکردوەو هەڵدێن.

٢- فاروق هاتەوەو گێڕایەوە: بۆ داخوازییەکانمان چووم ئیدریسم بینی. لە پێنج هەزار دینارەکە، تەنیا پێنج سەدی دامێ. بۆ چەکیش گوایە حەسۆ میرخان ئاگادار دەکەن، چیمان دەوێ بمانداتێ. من هەستم کرد (هەر قسەی فاروقە) کە ئەمە دەست بە رووەوەنانە. ئەگینا حەسۆیەك کە گوایە لەسەر ڕێگاماندایە، تا ئێمە دەگەینە ناوچەکەی، ئەو ڕەنگە لە تاران پیاسە بکا. من بەفاروقم وت: ئایا ئەمە نیشانەی ئەوە نییە، ڕاستگۆ نەبن لەوەدا کە دەڵێن: ئێمە دەخلمان بەسەر ئەو کەسەوە نییە، کە دەیەوێ بەردەوام بێ‌و کەیفی خۆیەتی؟!. ئەو وتی: با.. بەڵام جارێ چاوەڕوان دەکەن، تا بزانن بەچی دەگا.

٣- کەمال ڕەمزی‌و دوو کوڕی گەنج لەگەڵیدا، لەسەردا بەجێبێك پەیدابوون. بڕێکی باش چەك‌و تەقەمەنییان پێبوو. لەبەر لاواندا ڕاوەستان‌و سێ چوار پارچەیان لەوێش وەرگرت. کە کەمالم دواند وتی: بە جێبەکە تا قەسرێ دەچین‌و لەوێوە بە وڵاخ بۆ شاربازێڕ. وتیشی: لەوەبەر من خۆم بەشەڕکەر نەدەزانی. بەڵام ئێستا وا بۆ ئیدامەپێدانی شۆڕش دەچم.

٤- کەمێ لەمەوبەر بیستم، کە زیندانییەکانی بەندیخانەی (ڕایات) بەردراون. ئێستا وا بینیمن، لە دوو لۆریدا بوون‌و بەرەوخوار بوونەوە. وا مەزەنە دەکەم کە دەبرێن، لە نزیك سەنگەرەکانی سوپاوە هەڵدەپێژرێن!. پێم سەیرە!.. نازانم ئەمە چۆن چۆنییە؟!.

٥- د. کەمال کە هێشتا ماوەتەوەو نەڕۆیشتوە، کاتێ سەیری کرد گیرم خواردوە وتی: داوای لۆرییەکی سەربازیم، بۆ گواستنەوەی کەلوپەلی ڕاگەیاندن کردوە. ئەگەر ئوتومبێلت هەر دەست نەکەوت، دەتوانیت لەگەڵ ئەودا بڕۆیت.

٦- له دوێنێوه ئاگادار بووم، كه بڕیاری برادەرانی (ق.م) سەبارەت بە سامی، وا بوو بیهێنن بۆ سووریا. بەڵام كەمێ لەمەوبەر هات و وتی، كه بڕیاری تازه وەهایه، لەگەڵ مندا بێت بۆ خانەو لەوێوه بۆ شاربازێڕ.

• سەعات یەك چارەكێ كەمی دوای نیوەڕۆ

١- وا برادەرانی (ق.م)، دوا وەجبە چەك و تفاقیان له جێیەكە باركردو وا خۆیشیان، خواحافیزییان لێكردم و ڕۆیشتن. ئێستا ماومەتەوە تەنیا خۆم و هاتووم، سووڕێك بەناو ماڵەكەمدا دەخۆم. هەستێكی جەنجاڵ دەمهەژێنێ. ئەمە ژووره ڕازاوەكەی جارانی لەمەڕ خۆمانەو ئێستا، پڕ له شڕوشیتاڵی برادەرانی (ق.م)ە. هەیوانەكە پڕە له تەنەكەو سنووق و شڕەجانتاو قاپوقاچاغ و زۆپاو تەباخی نەوت و سنووقێكی ئەلەمنیۆم، كه والآیەو بڕێك دینامیت و تی ئێن تیی تێدایەو جێهێڵراوە. لەولایەوە سنووقێكی پڕ له فیشەكی ئینگلیزییە. هەروا لەسەر زەوییەكە، شەش حەوت مینی گەورەی دژە تانك دانراون. سەر دەكەم بە ژووره تاریكەكەدا. بڕێكی زۆر شڕەوپڕەی تێدا تووڕ دراون. دەچمە ژوورەكەی یەكێتی. ئەوە كورسی و مێزه خنجیلانەكەمە، كه شەوان لەسەریان دادەنیشتم و دەمنووسی. كومبارە تازەكە. بەتانی و دۆشەك و سەرین. كورسییەكان و نایلۆنی هەلاهەلابووی پەنجەرەو دیوارەكانی لەمەڕ ڕۆكێتەكە. سەرباری هەموو، ژمارە هەتیوە كۆستكەوتووەكەی (نووسەری كورد)، كه له گۆشەیەكی ژوورەكەدا هەڵچنراوە!.

دێمە دەرەوەو بەدەوری خۆمدا خول دەخۆم. هەیوانەكەو دەرگا نایلۆنبەندە هەڵوەشاوەكەی. بەرمیلی ئاوەكە. تەیمانەكەی حەوشە. كونە تەیارەو ئاودەست و دەرگاكەی حەوشەو سۆندەی ئاوەكەو.. دەبمە كانییەكی تەقیوی هەست و نەست. دەبمە ڕووبارێك.. دەریایەك و شەپۆل دەدا. شەپۆل دەمهێنێ و دەمبا و بینایيم لێكێژوویێژ دەكا. له شێوەی تارماییدا دەبینم. سەدان هەزار مرۆڤ، ڕژاونەتە ناو شاخوداخێكی سەختەوە. وەك شارەمێروولە بەیەكدادێن. بەهەڵەموورت و ڕەوەزە سامناكەكاندا هەڵدەزنێن. له هەزاربەهەزاره دژوارەكانەوه بەردەبنەوه. به ورچەڕێیەكاندا ڕێچكه دەبەستن و هەڵدەكشێن. ڕێ بەر ڕێبوار ناكەوێ. دەرزی هەڵدەدەیت ناكەوێتە سەر زەوی. ڕێچكە هەمە جۆره. له ئادەمی: ژن و پیاوو منداڵ و كوڕو كچی لاو. له وڵاخ: هێسترو بارگیرو

ئەسپ و ماین و کەر. لە مالات: گاو مانگاو مەڕو بزن و بەرخ و کار. لە ئۆتومبێل: لۆریی زیل و ئۆرال و نێرنی مارسیدس و جیپبی لاندرۆڤەرو هەموو جۆری قەمەرە. هەموو بەیەکدا دێن!.. بە پەلەو هەڵپەو بە پەرۆشەوە بەیەکدا دێن!. هەست دەکەم کەللەی سەرم زرنگەی لێوەدێ. ناو حەوشەکە جێدێڵم و دەگەڕێمەوە سەر جادەکە.

٢- ئێستا لێرە ماوینەتەوە تەنیا حەوت کەس. من و سەر جادەکەو کورسییەکەم. د. کەمال و ناو هەیوانێکی بارەگاکەی لاوان و کورسییەکەی. سامی و تاوێ لای من و تاوێ لای کەماله. چوار کوڕە لاویش کە لەگەڵ کەمالدا ماونەتەوە.

• سەعات دوو دە دەقیقە

١- لەگەڵ سامیدا لەسەر جادەکە راوەستابووین، کە لە پڕێکدا فازیلی مەلا مەحموودمان لەبەردەمدا لێقوتبۆوە. ئێمە سەرمان سوڕما. بەڵام ئەو وتی: بە پەلەو یەکسەر لە سووریاوە هاتووم. کوان هاوڕێیان؟. کە بۆمان باس کرد وتی: دەبێ فریا بکەوم پێش ڕۆیشتنیان بیانبینم. زۆری نەبرد جیپێک لەسەرەوە بە بەتاڵی پەیدا بوو. هاتن لەوێوە بۆ بەرەوخوار بە بەتاڵی ئاسایی بوو. بەڵام لە خوارەوە بەرەو ئەوێ ستەم بوو. ئیتر لەگەڵ سامیدا سوار بوون و ڕۆیشتن.

٢- هێشتا لێشاوی بەرەو ئەودیوچوون لە هەڕەتیدایە. ژمارەی (پ.م)یش بەخۆیان و چەکەکانیانەوە لە زیادبوونە. بەڵام ئەمانە هێشتا (پ.م)ەکانی پشتەوەی جەبهەن. ئاخۆ ئەگەر لێشاوی هاتنی ئەوان دەست پێبکا، چ دیمەنێکی دڵپڕوێن دەخەنە پێش چاو؟!. وەرە ببینە هەزارەها کوڕی گەنجی چەك لەشانی ڕەختنە لە قەدی ئامادەی خۆفیداکردن، لۆژلۆژ ڕێگا بەرەو سەر سنوور بگرنەبەرو لەوێدا، چەك و ڕەختەیان لێداماڵرێ و بکرێنە میوانی (شای دۆست!)!. بەڵێ.. پەنجاو حەوت هەزاری جەبهەکانی شەڕ (کە دوێنێ ئەم ژمارەیەم لە دەمی شەوکەتی مەلا سمایل بیست، کە بەرپرس بووە لە مووچەپێدانیان)، بەم دەردە دەچن و لەگەڵیاندا، پەنجا هەزاری بەرگریی

میللیش، کە لە خەڵکی گوندەکان پێکهاتوون. جگە لە دەپازدە هەزار چەکی تری دەستی خەڵکەکەی تری دامودەزگاکانی شۆڕش‌و پارتی‌و ئەمانەتەکان!. ستەمە.. باوەڕکردن بەم قلیمە کە راستەقینە بێ ستەمە!.

٣- دەبیسم کلاشینکۆف دەفرۆشرێ بە پێنج دینار. برنەو جووتی بە پێنج دینار. دەمانچە بە سێ دینار. بەڵام جۆرەکانی تری چەك، وەك هاوەن‌و ئاڕ.پی.جی‌و دۆشکاو دیکتاریۆف‌و فیکەرزو تەقەمەنی لە فیشەك‌و نارنجۆك‌و مین‌و ئەم بابەتە شتانە، پوولێکی قەڵب ناکەن. ئەوانە یا لە شوێنی خۆیاندا جێدەهێڵرێن. یا لە دڵسۆزییەوە بۆ بروسکەکەی بارزانی، بەکێش دەکرێنە سەر سنوور. یا لەداخاندا فڕێ دەدرێنە ناو رووبارەوە.

٤- واتەواتی گوللەبارانکردنی ئەو (پ.م)انەی، خۆیان بە عێراق بەدەستەوە دەدەن، وەك ئاگرو پووشوو بڵاودەبێتەوە.

٥- ماوەیەك لەمەوبەر، بیستم چوون جیهازەکانی ئێزگە بار بکەن‌و بیانبەن. ئێستا ئەوەتا دوو لۆریی زیل دەبینم، بەرەو ژوور دەبنەوەو وتیان: وا بردیان.

• سەعات پێنج

١- لە سەعات سێدا جەمیلی مەحموود بەگ، بە جێبێکی راگەیاندنەوە هاتەوە. د. کەمال بیستبووی کە کاروانێك لۆریی سەربازی لە چۆمانە. داوای کرد پێکەوە بچین بۆ تاقیبی، ئەو لۆرییەی بەڵێنی ناردنی پێدرابوو. بە جێبەکە چووین‌و لە نزیك چۆمان، بەسەر هەرایەکدا کەوتین. دوو دەستە (پ.م) بەگژ یەکدا دەچوون‌و پەلاماری چەکیان لە یەکتر دابوو. یوسف میرانی ئەندامی مەکتەبی عەسکەری، کەوتبووە بەینیانەوەو ناوبژی دەکردن. کەمال وتی: لە کاتی وەهادا گوللەی وێڵ، لە گوللەی ئاڕاستە چالاکترەو باشتر وایە بڕۆین.

کە گەیشتینە چۆمان وا دەرچوو. پازدە بیست لۆری، لەبەردەمی فرۆشگادا راوەستابوون‌و کەلوپەلیان باردەکرد. کەمال چوو بەو کەمە ئازەرییەی دەیزانی، لەگەڵ ئەفسەرێکدا دواو لۆرییەکی لێوەرگرت. چووینە کۆشکی ئاشتی (بارەگای پێشووی راگەیاندن)و روانیمان، تاکە یەك کەسی

لێنەماوە. کوڕە لاوەکان کەوتنە بارکردنی کەلوپەل‌و لۆرییەکەیان لێپڕکرد. ئەوەی بارکرا، دەیەکی ئەو شتانە نەدەبوو کە لێی بوون. کاتێ گەڕاینەوە دەربەند، سەیرمان کرد وا لۆریی بەڵێندراویش گەیشتوەو لە چاوەڕواندایە. دوکتۆر سێ‌و دووی لێنەکردو فەرمانی پێدا، سەرکەوێتە سەرەوە بۆ ئوتێلە سیاحییەکەی لای خۆمان، کە ئەویش کەسی لێنەمابوو. کوڕە لاوەکان‌و شوفێرەکانیش لەگەڵیاندا، کەوتنە بارکردنی هەندێ لە کەلوپەلەکانی ئوتێلەکە.

٢- هێشتا لەبەر ئوتێلەکەدا بووین، کە فاروق‌و فازیل‌و ئەبوو حەقی‌و سامی، بەجێبەکەیان پەیدا بوونەوە. لەلاوە لە فاروقم پرسی: مەسەلە چییە؟!. وتی: وا پێویست دەکا بە دیوی ئێراندا خۆمان بگەیەنینەوە کاژاو. پرسیم: فازیل چی پێیە؟ وتی: کورتییەکەی ئەوەیە (ئەبوو لەیلا -ئیبراهیم عەللاوی)، رای وایە کە هەرەسەکە هێجگار گەورەو پڕ لە مەترسییە. دەبێ ئاگاداری خۆمان بین‌و باش وردی بکەینەوەو خۆمان بە گورگانخواردوو نەدەین. هەڵویستمان زیاتر بەو بارەدا بشکێنینەوە، کە خۆمان‌و حیزبمان لە فەوتان بپارێزین. ئینجا رێکەوتین لە خانە یەکتر بیبینینەوەو بەدرێژی بۆمی باس بکا.

• سەعات شەش‌و چارەك

هەردوو لۆریی پڕ لە کەلوپەل، ئامادەی بەڕێکردن کران. منیش ئەوەتا ئیتێ، یەکەم: بەدرێژایی رۆژێکی رەبەق، لە خۆرهەڵاتنەوە بۆ خۆرئاوا بوون، لەگەڵ سات بەساتی بەسەرهاتە گورچکبڕەکەدا، لە پۆپەی مەینەتی‌و سەرگەردانیدا ژیام‌و دووەمیش: بەبێ هەڵپەو راکەڕاکەو بەبێ منەت، بەسواریی ئوتومبێل بەرەو ئەودیو دەچم.

لەوەدا بوو بکەوینە رێ‌و دوکتۆر وتی: داخوازییەکم لێت هەیە، هیوادارم بۆمی جێبەجێ بکەیت. وتم: فەرموو. وتی: ئەم کەلوپەلانە بە تۆ دەسپێرم کە بیانبەیتە لای خۆت، تا سبەینێ دێم‌و وەریان دەگرمەوە. وتم: ئاخر من ژوورێکی بچووکم لە خانوویەکی بچووکدا گرتوەو جێگەیان نابێتەوە!. وتی: فڕێیان بدەرە حەوشەکەوە. وتم: ئەی بۆ نەبرێنە عەمباری شۆڕش؟!. وتی: مەبەستم هەیە. جگە لەوەی کە هەندێکی، لەسەر داوای کاك دارایە. وتم: بەڵام

من سبەینێ سەفەر دەکەم.. ئەمەیان چۆن؟!. وتی: دڵنیا بە.. سبەینێ بەیانی من لەلاتم. لە ئەنجامدا بەڵێنم دایە. کەوتینە رێ و چوار لاوەکەش لەگەڵمداو دوکتۆر رایسپاردن، کە لەوێ بۆ داگرتنی کەلوپەلەکان یاریدەم بدەن.

• سەعات حەوت و چارەك

حاجی هۆمەرانەو رۆژی.. نا نا.. شەوی حەشر!.. دەیەها ئوتومبێل راوەستاون و ریزیان بەستوە. پاراستن و ساواك پێکەوە دەپشکنن. وەرەقەو وەرەقەکاری نەماوە. حساب بۆ ئوتومبێلی ئەمدیو یا ئەودیو ناکرێ. تەنیا پشکنین هەیەو ئەویش زۆر بەوردی!. بەڵام بۆ چ مەبەستێك؟!. کەلوپەلی ناو ئوتومبێلە ئەهلییەکان، شرەوپرەی ئەو خەڵکە سەرلێشێواوەیە کە هەڵدێن. ئەوەکانی ناو لۆرییە سەربازییەکانیش، لەخۆیان و بۆ خۆیانە!. ئیتر دەبێ ئەم پشکنینە وردە بۆچی بێ؟!. دیارە بۆ چەکە!.. لە ترسی لێشاوی ئاودیوکردنی چەکە، با بۆ فرۆشتن و قاچاخچێتیش بێ!. ئیتر تا نەکراینە کاروانێکی لۆریی سەربازی، بواری کەوتنەوەرێمان بەرەو (خانە) پێنەدرا.

• سەعات دە – خانە –ماڵەوە

پێش ئەوەی بگەینەجێ، وەك بڵێین هەستم کردبێ کە هەڵەیەکم کردوە، مێشکم ئالایە مەسەلەی کەلوپەلەکان. دوو لۆریی پڕو بەڵێنمدا بیانبەمە لای خۆم!. بەڵام کام لای خۆم؟!. لای خۆم بریتییە لە ژوورێکی بچووك، لە خانوویەکی بچووکدا کە حەوشەیەکی بچووکی هەیە!. باشە وا کەلوپەلەکانم تێدا کەڵەکە کردن. ئەی ئەگەر بەیانی هەڵسام و نیوەی نەمابوو؟!. یانی بۆ ئەوەی وا نەکەوێتەوە، دەبێ بەدیارییەوە ببمە پاسەوان!. باشە لەپای چی؟!. خۆ زێرم نەداوە بەڵام کڕیبێ؟!. بەڕاستی من کابرایەکی سەیرم!. چیم دابوو لەم سەریەشەیە؟!. ئەو بەڵێنەم بۆچی دا؟!. جا بۆ؟!. خۆ نەچووە بچێ. ئەوە عەمباری شۆڕش و دەبیسم لۆرییەکان هەموو، دەچن کەلوپەلەکان تەسلیم بەوێ دەکەن. چیی تێدایە!.. منیش وا دەکەم و دەمێنێتەوە گلەیی د. کەمال. ئاسانە.. کە بیتیمەوە وەزعەکەی بۆ باس دەکەم و عوزرخوایی بۆ دێنمەوە. من

نازانم مەبەستی لە گلدانەوەی ئەم کەلوپەلـە چییەو ناشمەوێ بیزانم. ئەوە پەیوەندیی بە خۆیەوە هەیە. بەڵام من دەبێ لەملی خۆمی دابماڵم. جگە لەوەی کە من سبەینێ ئێرە جێدێڵمو بەرەو پێنجوێن دەچم. گریمـان ئـەو سبەینێ نەهات. من چی لەم کەلوپەلانە بکەم؟!. نا نەخێر.. چاکتر وایە یەکسەر لێخوڕم بۆ عەمبارو تەسلیم بەوێیان بکەمو لەم گێچەڵە رزگارم ببێ. ئیتر رام گۆڕیو بەڵێنم شکاند. کاتێ گەیشتینە ناو شار، بە شوفێرەکەم وت: لێخوڕە بۆ عەمباری شۆڕش. وەهام کردو لۆریی دووەمیش بەدواماندا.

عەمبار بەنگەڵەیەکی گەورە بوو. بەدرێژایی شەقامەکەی بەردەمی، لۆریی پڕوچڕ لە کەلوپەل راوەستا بوون. ئێمەش چووینە ریزەوە. بیست لۆرییەك دەبووین. دوای ئێمەش هەر لۆری بوو دەهاتو ریز دەبوو. دابەزیمو چووم بزانم چ باسەو سەرسام بووم، کە وتیان کەسی لێنییەو ئەوانەی کەلوپەلیان وەردەگرت، رۆیشتوونو بەڵام دێنەوە. کەی دێنەوە؟. کەس نەیدەزانی!. بۆچی رۆیشتوونو بۆ کوێو بۆچی هەموو پێکەوە؟!. هەر کەس نەیدەزانی!. هەوڵێکی زۆرم لەگەڵ پاسەوانەکاندادا، کە لێمی وەربگرنو کەڵکی نەبوو. داوام کرد رێگەمان بدەن بەبێ حساب، فرێیان بدەینە ناو بەنگەڵەکەوەو رازی نەبوون. کە لێکم دایەوە لە دڵدا وتم: ئەوانە ئەگەر بێشنەوە، کە نازانرێ کەی دێنەوە، ئەوا دیارە وەختێکی زۆری پێدەچێ تا وەریان دەگرن. تەواو لە گیانی خۆم بێزار بوومو بگرە، لەسەر ئەم خۆتووشکردنەم لە بەلاشوحەلاش، رەقیشم لە خۆم دەبۆوە. وەکی تریش، لەلایەکەوە لە برساندا لاکەی سەرم دەهاتو لەلایەکیشەوە، هێندە ماندووبووم کە هەستم دەکرد خەریکم بەلادا دێم. ئیتر خۆم پێڕانەگیراو بڕیارمدا جارێکی‌تر را بگۆڕمو بگەڕێمەوە سەرباری پێشوو.

ئەمجارە لۆرییەکانم لێبزر بوون. سەرشەقامەکە تاریك بوو. شوفێرەکان دابەزیبوونو تێکەڵ بەیەکتر بووبوون. ناوی هیچ کام لە چوار لاوەکەشم نەدەزانی بانگیان لێبکەم. ماوەیەك سەرەخولەم پێکەوت. تەواو لەخۆم کەللەیی بووم. سەرم دەکێشایە ناو یەکەیەکەی لۆرییەکانەوە، بۆ بینینی لاوەکان. تا لەئەنجامدا دۆزیمنەوەو ئینجا دەستم کرد، بە لێدانی هۆڕنی لۆرییەکە. کە

شوفێرەکە هات بەدەنگەوە، داوام لێکرد ئەوەی تریش بانگ بکاو لێخوڕن بۆ ماڵەوە. ئەوانیش بە رزگاربوونیان خۆشحاڵ بوون.

لە نزیک کۆڵانەکەی ماڵەوەدا، فاروق و برادەرانم دی خەریکی جێبەکە بوون!. رێکەوتێکی سەیر بوو!. وتیان: تا ناو شاری گەیاندین و پەکی کەوت. هەر لەوێوە ماڵەوەم نیشان دان. رێکەوتین شەو بێن لای من بن. ئیتر لۆرییەکانمان لەسەری کۆڵانەکەدا راگرت. چوار کوڕە لاوەکە لەگەڵمدا، کەلوپەلەکانمان فڕێدایە ناو حەوشەکەوەو رۆیشتن. خاوەن خانووش پیرەژنێکی پووکاوەی کوتوکوێرە. کە ترسی دزینی شتەکانمان بۆ دەربڕی وتی: خەمتان نەبێ.. من ئاگاداریانم.

• سەعات یەکی دوای نیوەشەو

فاروق و برادەرانی هاتن و بوونە میوانمان. هۆی هاتنە بەپەلەکەی فازیلی، بەدرێژی بۆ باس کردم. ئینجا لە دەمودووی فازیلەوە وام بۆ دەرکەوت، کە برادەرانیان لە دەرەوە دڵنیانین، بتوانرێ نیدامە بە شۆڕش بدرێ. یا ئاسان نییە بێچەندوچۆن ملی پێوە بنرێ. بەڵام من سووربووم لەسەر ئەوەی، کە دەتوانرێ و بەتایبەتی بۆ ئەوان فرسەتێکە.

بەهەرحاڵ، هێشتا بڕیار هەر وایە، کە من بچمە کاژاوو لەوێ بیانبینمەوە. ئەوانیش هەموو (بارەگای گشتی و لقی شوان و لقی دزەیی لەگەڵ لقی کاژاو)، لەوێ گردبیینەوەو لەمەسەلەکە بدوێین و دوا بڕیار بدەین.

## ٣/٢٢

١- کەوتینە فرۆشتنی کەلوپەلەکانی خۆمان. هەر شتێکمان نیوەقیمەتی بکردایە، بەنرخێکی باشمان دادەنا. خانە بۆتە هەراجخانەیەك و کەلوپەلی تێدا، تۆڵەکەفرۆش دەکرێ. دەبێ مەمنوونیش بین، دەنا خانە خۆی چییە، تا ئەو لێشاوی کەلوپەلەی تێدا بفرۆشرێ. من رام وابوو تەنیا دوو سێ بەتانی و جلوبەرگ بهێڵینەوەو خانم قایل نەبوو. ئەو هەندێ شتی پێویستی تری گل دایەوە.

٢- بەدرێژایی ئەمڕۆ ئەوەی دەمدی، لە دۆستو ناسیاوو خەڵکەکە هەموو، ئەوەبوو کە یەك لە یەکتریان دەپرسی: تۆ چی دەکەیت؟!... تۆ نیازت چییە؟!... تۆ چیت بڕیار داوە؟!... سەراسیمەو سەرگەردان.. حەپەساوو واقوڕماو.. وێڵو بێیاوەڕو بێئامانج.. داخ لەدڵو ئاخ پڕ لە رق.. بەزیوو بێوورە.. دڵشکاوو زەلیل.. دەم بەجنێوو تفو لەعنەت.. میوانی دیواخانێك، کە ژەهری پێنۆشیون.. راوەستاوی بەرقاپیی خانەخوێیەك، کە خەنجەری ئاراستەی گازەرای پشتی کردوون.. ئەمەیە حاڵیانو بەردەوام، بەیەکدا دێنو دەخولێنەوەو لەیەکتری دەپرسن: تۆ چی دەکەیت؟!.. تۆ نیازی چیت هەیە؟!.. تۆ چیت بڕیار داوە؟!. منیش وەك ئەوان، ئەو پرسیارەم زۆر کردو زۆر لێم کرا. رەئووفو حەمە رەشیو سەلامم بینیو وتیان: نازانین چی بکەین. کە ئەوان لەمنیان پرسی، بڕیارەکەمم پێڕاگەیاندن.

٣- د. کەمال دیار نەبوو. من بەڵێنەکەی خۆم (با بەناچاریش بووبێ) بەجێ هێناو ئەو، بەڵێنی خۆی شکاند. دەبوو ئەمڕۆ بهاتایەو رزگاری بکردمایە. ئەو ئەگەر تا عەسریش دەرکەوتایە، من سەفەری خۆم دەکرد. بەڵام وا لەبەر ئەو مامەوە. باشە ئەی ئەگەر سبەینێش نەهات، چارم چی دەبێ؟!.

٤- شەوەو دڕەنگوەختەو دەنووسمو گوێش لە رادیۆ دەگرم. ئێزگەکانی جیهانو بەتایبەتی ناودارەکان، هەموو سەبارەت بەم مووجیزەی هەرەسهێنانەی شۆڕشی چواردە ساڵەی ئێمە، چەنە دەدەنو دەڕێسن!. هەریەکەشیان لە ئاشێك دەکا.. لە ئاشێك کە باراشەکەی خۆی بهاڕێ!.

٣/٢٣

دەمەدەمی نیوەڕۆ لەسەر راستە شەقامەکە، رێکەوتی دوکتۆرم کردو هەر خێرا پێم وت: تکایە رزگارم بکە.. من پەلەمەو دەمەوێ سەفەر بکەم. بەپەلەش کورتەیەکی ئەو عەزابەم بۆ باس کرد کە چەشتم. ئەو تێم گەیشتو وتی: باشە.. هەر ئێستا بەشێکی لێدەبەین بۆ کاك دارا. بەڵام بۆ ئەوەی تر، چۆنە بیخەینە ژوورەکەی تۆوەو دەرگای لەسەر دابخەین، تا دەیبەینو دواییش، کرێی ژوورەکە بدەین؟. وتم: چاکە.. بەڵام خۆت وەرە لەگەڵ خاوەن خانووەکەدا رێك بکەوە.

ئەو جەلالی سام ئاغاو شێرزادی خزمی دارای لەگەڵدا بوون. شێرزادی نارد پیکابێکی بەکرێ گرتو ئەوەی بۆ دارا مەبەست بوو بارکراو برا. ئینجا قسە لەگەڵ پیرەژندا کراو رازی بوو. هەر لەوێدا دوکتۆر وتی: باشتر وایە بەتانیو زۆپاکان بەسەر دۆستو ناسیاوان، یا هەر کەسێکی تردا کە دەزانیت سوودی لێدەبینێ، دابەش بکەیتو خۆت سەرپشك بە. منیش دوای رۆیشتنی ئەوان، چووم رەئووفو حەمە رەشیدو سەلامم بانگ کردو داوام لێکردن، کە چییان لەبەتانیو زۆپا پێویستە بیبەنو دۆستو ناسیاوی خۆیشیان، ئاگادار بکەن کە بێن ببەن.

بەزموڕەزمی ئەمڕۆی کەلوپەلەکانی لەمەڕ دوکتۆرو دوێنێو ئەمڕۆی فرۆشتنی ئەوەکانی خۆمانو فڕانفڕانی بەتانیو زۆپا، هەرایەکی وەهای لەناو کۆڵانو گەڕەکدا نایەوە، ترسی ئەوەی خستە دڵمانەوە، کە هەبن بە مفتی تێبگەنو بێن بۆ دزینی ئەوەی ماوەتەوە. بۆیە ئەوەتا هەمووومان ئاخنیوەتە ژوورەکەوەو بەحاڵ، جێگەی نووستنی خۆمانی تێدا ماوەتەوە.

## ٣/٢٤ – مەهاباد – ئوتێلی کەیهان

١- پێش ئەوەی خانە جێبێڵین، حەزم کرد بۆ دوا جار، سوورێکی پێدا بخۆم. بە راستە شەقامەکەدا دەهاتمو دەچووم، کە سەریان هەڵداو وتم: ئەوا پەیدا بوون. ئا.. دەیەها لۆریی سەربازیی پڕاوپڕ، لە (پ.م)ی هێزەکانی(س.ش.ك)و کاروان بەدوای کارواندا، دەگەیشتنو بەبەردەممدا رادەبوردن. بۆ کوێ؟. نەکەس دەیزانیو دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم: نەخۆیشیان. سەدان کوڕی گەنجو چەکیان لەشان داماڵراوەو لەناو لۆریی سەربازیدا، کزۆڵەیان بەستوە.. زەردە بەلێویانەوە نابینرێ.. روویەکی گەشیان تێدا ناکەوێتە بەرچاو.. لەشکرێکی تێکشکێنراوەو خۆبەدەستەوە دەدا!.. خۆبەدەست دۆستەکەیەوە دەدا نەك دوژمنەکەی!.

بەدەمییەوە دیمەنی لەوەبەریانم دەهاتە بەرچاو.. هەبوون هەر لە هەمان ئەو لۆرییانەدا، چەك لە شانو تەیار بەتەقەمەنیو لێو بەبزەو پێکەنینو رووگەشو دڵ پڕ لە شادی، بەدەم سروودی (ئەی رەقیب)ەوە، لە ناوچەکانی

سلێمانیو گەرمیانەوە، بەخاکی وڵاتی ئەم دۆستەدا دەهاتنو لە سنووری دەپەڕینەوە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دوژمنەی، کە نەیتوانی بەشەڕ تێکیان بشکێنێ. کەچی دۆست، بە قەڵەمێکی نێوان سێ پەنجەو ئیمزایەك، لە چاوتروکانێکدا رایماڵین!. داخ.. خۆزگە دەمتوانی بەخێرایی تیشك، گەشتێکم بەناخی هەر یەکێکیاندا بکردایە، تا بمزانیایە چ جۆرە جەخارێك هەڵیان دەقرچێنێ!!.. خۆزگە!.

٢- کە گەڕامەوە ماڵەوە، خانم ئامادەی بەڕێکەوتن بوو بوو. ئینجا دەبوو ژوورەکە بە کەلوپەلەکانەوە، تەسلیم بە پیرەژن بکەمو پسووڵەیەکیش لەبەرامبەریدا وەربگرم. داوام لە کوڕەکەی کرد کە ئەو کارەم بۆ ئەنجام بداو پیرەژن نەیهێشت. بانگی کردە لاوەو شتێکی بەگوێدا چرپاند. ئەوسا هاتەوەو وتی: من دەخڵم بەسەر ئەم کارەوە نییە. خانمیش بە گوێی منیدا چرپاند، کە پیرەژن نیازی پاك نییە. ئیتر ناچار چووم بۆ لای ڕەئووفو داوام لێکرد، کە ئەو بێت بیانگرێتە ئەستۆو زووش دوکتۆر ئاگادار بکا بیانبات. بڕیاریداو پێکەوە چووین پیرەژنمان تێگەیاندو کلیلەکەم دایە. بەمجۆرە لە گێچەڵی ئەو کەلوپەلانە رزگارم بوو، کە لە ئەنجامی ساویلکەیی خۆمدا تووشی بووم.

٣- سەعات سێو نیو گەیشتینە ئێرە. بیرم کردەوە کە ئەگەر بەردەوام بین، دەبێ بە درێژایی شەو بەرێوەبین. بە پێویستم نەزانیو لاماندایە ئەم ئوتێلە. بۆ کڕینی هەندێ شتی پێویست، بەتایبەتی پێڵاو بۆ منداڵەکان، چووینە دەرەوە. کوردەهای لەمەڕ خۆمانمان دەدیو بەتایبەتی لاوان، دەستە دەستە بەشەقامەکاندا دەهاتنو دەچوون. لە چاوو سەروسیماو دەمودووی مەهابادییەکاندا دەمخوێندەوە، کە داخوخەفەتیان سەبارەت بە بەسەرهاتەکە، لە ئێمە کەمتر نییە. بەڵام بە ئاشکرا نەیاندەدرکاندو ئەگەر بیشیان کردایە، بە کورتە وتەیەکی تەمومژاوی یا بە تیروتوانجێك دەریان دەبڕی. بۆ نموونە کە گەڕاینەوە ئوتێل خاوەنەکەی وتی: بەرەو کوێ دەچن؟. کە وتم: سلێمانی. وتی: چاك دەکەن.. نەکەن بمێننەوە. بەدوایشیدا بۆ ئەوەی قسەکەی ئاسایی بکەوێتەوە وتی: هەرچۆنێ بێ، ئەوێ شارو وڵاتی خۆتانەو دەچنەوە ناو کەسوکارتان.

گەڕاینــەوە ژوورەکــەمان. پەنجەرەکــەی دەڕوانــێ بەســەر مــەیدانێکی فراوانـدا. حـەوزو فوارەیـەك و پەیکـەرێکی شـا لـە ناوەڕاسـتیدایە. بـەدرێژایی شەقامێك کە لە تەنیشتەوە دێتە سەری، تا هێندەی لە ئێمەوە دیار بێ، لۆریـی سەربازی دەبینم راوەستاون. روویان لەولاو پشتیان لەمنەو ناوەوەیان دەبینم. پڕن لـە (پ.م)ە چـەك لێداماڵراوەکـانی (س.ش.ك)و بـارکراون و دەبرێـن. بـۆ کوێ؟!.. نازانم. ماوەیەکە سـەرنجیان دەدەمێ. وەك دابـەزینیان لێقەدەغـە بـێ وەهایە. نابینم یەکێکیان دابەزێ، یا یەکێ بچێ بەدەنگیانەوە. هەست ناکەم لەگـەڵ یەکتریشـدا بدوێـن. کشـومات و کـزو کەساسـن. نـاو لۆرییـەکانیان بەدووکەڵی جگەرە قانگ داوە. سەرنج دەدەم ئەو خەڵکەی بەلایاندا رادەبوورن، لـە ئاستیاندا هەڵوێستێك دەکـەن. هـەڵڕوانینێکی خێراو ئیـتر، بەهـەنگاوی قورس و سیمایەکی حەپەساوەوە، دوور دەکەونـەوە. تەنانـەت منداڵانیش بـە بێدەنگـی و واقوڕمانـەوە، ماوەیـەك بەدیاریانـەوە دەوەسـتن و دەکشـێنەوە. دیمەنەکـە هێنـدە جـەرگبڕە، لـە ئاسـتیدا لـەوە زیـاتر خـۆم پێڕاناگـیرێ و بـەر پەنجەرەکە بەر دەدەم.

٣/٢٥ – مەریوان – ئوتێل

١- بـەیانی جێبێکـم بـەکرێ گـرت و سـەعات (٨:٤٥)، لـە مـەهابادەوە دەرچووین. زۆری نەبرد لەگەڵ شوفێرەکەدا کەوتینە دەمەتەقێ. من لەسەرەتادا ئاسـایی دەدوام و قسەم گـل دەدایـەوە. بـەلام ئـەو بـەبێ سـڵکردنەوە، کەوتـە هەڵڕشتنی گلـەیی و رق و کینـەو داخ و خەفـەت و جنێـوو لەعنـەت و هـێرش و پـەلامار!.. بەسـەریەکەوەو بەتێکـەڵاوی و جـەنجاڵی و بەناوییـەکدا. گلـەیی و سەرزەنشتەکەی بەرامبەر بە ئێمە بوو، کە دەبوو عیبرەت لـە دەرسـەکەی ئـەوان وەربگرین و بە بەڵێنی شاو رژێمەکەی هەڵنەخەڵەتێین.

کە هاتە سەر باسی خۆی، دەری خست کە جوتیاری کوڕی جوتیارێکەو خەڵکی دێیەکی نزیك مەهابادە. لە خوێندندا سەرەتایی تەواو کردوەو ئێستا، هـەم لەگـەڵ مـاڵی بـاوکیدا فەلاحەتەکـە دەکـا و هـەم ئـەم جێبـەش دەگـێڕێ. بەشانازیشـەوە باسـی بـاوکی و بنەماڵەکـەیانی کـرد، کـە لـە رۆژانـی کۆمـاری مەهابادا (پ.م)و لایەنگری کۆمار بوون.

٢- سەعات سێ گەیشتینە جێ. خانمو منداڵەکانم لەم ئوتێلە دامەزراندو خۆم چوومە دەرەوە. دەرەوە ئەوەکەی جاران نەمابوو. بەرەوژوور بوومەوە بۆ ماڵی شێرکۆ، تا هەواڵی بزانمو بەدرێژایی شەقامەکە، ناسیاوێکم نەبینی کە لەوەبەر چەندانم لێدەدین!. لە دەرگامداو وتیان: لە پێرێوە ڕۆیشتۆتەوە بۆ سلێمانی. لە گەڕانەوەدا لامدایە ماڵی سەردار مستەفا. لەوێش هەمان وەرامم درایەوەو ئیتر گەڕامەوە ئوتێل.

٣- سەعات شەش و نیو، لە پەنجەرەی ژوورەکەوە دەمڕوانییە سەرجادەکە، کە ئوتومبێلێکی نێرن هاتو لەبەر ئوتێلەکەدا ڕاوەستا. سەرم سوڕما کە ڕوانیم وا، ماڵی ڕەئووفو حەمە ڕەشیدو سەلامو ئەمجەدی لێدادەبەزن!. کاتێ سەرکەوتنە سەرەوە وتم: خۆ ئێوە دوودڵ بوون لە هاتنەوەو قەت لەوە نەدەچوو، وا زوو ساغی بکەنەوە. چۆن وا لە پڕێکدا بڕیارتان دا؟!. وتیان: بڕیارمان دا لەوە زیاتر لەسەری نەوەستین و بەلایەکیدا بخەینو وا، بەم لایەماندا خست. من هەر خێراش هەواڵی کەلوپەلەکانم لە ڕەئووف پرسیو وتی: کاتێ هاتینە سەر سەفەرکردن، چووم بۆ عەمباری شۆڕشو ناسیاوێکی لێبوو، مەسەلەکەم بۆ باس کرد. ئەو لەلای خۆیەوە وتی: تەسلیمکردنی ئەو کەمەکە کەلوپەلە، بە عەمبارێك کە پڕاوپڕە، هیچ ناگەیەنێ. بچن ئەوەی بە کەڵکتان دێ، لەگەڵ خۆتاندا بیبەنو ئەوەیشی نا، ئەوا بیفرۆشنو سوود لە پارەکەی ببینن. منیش وام کردو سەلاجەو فەرشێکم دا بە حەسەن. یەکی فەرشێك بە حەمە ڕەشیدو سەلام. دوو فەرش بۆ خۆمو ئەوەیشی مایەوە، فرۆشتمنو دامناوە، شتێ لە پارەکەی بدەم بە شێرکۆ!.

من کردەوەکەیم زۆر پێناخۆش بوو. وتم: چاکت نەکرد.. چ وەرامێکی د. کەمال بدەینەوە؟!. وتی: چارم نەبوو.. کەهاتمە سەر سەفەرکردن، دەبوو یا وەها بکەم، یا لە ژوورەکەدا جێیان بێڵمو لەو حاڵەتەدا، باوەڕم وابوو کە نەدەکەوتنەوە دەست دوکتۆر. بەهەرحاڵ لەسەری نەڕۆیشتم. لەسەر ڕۆیشتنی هیچ دادێکی نەدەدا. وام دانا کە قەوماوەو گلەیی دوکتۆرم دێتە سەرو بڕاوەتەوە. بەڵام لەبەرامبەریدا لە دڵدا دەمووت: ئێ ئاخر دوکتۆر.. وەکوو فرسەتت لێهێنامو تووشی ئەو عەزابەت کردم، دە تۆش بەڵێنەکەت بەجێ بهێنایەو ڕۆژی دوایی بهاتیتایەو کەلوپەلەکانت سەر لەبەر وەربگرتنایەو

بتبڕانایەتەوە. کە نەتکرد، دەبێ بووتریێ ئۆبالێ بە ئەستۆی خۆت. هەرچەندە ئەمە، بێبەریکردنی ئەستۆی بەرپرسیتر ناگەیەنێ.

٤- رادیۆم کردەوەومیلم گێڕاو لەسەر تەلئەبیبم راگیرکرد. ئا بەڵێ.. بۆ زانین بە دیوەکەی تردا لەبارەی وەزعی خۆمانەوە، دەبێ گوێ لە تەلئەبیبو دەنگی ئەمەریکاو لەندەنو مۆنتیکارلۆیش بگرین!. گوێم لێبوو دەیووت: عیسمەت شەریفی نوێنەری شۆڕشگێڕانی کورد لە ئەوروپا، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا، داوای لەسەرکردەکانی کورد کردوە، کە دەوری مێژوویی خۆیان، بۆ بەردەوامبوون لەسەر شەڕکردن تا سەرکەوتن، ببینن و کۆڵ نەدەن!. ئەمە چەندی بەچەند؟!. مەسەلە عیسمەت شەریف نییە.. مەسەلە تەلئەبیبەو من سەری لێدەرناکەم!.

٥- سەعات یازدەی شەوە. دیسان دەگەڕێمەوە سەر باسە سەرەکییەکەو لێکی دەدەمەوە. سبەینێ دەگەینە پێنجوینو ئیتر ئەوە دووڕییانەکەیە. دوای ئەوە چیتر؟!. هێشتا هەر بڕیارم وایە بچینە کاژاو تا لەوێ بزانم برادەرانی (ق.م)، هەڵوێستیان چی دەبێو منیش بڕیاری خۆم بدەم. بەڵام وای بۆ دەچم کە هاتنەکەی فازیل، شتێك لە هەڵوێستی لەوەبەریان دەگۆڕێ!. بەهەرحاڵ رەنگە باشتر وابێ، لەبنەڕەتەوە واز لە بردنی خانمو منداڵەکان، لەگەڵ خۆمدا بۆ کاژاو بێنم.

٣/٢٦

• سەعات هەشت – مەریوان

پێنج قۆڵی خێزانەکانی: (رەئووف، حەمە رەشید، سەلام، ئەمجەد، من)، ئێرنێکمان بەکرێ گرتووەو بەخاووخێزانو کەلوپەلەوە، تێیخزاوینو بەرەو بناوەسووتە دەچین!.

• سەعات دە – بناوەسووتە

شوفێرەکە پیاوەتیی لەگەڵدا کردینو لە (جۆگەلە – سنوور)ەکەی لەمەڕ جاران، پەڕاندینییەوەو ئەوسا هەڵپڕشتین. ئێرە لەوەبەر ئاستی نووسینگەی

سەفەر بوو، کە میرزا سدیق لێپرسراوی بوو. بەڵام ئێستا نەك نووسینگە، بەڵکووو هیچ شوێنەوارێکی (پ.م)و حیزبو شۆڕشیشی لێ نییەو ئەوەی هەیە، دەیەها خێزانە بە تۆپەڵە کەلوپەلی شڕەوپڕەیانەوەو لە چاوەڕوانی هەرپێچکەدارێکدان، بیانگەیەنێتە پێنجوین و ئێمەش لەگەڵیاندا.

لە ئەنجامی پرسیارکردندا لەوانەی پێش ئێمە گەیشتبوون، دەرکەوت کە:

١-سوپا هێشتا لە سەید سادقەو، حکوومەتیش نەهاتۆتەوە پێنجوین.

٢-خۆ بەدەستەوەدان ئاساییەو، هیچ مەترسییەکی تێدا نییەو، کەس ئازار نەدراوە.

٣-هێزەکانی (پ.م)، ناوچەکانیان چۆڵ کردوەو، بەشێك بەلای عێراقدا چووەو، بەشێك بۆ ئێران.

٤-لە کاتی خۆبەدەستەوەداندا، هیچ جۆرە پشکنینێکی ناوگیرفانو لەشو کەلوپەل نییە.

٥-لە یەك دوو ڕۆژی یەکەمدا، دامودەزگاکانی شۆڕشو بەتایبەتی فرۆشگا، تالان کراون.

من لەبەر نووسینەکانی خۆمو ئەو هەندە بەڵگەنامانەی هێناومنەتەوە، ئەو نەبوونی پشکنینەم پێخۆش بوو. لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەت بە هەندێ ڕەسمی کاریکاتێریی دەسکردی سمکۆ ناکام، کە کەوتبوونە لام، هەر دوودڵ بوومو بەناچاری ئەوانەم دڕاندن، کە لە ڕووی سیاسییەوە زەق بوون. چونکە سەربازێکی نەخوێندەواریش بەتەنیا بینینی، لە ماناکەی تێدەگەیشت. ئیتر ئەوانیترم هێشتنەوە، لەگەڵ دەقی شانۆگەرییەکی کە کەوتبووە لام.

• سەعات یازدە - پێنجوین

دوای هەڵپەو پەلەقاژەی هەر پێنج پیاوی پێنج خێزانەکە، تراکتۆرێکی عەرەبانەدارمان دەست کەوتوهاتین. لێرەش هەر خێزانەو شڕەوپڕەیان، لەمبەرو لەوبەری شەقامە سەرەکییەکە داناوەو ئینجا لە چاوەڕوانی،

گەیشتندان بەسەید سادق. بەلام ئێمە جارێ وا، خۆمان لە ژوورێکی فرۆشگای تالانکراودا، کە دەرگاو پەنجەرەیشی تێدا نەماوە دامەزراندوە.

بەڵێ.. وا لە پێنجوێنم و دووپییانەکەیە. ئێستا رەئووف و سەلام و حەمە رەشیدو ئەمجەد، حسابەکەیان لەلا روونترە وەك لە من. ئەوان دەیانەوێ ئوتومبێلیان دەست بکەوێ و بگەنە سلێمانی. لە کاتێکدا من وەزعەکەم لەلا لێڵەو نازانم چی بکەم!. لەخانە ئەوان دوودڵ بوون و من دڵنیا. لێرە ئەوان دڵنیان و من دوودڵ. من لەوێ وا بەرێکەوتم، کە لێرەوە ئیتر بەرەو کاژاو لابدەم. کەچی لێرە وا دیارە، کە دەبێ بڕیارەکەم بگۆڕم.. وا چاکە خۆم بە تەنیا بچم و خانم و منداڵەکان، بنێرمەوە ناو شار.

• سەعات یەکی دوای نیوەڕۆ

١- حەمەی حەمە باقیم بینی. لە رێوە لە شارباژێڕەوە هاتبوو. هەواڵی ئەویم لێپرسی. وتی: هیچ شتێك لەکایەدا نییەو هەرەسەکە، هەموو شتی رامالیوە. من سەرم سوڕما!. بۆم باس کرد کە خەڵکێکی زۆر، بڕیاریان وابوو روو بکەنە ئەوێ و ببێتە بنکەی ئیدامە پێدانی شۆڕش. وتی: من لەسەرگەڵووەوە کەوتوومەتە رێ و بەپێ، بە شارباژێڕدا هاتووم. دەگەرام یەکێ هەبێ، ئامادەی بەردەوامبوون بێ و من دووەم بم و نەبوو. هەواڵی (ق.م) و بابە تایەرو تایەری عەلی والی بەگم لێپرسی و وتی: بۆ ئەوان نازانم. بەلام خۆم چووم بۆ لای نووری شاوەیس، کە رەنگە بزانن دەبوو لەگەڵ تایەری عەلی والی بەگ و فەتاح ئاغادا، ببونایەتە لیژنەی سەرکردایەتیی ناوچەی سلێمانی. پرسم پێکردو رای وابوو، کە لە تەسلیمبوون بەولاوە، هیچ چارەیەکی تر لەبەردەمدا نییە!.

ئەم قسانە کاریان زۆر تێکردم. دەبوو شارباژێڕ ئێستا، شتێکی پێوە دەربکەوتایە. کەچی بەپێی ئەم قسانە بێ، هیچ شتێکی تێدا لە ئارادا نییە!.. سەیرە!.

٢- بیستم بابە تایەرو تایەری عەلی والی بەگ، لێرەن و بڕیاریان وایە، بەرەو سلێمانی بڕۆن!. ئەمیش سەیرە!. فاروق وای بۆ باس دەکردم، کە زۆر بە

حوماسەتەوە، سوورن لەسەر ئیدامە پێدانی شۆڕش. من خۆیشم ئەوەم ئاگالێبوو کە بابە تایەر بەدیوی عێراقدا، چەندە چەك و تفاق و زەخیرەی بۆ کۆکرایەوە، لەگەڵ سێ چوار (پ.م)ەکەی خۆیدا، بۆ شارباژێڕی ناردن و خۆیشی بەدیوی ئێراندا بگاتە لایان!.

ئێستا ئەوانە هەموو بابڵێین: هیچ!. ئەی (ق.م)؟!.. ئەی ئەوان کوان و دەبێ ئەنجامیان چی بێ و چییان بەسەرهاتبێ؟!. روون نییەو ئەمە بۆ من، مایەی سەراسیمەییەو دەمخاتە حاڵەتێکی دژوارەوە!. چی بکەم باشە؟!. ئەگەر ئەوەی حەمە باسی کردو ئەوەی سەبارەت بەهەردوو تایەر بیستم راست بێ، دەبێ ئەو چوونەی من بۆ کاڕاو، چی بگەیەنێ و چ پێویست بکا؟!. ئەی بۆچی منیش نەچمە ناو شارو لەوێ ساغی نەکەمەوە؟!. خۆ لەبریی ئەوەی لێرەوە بۆ کاڕاو لابدەم، دەچمە ناو شارو لەوێوە کە نزیکتریشە، خۆمی دەگەیەنمێ. ئا.. وا دەکەم. دەچم لەوێ یەکلایی دەکەمەوە.

بەهەرحاڵ، دیسان بەهەر پێنج پیاوی هەر پێنج خێزانەکە، لە ماوەیەك لەمەوبەرەوە، لە تەقەلای پەیداکردنی پێچکەدارێکی مەکینەداری تردایـن و دەست ناکەوێ.

• سەعات دوو

لە ئەنجامدا پیکابێکمان بە پارەیەکی زۆر دەسگیر بوو، کە هەتا دۆڵە سوورمان بگەیەنێ. چونکە (پ.م) پێش بڕیاری خۆبەدەستەوەدان، پردی (کەولۆس)یان تەقاندبۆوە. ئیتر لەوێوە دەبێ جارێکی تر، ئوتومبێل یا تراکتۆر بۆ سەید سادق بەکرێ بگرینەوە.

بەخۆمان و ماڵومنداڵ و کەلوپەلەوە، خۆمان ئاخنییە ناو پیکابەکەوە. سەرباری خۆمان، لەولاوە دوو ژن و دوو کوڕی گەنج و سێ منداڵمان لێپەیدا بوون، کە کەلوپەلیان پێنەبوو. تکایان زۆر کرد کە جێگەیان بکەینەوەو ئەوانیشمان تێئاخنی. بۆیە ئێستا بووینەتە عەشاماتێك لە: (من و خانم و گۆران و مەزدە.. رەئووف و شوکری و فاتی و پێنج منداڵ.. حەمە رەشید و هاوسەری و سێ منداڵ و مەحموودی ژنبرای. سەلام و هاوسەری و دوو منداڵ. ئەمجەدو هاوسەری و یەك منداڵ. لەگەڵ دوو ژنەکەو دوو کوڕە گەنجەکەو سێ

منداڵ)، واتە هەشت پیاوو هەشت ژن و پازدە منداڵ، لەگەڵ کەلوپەلی پێنج خێزاندا!. سەیرە!.. چۆن جێگامان بۆتەوە؟!.

• سەعات چوار – ناڵپارێز

خانم هاواری لێهەڵسا: رای گرن.. ئوتومبێلەکە راگرن!. –چییە.. چی بووە؟!. –ئەو ژنە.. ئەها بووراوەتەوە!. لە سایەق کرایە هاتوهاوارو راوەستا. ئا.. یەکێ لە دوو ژنەکە بوورابۆوە. وەك مردوویەك داگیرایە خوارەوەو تەخت، لەسەر زەوی راکێشرا. کە لێی نزیك بوومەوە، دەنگی قرخەقرخیم هاتە بەرگوێ. لەو ساتەدا وام هەست کرد، کە لە گیانەڵادایە. لە ئاستێکدا راوەستاوین کە ئاوەدانە. دوو سێ خانوو لە کەنار جادەکەدا هەن. جگە لە ئێمە کە بە دەوری جەستە راکشاوەکەدا بەیەکدا دێین، خەڵکی ناو خانووەکانیش دێن بەدەنگەوە. چەند ساتێکی ستەمن و تێدەپەڕن. ئەو قرخەقرخێتی و دەمی کەف دەچێنێ. ئێمە شڵەژاوین و تێیدەڕوانین و هیچ ناکەین. ژنەکەی هاوەڵی و دوو کوڕەکە، شڵەژاوترن و ئەوانیش هیچیان بۆ ناکرێ. من بە خۆمەوە نەدیوە، بۆ ئەم حاڵەتانە زۆر بە سەلیقە بووبم. کەچی ئەمجارە لە ناکاوێکدا، تەکانم بە خۆمداو هەردوو پەلی ژنەم گرتن و هێندەی لە فلیمی زانستیدا دیبووم و لە کتێبدا خوێندبوومەوە، دەستم کردە هەناسەپێدانی و هەر زوو قرخەی نەما. دواتر رەنگە زەردە ترسناکەکەی رەوییەوە، کەوتەوە سەرو دەست بزواندن و ئینجا: هەڵسایەوە سەر باری دانیشتن. ژنانی خەڵکی خانووەکان، داوایان کرد بیرێتە لای ئەوان. ئافرەتێکی بەخۆوە بوو. کێ بتوانێ هەڵی بگرێ؟!. خانم لێی نەوی و دای بەکۆڵیداو بردی. ئینجا هاتینە سەر ئەوەی کە چی بکەین باشە؟. دوو کوڕەکە خۆیان وتیان: ئێوە ماتەڵ مەبن. چاکتر وایە ئێمە لێرە چاوەڕوان بین، تا تەواو دێتەوە سەرخۆی. ئیتر بڕیاردرا جێیان بێڵین.

خانم کە هاتەوە بۆی روون بووبۆوە، کە ژنە بووراوەکە براژنی یەکێ لە دوو کوڕەکەیەو مێردەکەی، کاربەدەستێکی شۆڕش بووە لە بادینان. ژنەو کوڕەکەی تریش، ژن و مێردن و لەگەڵ ئەواندا ئامۆزاو پوورزان.

• سەعات پێنج – دۆڵە سوور

لەگەڵ گەیشتنماندا، تراکتۆرێك لە جێدا حازر بوو. لەگەڵیدا رێکەوتین و بەخۆمان و کەلوپەلمانەوە، لەناو عارەبانەکەیدا کەڵەکە بووین. ئێمە لە پێنجوین بیستبوومان، کە (پ.م)، لە خوار دۆڵە سوورەوە بۆ ماوەی سێ سەد مەترێك، واتە تا نزیکی پردی کەولۆس، بۆ بەرگرتن لە هێزی سوپا، مینرێژیان کردبوو. جا هەرچەندە پێمان راگەیەنرا کە پاك کراوەتەوە، بەڵام هەواڵیشمان زانی کە دوێنێ، مینێکی وێڵ لەژێر پیکابێکدا تەقیوەتەوەو سیازدە کەسی تێدا بە فەوت چوون. واتە هێشتا ترسی بوونی مینی وێڵی تریش، لە ئارادا هەیە. بەڵام سایەقی تراکتۆرەکە دڵنیای کردین، کە دوای تەقینەوەکەی دوێنێ، مەفرەزەیەك لە سەید سادقەوە هاتوەو بست بە بستی پشکنیوەو هیچی تێدا نەماوە.

• سەعات پێنج و پەنجا دەقیقە – پردی کەولۆس

لە سەعات پێنج و بیست دەقیقەدا، گەیشتینە سەرەتای شوێنە مینرێژکراوەکە. ئەگەرچی سایەقەکە دڵنیای کردبووین و دڵنیایشی کردینەوە کە ترسمان نەبێ، بەڵام دادی نەدا.. مینێکی وێڵیترو مەفرەزەکەش هەر زەفەری پێنەبردبێ و بە نسیبی ئێمە ببێ و زرمەمان لێهەڵسێنێ!.. نابێ؟!. تەنانەت هەستم دەکرد سایەقەکە خۆیشی، هەوڵی دەدا تایەکانی تراکتۆرەکەی، بەموو لەسەر جێتایەکانی سەرجادەکە لانەدا! هەرچەندە بڕینی ئەو ماوە سامناکە، تەنیا شەش حەوت دەقیقەی خایاند، بەڵام دەتووت لە برانەوە نایەت!.

بەهەرحاڵ، گەیشتنە ئاستی پردی داروخاوی کەولۆس (کە لەگەڵ مینرێژکردنی جادەکەدا تەقێنرابۆوە)و هەناسەی سەرفرازیمان هەڵکێشا. لەسەر داوای سایەقەکە، هەموو دابەزین و منداڵمان لەباوەش گرتن و بەسەر داروپەردووی پردەکەدا پەڕینەوە. ئەویش لە خوارترەوە، تراکتۆرەکەی پەڕاندەوەو ئەو پیاوەتییەشی کرد، کە کەلوپەلەکانی باش قایم کردن و زیانمان

نەبوو. تەنیا لەدوا ساتدا، جانتایەك بەربۆوەو ئەویش، کەوتە سەر وشکانیو هەڵگیرایەوە.

• سەعات حەوت – سەید سادق

کاتێ گەیشتینەجێ، دوو کوڕی گەنجی چەك لەشان، کە لەوە دەچوو خەڵکی ئێرەبن، بەسەرو زمانێکی شیرین پێشوازیبیان لێکردین!. سەیرە!.. ئەوەی جاران پێیدەووترا جاش، ئێستا دەوری (پ.م) دەبینێ!. لەوەبەر کە خێزان لە شارەوە دەردەکرا، (پ.م) پێشوازییان لێدەکردن. ئێستا هەر ئەو خێزانە کە دێتەوە، چەکداری سەر بە حکوومەت پێشوازیی لێدەکا!.

لەسەر داوای خۆمان، هەوڵیاندا ئوتومبێلمان بۆ سلێمانی بۆ پەیدا بکەنو نەبوو. وتیان: چاکتر وایە بمێننەوەو ئێمە، شوێنتان بۆ دابین دەکەین (واتە دامان دەمەزرێنن!). کە ماوەیەکی تر چاوەڕێمان کردو دنیاش تاریك داهاتو ئوتومبێل نەبوو، مەجبووری ئەوان بووینەوەو دایان مەزراندین!.

• سەعات دەو نیو

ماڵی پیرەمێردێکی سەڵتە. خانوویەکی گەورەیەو خۆی بەتەنیا، لە ژوورێکی تەریکیدایەو هەندێ شڕوشیتاڵ بە دەوریدا!. مەردانە میوانداریی کردین. پیرێکی قسەو رووخۆشە. وتی: بە ماڵی خۆتانی بزانن‌و کام ژوور هەڵدەبژێرن، فەرموون‌و ئەوە گسك پاکی بکەنەوەو ئەوەش نەوت‌و چرا. ئیتر ژوورمان هەڵبژاردو جێگامان داخست. خانم‌و شوکری برنجێکی سووریان لێنا. رەئووف چوو لە ماڵەکانی نزیکمان، هەندێ نان‌و تەرەپیازی هێنا. ماڵومنداڵ تێریان خواردو لەبەر هیلاکیی رێگا، هەرزوو خەو بردنییەوە. منیش ئەوەتا چراکەم هێناوەتە بندەستمەوەو دەنووسم.

٣/٢٧– سەرچنار

١– بەیانی بۆ ئوتومبێل دانەماین. پیکابێکمان بە ئاسانی دەست کەوت. سەر لەنوێ پێنج قوڵیو بە خاووخێزانو کەلوپەلەوە، خزاوینەتە ناوی بەرەو شار دەکەوینە رێ.

٢- پێش دەرچوونمان لە سەیدسادق، دەبوو بچینە (ریزی پسوولەی لێبوردنەوە!). لەشکرگایەکی سوپایەو لە شەش حەوت رۆژی پێشوودا (واتە دوای بڕیاری بڵاوە پێکردن لەلایەن سەرکردایەتیی ئێمەوەو بڕیاری لێبوردن لەلایەن سەرکردایەتیی ئەوانەوە!)، لە عەربەتەوە هاتوون و دایان مەزراندوە.

لەسەرەتادا کەڵەکەترێ بوو. دوو سەرباز هەریەکە لەسەر مێزێك، دانیشتبوون و ئیستمارەیەکی چاپکراویان لەبەردەستدا بوو. هەرچی دەیتوانی بیانگاتێ، بۆیان پڕ دەکردەوەو پێیان ئیمزا دەکردو پسوولەیەکی چاپکراوی ئیمزاکراویان دەدرایەو ئیتر، دەیفەرمووەوە ناو ریزی نیشتمانییەوە!. ماوەیەك حاڵ وا بەڕێوەچوو، کە ئەوە بۆ من دەستی نەدەدا. تا کوڕێکی گەنج لەناو خۆمانەوە پەیدابوو. کردییە هاتوهاوار بەسەر خەڵکەکەدا کە ریز بن و دوو سێیەکیش، خێرا دایانە پاڵی. ئیتر سەرفرازبن، ریزیان بەخەڵکەکە بەست و منیش، لە خەمی ئەو کەڵەکەترێیە رزگارم بوو.

٣- لە کاتی راوەستانەکەم لە ریزدا، دیمەنی (پ.م)ەکانی (س.ش.ك) سەرنجی راکێشام، کە ئەوانیش کەمێ لەولاترمانەوە، بە چەکەکانیانەوە چووبوونە ریزی پسوولەی لێبوردنەوە. روانیم هەریەکەیان کە چەکەکەی لێوەردەگیرێ، بڕێ پارەی دەدەنێ. زۆرم پێسەیر بوو!. کە پرسیارم کرد وتیان: ئا بەڵێ.. بۆ دەمانچە چل دینار. بڕنەو حەفتا. کلاشینکۆف سەد. رەشاش سەدو پەنجا. ئاڕ.پی.جی و هاوەن دوو سەد دینار دەدرێ!.

٤- نۆرەم هات و گەیشتمە بەردەمی سەربازەکە. بێسەربەرزکردنەوەو تێڕوانینم، کەوتە خوێندنەوەی پرسیارەکانی ناو ئیستمارەکە:

-ناوت؟.

-حسین عارف عبدالرحمن.

-نیشت؟

-فەرمانبەر.

-کەی هەڵاتیتە (گیرفانی نۆکەری) یەوە؟.

-١٩٧٤/٦/٧.

-چیت لەگەڵ خۆتدا برد؟.

-هیچ.
-کێت لەگەڵدایە؟.
-ژنەکەم و دوو منداڵ.
-ناویان؟.
-خانم و گۆران و مەزدە.
-وەرە ئیمزای بکە.
ئیمزام کردو ئینجا ئەم پسووڵە ئیمزا کراوەی دامێ:
(جرى استنطاق حسين عارف عبد الرحمن العائد إلى الصف الوطني ولا مانع من إعادته إلى عمله)

الرائد الركن هادي عباس
رئيس الهيئة التحقيقية

٥- پسووڵەم نایە باخەڵم و لەریز هاتمە دەر. رەئووف و سەلام و حەمە رەشیدو ئەمجەد، پێش من پسووڵەی خۆیان لە باخەڵدابوو. کە گەیشتمە لای پیکابەکە، هەموو لە چاوەڕوانی مندابوون. منیش سواربووم و کەوتینە رێ. ئینجا خانم بۆی باس کردم، کە لەو ماوەیەدا ژنە بووراوەکەی دیوەتەوەو زۆر مەمنوونی ئێمە بووە، کە بەفریای کەوتووین و خۆزگەیشی خواستوە، رۆژێك لە رۆژان لە دهۆك بە یەکتر بگەینەوەو بتوانن، ئەجری ئەو چاکەیەمان بدانەوە.

٦- ئەوا سلەیمانیم لێدەردەکەوێ.. ئای سلەیمانی!.. دەزانم چەند مەزن و شکۆداریت. لەبەر ئەوەنا کە خەڵکی گەڕەکی چوارباختم.. بەڵکوو مێژووەکەت دەیسەلمێنێ. بەڵام سلەیمانییە مەزنە شکۆدارەکە.. ها بگرە پۆلێك لە هەزاران پۆل لە شکری شکستخواردووی دڵشکاوان!.. ها لە ئامێزیان بگرەوەو مەگەر تۆ، بە هەتوانی شکۆداریی خۆت بتوانیت، زامی ناخیان بڕژێنیتەوەو تەسکێنییەك، بە دەروونی پڕ لە زووخاویان بدەیت. ها سلەیمانی.. ها پۆلێکی‌تر لە پیاوو ژن و منداڵانی گەڕەك و کووچەو کۆڵانەکانت، کە چوون لە پێناوی پتر سەرتوندکردنت لە کەشکەلان، رێی هاتونەهاتیان گرتەبەرو رۆژگاریان وا وەرچەرخا، کە دۆست و دوژمنت پێکەوە، ژەهری

شکست و نووچدانیان پێبنۆشن! ها بگره سلەیمانی.. بگره پۆلێکی تری لەشکری دڵشکاوان!.

٧- دەبوو زوو وەزعی برادەرانی (ق.م) پێبزانم. خۆم گەیاندە ماڵی شێخ حامید، کە دەمزانی کادرێکی چالاکیانە. کە لێم پرسی، راستەوخۆ وتی: برادەران هاتوونەتە ناو شار. خەریکی گفتوگۆن لەگەڵ حکوومەتدا. کاتێ من سەرسامیی خۆمم نیشاندا وتی: چارەسەر لەمە بەولاوە لەبەردەمدا نەبوو. برادەران رایان وایە، کە دەبێ بەهەر نرخێك بێ، پارێزگاری لە مانەوەی حیزب بکرێ. بیر لەوەش کراوەتەوە، کە رەنگە حیزب بتوانێ بە ئاشکرا ئیش بکا!. لەسەری نەرۆیشتم. تێگەیشتم کە هەرەسەکە، ئەوانیشی رامالیوەو براوەتەوە.

*

# بەڵگەنامە

سري

٤٥

اتحاد ادباء كوردستان
المركز العام

العدد/
التاريخ/ ٢٧/ ١١/ ١٩٧٤

الى / مديرية الاستخبارات العامه

فوجئنا بمزيد الاسف نباء جلب واستدعاء الاخ الاديب حسين عارف عضو الهيئه الاداريه لاتحادنا من قبل مسؤولكم في كلاله بشكل غير لائق يتسم بطابع الاستفزاز والاهانه والارهاب الامر الذي استوجب سخطنا وتعجبنا لمثل هذا الاسلوب العشوائي بحق احد ادبائنا البارزين دون استحصال موافقتنا لاستجوابه بشكل لائق فيما اذا استدعى ذلك وعليه نرجو اتخاذ الاجراءات المقتضيه بحق مسؤولكم لتجاوزه صلاحياته القانونيه بشكل سافر واعلامنا

صالح اليوسفي

رئيس اتحاد ادباء كوردستان

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible] ١٩٧٥/٢/٥

پارتی دیموکراتی کوردستان

مەکتەبی سیاسی

ژمارە/ ٦٩

ڕۆژ ١٩٧٥/٢/٤

بۆ/ یەکێتی نوسەرانی کورد /ی تێکۆشەر

سلاوێکی شورشگێرانە

نوسراوتان ژمارە ٦٩ لە ١٩٧٥/١/٣٠

٢٥ دانە لە گۆڤاری ( نوسەری کورد ) بەدەستمان گەیشت وەئەم ملاحظاتانمان هەیە .

١- مقالی ( سەعید ناکام لەگەل اتجاهی حزب ناگونجێت ومجوسی تێدایە دژی عرب کە سیاسەتی ئیمە نیە ئاگادارمان بکەن چون نشر کراوە .

٢- چیروکی رۆئف بی گرد قسەی تێدایە دژی شورش ولە مقالی یەکێکی دوژمن ومفرن ئەچێت ئاگادارمان بکەن هوی چیە ؟ . چونکە ئێوە مسؤلن لەم شتانە .

ئیتر بو پێشەوە . .

یەکێتی ی نووسەرانی کورد
بارەگای گشتی

ژمارە / ٧٩
رۆژ / ٢٥ / ٢ / ١٩٧٥

بۆ / بەڕێز / مەکتەبی سیاسی پ . د . ک

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

ئیشارە بە نووسراوتان ژمارە ٦٤ لـــــە رۆژی ٩/ ٢/ ١٩٧٥

ئێمە لە کاتێکدا بەڕێز لێ ئاشەوە تێ بینی یەکانتان بە هەردوو بەندی یەوە ( ١ / ٢ ) وەر ئەگرین و ئەو رەخنە یەتان بە ڕاست دەزانین و لەبەرچاوی دەخەین بە پێویستیشی دەزانین ئاگادارتان بکەین کە ئێمە لە لای خۆمانەوە و پێش گەیشتنی ئەو نووسراوەتان هەستمان بە ناڕەوایی تێ بینی- یەکانتان کرد بوو . وە چەند بڕیارێکمان لەم رووەوە دابوو بە نیازی ئەوەی ئەهلین بۆ لەمەودوا ئەو جۆرە هەڵانە دووبارە نەبێتەوە و ( محاسبە ) ی کاک سەعید ناکام و کاک رەئوف بێ گەرد یشمان کرد بوو. هەروەکوو بڕیارمان دابوو بە گوێرەی دەستەی نووسەرانی گۆڤار و ئەو مەرجەشمان دانا کە سەرۆکی یەکێتیمان خۆی بۆ لەمەودوا سەرپەرشتی نووسینەکانی گۆڤارەکە بکــــــــــات . ئەوە بوو لەمەو پێش بە نووسین ئەمانەمان پێ ڕاگەیاندن . هەروەها لە کۆبوونەوەکانی (م.س) دا بە ئامادە بوونی سەرۆکی یەکێتی باسی لێوە کراوە و بە ئەنجام گەیەنراوە . تکایە وای دابنێن کە باسەکە کۆتایی پێ هێنراوە و بەڵێن ئەدەین هەڵەی وەها لە دوا رۆژدا روونەدات.

صالح یوسفی
سەرۆکی یەکێتی ی نووسەرانی کورد

## دەقی مەحزەری کۆبوونەوەی دەستەی گشتیی یەکێتیی نووسەران

ئێوارەی رۆژی ١٩٧٤/٤/١٨ لە (قصر السلام)، ئەندامانی یەکێتیی نووسەرانی کورد کۆبوونەوە بەسەرۆکایەتی مامۆستا صالح یوسفی وە لە ئەنجاما بریاردرا لەسەر ئەم خاڵانە بدوێن:

١-دامەزراندنی دەستەی بەڕێوەبەری مەرکەزی.

٢-دامەزراندنی دەستەی بەڕێوەبەری لقەکان.

٣-پەیوەندی نێوان یەکێتی و دام و دەزگاکانی شۆڕش.

٤-گۆڤاری -نووسەری کورد-.
٥-بانگەوازێ بۆ ئەدیبانی جیهان.
٦-گۆشەی ئەدەب لە ئێسگە.
٧-ناوی یەکێتی.
٨-تەعدیلی نیزامی داخیلیو مینهاج.
٩-هەڵویستمان بەرامبەر بە ئەندامانی یەکێتی کە لە شارەکانا ماون.
١٠-پەیوەندیمان لەگەڵ ڕێکخراوە ئەدەبییەکان.
١١-نیشتەجێ بۆ -ی.ن.ك-.

١)بڕیاردرا بە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری مەرکەزی لە یانزە ئەندام وەبەم شێوەیە هەڵبژێرران:

| | |
|---|---|
| ١-مامۆستا صالح یوسفی | سەرۆك |
| ٢-مامۆستا محمد رسول هاوار | سکرتێری سەرۆك |
| ٣-مامۆستا محمد سعید ناکام | نائیبی سەقافی |
| ٤-مامۆستا مصطفی صالح کریم | سکرتێری ئیداری |
| ٥-مامۆستا احمد شریف | محاسب |
| ٦-مامۆستا شێرکۆ بێکەس | ئەندام |
| ٧-مامۆستا محمد موکری | ئەندام |
| ٨-مامۆستا کاکەمەم بۆتانی | ئەندام |
| ٩-مامۆستا جلال میرزا کریم | ئەندام |
| ١٠-مامۆستا محمد بدری | ئەندام |
| ١١-مامۆستا انور شاکەلی | ئەندام |

٢)بەنیسبەت لقەکانەوە، هەر لقێ وەك جاران ئیشو کاری خۆی بەڕێوەببات.
٣)دەستەی بەڕێوەبەر پەیوەندی نێوان یەکێتیو دامو دەزگاکانی شۆرش بەهێز بکاتو بەرنامەی ئیشو کاری دابنێ.
٤)دەستەڵاتدرا بە دەستەی بەڕێوەبەر کە دەستەی نووسەران دابنێ بۆ گۆڤاری ((نووسەری کورد)).
٥)بڕیاردرا کە بانگەوازێك بۆ ئەدیبانی جیهان لە ئێسگەوە بەو ناوەوە بڵاوبکرێتەوە.
٦)دەسەڵات بدرێ بەدەستەی بەڕێوەبەر کە هەوڵ بدا بۆ گەشەپێدانی گۆشەی ئەدەب لە ئێسگە، وە بەناوی ((ی.ن.ك)) وە پێشکەش بکرێ.

٧) دەستەی بەڕێوەبەر لیژنەیەك هەڵبژێرێ بۆ گۆڕینی مینهاج و نیزام.

٨)هەڵوێستمان بەرامبەر بەو ئەندامانەی یەکێتی ی کە لە شارەکانا ماون لەسەر هەڵوێستی خۆیان، دەست نیشان ئەکەین.

٩)دەستەی بەڕێوەبەر لیژنەی پەیوەندی دابنێ بۆ پەیوەندی کردن بە یەکێتی ئەدیبانی عیراقی و ئەدیبانی جیهانەوە.

١٠)سەرۆکی یەکێتی هەوڵ بدات بۆ پەیداکردنی بارەگایەك بۆ ی.ن.ك.

((ناوی ئەو ئەندامانەی لەم کۆبوونەوە مێژوویی‌یەدا بەشداربوون))

١-صالح یوسفی
٢-محسن ئاوارە
٣-احمد سلام
٤-محمد رسول هاوار
٥-سعید ناکام
٦-فلك الدین کاکەیی
٧-عبدالله عباس
٨-مصطفی صالح کریم
٩-عبدالله عزیز ئاگرین
١٠-ڕۆوف بێگەرد
١١-جمال شارباژێری
١٢-انور قادر جاف
١٣-صباح غالب
١٤-شێرکۆ بێکەس
١٥-احمد بێکەس
١٦-مجید مێرش
١٧-جلال میرزا کریم
١٨-محمد موکری
١٩-انور شاکەلی
٢٠-لەتیف هەڵمەت
٢١-عبدالخالق سەرسام
٢٢-سلام مەنمی
٢٣-عمر علی امین
٢٤-طاهر صالح سعید
٢٥-جوهر کرمانج
٢٦-محمد رشید فتاح
٢٧-امین میرزا کریم
٢٨-احمد شریف
٢٩-کاکەمەم بۆتانی

## یەکەم کۆبوونەوەی

## دەستەی بەڕیوەبەری نوێ

کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەری ((ی.ن.ك))

ژمارە (١).

*دەستەی بەڕێوەبەری نوێ ڕۆژی ١٩٧٤/٤/١٨ کۆبوەوە بۆ دابەش کردنی کاروبار لەناو خۆیانا وەبەم شێوەیە بوو.

١-سەرۆك — مامۆستا صالح یوسفی

٢-جێگری سەرۆك — مامۆستا سعید ناکام

٣-سکرتێری ئیداری ماموٚستا مصطفی صالح کریم

٤سکرتێری ڕوشنبیری ماموٚستا محمد رسول هاوار

٥-ژمێریار ماموٚستا احمد شریف

٦-ئەندام ماموٚستا کاکەمەم بوٚتانی

٧-ئەندام ماموٚستا محمد بدری

٨-ئەندام ماموٚستا جلال میرزا کریم

٩-ئەندام ماموٚستا شێرکوٚ بێکەس

١٠-ئەندام ماموٚستا محمد موکری

١١-ئەندام ماموٚستا انور شاکەلی

*بڕیاردرا کە کوٚبوونەوەی ئایندەمان ڕوٚژی دووشەمە ١٩٧٤/٤/٢٢ سەعات ١٠،٣٠ لە دیوانی وەزارەتی ((عدل)) بێ.

*مصطفی صالح کریم محمد رسول هاوار سعید ناکام صالح یوسفی
احمد شریف شێرکوٚ بێکەس کاکەمەم بوٚتانی انور شاکەلی
جلال میرزا کریم محمد بدری محمد موکری

## دەقی مەحزەری دوا کوٚبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی

کوٚبوونەوەی جەڤدەهەم ٩٧٥/٢/٢٠

*مالیەی یەکێتی‌ی

*کوٚڕی ئەدەبی

*ژمارەی داهاتووی گوٚڤار

*نوێنەرمان لە لیژنەی پەیوەندی ڕێکخراوە کوردستانی‌یەکان

*نوسراوی هاتوو

*گوٚشەکانی یەکێتی‌ی لە ئێستگە

*کوٚڕی ٩٧٥/٢/١٠

*خالی تر: نوینەر لە نەهێشتنی نەخوێندەواری‌دا

*داوای ئەندامێتی‌ی

ئەو ئەندامانەی لەم کۆبونەوەیەدا ئامادەبوون :

١-مامۆستا صالح یوسفی

٢-مامۆستا محمد رسول هاوار

٣-مامۆستا حسین عارف

٤-مامۆستا جلال میرزا کریم

٥-مامۆستا رشید فندی

٦-مامۆستا صلاح شوان

٧-مامۆستا مصطفی صالح کریم

١)دەربارەی مالیەی یەکێتی‌ی نووسەرانی کورد

أ-بریاردرا کە کاك حسین عارف ببێ بە ژمێریاری دەستەی بەریوەبەر

ب-سولفە بوەستێنرێ‌و بەهیچ ئەندامیك نەدرێ

جـ-هەوڵ بدرێت ئەو برادەرانەی سولفەیان لەلایە بە ئەقسات لێ یان بگێرنەوە.

د- ______

٢)لیژنەیەك پێك هێنرا بۆ کاروباری کۆری ئەدەبی لەم ئەندامانەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| ١-محمد رسول هاوار | لێ پرسراو |
| ٢-حسین عارف | ئەندام |
| ٣-ئەنوەر جاف | ئەندام |
| ٤-رشید فندی | ئەندام |

ئەو لیژنەیەش لێ پرسراوە دەربارەی رێك خستنی کۆری ئەدەبی‌و ئامادەکردنی‌و دەست نیشانکردنی ئەو مادانەی پێشکەش ئەکرێن.

٣) دەربارەی ژمارە (١٣)ی گۆڤار بریاردرا کە دەستەی نووسەران کۆبوونەوەیەك بکات بۆ ئامادەکردنی مەوادی ژمارەی ئاییندە، وە دوای تەتەڵەکردنی مادەکان‌و هەلبژاردنیان پێشکەش بە سەرۆکی یەکێتی‌ی بکرێت.

٤)دەستەی نووسەران رۆژی یەك شەممە سەعات (٢) کۆببنەوە لە بارەگای یەکێتی‌ی بۆ هەڵبژاردنی مادەکان.

دەستەکەش ئەم برایانەن: هاوار، حسین عارف، شاکەلی، بدری، فەندی

٥)بریاردرا کاك محمد رسول هاوار نوێنەرمان بێت لە لیژنەی پەیوەندی رێکخراوە کوردستانی‌یەکانا.

٦) ا-نووسراوی بەشی ڕێکخستنی (م.س) خوێندرایەوە دەربارەی ئەو کۆبوونەوەیەی کە ڕێکخراوە کوردستانی‌یەکان کردبوویان بەچاودێری هەڤاڵ نوری شاوەیس.

ب-نووسراوێکی‌تری (م.س) خوێندرایەوە دەربارەی بڕیارەکانی لیژنەی مەرکەزی

جـ-نووسراوێکی‌تر خوێندرایەوە دەربارەی کۆبوونەوەی ژمێریارەکانی ڕێکخراوە کوردستانی‌یەکان

٧)پێویستە گۆشەی (ئەدەب و شۆڕش) وەک جاران هەموو هەفتەیەک جارێک بێت، وە پێش ئامادەکردنی پێویستە لیژنەکە کۆبوونەوەی بۆ بکەن بۆ هەڵبژاردنی مەوادو ئامادەکردنی.

٨) بەرهەمەکانی کاک عارف بەرزنجی سکرتێرانە کاک محمد رسول هاوار
نەسکرێتەوە ڕۆژنامەی نوێ بەو ناوەوە خۆی دەربچێ.

٩) نامەیەک ئاراستەی ئەندامان بکرێت دووبارە بەرهەمەکانەوەی
بۆ ئەوەی هەموو ئەندامێک بەردەوام بێت لەسەر بەرهەمهێنانەوەی

١٠) داوا بکرێت کە نوێنەرمان هەبێت لە لیژنەی بڵاوکردنەوەی ...

صالح یوسفی — محمد رسول هاوار — حسین عارف — رشید فندی

صدیق شاوەلی — جلال میرزا کریم — مصطفى صالح کریم

نرخی (٢٥) بیست و پێنج دیناره

مذكرات

حسين عارف

# سنة من العمر



الطبعة الاولى ١٩٩٩ سليمانية